ئومێد قەرەداغی

# کێشەکانی هزری ئایینی

ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران
سلێمانی – ٢٠١٢

**ئەكادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی كادیران**

دامەزراوەیەكی كەلتورییە بەپێی بڕیاری كۆنگرەی سێی ساڵی ٢٠١٠ ی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان دامەزراوە، ئەركەكەی بریتییە لە دەستەبەركردنی پێداویستییەكانی هۆشیاركردنەوەی سیاسی، فراوان كردنی چوارچێوەكانی رۆشنبیریی گشتی، تۆكمەكردنی بەهاكانی دیموكراسیو مافی مرۆڤ و دادی كۆمەڵایەتی لەكۆمەڵدا، تاوتوێ كردنی مەسەلەكانی بیری هاوچەرخو دابین كردنی كەرەستەی پێویست بۆ پێگەیاندنی كادیران لە بوارە هەمەجۆرەكاندا.

**كێشەكانی هزری ئایینی**

**ئامادەكردنی: ئومێد قەرەداغی**

**ژمارەی سپاردنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی كتێبخانە گشتییەكان ( ١١٣٠ ) ساڵی ٢٠١٢**

**دیزاینو بەرگ: ئاراز نوری**

**تیراژ: (٢٠٠٠) دانە**

**ژ. زنجیرە: ( ٤٤١ )**

**بڵاوكراوەكانی ئەكادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی كادیران**

**سلێمانی . ٢٠١٢**

**سەرپەرشتیاری زنجیرەی كتێب**

**عوسمان حەمەڕەشید گورون**

www.pukhoshiari.com

info@pukhoshiari.com

# پێشکەشە

## بەهەر کەسێك ژیان وەك
## گۆڕەپانی خەباتێکی بەردەوام بۆ
## ئازادی دەبینێت

# پێڕست          لاپەڕە

---

## بەشی یەکەم: کێشە تیۆرییەکان لە هزری ئایینیدا


| | |
|---|---|
| کێشەی موقەدەس لە هزری ئایینیدا | ١٣ |
| کێشەی مانا و هەقیقەت | ٥٢ |
| کێشەی هزری ئایینی لەمەڕ مامەڵەکردن لەگەڵ ...... | ٨٧ |


## بەشی دووەم: کورد و کێشەکانی هزری ئایینی


| | |
|---|---|
| کورد و جەدەلییەتی ئایین و ڕێنیسانس | ١٢٠ |
| دیموکراسی و فتوا | ١٤٢ |
| ئایدیۆلۆژیا و وەهمەکانی | ١٥١ |
| گوتاری ئایین و دەسەڵات | ١٧٤ |


## بەشی سێیەم: هزری ئایینی و کێشەی پەیوەندی


| | |
|---|---|
| ئیسلام و ناسیۆنالیزمی عەرەبی | ٢٠٤ |
| ئیسلام و ڕۆژئاوا | ٢٤٥ |

# پێشەکی

یەکێك لەو بابەتە گرنگانەی کەبەدرێژایی دوو دەیەی رابردوو لەکوردستاندا بایەخێکی گەورەی پێدراوەو پانتاییەکی گەورەی لەگوتاری رۆشنبیری و سیاسی کوردیدا داگیرکردوە، بریتییە لەبانگەشەیەکی بەردەوام بۆ دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگای کوردی، بۆ جێگیرکردنی پرەنسیپەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، بەڵام ئێستا لە واقیعدا چی دەگوزەرێت؟ پاش پتر لەدوو دەیە لەبانگەشەی بەردەوام بۆ دیموکراتیزەکردن، چەندێك ئەم مەرامە بەدیهاتوە؟ چەندێك هۆشیاری مرۆڤی ئێمە ئامادەیی ئەوەی تێدایە پرەنسیپەکانی کۆمەڵگای مەدەنی وەك عەلمانییەت و دیموکراسی و ئازادییە تاکەکەسییەکان قەبوڵکات؟

بێگومان زیاد لەهۆکارێکی گرنگ لەئارادایە بۆ بە ئاکام نەگەیشتنی ئەم بانگەشە بەردەوامانەی دیموکراتیزەکردن، بەڵام یەکێك لە هۆکارە گرنگەکان پەیوەستە بە هزری ئایینی و ئەو ئیشکالیەتە جۆراوجۆرانەی لەهزری ئایینیدا ئامادەییان هەیە، کە لەدوا ئەنجامدا ئیشکالیەتی هزر و عەقڵی کوردین، کۆمەڵگای کوردی وەك کۆمەڵگایەکی مسوڵمانشین یەکێکە لەو کۆمەڵگایانەی بە ئەندازەیەکی زۆر هۆشیاری ئایینی تیایدا کاریگەرە، بگرە جەوهەری ئەو هۆشیارییەی مرۆڤی ئێمە بەدنیاوە دەبەستێتەوە و بە هۆیەوە تەفسیردەکات جەوهەرێکی ئایینیە، لەسەربناغەی پۆلێنکردنی دنیا بەسەر دوو جەمسەردا کاردەکات کە پۆلێنکردنێکی ئایینییە، نەزعەی تەقدیس بەقووڵی لە هزری سیاسی و رۆشنبیری کوردیدا کاردەکات کە دەتوانین ئەم نەزعەی تەقدیسە بە خاڵی جیاکەرەوەی هزری ئایینی دابنێین لەهەموو ئایین و قۆناغێکی مێژووییدا، رەگوڕیشەی تەکفیر و تەقدیس پتر لە هەر بابەتێکی دیکە لە نێو بزاڤە سیاسیی و نەتەوەیی و تەنانەت رۆشنبیرییەکانیشماندا سەریهەڵداوە، چ لەبزاڤی سیاسی

ئیسلامیدا تەکفیر و لەناو بزووتنەوە نەتەوایەتی و نیشیمانیەکانیشدا تەخوین هەیە، تەکفیر و تەخوین یەك ریشەیان هەیە، ئەویش تەوزیفکردنی موقەدەسە لە ژیانی سیاسیدا، گەڕانەوەیە بۆ ئەو سەرچاوەیەی کە موقەدەس بەموڵکی خۆی دەزانێت و لەسەر خۆی تاپۆیدەکات، بزاڤی سیاسی کوردی لەزۆربەی قۆناغەکانی خەباتی خۆیدا نەك تەنها دوژمنەکانی نەتەوە بەڵکو نەیارە سیاسییەکانی خۆیشی خستۆتە بەر ڕەحمەتی تەخوین، تاوانباریکردوە بە نانیشتیمانی و نا نەتەوەیی، هەروەها لەنێو هێزە ئیسلامییەکاندا تەکفیرکردن و تۆمەتبارکردن بە دەرچوو لەئایین و بەهای ئایینی ئەدەبیاتێکی بەربڵاوەو لە زۆر قۆناغدا ئەم چەکەیان بۆ تەکفیر یان لانیکەم بۆ ناشرینکردن و مەرامی سیاسی بەکارهێناوە، ئێمە لەم دوو دەیەی رابردوودا هاوکات لەگەڵ بانگەشە و پروپاگەندەیەکی بەردەوام بۆ دیموکراسی و کۆمەڵگای مەدەنی شایەدی تەکفیر و تەخوینین کە ئەم هێزانە بەکاریان هێناوە، شایەدی تەکفیرکردنی هێزە عەلمانییەکانین لەلایەن ئیسلامییەکانەوە، تەخوینکردنی ئیسلامییەکانین لەلایەن عەلمانییەکانەوە، هەردوو ئەم پرۆسەیەش تەوزیفکردنی موقەدەسە، موقەدەسی ئایین و موقەدەسی نەتەوە، کاتێك کە موقەدەسی ئایین یان موقەدەسی نەتەوە لەلایەن هێزێکی سیاسی یان گروپێك یان تاکە کەسێکەوە تەوزیف دەکرێت لەڕاستیدا ئەوە تەنها تاپۆکردن و قۆرخکردنی موقەدەس نییە، بەڵکو سەندنەوەی هەمان ئەو موقەدەسەیە لەوانیدی، ئەمەش بنەمای سەرەکی تەکفیر و تەخوینە کە دنیای ئێمە بەدەستییەوە ناڵاندویەتی، هەردوکیشیان توندوتیژی و تیرۆریزم بەرهەدەهێنن، ئیدی لێرەوە زۆر گرنگە ئاوڕی شیکاری و زانستی لەهزری ئایینی و دیاردەی موقەدەس بدەینەوە لەو هزرەدا تاوەکو وەك بابەتی توێژینەوە کاری لەسەر بکەین و لە سروشت و هێز و فاکتەرەکانی بوونی تێبگەین.

له راستیدا کارایی نەزعەی تەقدیسی لە گوتاری کوردیدا بەرەنجامی بەهێزی هزری ئایینییە، بەهێزی هزرێکە کە لە سەدەکانی ناوەندەوە بەرهەمهاتوەو تا ئەمڕۆش بە دەستلێنەدراوی ماوەتەوە، ئەوەندەی وەك کەلتوورێکی پیرۆز تەماشاکراوە، نیو ئەوەندە وەك بابەتێك بۆ توێژینەوە تەماشا نەکراوەو لەمەڕ پرس و بابەتە گرنگەکانی توێژینەوەی زانستی ئەنجامنەدراوە، بەمەش هزرێکی کەڵەکەبوو کە لە ئەنجامی ژمارەیەك فاکتەری دیاریکراوەوە کۆنترۆڵی گۆڕەپانی گوتاری ئایینی کردوەو، هەقیقەتی بۆخۆی قۆرخکردوە، سەپاوە بەسەر هۆشیاری مرۆڤی ئێمەدا و ئەم هۆشیارییە وەك خۆی جێبەجێدەکرێت.

بە باوەڕی ئێمە مەرجێکی گرنگی هەنگاونانی کۆمەڵگای کوردی بەرەو رێنیسانس و کرانەوە بەرووی دیموکراسیو جێگیرکردنی بەهاکانی کۆمەڵگای مەدەنی و مافەکانی مرۆڤدا پێداچوونەوەیە بەهزری ئایینیدا، دەستنیشانکردنی ئەو ئیشکالییەتانەیە لە هزری ئایینیدا کە سەرچاوەی داخرانو قەبوڵنەکردنی ئەویدی جیاواز و ماف و ئازادییە تاکەکەسیەکانە، پێداچوونەوە بەم هۆشیارییەدا بنەمایەکی گرنگە تا بەهۆیەوە عەقڵ وەك سروشتی راستەقینەی عەقڵ بەکاربهێنرێت ئەویش سروشتی رەخنەگرتنو پرسیارو گومانە نەك وەك بانکی زانیاریو ئامرازی قەبوڵکردنی بێبەڵگە، چونکە پێداچوونەوە بەم هزرە کەڵەکەبوەدا رێگایەکی گرنگە لێوەی دەتوانین عەقڵ لە دۆخی ئیفلیجی رزگار بکەین، دەتوانین عەقڵ لەخەڵتەی بیری نازانستی و پاشماوەی کەڵەکەبووی سەدەکانی ناوەڕاست پاکبکەینەوە، لە سایەی ئەم عەقڵەوە دەتوانین هۆشیاری مرۆڤی ئێمە لەمەڕ بابەتە گرنگەکانی وەك ئازادیو ئازادی تاکەکەسو عەقڵو ئیرادەو ئەویدی جیاوازو یەکسانی رەگەزیو زۆر بابەتی تر نوێبکەینەوە، ئەم پرۆسەی نوێکردنەوەیە بەوە دەبێت کە هزرو دنیابینی ئایینی وەك کێڵگەیەك بۆ توێژینەوە وەربگرینو بەکۆمەڵێك ئامانجی زانستییەوە ئاوڕی لێبدەینەوە نەك وەك بابەتێکی ئایدیۆلۆژیو کەرەستەی شەڕی سیاسیو ئایدیۆلۆژی.

ئەگەرچی بەداخەوە قسەکردن لەسەر هزرو رۆشنبیریی ئایینی لەکوردستاندا لەزۆرکاتدا وەك شەرێکی ئایدیۆلۆژی بەکارهاتوە، ئەم بەکارهاتنە چ لەلایەن لایەنگرانی هزری ئایینییەوە بێتو چ لەلایەن رەخنەگرانەوە بێت لەم هزرە .

لەژێر رۆشنایی ئەو بابەتانەی سەرەوەدا ئێمە لە چەندین سالّی رابردووەوە وەك توێژەر لەسەر ئەو بابەتانە کارمانکردوە و لەم پرس و بابەتانەمان کۆڵیوەتەوە، بۆیە لێرەشدا لەم کتێبەدا بە سێ بەش لە بارەی هەندێك لە کێشە گرنگەکانی ناو هزری ئایینی دەدوێین، لە بەشی یەکەمدا: لەکێشە تیۆرییەکانی ناو هزری ئایینی دەدوێین بۆ ئەمەش سێ کێشەی سەرەکی ناو هزری ئایینیمان دیاریکردوە و قسەمان لەسەر کردوە ئەوانیش:

**یەکەم:** کێشەی موقەدەس: کە بێگومان موقەدەس رەهەندێکی بەرفروانی هەیە و تەنها تایبەت نییە بە ئایینە ئاسمانیو زەمینییەکانەوە، بەڵکو موقەدەس لەهەموو سەردەمێکدا و بەفۆرم و شێوازی جۆراوجۆرەوە سەرهەڵدەدات و خۆیدەکات بە نێو سەردەمە جیاوازەکاندا، وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد تەنها بزووتنەوە ئیسلامییەکان نین کە موقەدەس بەکاردەهێنن و تەوزیفی دەکەن بەڵکو بزووتنەوە نەتەوایەتیەکانیش موقەدەسی نەتەوەو بزووتنەوە مارکسیستەکان موقەدەسی چینایەتی بەکاردەهێنن و ئەنجامی هەمووشیان یەك شتە هەیە ئەویش نەفیکردنی بەرانبەرو سەندنەوەی شوناسی پیرۆزییو مافە لەئەوانیدی جیاواز، ئەم پرۆسەیەش بەناوی تەکفیر و تەخوینەوە بەرێوەچوە، بۆیە گرنگە لە موقەدەس تێبگەین، لە سروشتی کارکردنی موقەدەس تێبگەین، هەوڵمانداوە وەلامی ئەوە بدەینەوە کە داخۆ موقەدەس چییە؟ سروشتی کارکردنی موقەدەس لەجیهاندا چۆنە؟ هۆی چییە لەزۆربەی کۆمەڵگاکانی مێژوودا موقەدەسێك هەبوە؟ پەیوەندی موقەدەس و دەسەڵات چۆن پەیوەندییەکە؟

**دووەم: کێشەی تەئویل و میتۆدی مامەڵەکردن لەگەڵ دەقی ئایینیدا:**

لەم بەشەدا توێژینەوە دەربارەی میتۆدی مامەڵەکردن لەگەڵ دەقی ئایینی کراوەو، باس لە تەئویل کراوە وەك میتۆدێکی جیاواز لەو میتۆدە باڵادەستەی لە نێو مێژووی ئیسلامیدا باڵادەستبوەو لەرێگەیەوە مانا بەرهەمهاتوە، نوێکردنەوەی میتۆد یەکێکە لە گرنگترین مەسەلەکانی ناو هزری ئایینی، چونکە میتۆد دەستنیشانی ئەوەدەکات ئێمە چی لە دەق بەرهەمدەهێنین؟ لەوێشەوە چۆن تەماشای جیهان و مرۆڤ و پەیوەندییەکان دەکەین، میتۆدی تەئویلی (سەرەڕای بوونی ئیشکالییەتی تایبەت بەخۆی) بۆ بەرهەمهێنانی مانا لە دەق بنەمایەکی گرنگی تێپەڕاندنی رووکەشی دەق و تێکشکاندنی نەزعەی قۆرخکردنی هەقیقەت و هێنانەئارای پلۆرالیزمە.

**سێیەم:** کێشەی مامەڵەکردنی عەقڵی ئیسلامی لەگەڵ کەلتوور و مێژوودا، لەم بەشەدا هەوڵمداوە لە گرفتێکی قوڵی عەقڵی ئیسلامی بدوێم ئەویش گرفتی مامەڵەکردنێتی لەگەڵ کەلتوور و مێژوودا، چونکە ئەم عەقڵە بەئەندازەیەکی سەیر پابەندە بەکەلتوور و مێژووی سەردەمە دێرینەکانەوە، عەقڵی ئیسلامی عەقڵێك نییە لەنێو ئێستادا بژی و بیربکاتەوە، بەڵکو عەقڵێکە لەنێو کەلتوور و مێژوودا بیردەکاتەوەو کەرەستە مێژووییەکان وەك میکانیزمی بیرکردنەوە بەکاردەهێنێت، ئێمە لێرەدا لەم گرفتە دواوین و هەوڵی شیکارکردنێکی زانستی ئەم گرفتەمانداوە.

**بەشی دووەم:**

لەم بەشەدا ئاوڕمان لەهەندێك لەگرفتەكانی هزری ئایینی داوەتەوە كە ئەمڕۆ پتر لەبابەتەكانی دیكەی ناو هزری ئایینی بابەتی گفتوگۆ و ئاوڕلێدانەوەیە لە نێوەندی رۆشنبیری و سیاسی كوردیدا، ئەوانیش مەسەلەی ئەگەرەكانی بەشداری ئایین لە رێنیسانسدا و رێگاكانی ئەو بەشداریكردنە، ئەگەرەكانی پێكەوە هەڵكردنی دیموكراسی و فتوا، ئێمە لە كوردستان لەچەندساڵی رابردوودا شایەدی ئەوەین سەرەڕای بانگەشەی بەردەوامی دیموكراسی زنجیرەیەك فتوای یەك لەدوای یەك هاتونەتە ئاراوە كە دژی ئازادی و مافەكانی مرۆڤ بوون، هەر لە فتوای تەكفیركردن و راونانی نووسەران و قەدەغەكردنی مافی قسەكردن تا دەگاتە فتوای تیرۆركردن، چۆن لەم دۆخە تێبگەین؟ تا چەند لەپانتایی یەك كۆمەڵگای دیاریكراودا دیموكراسی و فتوا دەتوانن پێكەوەبژین؟

جگە لەمە ئاوڕ لە دوو بابەتی تری گرنگ دراوەتەوە كە جێگەی مشتومڕۆی زۆری ناوەندی رۆشنبیریی و سیاسی كوردین ئەوانیش كێشەی ژن و پەیوەندی ئایین و دەسەڵاتە.

**بەشی سێیەم:** لەم بەشەدا لە بارەی پەیوەندی ئیسلام و ئەویدی دواوین، بەتایبەت بۆ ئیسلام دوو بەرانبەری گرنگ لە گۆڕێدایە كە ئێمە لێیدواوین ئەوانیش ناسیۆنالیزمی عەرەبی و خۆرئاوایە.

بەدرێژایی مێژووی ئیسلام پەیوەندییەكی یەكجار بەیەكداچوو ئاڵۆز لەنێوان ئیسلام و عروبەدا هەبوە، ئەم پەیوەندییە لەزۆر قۆناغی مێژوویدا لەپەیوەندییەكی سروشتییەوە گوازراوەتەوە بۆ پەیوەندییەكی سیاسی و ئایدیۆلۆژی و ژمارەیەك فەقیە و زانای ئسوڵی كاریان تیادا كردوە، لەسەردەمی نوێشدا زۆر رۆشنبیر و بیرمەند سەرقاڵی تیۆریزەكردنی ئەم پەیوەندییە بوون و جەوهەری ئیسلامیان لە بەرژەوەندی ناسیۆنالیزمی عەرەبی تەوزیفكردوە، كورد

یەکێکە لەو نەتەوانەی کە بە قووڵی باجی ئەم پەیوەندییەی داوەو لە زۆر قۆناغ و ساتەوەختی هەستیاردا قوربانی گەورەیداوەو هەست و ژیانی نەتەوەیی کەوتۆتە بەر رەحمەتی ناسیۆنالیزمی عەرەبی، بۆیە ئێمە وەك كورد لەهەموو كەس زیاتر پێویستمان بە ناسینی ئەو پەیوەندییە هەیە كە لە نێوان ئیسلام و ناسیۆنالیزمی عەرەبیدا خولقێنراوە، چونكە ناسینی ئەم پەیوەندییە هەم چاومان دەكاتەوە بەرووی ئەو دەمامكە جۆراوجۆرانەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی بەكاریاندێنێت و هەمیش دەتوانین قسە لەسەر پەیوەندی نێوان كورد و ئیسلام بكەین، ئێمە تا نەزانین سنووری ناسیۆنالیزمی عەرەبی تا كوێی ئیسلامە و چۆن مامەڵەی لەگەڵدەكات و تەوزیفی دەكات رەنگە قورس بێت بتوانین باس لەپەیوەندی كورد و ئیسلام بكەین.

جگە لە پەیوەندی كورد و ئیسلام باسمان لە پەیوەندی ئیسلام و خۆرئاواش كردوە، خۆرئاوا هەمیشە بەرانبەرێكی گرنگ بوە بۆ جیهانی ئیسلامی، پەیوەندی ئەم دوانە لە هەڵكشان و داكشانی بەردەوامدا بوە، لە كاتێكدا شەڕی فتوحاتی ئیسلامی لەناوجەرگەی ئەوروپا نزیك بوەوە ئیدی ئیسلام وەك مەترسییەكی جددی لەلایەن خۆرئاواوە تەماشاكرا، كاتێكیش جەنگەكانی سەلیبییەت دەستیپێكرد ئیدی دنیای خۆرئاوا وەك دوژمنێكی لە ئاشتی نەهاتووی ئیسلام تەماشاكرا، بەڵام لە رۆژگاری ئەمڕۆدا و دوای تێپەربوونی چەندین سەدە لە خوێن و ناكۆكی پەیوەندی ئەم دوو جیهانە بە كوێ گەیشتوە؟ جیهانی خۆرئاوا كە لەسەردەمی رۆشنگەری و رێنیسانسەوە گۆڕانی ریشەیی بەخۆوە بینیوەو ژیاری خۆرئاوایی كە سەرنجراكێشترین دیاردەی سەردەمە بەتایبەت بۆ جیهانی ناخۆرئاوایی پەیوەندییەكانی لەگەڵ جیهانی ئیسلامیدا چۆنە؟ لە دیالۆگ و یەكترخوێندنەوەدایە یان لە نێو شەڕی ئایدیۆلۆژیدایە؟ هەوڵمانداوە ئەم بابەتە بخوێنینەوەو رەهەندەكانی لێكبدەینەوە.

# بەشی یەکەم: کێشە تیۆرییەکان لە هزری ئایینیدا

## یەکەم: کێشەی موقەدەس لە هزری ئایینیدا

## دووەم: کێشەی مانا و هەقیقەت
## ( سەرەتایەك دەربارەی تەئویلی دەق)

## سێیەم: کێشەی هزری ئایینی لەمەڕ مامەڵەکردن لەگەڵ چەمکەکانی ( مێژوو- کەلتوور- گوتاردا)

# یەکەم: کێشەی موقەدەس لە هزری ئاییندا

## رامانێك لە موقەدەس لە کەلتووری ئاییندا و رۆڵی لە دیاریکردنی پەیوەندییەکاندا

چەمکی موقەدەس چەمکێکی مۆدێرنە و کاریگەری گەورەی لەسەر ساتەکانی بیرکردنەوەی مرۆڤ هەیە، هەر لەساتە زۆر بەراییەکانەوە تا دوا مۆدێلی بیرکردنەوە، هەر لەکۆمەڵگا سەرەتاییەکانەوە تا دوا رووبەری کۆمەڵگای سیستماتیزەکراوی ئەمڕۆ، چەمکی موقەدەس و پرۆسەی تەقدیس کارایی خۆی هەیە، بۆیە هەرکاتێك بمانەوێ پرسیار لەژیار و کۆمەڵگا بکەین یان بمانەوێ پرسیار لەبوون و ئیرادەی مرۆڤ بکەین ناچار دەبین پرسیار لەم چەمکە بکەین، کاتێك تیشکێك دەخەینە سەر ئەم چەمکە بە دیوێکی تردا دەکرێینەوە بەرووی پانتاییەکی گرنگ لە مرۆڤ و ژیار و کەینونە بەگشتی، کاتێك لە موقەدەس رادەمێنین لەراستیدا لەیەکێك لە مەسەلە جەوهەرییەکانی بوونی ژیان و ئایین را دەمێنین و بونیادەکانی شیدەکەینەوە، لەم روانگەیەوە چەمکی موقەدەس و تەقدیس بەگشتی لای خاوەنبیران و ئەندێشمەندان مایەی تێرامان و قسەلەسەرکردن و تەفکیککردن بوەو لە سەردەمی نوێشماندا زانستەکانی وەك ئایینناسی و زانستی بەراوردکاری ئایینی و مێژووی ئایینەکان بایەخێکی زۆر بە توێژینەوەی ئایین بەگشتی و چەمکی موقەدەس وەك رۆحی ئایین دەدەن، تا تێگەیشتنی زانستی لەبارەی ئەم چەمکەوە گەڵاڵە بکەن و دواجار گۆڕانکاریلە سیستمی بیرکردنەوەی مرۆڤی هاوچەرخدا بکەن و وەهمەکانی بدەنە دواوەو ئاسۆی تێگەیشتنی نوێ و زانستی بۆ بکەنەوە، ئەگەرچی ئەمڕۆ ئەم زانستانە لەدنیای کوردیدا بایەخێکی کەمی پێدراوە، بگرە هەر خودی ئایدیای مامەڵەکردن لەگەڵ موقەدەس و چەمکە بنەڕەتییەکانی ئایین کەمتر مایەی تێرامان و کارلەسەرکردن بوە، بەڵام من پێموایە لە ئاییندەدا موقەدەس و

ڕەهەندە بنەڕەتییەکانی ناو ئایین بایەخی زیاتر وەردەگرێ و، دەبێتە مایەی خولقاندنی چەندین دیالۆگی فیکری و ڕەخنەیی جیاواز.

ئاییناسی وەك هەوڵێك بۆ تێگەیشتن لەبونیادە جەوهەرییەکانی ئایین ریشەیەکی دێرینی هەیە و بەگشتی دەگەڕێتەوە بۆ دەرکەوتنی هزری فەلسەفی و، جۆرێك لەجۆرەکانی هەستکردن بە ئیشکالییەتە ئایینییەکان، لەم قۆناغەدا بە ئایدیایەکی فەلسەفییەوە قسە لەسەر مەسەلە گرنگەکانی وەك رەها و ئەخلاق و موقەدەس و.... کراوەو دەکرێت، دەکرێت کەسانی وەك ئەفلاتوون و هیراکلیتس و شیشرون و لوسیان دیاریبکەین، لە چاخەکانی دواتری خۆرئاوا و سەرهەڵدانی رێبازی عەقلگەرایی و دواندنی عەقڵانی لەسەر کەینونە بنەڕەتییەکانی ئایین هاتە ئاراوە و، چەندین تێز خرایەڕوو.

لەسەدەی شانزەوە بایەخدرا بەچاپ و بڵاوکردنەوەی ئایینە سەرەتاییەکان، چەندین هەوڵی گرنگیش بۆ خوێندنەوەو دواندنیان هاتە ئاراوە، کەسانی وەك ( هربرت دی شربوری) و (لوك)و(انطوني کولنز) هەستان بەپۆلێنکردن و خوێندنەوەی ئایینەکان بەهەموو جیاوازییەکانیانەوە، (دوبوا)یەکەمین لێکۆڵینەوەی بابەتی و گرنگی لەبارەی ئایینی هیندۆسییەکانەوە خستەڕوو .

(( ئاییناسی توێژینەوەیەکی بابەتیانە و زانستیانەیە لە ئایین، هەوڵدانێکە بۆ یەکالاکردنەوەی کەینونەی رەهەندە ئایینییەکان(جان بروزی)لەبارەی ئاییناسی یان ناسینی مێژووی ئایینەکانەوە دەڵێت( توێژینەوەیەکی زانستی و بابەتییە لەبارەی ئایینە جیاوازەکانی جیهانەوە، لەرابردوو لەئێستادا، بەمەبەستی توێژینەوەی ئەو ئایینانە و کەشفکردنی شتە جیاواز و لەیەکچوەکانی نیوانیانە و کردنی بە رێگەیەك بۆ چوونە ناو خودی ئایین و تایبەتمەندییەکانی سۆزداری ئایینییەوە))١ بەمپێیە ئەم پێناسەیە ئەمانباتەوە بۆ ئەو پانتاییەی کە لەدەرەوەی کێشمەکێشمە ئایدیۆلۆژییەکاندا لەسروشتی ئایین و رەهەندە پێکهێنەرەکانی تێبگەین، ئێمەش لەم لێکۆڵینەوەیەدا دەمانەوێ بەشێوەیەکی

بابەتیانــە و بێلایەنانــە کاربکــەین و چــەمکی موقــەدەس وەك کێڵگەیــەکی مــەعریفی و وەك مادەیــەکی خــاو وەردەگــرین، ئەمــەش نــەك تــەنها وەك رەهەنــدێکی ئــایینی و بــەس، بــەڵکو وەك رەهەنــدێکی ئــابووری و کۆمەڵایــەتیو کەلتووریش.

ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەیەوێ لە مەسەلەیەکی ئاڵۆز و گرنگی وەك موقەدەس بدوێ، بەڵام دواندنەکانی وەك تێزێکی رەها پێشکەش ناکات، چونکە ئەو زانیاریانەی تائێستا لەبارەی ئەم چەمکە لەبەردەستدان کەمن و بەس نین بۆ ئەوەی ئەم بانگەشەیە بکات، من لەم نوسینەدا دەمەوێ خوێنەر ئاگادار بکەمەوە لە بوون و شوناسی موقەدەس، دەمەوێ سەرنجی رابکێشم بۆ پێویستی کەشفکردنی بەرەنجامە سروشتییەکانی کارایی گوتاری موقەدەس لەنێو ژیار و کۆمەڵگەدا و، بۆ زەرورەتی نوێکردنەوەی روانینمان و تێگەیشتنی زانستیانە لەموقەدەس و لەوێشەوە گەڕانەوەی ئیرادە و عەقڵی رەخنەیی بۆ مرۆڤ، بەمەش سەرلەنوێ داڕشتنەوەی مامەڵە و پەیوەندی مرۆڤی ئێمە لەگەڵ ئەم چەمکەدا وەك ئەگەرێکی جدی بهێنمە ئاراوە.

لەسەرەتای قسەکردنمانەوە لەسەر موقەدەس چەند پرسیارێکی گرنگ دێتە پێشەوە لەوانە موقەدەس چییە؟ توخمە پێکهێنەرەکانی کامانەن؟ هەڵبەتە موقەدەس بەو هەموو ئاڵۆزییەی خۆیەوە، بەو هەموو باکگراوەندە مێژوییەوە هەیەتی ناکرێت بە تەنها لە یەك رەهەندەوە بخوێنرێتەوە، یان تەنها لەیەك پێگەوە سەرنجی بدەین، بەڵکو پێویستمان بەوەیە لە چەندین لاوە سەرنجی بدەین و بیخوێنینەوە:

- موقەدەس بەرهەمی وێناکردنی مرۆڤە بۆ هێزە باڵاو کاریگەرەکان، بەرهەمی ئەو وێنەیەیە کە مرۆڤ لە بەرانبەر هێزە باڵاکاندا خەلقیکردوە، ئیدی ئەو هێزانە هەر سروشتێکیان هەبێت و بە هەر مانایەك بونیان هەبێت، دەشێت ئەو هێزە سروشتی بێت وەك لافاو ، ئاگر، ئەستێرە، کە ئەمانە کۆمەڵە هێزێکن

باڵاو بەتواناترن لە ئیرادە و توانستی مرۆڤی سەرەتایی و، کاریگەریشن لەسەر ژیانی مرۆڤ، لەسەر بوون و نەبوونی، بۆیە مرۆڤ ئەو هێزانەی وەك کۆمەڵە هێزێکی باڵاو موقەدەس وێنا کردوە، کە دەتوانێت لە یەککاتدا مایەی چاکە و خراپەش بێت بۆ مرۆڤ، بۆیە دەبینین لەزۆربەی قۆناغەکانی مێژووی مرۆڤی سەرەتاییدا ئەم دیاردە سروشتیانە وەك موقەدەسێك تەماشا کراون، تەنانەت بە تێپەربوونی زەمەن فۆرمی گرتوەوە وەك ئایینێکی سەرەتایی خۆی بەرجەستەکردوە، یا دەشێت ئەو هێزە باڵایە نەریتێکی کۆمەڵایەتی یان بڕیارێکی کۆمەڵگا بێت، کە ئەم نەریت و بڕیارە کۆمەڵایەتییە ریشەی داکوتاوەو تەواو بەهێز بوەو تاکی مرۆڤ هەستی بەلاوازی خۆیکردوە لە بەرانبەریدا، لە هەمانکاتدا هەستی بەوە کردوە کە ئەم نەریتە کۆمەڵایەتییە دەکرێت سوود یان زیانی پێبگەیەنێت، واتە ئەگەر سەرپێچیکرد تووشی سزای کۆمەڵایەتی دەبێت، ئەگەر ملکەچ بێت ئافەرینی کۆمەڵگا مسۆگەر دەکات، لێرەوە بەتێپەربوونی زەمەن ئەم نەریتە هەیمەنەیەکی زەبەلاحی پەیداکردوە و مرۆڤ وەك بەڵگەنەویستێك سەیریکردوە، یان دەشێ بڵێین مرۆڤ لەژێر کاریگەری ئەو هەیمەنەیەدا وێنەیەکی موقەدەسی خەلقکردوەو وەك بونەوەرێکی باڵاو موقەدەس وێنای کردوە، لەم روانگەیەوە دورکهایم موقەدەس بەبەرهەمی کۆمەڵگا دادەنێت، یان دەشێت ئەو هێزە هەڵقولاوی نەزعەکانی رابردووخوازی بێت، هەڵقولاوی بە موقەدەس راگرتنی رابردوو بێت، بۆ نموونە لە رابردوودا زانایەك یان کتێبێك یان کۆمەڵگەیەك یان هەر بوونەوەرێکی دیکەی مەزن هەبووە، بەتێپەربوونی زەمەن نەوە نوێیەکان دێن و لەبەردەم مەزنی و گەورەیی ئەو بوونەوەرەی رابردوودا دەکەونە سەرسامییەکی زۆرەوە، رۆژ لە دوای رۆژ ئەم مەزنە مەزنتر دەبێت و، هالەیەکی ئەفسانەیی بە دەوردا دەکێشرێت، ئیدی نەوە نوێکان بەشێوەی بوونەوەرێکی موقەدەس وێنای دەکەن، بەمشێوەیە لەوە دەگەین موقەدەس بەرهەمی وێناکردنی مرۆڤە بۆ هێزە باڵاو

کاریگەرەکان، ئەم وێناکردنەش کە موقەدەسی بەرهەمهێناوە وامان لێدەکات کە سەرنجی چەند خاڵێکی گرنگ بدەین، ئەو وێناکردنەوەی مرۆڤ کە موقەدەسی بەرهەمهێناوە بەرەنجامی کەمی زانیاری مرۆڤە بەرانبەر بە خودی خۆی بە پلەی یەکەم و دنیای دەرەوە بە پلەی دووەم، یان بەزمانێکی گشتگیرتر ترس و بێ ئیرادەیی مرۆڤ لەبەرانبەر سەرجەم هێزەکانی دەرەوەی خۆی بەرەنجامی کەشفنەکردنی خودی خۆیەتی، بەمانا بەرەنجامی نەناسین و نەپشکنینی خودی مرۆڤە بە هەموو رەهەندەکانییەوە، ئەو هزرڤانە خۆرئاوایانە بەهەڵەداچوون کە پێیان وابوو لەرێگەی کەشفکردنی سروشت و دیاردەکانییەوە دەتوانین هەموو نهێنییەکانی بوونی ئەفسانە و موقەدەس و ئاییندارى تێبگەین، یان دەتوانن وێناکردنی مرۆڤ بۆ هێزە باڵاکان و دروستبوونی موقەدەس و هۆی بێئیرادەیی مرۆڤ راڤە بکەن، ئەمڕۆ لەگەڵ کەشفکردن و دەستبەسەراگرتنی بەشێکی زۆری سروشت هەمان گرفت و نهێنی هەرماوە، من باوەڕمولیە ئەگەر رۆژێك بێت و لەرێگەی پێشکەوتنی زانستە مرۆییەکانەوە بتوانین مرۆڤ بپشکنین و کۆی رەهەندەکانی بخوێنینەوە دەتوانین زۆرێك لەو نهێنیانە شیتەڵبکەین، ئەمڕۆ لەگەڵ پێشکەوتنی زانستە مادییەکان زانستە مرۆییەکان بەهەمان ئاست پێشنەکەوتوە، هێشتا شارەزایی مرۆڤ بەرانبەر بەخودی خۆی لە ئاستێکی لاوازدایە، ئەلکسیس کاریل راشکاوانە لەمەدەدوێ: (( زانستە مادییەکان پێشکەوتنی بەرچاویان بەدەستهێناوە، بەلام زانستە مرۆییەکان لەحاڵەتی سەرەتایدان.... ئەمڕۆ زانیاری مرۆڤناسی لە هەموو زانیارییەك پتر پێویستە))٢

ئەگەر موقەدەس بەرهەمی وێناکردنی مرۆڤ بێت بەرانبەر بەهێزە باڵاو کاریگەرەکان، ئەوا خودی وێناکردنیش بەرهەمی سەرەتایبوونی زانیاری مرۆڤە بەرانبەر بەخودی خۆی، بەمانا مرۆڤ نەیتوانیوە خۆی کەشفبکات و بەقووڵی خۆی بخوێنێتەوە، بۆیە هێزەباڵاکان نەست و هەستیان داگیرکردوەو ئەمیش دواجار تەقدیسکردوون و پەرستوونی.

خـالێکی دیکـەی گـرنگ کـەدەکرێت سـەرنجی بـدەین ئـەویش پەیوەنـدی ئەفسانەیە بە موقەدەسەوە، دیارە ئەفسانە گرنگییەکی گەورەی هەیـە و لـە کۆی سەردەمە مێژوییەکاندا وەك بابەتی گرنگ و کاریگەر لە هۆشیاری مرۆڤدا رۆڵـی بینیــوە ، بیرمەنــدی ناســراوی عــەرەبی ســەید مــەحمود ئــەلقمنی پێیوایــە: (( ئەفسانە تۆمارکردنی ئاگایی و نائاگایی مرۆڤـە لـە هەمانکاتـدا، خوێندنـەوەی مێژووی کۆن بێ خوێندنەوەی ئەفسانە کارێکی زانستی و تێروتەواو نابێت، بـەو سیفەتەی ئەفسانە تۆمارێکی نموونەییە بۆ فیکر و واقیع لە ژیـانی سـەرەتییدا، کە لەو رێگەیەوە هەوڵیداوە تەفسیری ئەو شتانە بکات کـە لـە دەوربەریـدا بـونی هەیە و واقیعی کۆمەڵایەتی خۆی بخوێنێتەوە و هەوڵی گۆڕانی بدات)) (٣) بۆیە ئەفسانە چیرۆکێکی خوراف و بێ بنەما نییە، بەڵکو لۆژیکی خۆی هەیە، تەنانەت ((هەندێك لە لێکۆڵەرەوەکان پێیانوایە ئەفسانە لەبابەتە گرنگـەکانی وەك مـردن و ژیـان و بـوون دەکۆڵێتــەوە، ئەفـسانە تـەنها یـەك نووسـەر نەینوسـیوە بـەڵکو بەرهــەمی خــەیاڵی کۆمەڵگایــە))٤ ئــەم بەرهەمــەی خــەیاڵی کۆمــەڵگا هەمیــشە رۆڵێکــی بــاڵای بینیــوە لەبەرهــەمهێنانی موقەدەســدا، لێــرەوە میرســیا ئــەلیاد پێیوایە(( ئەفسانە چیرۆکێکی موقەدەسە یان نمایشکەر و نیشاندەری مێژوویەکی موقەدەسە)) بۆدواجار ئەفسانە هالەیەکی گەورەی بەدەوری موقەدەسدا کێشاوەو لە رێگەی بنەما لوژیکییەکانی ناو سیستەمەکەی خۆیەوە نـەك ئـیرادەی وەلانـاوە بەڵکو عەقڵیشی قەناعەت پێکردوە، هەربۆیە رەمزەکانی رابردوو خودی ئەفسانە رۆڵێکی باڵای هەیە لە بەموقەدەسکردنیدا.

- موقــەدەس ئــەو بوونەوەرەیــە کــە پرســیار هــەڵناگرێت، واتــە بــوار نــادات بیخەینــە ژێــر پرســیارەوەو موناقەشــەی بکــەین، خــۆی وەك مــەخلوقێکی بــاڵای ئەوتۆ لەسەروو توانستەکانی عەقڵ و پرسیارکردنەوە گوزارشـت لـەخۆی دەکـات، ئەمەش دەبێتە دەزگایەك بۆ کوشتنی پرسـیار و توانـستەکانی عـەقڵ، موقـەدەس بەم تەرحە نەك لەناو زەمەنەکانی رابردوو ئایینە سەرەتاییەکاندا هەیە، بـەڵکو

لەزۆربەی سیستەمە ژیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی دنیای نوێدا هەیە، نەزعەی سەنتەریزمی خۆرئاوایی کەناوەڕۆکەکەی بەسەنتەرکردنی ژیاری خۆرئاوایی و پەراوێزکردنی دنیای ناخۆرئاواییە خۆی لەخۆیدا موقەدەسێکی بەدەسەڵاتە، چونکە دوائەنجام پرسیار قەبوڵ ناکات، موناقەشەکردن و رەخنەلێگرتنی بەشتێکی نامافووڵ دەزانێت، یان ئەو دەسەڵاتە توتالیتاریانەی پرسیارکردن لە ڕەوایەتییان و رەخنەگرتن لە تێزەکانیان رەتدەکەنەوە، ئەمە لەجەوهەریاندا موقەدەسی جۆراوجۆر بەرهەمدەهێنن، یان ئەو نەریتە کۆمەڵایەتییەی لە پرۆسەیەکی مێژوویدا بەسەر تاکەکانی کۆمەڵگادا سەپاوەو پرسیارکردن هەڵناگرێت، یان بوار نادات خوێندنەوەی رەخنەیی بۆ بکرێت و رەهەندەکانی کەشفبکرێ، ئیدی دەبێتە موقەدەس و دوا ئەنجام وەك بوونەوەرێکی دەستبۆنەبراو دەخوێنرێتەوە، تەنانەت هەندێکجار بوون و مانەوەی ئەو نەریتە وەك بوون و مانەوەی کۆمەڵگا لێکدەدرێتەوە، پێشێلکردنی ئەو نەریتە بەپێشێلکردنی موقەدەسەکان و هەڵتەکاندنی بونیادی کۆمەڵگا لێکدەدرێتەوە، ئیدی ئەو حاڵەتە موقەدەس دروستدەکات، بەردەوامی ئەو حاڵەتە جۆرێك لە ئەفسانە خەلقدەکات، لەناو ئەفسانەشدا وەك وتمان جۆرێك لە لوژیك کار دەکات، کاتێك حەزرەتی ئیبراهیم دەیەوێ لەحەقیقەتی موقەدەسەکانی سەردەمی خۆی پرسیار بکات و کە پرسیار لە باوکی دەکات (( واذ قال لآبیە و قومە ما هذە التماثیل التي انتم لها عكفون)) باوکی بەمشێوەیە وەڵامی دەداتەوە(( قالوا وجدنا اباءنا لها عبئایین))٦ لێرەدا ئەو لوژیکەی ئازەری باوکی ئیبراهیم بەکاریدێنێت بۆ بەرگریکردن و ناساندنی موقەدەسەکانی کۆمەڵگاکەی لوژیکێکە لەسەر بنەمای دووبارەکردنەوەی نەریتەکانی رابردوو یان نەریتەکانی کۆمەڵگاکەی بەندە ئەمە لەلایەك، لە لایەکی دیکە کاریگەری کۆمەڵگا و ئاڕاستەکردنەکانی لەدروستکردنی موقەدەسدا ئاشکرا دەبێت، ئەوە ڕووندەبێتەوە کە چۆن کۆمەڵگا بە تێپەربوونی

زەمەن هەندێك لەڕەمزەكانی خۆی یان هەر رەهەندێكی دیكەی خۆی تەقدیس دەكات، دوا ئـەنجام وەك موقەدەسـێك مامەڵـەی لەگـەڵ دەكـات، هربـرت سبنـسر ئاماژە بەم حاڵەتە دەكات، ئـەو بـاس لـەوەدەكات كـە بەشـەریەت رۆحـی گـەورە و رابـــەر و كۆچـــكردوەكانی خـــۆی تەقـــدیس دەكـــات، ئـــەم تەقدیـــسكردنەش سەردەكێشێت بۆ بەموقەدەسكردنی ئەم كۆچكردوانە٧

- دەركـەوتنی موقـەدەس لـە هـەر كۆمەڵگایەكـدا پەیوەندیـدارە بـە بونیـادی ئـابووری و كۆمەڵایـەتی ئـەو كۆمەڵگایـەوە، واتـە بـە پێـی بونیـادی ئـابووری و كۆمەڵایەتی و مێژووی موقەدەسەكان لە كۆمەڵگا جۆراوجۆرەكاندا دەردەكەون و جێگای خۆیان دەكەنـەوە، بـۆ ئەمـە نموونەیـەكی سادە دەهێنمـەوە: لەكۆمـەڵگای كـوردی ئێمــەدا كـە كۆمەڵگایـەكی كـشتوكاڵییە و كۆڵەكـەی ئـابووری و ژیـانی خەڵكەكەی لەسەر ئابووری كشتوكاڵكردن بەندە بەگشتی و دانەوێڵە بـە تایبـەتی، دیارترین دانەوێڵەش بریتییە لە گەنم، بۆیە دەبینین ئێمە لەمنـداڵی و تەنانـەت ئێستاش فێرمان دەكەن كە نان موقەدەسە و نـابێ فڕێـی بـدەین، ئەگـەر لەسـەرە رێگەیەكـدا پارچـەیەك نانمـان بـینی دەبێـت هەڵیبگرینـەوەو بیخەینـە شـوێنێكی دوور لەپیـسی، دوور بێـت نـەوەك بكەوێتـە ژێرپێـی خەڵكـەوە، بەمـشێوەیە نـان لەكۆمەڵگای ئێمەدا موقەدەسە چونكە قووتی رۆژانەی خەڵكەكەیە و بنەمایـەكی گرنگـی ئـابووری كۆمەڵگایـە، یـان لـەو كۆمەڵگایانـەی كـاری ئاژەڵـداری دەكـەن و ئاژەڵـداری سەرچـاوەیەكی گرنگـی ئـابووری وڵات و ژیـانی خەڵكـە، ئاژەڵێـك یـان گیانـدارێك تەقـدیس دەكـەن و پـیرۆزی پێدەبەخـشن، بۆنموونـە لـە هێندسـتان ئـاژەڵێكی وەك مانگـا تەقـدیس دەكـەن، ئـەمڕۆ ئـەو لێكۆڵینـەوە سۆسـیۆلۆژی و ئەنـسرۆپۆلۆژیانەی لـە هیندسـتان كـراون دەریانخـستوەكە مانگـا بنەمایـەكی ئـابووری و ژیـانی خەڵكـە، چـونكە مانگـا لەلایـەك رۆڵـی بـارگیر دەبـینێ و بـاری پێدەگوێزرێتەوە ئەمەش بۆ ناوچـەكانی هیندسـتان كـە ریفییـە زۆر سـودمەندە، لەلایـەكی دیكـە بەرهـەمی شـیری هەیـە و پاشەڕۆكەشـی بـۆ بـەپیتكردنی ناوچـە

کشتوکاڵییەکان سوودی هەیە، بۆیەجۆرێك لە تەقدیس بەمانگا دەبەخشن، بەمشێوەیە تاڕادەیەکی باش دەرکەوتنی موقەدەسەکان لەکۆمەڵگا جیاوازەکان پەیوەندیدارە بەبونیادی ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی ژیانی کۆمەڵگاوە.

- موقەدەس نەزعەیەکە بۆ گەیشتن بەبنەڕەت و سەرەتای شتەکان، موریس غودولیە دەڵێ (( موقەدەس شێوازێکە لە شێوازەکانی پەیوەندی مرۆڤ بەبنەڕەتی شتەکانەوە))٨ هەوڵدانێکە بۆ بەستنی پەیمانێك لەگەڵ ئەو بنەڕەتانەدا تا لەلایەك لێی تێبگات و بیخوێنێتەوە، لەلایەکی دیکەش ماناکانی ئێستای لەسەر بینابکات، ئەفسانە کۆنەکان راستی ئەم گوتەیەمان بیردەخەنەوە، ناوەڕۆکی زۆربەی ئەفسانەکان بە دەوری بنەڕەتی شتەکان و مەسەلە گرنگەکانی وەك گەردوون و مرۆڤ و ژیان و مردن دەسوڕێنەوە، ئەم ئەفسانانە و پاڵەوانەکانیان مرۆڤە مەزنەکانن ، یان بوونەوەرێکی موقەدەسن، ئەم ئەفسانانە راستەوخۆ ئەوەمان فێر دەکەن کەمرۆڤ عەوداڵی گەیشتن بووە بەسەرەتا و بنەڕەتی شتەکان، بۆیە پەنای بۆ چەندین مانا و هێزێکی دەرەکی بردوە تا بیگەیەنن بە سەرەتا و بنەڕەتی شتەکان، لەم نێوەندەدا چ ئەوەی رۆڵی گەیەنەری بینیوە بۆ گەیاندنی مرۆڤ بە سەرەتاکان و، چ ئەو دەرەنجام و بەرهەمانەی دەستیکەوتوە تەقدیسیکردوە و کردوێتی بە موقەدەسێك بۆ خۆی تا لەڕێگەی ئەو موقەدەسەوە بەردەوام بگەڕێتەوە بۆ حەقیقەت و بنەڕەتی مەسەلە و شتەکان، کەم ڕەمزی موقەدەس هەیە لەجیهانیدا مرۆڤ نەبەستنەوە بەبنەڕەتی شتەکانەوە، یان خودی خۆیان نەبوبێتن بەهۆکارێك بۆ پەیوەندیکردنی مرۆڤ بەو بنەڕەتانەوە، بۆ نموونە مرۆڤی کۆن خۆر تەقدیسدەکات لەبەرئەوەی خۆر بەبنەڕەتێك دادەنێت بۆ بوونەوەرەکانی دی، چونکە خۆر لە هەموویان گەورەترە، گەرمی دەدات، سەرچاوەی وزەیە، یارمەتی ژیان دەدات، بەمپێیە دوور نییە خۆر بنەڕەت بێت بۆ شتەکانی دی وەك ئەستێرە و زەوی و خۆر و مانگ و .... هتد

- موقەدەس ئەو بوونەوەرەیە کەدەبێتە مەرجەع، لەدوا ئەنجامدا لەناو خۆیدا سیستمی تاك مەرجەعی بۆ مرۆڤ پێکدەهێنێت، عەقڵی مرۆڤ لەسەر تاك مەرجەعییەت رادەهێنێت، بەدرێژایی مێژوو پەیوەندییەی ئاڵۆز و بەیەکداچوو لەنێوان موقەدەس و مەرجەعدا هەیە، هیچ موقەدەسێك نییە نەبوبێتە مەرجەع، هیچ مەرجەعێکیشمان نییە بەشێوەیەك لە شێوەکان نەبوبێتە موقەدەس، بەمەش خودی موقەدەس بۆخۆی دەبێتە مەرجەعێکی سەخت و تاکەکانی کۆمەڵگا بەردەوام بۆیدەگەرێنەوە، مەرجەعیش دەبێتە موقەدەسێکی دەستبۆنەبرا و بەرز راگیراو، ئەمە یەکێکە لە نهێنییەکانی کارایی موقەدەس لە کۆمەڵگاکاندا بە درێژایی چەندین سەدە، ئەگەر موقەدەس مرۆڤ فێری چۆکدادان و بەموقەدەس زانینی بونەوەرەکانی بکات، ئەوا مەرجەع مرۆڤ فێری گەڕانەوە دەکات بۆ ئەم موقەدەسە، ئەگەر موقەدەس ماناکانی خۆی وەك بوونێکی رەها نیشانبدات ئەوا مەرجەع گرەنتی گەڕانەوەی مرۆڤە بۆ ئەو مانا رەهایانە، گرەنتی بەردەوامی ئەو مانایانەیە بۆ زەمەنەکانی دواتر، کاتێك موقەدەسێك دەگۆڕدرێت کە سەیر دەکەیت مەرجەعیش گۆڕاوە، لەڕوانگەی ئەم پەیوەندییە گرنگ و بەیەکداچوەی مەرجەع و موقەدەس دەبینین لەزۆربەی ئایینە بەرایی و کۆمەڵگا بەراییەکاندا موقەدەسەکان خۆیان وەك باوك نیشانداوە یان وەك باوك تەعریفکردوە و خەڵکیش بەگشتی وەکو کوڕ و رۆڵەی ئەو ، ئەمەش لەوەدێت کەمرۆڤ لە قۆناغی منداڵیدا گرنگترین مەرجەع کە بۆی دەگەڕێتەوەو خاوەن هێز و توانایە برییتیە لەباوك، باوك منداڵ لەهەڕەشەی هێزەکانی دەرەوە دەپارێزێت، لە ململانێ و گیانبازییەکانی ژیاندا پاڵپشتێتی، بۆیە لەکاتی گەورەبونیشیدا لەبەردەم هێزە گەورە و ترسێنەرەکانیشدا پێویستی بەوێنەی باوکێك هەیە، یان وەك فرۆید لە کتێبی( ئایینەدەی وەهم ) دەڵێت (( هەستی تۆقێنەرانەی مرۆڤ لەمەڕ دەستەوسانی منداڵانە پێویستبوونی پاراستنی لە مرۆڤدا زیندووکردەوە(پاراستن بە خۆشەویستی) ئەمەش

پێداویستییەکە باوك جێبەجێیدەکرد، مرۆڤ کە درك بەوەدەکات دەستەوسانییەکەی بەدرێژایی تەمەن دەمێنێتەوە بۆیە بەتوندی دەنوسێت بە باوکەوە، ئەمجارەیان باوکێکی بەهێزتر و بە تواناتر، باوکێك کە بتوانێت لە مەترسییەکانی سروشت بیپارێزێت، بتوانێت مەترسییەکانی چەوساندنەوە کۆتایی پێبهێنێت و ئارامی بۆ مرۆڤ دروستبکات)) بۆیە دەبینین زۆربەی کۆمەڵگا سەرەتاییەکان خۆیان وەك کوڕ و نەوەی موقەدەسەکان داوەتە قەڵەم، یان خۆیان وا ناوناوە، بۆ نموونە لە کۆمەڵگای عەرەبی پێش هاتنی ئیسلام ئەم دیاردەیە باو بوە، گەلێك لە عەشیرەت و تیرەکان ناوی خۆیان بەناوی نەوەی موقەدەسەکانەوە ناوە وەك ( بنوهبل، اباء البدر...)ئەم پرۆسەی بەباوککردنە راستەوخۆ کارایی گوتاری بەمەرجەعیکردن دێنێتەوە یادمان، کە هەمیشە موقەدەس وەك مەرجەع بوونی خۆی سەپاندوە، لەوێشەوە بەردەوامی بەبوون و ژیانی خۆیداوە.

بەگشتی دەتوانین بڵێین چەمکی موقەدەس جەستەیەکی پڕمانایە، چەندین توخمی پێکهێنەری جیاوازیش بەشدارن لە پێکهێنانی ئەو جەستەیەدا، لەسەرەتاوە موقەدەس بەرهەمی وێناندنی مرۆڤە بۆ ئەو هێزانەی بالاو کاریگەرن بەسەر مرۆڤەوە، خودی مرۆڤ لەبەردەم ئەم هێزە مەزن و کاریگەرەدا بەچۆکدا هاتوە، ئەم پرۆسەیە موقەدەسێك خەلقدەکات و ئەم موقەدەسەش دەبێتە مەرجەع، بە تێپەربوونی زەمەن ئەم مەرجەعەش دەبێتە بوونەوەرێکی بەدیهی و بەڵگەنەویست تا وای لێدێت کۆی پرسیارەکان دەکوژێت، ئەمەش ئەو نهێنییەمان بۆ ئاشکرا دەکات کەبەدرێژایی مێژوو چەندین موقەدەس و ئایینی جیاواز هەبوون، کە هیچ بنەمایەکی لوژیکی و عەقڵانییان نەبوە کەچی بۆی ماوەی سەدان ساڵ لە کۆمەڵگادا ماوەتەوەو کاریگەری زۆریان بەسەر عەقڵ و ژیانی مرۆڤایەتییەوە هەبوە و هەمیشە مرۆڤ لە سەنگەردا بووەو بەرگریلێکردوون.

دوای ئـــەوەی تێــز و تێڕوانینــەکانمان لــەبارەی موقەدەســەوە خــستەڕوو پرسـیارێکی گـرنگ دێتـە پێـشەوە ئـەویش ئەوەیـە داخـۆ سروشـتی کـارکردنی موقـەدەس لەجیهانـدا چـۆنە؟ داخـۆ بەرەنجامـەکانی کـارایی گوتـاری موقـەدەس لەژیاندا چییە؟ لە ئێستاوە هەوڵدەدەم وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەمەوە

موقەدەس بەسروشتی خۆی هێزە، هێزێکی کاریگەرە بەسەر سیـستمی عـەقڵ و ژیـانی فەرهـەنگی وکۆمەڵایـەتی و ئابوورییـەوە، هێزێکـە مانـا دەبەخـشێتە کردەکان، بەم پێیە رووبەری ماناکانی موقەدەس بەتەنها لەناو جەسـتەی خۆیـدا نامێنێت بەڵکو فراوان دەبێت بـۆ بونیادەکـانی دیکـەی ژیـان و کۆمـەڵگا، بەمـەش موقەدەس بەسروشتی خۆی کۆمەڵێك کار لەکۆمەڵگا و ژیان دەکات، یان کۆمەڵێك بەرەنجام دەخاتەوە: هەوڵدەدەین لەمیانەی چەند خاڵێکدا گوزارشـت لـەکارکردن و کارایی موقەدەس بکەین:

١- **تەقدیـسکردنی شـوێن:** یـەکێك لـە کارکردنـەکانی موقـەدەس لـە جیهانـدا تەقدیسکردنی چەند شوێنێکی دیاریکراوە، واتە جیاکردنەوەی شوێنی موقەدەسە لـە ئاسـایی، واتـە وەڵامدانـەوەی ئـەو پرسـیارەی کـە داخـۆ کامـە ئاسـاییە و کامـە موقەدەسە، ئەمـەش وەك رۆبرتـسن سمیـث ئـەڵێت ((لـە گـرنگترین خاڵـەکانی ئایینە کۆنەکانـە)) ٩ بەمـەش چـەند شـوێنێکی دیـاریکراو لـە جیهانـدا تەقـدیس دەکات، چەند شوێنێکی دیکە ئاسایی، یـەکێك لـەو پاسـاوانەی بـۆ تەقدیـسکردنی ئەو شوێنانە دێنە پێشەوە ئەوەیـە کـە ئـەو شـوێنانە بـە پێگەیـەك دادەنێـت بـۆ پەیوەندیکردن بە هێزە باڵاکانەوە، بەهێزە موقـەدەس و کاریگەرەکانـەوە، رەنگـە لەناو ئایینە جۆراوجۆرەکانی جیهاندا پەرستگاکان نموونەی ئەو شوێنە تەقدیس کراوانـە بـن کـە بـەهۆکارێك دانـراون بـۆ پەیوەنـدیکردن بـە هێـزە باڵاکانـەوە و، لەوێشەوە تەقدیسکراون، مرسیا ئەلیاد دەڵێت (( لە زۆرکاتدا پایـەی پەرسـتگاکان بەپایەی نێوان ئاسمان و زەوی، پایەی نێـوان خـواو مـرۆڤ لێکدراوەتـەوە))١٠ ئـەم حاڵەتە دوو سەرنجمان لا درووستدەکات، یەکەمیان: گۆڕینی شوێنە لـە ئاساییەوە

بۆ موقەدەس، واتە شوێنێك كەپێشتر ئاسایی بوەو دواتر دەكرێتە پەرستگا و تەقدیس دەكرێت، سنووری پەرستگا دەبێتە هێڵی جیاكەرەوەی ئەو شوێنە موقەدەسە لەشوێنەكانی دەرەوە كە ناموقەدەسن یان ئاساین، بەمەش دوو پارچە زەوی كە هەردووكیان وەك یەكبوون یەكێكیان دەبێت بەموقەدەس و ئەویدیكەیان بە ناموقەدەس، دووەمیان: ئەوەیە ئەو شوێنە لەپاش ئەوەی لە ئاساییەوە بوو بەموقەدەس ئیدی بواری كاركردنی ئاسایی ژیان لەوێدا نامێنێت، بۆ نموونە لە پەرستگا بواری قسەی رۆژانە و كاروبارە ئاساییەكان نییە بەڵكو بوارێكی تایبەتییە بۆ هەندێك شت كەئەویش سرووت و هەندێك كاری هاوشێوەیەتی

یەكێكی دیكە لە پاساوەكان بۆ ئەو شوێنانەی كە تەقدیس دەكرێ ئەو شوێنانەیە كە بە شوێنی گەڕانەوە دادەنرێت بۆ سەرەتا و بنەما، ئەو شوێنەیە كەرەمزە دێرین و مێژوویەكانی ئەو موقەدەسەی تێدا بووە، بۆ نموونە لە ئایینی یەهودیدا قودس شوێنێكی موقەدەسە لەبەرئەوەی لەلایەك شوێنی رەمزە موقەدەسەكانی ئەو ئایینەیە و ئەو شوێنەیە دەمنباتەوە سەر بنەڕەتی ئایینەكە و بنەڕەتی مرۆڤ و موقەدەس، لە هەندێك گێڕانەوەی یەهودیدا هاتوە قودس تەنها شوێنێك بوە كە لافاوەكەی نوح داینەپۆشیوە، یان لەڕوانگەی مسوڵمانانەوە قودسییەتی قودس بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە یەكەم قیبلەی مسوڵمان بوە، واتە دەمنباتەوە سەر سەرەتا و بنەما، لەڕوانگەی مەسیحییەكانیشەوە موقەدەسی قودس بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە مەڵبەندی پێغەمبەر مەسیح بوە، هەروەها لەڕوانگەی ئیسلامیشەوە موقەدەسی شوێنێكی وەك كەعبە بۆ هەمان حاڵەت دەگەڕێتەوە، واتە بۆ سەرەتا و بنەما دەگەڕێتەوە.

پاساوێكی دیكەی تەقدیسكردنی شوێن ئەوەیە كە ئەو شوێنە بەناوەندی جیهان یان دڵی جیهان لێكدەدرێتەوە، لەسەدەی نۆزدەدا (نیكۆلای دی بیرنا)بۆ كەنیسەی (القیامە) لەبارەی قودسەوە دەنوسێت (( ئەویێ ناوەندی جیهانە))١١

یان لەئایینی کۆنی ئێرانییەکاندا ئێران بەناوەند و دڵی جیهان لێکدراوەتەوە، شایانی گوتنە ئەم نەزعە تەقدیسیە بە پاساوی ناوەند زۆر نزیکە لە نەزعەی ناسیۆنالیزمەوە، دەبینین ناسیۆنالیزم یەکێك لەو پاساوانەی تەقدیسی پێ دەبەخشێتە خاکی نەتەوە بریتییە لەوەی ئەو خاکە بەناوەند و دڵی جیهان لێکدەداتەوە، یان گوایە شوێنێکی ستراتیژی لەناوچەکەدا داگیرکردوە.

**٢- تەقدیسکردنی زەمەن:** سروشتێکی دیکەی کارکردنی موقەدەس تەقدیسکردنی زەمەنە، ئەمەش هەروەك تەقدیسکردنی شوێن چەند زەمەنێکی دیاریکراو لەزەمەنەکانی دیکە جیادەکاتەوە و موقەدەسی پێ دەبەخشێت، کەواتە سروشتی کارکردنی موقەدەس لەزەمەنیشدا پەرتکردنی خودی زەمەنە بەوەی هەندێکیان موقەدەسن و هەندێکی تریان ناموقەدەس، واتە لەرستێك زەمەنی ئاسایی و سروشتیدا دانەیەك لەو زەمەنە جیا دەکاتەوەو تەقدیسی دەکات، ئەمە لەناو زۆربەی ئایین و موقەدەسەکانی دنیادا برەوی هەیە.

پاساوێکی دیکەی موقەدەس بۆ تەقدیسکردنی زەمەن ئەوەیە ئەو زەمەنە بەزەمەنی پەیوەندیکردن بەموقەدەسەوە دادەنێت، یان بە زەمەنی رەمزەکانی موقەدەس و یادەوەرییەکانی دادەنرێت وەك جەژنەکان( سەری ساڵی زایینی و کۆچی) یان بۆنەو موناسەباتەکان، بە گشتی ئایدیای تەقدیسکردنی زەمەن لەگەڵ شوێندا یەك ئایدیای پێکەوەگرێدراوی چوون یەکە، کە موقەدەس بەیەك سیستم و میتۆد مامەڵە لەگەڵ زەمەن و شوێندا دەکات.

**٣- موقەدەس قوربانیکردن بەرهەمدەهێنێت:**

رەنگە مەسەلەی قوربانیکردن لەکۆنترین مەسەلەکان بێت لەناو ژیاری گەلاندا، کە هەمیشە گەلە سەرەتاییەکان لەبەردەم موقەدەسەکانیان قوربانیان پێشکەشکردوە، لەبەردەم هێزە باڵاکاندا بوونەتە قوربانی، بۆ نموونە سەرچاوە مێژووییەکان پێمان دەڵێن لە نێو میسرییە کۆنەکاندا کاتێك لافاوی رووباری نیل بەرزدەبۆوە و دەبوە هۆی زیانی گەورە لە کشتوکاڵ و خانوبەرەوە و

ئاژەڵەکانیان ئیدی هەڵدەستان بە پێشکەشکردنی قوربانی، دەهاتن جوانترین ئافرەتی ناوچەکەیان دەهێناو بەجوانترین جلوبەرگ دەیانڕازاندەوە و دەیاندا بەدەم رووباری نیلەوە بۆئەوەی لافاوەکە رابوەستێت و زیانی زیاتریان پێنەگەیەنێت، وایان دادەنا کە ئەم هێزە بالآیە ، ئەم هێزە موقەدەسە کەلافاوی رووباری نیلە تورەبوەو داوای ئافرەت دەکات، یان هەندێکجار لەناو گەلاندا مانگا و مەڕ و گیانداری دیکەیان لەبەردەم موقەدەسەکانیان کردۆتە قوربانی، یان دەبینین لە نیمچە دورگەی عەرەب پێش ئیسلام خێڵە عەرەبەکان لەکاتی جەنگ و گیرگرفتەکانی دیکەدا قوربانیان لەبەردەم موقەدەسەکانیان(بتەکانیان) دەکرد، چەندین گیانەوەری جیاوازیان دەکردە قوربانی، ئەم چەمکی قوربانیکردنە لە پێناو موقەدەسدا درێژە دەکێشێت تا دەگاتە سەردەمی ئێستا، تا دەگاتە قوربانیکردنی مرۆڤ لەپێناو سەرکردەی موقەدەسدا، لەپێناو دابونەریتی موقەدەسدا، ئەمڕۆ قوربانیکردن بۆتە سیستمێك، دەشتوانین بڵێن (( قەیرانی قوربانیکردن قەیرانی هەموو کۆمەڵگایە بەتەواوی، قەیرانی سیستمێکی رۆشنبیرییە بەتەواوی))١٢ چونکە دواجار لە کۆمەڵگادا قوربانیکردن وەك سیستمێك دەپارێزرێت و درێژە بەژیان دەدات و هەرخودی کۆمەڵگاش خۆی غەرقی تاریکییەکانی ئەو سیستەمە دەبێت، قەیرانی سیستم و کایەی رۆشنبیریشە چونکە خودی ئەو کایە رۆشنبیرییە کەمانا بەخودی قوربانیکردن دەبەخشێت و شەرعییەتی عەقڵی و ئایینی بۆ دەهێنێتەوە، ئەو سیستمە رۆشنبیرییەی کە ناتوانێت پرسیار بخاتە سەر قوربانیکردن لەڕاستیدا بەشێوەیەك لەشێوەکان بەرهەمهێنەری خودی قوربانییە، تراژیدیای سەرەکی بەتەنیاش لەوەدا نییە کە سیستم و کایەیەکی رۆشنبیری قوربانیکردنی پێ قەبوڵدەکرێ و تیۆریزەی دەکات، بەڵکو گەورەترین تراژیدیا لەوەدایە کە هەندێکجار خودی پرۆژەی قوربانیکردن دەبێتە پرۆژەی رۆشنبیری و دەسەڵاتێکی رۆشنبیری و مەعریفی پەیدادەکات.

پرۆژەی قوربانیکردن لەناوەڕۆکدا سەرچاوەیەکی کاریگەرە بۆ بەرهەمهێنانی توندوتیژی، گەلێك جار عەقڵییەتی توندوتیژی لەسیستمی قوربانیکردنەوە سەرچاوە دەگرێ، ئەگەر توندوتیژی یەکێك لەبەرئەنجامەکانی قوربانیکردن بێت و قوربانیکردنیش یەکێك بێت لەکارەکانی موقەدەس لەناو جیهان و کۆمەڵگادا ئەوا خودی موقەدەس دەبێتە مەرجەعێك بۆ توندوتیژی، چونکە موقەدەس بونەوەرێکی رەهایە و دواندنی ڕەخنەیی و پرسیار قەبوڵناکات، ئەمەش بێگومان لۆژیکی نەفیکردنی ئەوانیدی و پێکدادانی هەمەچەشن بەرهەمدەهێنێت، بەمەش توندوتیژی لەدایك دەبێت، لێرەشەوە دەتوانین بڵێین قەیرانی قوربانیکردن قەیرانێکی دیکە بەدوای خۆیدا دەهێنێت، ئەویش قەیرانی لێبوردەییە( التسامح) واتە چەند ئایدیای قوربانیکردن بەسەر عەقڵەکاندا زاڵ بێت هێندە لێبوردەیی پاشەکشە دەکات، خودی قەیرانی لێبوردەیش بەرئەنجامی قەیرانی سیستم و هەرکایەکی رۆشنبیرییە.

٤- بەرهەمهێنانی قەدەغەکراو:

یەکێکی دیکە لەکارەکانی موقەدەس لەجیهاندا بەرهەمهێنانی قەدەغەکراوە، واتە موقەدەس بەسروشتی خۆی قەدەغەکردن بەرهەمدەهێنێت، هەموو موقەدەسێك کە دێتەناو جیهانەوە کۆمەڵێك شت قەدەغە دەکات، ئەوشتانەی کە موقەدەس قەدەغەی دەکات بەتێپەربوونی زەمەن دەبێتە سیستمێکی ئەخلاقی، ئەم سیستمە ئەخلاقییەش بەشێوەیەك لەشێوەکان تێکەڵ بە کەسایەتی تاك دەبێت و دەبێتە توخمێکی باڵادەستلەهۆشیاری تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایەدا، تەنانەت تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایە وەك سیستمێکی سروشتی دەیخوێننەوە ئیدی بەئاسانی ناتوانن وێنای سیستمێکی دیکە بکەن، هەربۆیە لەبیرکردنەوەی نەوە نوێیەکاندا ناتوانرێت ئەو سیستمە لە بەرژەوەندییە فەردی و مەدەنییەکانی کۆمەڵگا جیا بکرێتەوە، لێدانی ئەم سیستمە بریتی دەبێت لەلێدانی بەرژەوەندییە فەردی و مەدەنییەکانی کۆمەڵگا، گەلێك جار ئەو قەدەغەکردنانە

لەبەرەی ئەنتی خواستە مرۆییەکاندایە، بۆ نموونە کۆتکردنی ئازادی مـرۆڤ، کـە تاکـەکانی نـاو کۆمـەڵگا بـە دەگمـەن دەتـوانن لێـی دەربـازبن ، کـۆتکردنی ئـازادی زەبرێکی کوشندەیە لە مرۆڤ و بەهاکان، بەڵکو تیژ و بۆچوونی هـەرە زاڵ بـریتی دەبێـت لـەو بۆچـوونەی کـە پێیوایـە ناتوانرێـت پاراسـتنی بونیـادی کۆمـەڵگا لـە کۆتکردنی ئازادی جیابکرێتـەوە، واتـە کـۆتکردنی ئـازادی پێویـستە بـۆ پاراسـتنی بونیـادی کۆمـەڵگا ، بـۆ راگـرتنی شـیرازەی کۆمـەڵ و تێکنەچـوونی بـارودۆخی کۆمەڵگا، یان ئەو سیستمە ئەخلاقییەی لەکۆمەڵگای کۆیلەداریدا بـاو بـوو ئەگـەر کەسـێك پارەیـەکی زۆر قـەرزی لای کەسـێکی دیکـە هەبوایـە کەسـی قـەرزدار لـە توانایدا نەبوایە برە پارەکە بداتەوە ئەوا کەسی خاوەن قەرز مافی ئـەوەی هـەبوو کەسە قەرزدارەکە بکاتـە کۆیلـە، یـان لـەباتی قەرزەکـە بەدرێـژایی چـەندین سـاڵ کاری پێبکات، سەیر لەوەدایە ئەم سیستمە ئەخلاقییە وەك هۆکارێك دادەنـرا بـۆ پاراسـتنی دادپـەروەری کۆمەڵایـەتی ! ئەمـە جگـە لـەوەی دەبیـنین لەچـەندین کۆمەڵگای مرۆیی جیاوازدا چەندین قەدەغەکراوی جۆراوجۆر هـەبوون کـە هـیچ بنەمایـەکی لـۆژیکی و دادپـەروەرییان نـەبوە بـەڵام لەلایـەن کۆمـەڵگاوە پـەیرەو کراوە، بەڵام لەناو خودی سیستمی قەدەغەکردنەکان پاساوی مرۆیی و لۆژیکی بۆ هێنراوەتەوە، واتە هالەیـەکی ئەفسانەیی بەچواردەوردا کێشراوە، ئـەو سیـستمە ئەخلاقییـــە کـــە لەئـــەنجامی قەدەغەکردنـــدا دروســـتدەبێت دەبێتـــە نـــەریت و بەشـــێوەیەکی بـــۆ مـــاوەیی بـــۆ نـــەوەکانی داهـــاتوو دەگوێزرێتـــەوە، هەربۆیـــە تەجاوزکردنی ئەو سیـستمە کـارێکی یـەکجار قـورس و سـەختە چونکە لەلایـەك هالەیـەکی ئەفـسانەیی پـشتگیری لێـدەکات و ، لەلایـەکی دیکـە بۆتـە نـەریت و سیستمێکی ئەخلاقی لەناو نەوە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگادا.

قەدەغـەکردن گـەلێك جـار دەبێتـە سەرچـاوەیەکی گـرنگ بـۆ یاسـادانان، بەتایبـــەتی ئـــەو قەدەغەکراوانـــەی کـــە لـــە بەرژەوەنـــدی کۆمـــەڵگا بـــوون (وەك روبرتـسن سمیـث ئـەڵێت) کۆمـەڵگاش پـشتیوانی لێکـردوەو دواتـر بـوە بـە

یاسا١٣ بوونی ئەم قەدەغەکراوانە بەیاسا لە ناوەڕۆکدا پەیامی بەخشینی شەرعییەتی مرۆییە بۆ ئەو قەدەغەکراوانە، واتە ئیدی لەگەڵ لاوازبوونی نفوزی ئەو موقەدەسەی ئەو قەدەغەکراوەی بەرهەمهێناوە خودی قەدەغەکراوەکە روو لە لاوازی و پاشەکشە ناکات، بەڵکو بەهەمان شێوەی جاران مانەوەی خۆی لەفۆرمی یاسادا پاراستوەو تێزەکانی خۆی میکانیزمەکردوە.

٥- **بەرهەمهێنانی دوالیزمە:**

سروشتێکی دیکەی کارکردنی موقەدەس لەجیهاندا دابەشکردنی جیهانە بەسەر چەند دوالیزمەیەکدا، واتە پۆلێنکردنی جیهان و مرۆڤایەتییە بەسەر چەند دوالیزمەیەکی جیاوازدا، ئەم دوالیزمانە مامەڵە و تێکەڵاوی سەیر و جۆراوجۆر لەنێوانیاندا هەیە، هەندێکیان نەفی یەکدی دەکەن و هەندێکی دیکەیان تەواوکەری یەکترن، بەگشتی سروشتی موقەدەسە جۆراوجۆرەکانی جیهان کاریگەرییەکی زۆری هەیە لەدارشتنی مامەڵەکردن بەم دوالیزمانەوە، لەو دوالیزمانە لەبەرانبەر هێزی خێر و چاکەدا هێزی شەڕو خراپە هەیە(خێر/شەڕ)، لەبەرانبەر جیهانی بەرجەستەی مرۆڤدا جیهانی هێزە نادیارەکانیش هەیە (جیهانی بەرجەستە/جیهانی نادیار) لەبەرانبەر بەرجەستەدا نەفس و رۆحیش هەیە (جەستە/ رۆح)....هتد، پەیوەندی ئەو دوو هێزە دوالیزمانە بەیەکدییەوە( وەك وتمان ) سروشتی ئەو موقەدەسە دیاردەکان کەبەرهەمیهێناون بەپێی سروشتی ئەو موقەدەسە دوالیزمەکان گۆڕانیان بەسەردا دێت، هەندێك جار ئەو موقەدەسە یەکێك لەو دوالیزمانە هەڵدەبژێرێت و پشتگیری لێدەکات و ئەویدیان نەفیدەکات و وەك بوونەوەرێکی قیزەون دەیناسێنێت، یان هەندێك جار جۆرە هاوسەنگییەك لەنێوان دوالیزمەکاندا دروستدەکات بەلام کە حاشاهەڵنەگر و چەسپاوە هەمیشە موقەدەس دابەشکردنی دنیایە بەسەر دوو قوتبدا.

### ٦- هەوڵی بەردەوام بۆ گۆڕینی ئاساییەکان بەموقەدەس:

سروشتێکی دیکەی کارکردنی موقەدەس لەجیهاندا هەوڵدانی بەردەوامە بۆ گۆڕینی ئاساییەکانی کۆی جیهان بۆ موقەدەس، لەڕۆحی موقەدەسدا هەوڵدانێکی بێ پەروا و کاریگەر هەیە بۆ مۆنۆپۆلیزەکردنی دنیای دەرەوە، ئەگەر کاری یەکەمی موقەدەس دابەشکردنی جیهان بێت بەسەر دووبەرەی ئاسایی و موقەدەسدا ئەوا کاری دووەمی گۆڕینی جیهانە بۆ کوتلەیەك لەموقەدەس، لەجەوهەری ئایدیای موقەدەسدا خەونێکی قووڵ و فراوان هەیە بۆ ئەوەی لەدوا رووبەردا ماناکانی خۆی بچێنێت، موقەدەس دەیەوێ هێواش هێواش زەمەنەکان لەزەمەنی ئاساییەوە بکات بە زەمەنی موقەدەس، ئەمەش بە خولقاندنی زەمەنی جۆراوجۆر بۆ یادکرنەوەو برەو پێدانی رەمزەکانی، بە زۆرکردنی ژمارەی بۆنە و چەژنەکان، بەمەش زۆربەی زەمەنەکان پەیوەندیدار دەکات بە خۆیەوە، بەجۆرێك تۆ ناتوانیت لە دەرەوەی زەمەنە موقەدەسەکانی ئەودا ساتێك بدۆزیتەوە کەمێك بیربکەیتەوە، جگە لە زەمەن دەتوانین ئاماژە بەفراوانکردنی شوێنیش بکەین ئەگەر تەقدیسکردنی شوێن یەکێك بێت لەبەرئەنجامە سروشتییەکانی کارکردنی موقەدەس لەناو جیهاندا ئەوا فراوانکردنی پانتایی ئەو شوێنە تەقدیسکراوانە یەکیکی دیکەیە لەسروشتی ئەو کارکردنانە، بۆ نموونە دەخوازێت تادێت ژمارەی پەرستگاکانی زیاتر بێت، زۆربەی پارچە زەوییە ئاساییەکان تەقدیس دەکات بەوەی ئەیکات بە پەرستگا، بەگشتی ئەو دەیەوێ لە هەموو بوارەکان رووبەری ماناکانی لەناو جیهاندا فراوان بکات.

ئەگەر سەرنجێکی خێرای سەرجەم کۆمەڵگا و ژیارەکانی مێژوی بەشەری بدەین دیاردەیەکی گرنگ دەبینین ئەویش ئامادەیی موقەدەسێك یان ئاینێکە لەناو سەرجەم ژیارەکاندا، ئێمە هیچ ژیار و کۆمەڵگایەك نابینین موقەدەسێك یان شێوازێك لە شێوازەکانی ئایینداری و پەرستنی تێدانەبێت، هەر لەکۆنترین شێوازەکانی پەرستنەوە کە بەدیاریکردنی فرۆید بریتییە لەپەرستنی تەوتەمێك

تا دوا مـۆدێلی ئـایین کـه بـەدیاریکردنی هیگـل ڕۆحـی ڕەهـای مەسـیحییەته یـان ئیسلام وەك ئاینێـك کـه بانگەشـەی کۆتـایی ئایینـەکان ئـەکات، هـەموو ئەمانـه و شکڵە جۆراوجۆرەکانیان هەر له سەرەتایترین کۆمەڵگا و ژیارەوە ئامادەیی هەبووە بەڵام داخۆ هۆی ئەمه چییه؟ واته ئـەو پرسـیارە گرنگـه دێتـه پێشەوە داخـۆی هۆی چییه بەدرێژایی مێژوو لەناو هەموو ژیارەکانـدا موقەدەسـێك هـەبووە؟ بـۆ ژیار و کۆمەڵگایەك نابینین بێ جۆرێك له جۆرەکانی موقەدەس یان شێوەیەك له شـێوەکانی ئایینـداری؟ بەبۆچـوونی مـن هۆکـاری بـوونی موقەدەسـەکان لـەناو سـەرجەم ژیارەکانـدا دەگەڕێتـەوە بـۆ پێداویـستییه ناوخۆییـەکانی خـودی ژیـار خۆی ، گرنگترین ئەو پێویستایانه دوانن :

**یەکەم: پێداویستییەکانی ڕێکخستنی ژیار**

**دووەم: پێداویستییەکانی مانەوەی دەسەڵات**

**یەکەم: پێداویستییەکانی ڕێکخستنی ژیار:**

هـەموو ژیارێـك بـۆ ڕێکخـستنی ژیـانی خـۆی پێویـستی بـه کۆمـەڵێك سیـستم هەیه، پێویستی به کۆمەڵێك ماناو میکانیزم هەیه تا لەڕێگەی ماناکانـەوە ڕاڤـەی تێزەکـانی خـۆی بکـات و، مانـا بداتـه پرۆسـەکانی ژیـانی خـۆی، لـه ڕێگـەی میکانیزمیـشەوە تێـز و ماناکـان بباتـه فەرهـەنگی ڕۆژانـەی خەڵکـەوە، بەمـەش دەیمومەیەك بخولقێنێت بۆ بەردەوامی ژیانی خۆی، لێرەدا موقەدەس باشـترین و گونجاوترین ماناو تێزێك بوە بۆ ژیارەکان و دواجاریش هـەر خـودی خـۆی ڕۆڵـی میکانیزم و سیستمی بینیوە، خۆی بۆتە دەزگایەك بـۆ پڕکردنـەوەی بۆشاییەکان و وەڵامدانەوەی پێداویستییەکانی ڕێکخستنی ژیار، گـرنگترین پێداویـستییەکانی ڕێکخستنی ژیار که موقەدەس جێبەجێیکردوە ئەمانەی خوارەوەیە:

١- دیـــاریکردنی کۆمـــەڵێك شـــتی قەدەغـــەکراو چـــونکه هەمیـــشه (وەك پێشتر ڕوونمانکردەوە) موقەدەس کۆمەڵێك شتی قەدەغەکراو به دوایخۆیدا

دەهێنێت، کۆمەڵێك کردار و ماناو شتی دیکە قەدەغە دەکات، سنووری هەنگاو کاری مرۆڤ دیاریدەکات، ئەم پرۆسەی قەدەغەکردنەش دەبێتە سیستمێك کە ئەم سیستمەش وێنەی قەدەغەکراوەکان بەرانبەر کۆمەڵگا رادەگرێت، ئەم بوونە قەدەغەکراوانە چوارچێوەیەك بۆ هەڵپە و تەماع و خەونە غەریزەییەکانی مرۆڤ دادەنێت، واتە بوار نادات تەماع و غەریزەکانی مرۆڤ هەموو شوێنێك داگیربکات، ئەگەر جەمسەرێکی ماهییەتی بوونی مرۆڤ عەقڵانییەت و راڤەی عەقڵانیانە بێت بۆجیهان ئەوا جەمسەرەکەی تری زاڵێتی هێزی غەریزەیە، لەلایەکی دی ماکە غەریزەییە نێگەتیڤەکانی مرۆڤ چەندین هێزو مانای ترسناك بەرهەم دەهێنن و، ژیار و کۆمەڵگا کاولدەکەن، ماکە غەریزەییەکانی وەك غەریزەی شەڕەنگێزی، غەریزەی موڵکداریێتی و مۆنۆپۆلکردن، غەریزەی سێکسبازی بێ سنوور مرۆڤیش (بەتایبەتی لە قۆناغی سروشتی و سەرەتایدا) شوێن داخوازییە غەریزەییەکانی دەکەوێت، بۆ نموونە منی مرۆڤ لەحاڵەتی زاڵێتی غەریزەدا دەمەوێ هەموو شتەکان موڵکی من بن، دەمەوێ دنیای دەروە بۆ خۆم قۆرخ بکەم، هەر مرۆڤە لەلای خۆیەوە دەیەوێ شتەکان موڵکی خۆی بێت، لێرەوە جەنگی بەردەوام روودەدات، مرۆڤایەتی دەکەوێتە ناو جەنگێکی بێ ئامانەوە، ئەم جەنگەش لەحزەی نەمانی ژیارە، چونکە لەم جەنگەدا هیچ مانایەك بۆ بەردەوامی ژیانی ژیار نامێنێتەوە، هیچ مانایەك بۆ رێکخستنی پەیوەندی مرۆڤەکان بە یەکدییەوە لە ئارادا نامێنێت، ژیار بۆ راگرتنی ئەم جەنگە و رێکخستنەوەی خۆی پێویستی بە موقەدەسێك هەبوە تا لەفۆڕمی فەرمانێکی بالاو مەزندا کۆمەڵێك قەدەغەکراو بەرهەمبهێنێت، یان کۆمەڵێك شت قەدەغە بکات تا ئەم قەدەغەکراوانە سنوورێك بۆ پەلاماری هێزە غەریزەییەکانی مرۆڤ دابنێت و غەریزە شەڕەنگێزییەکانی کۆت بکات و، ژیار لەپەرتەوازەیی و رووخان بپارێزێت، تا ئەم جەنگە و ئەم غەریزانە کۆتایی بە ژیار نەهێنن ، موقەدەسێك پێویست بوە تا مەرجەعییەتێکی ئیلاهی ببەخشێتە

قەدەغەکردنـــەکان، تـــا لـــەوێوە کـــۆی مرۆڤـــەکان پابەنـــد بـــن و تـــوخنی شتەقەدەغەکراوەکان نەکەون و ژیـار لەمەترسـی رووخـان دوور بخەنـەوە، بۆیـە ئەمڕۆ دەبینین (( توێژەرەوەکانی بواری مێژووی ژیارەکان تێبینی ئـەوە دەکەن کـە مومارەسـەکردنی سـرووتە ئایینییـەکان و چیرۆکە پاڵەوانبازییـەکان رۆڵێکـی دیاریـان بینیـوە لـە جێگیر کردنـی بنـەماکانی بـوون و قـەوارەی ژیـاری کۆمـەڵگا دێرینەکاندا))١٤

هەروەها کەسێکی وەك برۆنسلاف مالینۆفسکی جەخت لەسەر هەمان خاڵ دەکاتەوە(١٥)

لە باسکردنمان لەڕۆڵی موقەدەس لەبەرهەمهێنانی قەدەغەکردنـدا پرسـیارێك دێتـە پێـشەوە ئـەویش ئەوەیـە داخـۆ بۆچـی رۆڵـی قەدەغـەکردن بەموقـەدەس سپێردراوە؟ بۆچی بڕیاری قەدەغەکردن لەهێز و دەزگایەکی دیکەوە دەرنەچوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لای من ئەوەیە کەمرۆڤی سەرەتایی نەزعەیەکی لوتبەرزانە و لەخۆباییبوونی تێدایە بگرە بەتەواوی لە خۆباییـە و ئامادەنییـە پابەنـد بێـت بـە بڕیارێکـەوە کـە لـەمرۆڤێکی هاوشـێوەی وەك خۆیـەوە دەرئەچـێت ئەمـە لەلایەك، لەلایەکی دی مرۆڤی سەرەتایی لە کەمترین ئاستیشدا چەمکەکانی وەك بەرژەوەندی گشتی و مافی بەرانبەر و .... هتد لا گەڵاڵە نەبوە، بەڵکو هەمیشە لە خەمی تەماعە فەردییەکانی خۆیدایـە، بـەڵام موقـەدەس ئـەم کێـشەیە چارەسـەر دەکات بەوەی کە بڕیـاری قەدەغەکردنـەکانی شـەرعییەتی هێزێکی ئیلاهـی یـان شەرعییەتی هێزێکی باڵای پێوەیە، مرڤـەکانیش پابەنـدی ئـەو بڕیـارە دەبـن کـە لەهێزێکی سەروو مرۆڤەوە یان باڵاتر لە مرۆڤەوە دەردەچێ، بەمەش باشـترین و گونجاوترین دەزگا بـوە بـۆ ژیـارە کۆنـەکان تـا بڕیـاری قەدەغـەکردن دەربکـات و مرۆڤـە سـەرەتاییەکانیش کـە لەوپـەڕی لووتبەرزیـدا بـوون پێـوەی پابەنـد بـبن، بەڵام مرۆڤی ئەم سەردەمە ئەو لوتبەرزییەی جارانی نەماوە، هەر لەبەرئەمەشـە لـە دنیـای مۆدێرنـدا زۆربـەی قەدەغەکردنـەکان لەلایـەن دەزگـا مرۆییەکانـەوە

دەرئەچـــێت و شـــەرعییەتی مرۆیـــی(شـــەرعییەتی پەرلـــەمان)ی هەیـــە و، مرۆڤەکانیش پێوەی پابەند دەبن و ژیاری مۆدێرنیش لەرووخان پاراستوە، بگـرە ژیانێکی ئارام و ئینسانی دابینکـردوە، لوتبـەرزی و لـە خـۆ بـاییبون دیاردەیـەکی بـاوی نـاو ژیارەکـان و کۆمـەڵگا دێرینەکانـە، ئەمـەش گیروگـرفتی زۆری بـۆ دروستکردوون، قورئان نموونەی لوتبەرزی و لە خۆبـایی مرۆڤـی سـەرەتاییە لـەو ژیـارە کۆنانـەدا ئەخاتـەوە یادمـان، کاتێـك پێغەمبـەر نـوح بانگـەوازی گەلەکـەی دەکـات بۆسـەر ئـایین و بڕیـاری قەدەغـەکردنی نەریتـە خـراپ و خورافییـەکان دەدات کەچی گەلەکەی بەم شێوەیە وەڵامی ئەدەنـەوە (( فقـال الملأ الـذين كفـرو من قومه مانـراك الا بشرا مثلنا و مانـراك اتبعك الا الذين هم اراذلنا بـادي الـرأي و مـانرى لكـم علينـا مـن فضل بـل نظـنكم كـاذبين))١٦ واتـە سـەردار و گـەورەی گەلەکەی وەڵامیان دایەوە وتیان کە تۆ جگـە لـە مرۆڤێکـی وەك خۆمـان نـابینین ئەوانەش کە پەیڕەوی لە تۆ دەکەن مرۆڤگەلێکی رواڵەت بینن و ئێوە لە خۆمـان زیـاتر نـابینین و بـەڵکو بـە درۆزنتـان دەزانـین، دوای ئەمـە حـەزرەتی نـوحیش بەمشێوەیە وەڵام ئەداتەوە: (( قال يا قومي ارأيتم ان كنت على بينـة مـن ربـي و اتاني رحمة من عنده فعميت و عليكم انلزمكموها و انتم لها كارهون))١٧

واتە ئەی نەتەوەکەم ئێوە چی دەڵێن ئەگـەر بەڵگەیـەکی روون و ئاشـکرام پـێ بێ لەلایەن پەروەردگارمەوە و لەلایەن خۆییەوە رەحمەتێکی پێدابم کە بۆ ئێـوە نادیارە ئایا دەتوانم بەزۆر بەسەرتاندا بسەپێنم کـە خۆتـان خۆشـیتان لێینایـەت. لـەم دایەلۆگـە قورئانییـەدا خـاڵێکی گـرنگ رۆشـن دەبێتـەوە ئـەویش ئەوەیـە کەمرۆڤی سەرەتایی لـەژیارە کۆنەکانـدا بـەهۆی لووتبـەرزی خۆیـەوە ئامادەنییـە بڕیاربەگـشتی و بڕیـاری قەدەغـەکردن و پابەنـد بـوون بەتایبـەت لـەمرۆڤێکی هاوشـێوەی خـۆی وەربگرێـت، بۆیـە کاتێـك نـوح داوای هەنـدێك پابەنـدبوون لـە نەتەوەکـەی دەکـات دەیـەوێ هەنـدێك شـتیان لـێ قەدەغـە بکـات کەچـی ئـەوان داواکەی رەتدەکەنـەوەو پێـی دەڵێن: (( تـو تـەنها مرۆڤێکی وەك ئێمـەو لەئێمـە

زیاتر نیت )) ئەمەش ئەوە دەردەخات کەمرۆڤایەتی تا ئەوکاتە فێر نەبوون بڕیاری قەدەغەکردن لە مرۆڤەوە وەربگرن، نوحیش لەم راستییە باش تێگەیشتوە بۆیە دەیەوێ پێیان بڵی ئەوەی من دەمەوێ داوای بکەم داوای من نییە بەڵکو داوای خودایەکە لە ئاسمانەکاندایە و لە ئێوە بالاتر و بەهێزترە (( ئێوە چی دەڵێن ئەگەر بەڵگەیەکی ئاشکرا و روونم لەلایەن پەروەردگارمەوە پێ بێ و لەلایەن خۆیەوە رەحمەتێکی پێدابم))

لەکۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا هەمیشە تێزەکانی موقەدەس زۆر کاریگەر بوون و بە پێچەوانەوە تێزە مرۆییەکان زۆر بێ کاریگەر بوون، لێرەوە میرسیا ئەلیاد دەگاتە ئەو باوەڕەی لە کۆمەلگاکانی پێش مۆدێرندا موقەدەس بەرانبەر بەرانبەر قودرە و دوا بڕیاردانراوە، تەنانەت موقەدەس بەرانبەر واقیعی بوون و دەیمومەی ژیان دانراوە، ناکۆکی نێوان موقەدەس و ئاسایی بە ناکۆکی نێوان واقعی و نا واقعی لێکدراوەتەوە (١٨)

**ب- لەناوبردنی دژایەتییە ناوخۆییەکانی ژیار:**

لەناو سیستمی کۆمەڵایەتی و ئابووی و فەرهەنگی هەر ژیارێکدا ژمارەیەك دژایەتی ناوخۆییە هەیە، زنجیرەیەك کێشەی بەردەوام و ململانێی جۆراوجۆر هەیە، کە ژیار لەڕەوتی سروشتی بەرەوپێشچوونی خۆیدا ئەم دژایەتیانە دەخولقێنێت، لە زۆرکاتدا ئەو ململانێیە خودی ژیار ئەخاتە مەترسییەوە، ئەو ململانێ و دژایەتییە ناوخۆییانەی ژیار لەوێوە سەرچاوە دەگرێ کە ژیار لە ئەنجامی کێشەو گیروگرفتە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا کۆمەڵێك کەس دەخاتە پەراوێزەوە، کۆمەڵێك کەس لەبەرهەمە گرنگەکانی خۆی بێبەش دەکات و واقعێکی ترسناکیان بەسەردا دەسەپێنێت، ئیدی ئەم کەسانە رقێکی زۆر کۆدەکەنەوە بەرانبەر بەژیار، ئەو ژیارەی کە ئەوانی لە هەموو شتێك مەحروومکردوە، ئەو کەسانە کە لەوە تێدەگەن کەناتوانن لەژێر سایەی ئەو ژیارەدا ئازاد و بەختەوەر بن، بۆیە لەناخەوە دەیانەوێ ئەو ژیارە بڕوخێنن و

لەجێگەیدا ژیارێکی نوێ بونیاد بنێن، ژیارێك کە بتوانن لە سایەیدا ئازادو بەختەوەر بن، لێرەوە ژیار بۆ ئەوەی لەرقی کەڵەکە بووی ئەو کەسانە خۆی دوور بخاتەوە و نەبێتە مەترسییەك بۆسەری و نەیرووخێنێت ، پێویستی بە موقەدەسێك هەبووە تا لەهەرەشەی کەسە بێبەش و مەحرومەکان بیپارێزێت، ئەمەش لەدوو ئاستی جیاوازدا ، یان بە دوو ئاراستەی جیاواز:

یەکەمیان: بەوەی کۆمەڵێك ئەمر و نەهی بەسەر ئەو کەسەدا بسەپێنێت و ناچاری پابەندبوونی بکات، بەمەش ئازادی و ئیرادەی سنووردار دەکات و مەترسییەکانی بۆسەر ژیار کەمدەکاتەوە، دووەمیان: بەوەی جۆرێك لە ئارامی دەروونی بۆ ئەو کەسە بێ بەش و پەراوێزکەوتوانە ئامادەبکات، تا هەست بەوە بکەن کە پەراوێز نەکەتوون، یان پەراوێزخستنیان بێبەشی نەکردوون و ئومێدیان بە ئایندە بۆ دروستبکرێ، ئەمەش دیسانەوە لە رقی ئەو کەسە بێبەشانە کەمدەکاتەوە و ئەگەری روخاندنی ژیار بەدەستی ئەوان دەکاتە ئەگەرێکی دوور.

لەژیارە کۆنەکاندا دەکرێت کۆیلەکان باشترین نموونەی ئەو کەسە بێبەش و پەراوێز کەوتوانە بن، ئەو کەسانەی لە ئەنجامی زنجیرەیەك گیروگرفت و ناکۆکی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی کراون بەکۆیلە، ئەم پرۆسەی کۆیلەکردنە نەك بەتەنها پرۆسەی پەراوێزکەوتنی خود و نەمانی کاریگەرییە لەگۆڕانکارییەکاندا، بەڵکو پتر لەوەش دۆڕاندنی خودە، مرۆڤی کۆیلە هەموو ماناکانی بوونی خۆی لە دەستدەدات و دەبێتە موڵکی کەسێکی دی(خاوەن کۆیلەکە)، ئەم مرۆڤە کۆیلەیە کەرۆژانە ئازار و مەینەتییەکانی ژیان دەچێژێت و لەژێر باری قورسی ژیاندا پشتی دەچەمێت، بۆیە سەیر نییە رقێکی یەکجار گەورە بەرانبەر بە ژیار کۆبکاتەوە و هەر لەحزەیەك بۆی بگونجێت ژیار سەرنگووم بکات، لە فیکری هاوچەرخدا (نیتشە) یەکێکە لەو فەیلەسوفانەی ئەوەی کەشفکرد کە کۆیلە بوغزێکی گەورەیە، کۆیلە رقێکی گەورەیە بەرانبەر بە ژیار، رقێکە بەرانبەر بە

هەموو شتێك جگە لە خۆی، بەمەش کۆیلە دەبێتە ئۆپۆزسیۆنێکی دڵڕەق، بەڵام ئۆپۆزسیۆنێکی بێ ئیرادە، بۆ رزگارکردنی ژیار لە دەستی ئەم ئۆپۆزسیۆنە موقەدەس رۆڵێکی باڵای گێڕاوە، لەلایەك وایکردوە گوێڕایەڵی بۆچوون و فەرمانی خاوەنەکانیان بن و یاخی بوون ئەنجام نەدەن، لەلایەکی ترجۆرێك لە رازیبوون و  قەناعەتی تیادروستکردوون بەو شێوازی ژیانە، بەوەی وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا ئارامییەکی روحی و دەروونی بۆ دروستکردوون، ئەو دنیایەی موقەدەس بۆ کۆیلەی ئەخولقێنێت دنیایەکی ئارامە، ئەو ئارامییەش بەرهەمی ئەو ئەفسانەیەیە کەموقەدەس لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێت، بەرهەمی تەسلیمبوونە بە موقەدەس، چونکە لە ناو هەموو  تەسلیمبونێکدا ئارامییەك هەیە، لەو کەش و هەوای ئارامییەدا مەترسیەکانی کۆیلە بەرانبەر بە ژیار کۆتایی دێت، لە قۆناغەکانی دواتری مێژووی مرۆڤایەتیدا موقەدەس هەمان رۆڵی بینیوە، واتە ژیاری لەهەڕەشە و مەترسی کەسە بێبەش و پەراوێزکەوتووەکان پاراستوە، شایانی گوتنە یەکێك لە ئیشکالییەتە گەورەکانی تیۆرەی ماکسیزم لەگەڵ موقەدەس و ئاییندا لەم خاڵەدایە ، کە مارکسیزم پێی وایە بەدرێژایی مێژوو کۆمەڵگا بۆ دوو چینی جیاواز و دژ بەیەك دابەش بوون، (چەوساوە/ چەوسێنەر) لە قۆناغی کۆیلەداریدا کۆیلەکان چەوساوەو کۆیلەدارەکان چەوسێنەر، موقەدەسیش ئامرازی دەستی چینە چەوسێنەرەکانە بۆ درێژەپێدانی چەوسانەوە، ئیشکالییەتی ئەم تێزە لەوەدایە  کە دەیەوێ کۆی ژیارەکان بە هەموو رەهەندە جیاواز و فرە پێکهاتەیی خۆیەوە، بەو هەموو دەنگ و رەنگە جیاوازەکانەوە بهێنێتە ژێر باری تەفسیرێکی چینایەتییەوە، زیاتر لەوەش دەیەوێ سەرجەم هێزە بزوێنەرەکانی مێژوو بەو تەفسیرە بسپێرێ و لەو تاکە رەهەندەوە بیخوێنێتەوە، موقەدەس ئەوەندەی هەڵقولاوی پێویستییە ناوخۆییەکانی ژیار بوە بە هەموو ئاڵۆزییەکانییەوە، ئەوەندە ئایدیای چینێکی دیاریکراو نەبوە.

**ج- دروسـتكردنى متمانـه بـۆ تـاك لـەناو ژيـاردا:** لەشـوێنێكى ديكـەى ئـەم توێژینەوەيەدا ئاماژەمان بەوە كرد كە مرۆڤ لە ژيارە كۆنەكاندا هەستى بەلاوازى توانـستەكانى خـۆيكردوە لـە بەرانبـەر هێزەكـانى سروشـتدا، مـرۆڤ توانـستى تەفـسيركردنى دياردەكـانى دنيـاى دەرەوەى لاواز بـوە، توانـاى دەرككردنـى بـە جەوهەرى رووداو و گۆڕانكارييەكانى مـرۆڤ و سروشـت لـە ئاسـتێكى لاوازدا بـوە، ئەمەش وايكردوە مرۆڤ وەك بوونەوەرێكى بێتوانا سەيرى خۆى بكات ، متمانەى بـە خـۆى نـەبێت و لەبـەردەم كارەسـات و رووداوەكانـدا چـۆك دابـدات، ئـەم دروستبوونى قەيرانى متمانەيە بۆ تـاك راسـتەوخۆ دەبێتـە هەڕەشـەيەكى جدى بۆسەر ژيار، چونكە تاكەكانى ناو ژيار كۆمەڵە تاكێكى بێ متمانـە و بـێ ئـيرادەن، ئەمەش دەبێتە هـۆى ئـەوەى ژيـار بـەهۆى لاوازى و بـێ متمانـەيى تاكەكانييـەوە بـوونى بكەوێتــە مەترسـييەوە و بڕوخێـت، لێـرەدا شـياوترين و گونجـاوترين هۆكارێك كە هەم متمانە بۆ تاكەكان دروستبكات و گيانى باوەڕ بـەخۆبونيان تيـا دروستبكات، هەم جۆرێك لە تێز و ئايديان بداتێ بۆ خوێندنەوەو تەفـسيركردنى دياردە و گۆڕانكارييەكان بريتييە لە موقەدەس، كە ئەم موقەدەسە وەك هێزێكـى بـاڵاو كاريگـەر تـەعريفكراوە و ، هالەيـەكى ئەفـسانەيى و تەقديـسى بـەدەوردا كێشراوە، ئەمەش وايكردوە مرۆڤ پشتيوانى ئەو موقەدەسە( ئەو هێزە باڵايە) بۆ خۆى بڕياربدات، واتە وايدادەنێت مرۆڤ لە پرۆسـەى رووبەرووبونـەوەى دياردە سروشـتى و گۆڕانكارييـە دەرەكييەكانـدا ئـەو هێـزە باڵايـە پاڵپـشتێتى، بەمـەش متمانە بۆ تاك لـە نێـو ژيـاردا دروسـتكراوە و هەسـتى خـۆ بـە لاواز زانـين تيايـدا كەمبۆتـەوە ئەمـە لەلايـەك، لەلايـەكى ديكـە ئـەو هالـە ئەفـسانەييە بـە دەورى موقەدەسـدا كێـشراوە دوو رۆڵـى بينيـوە: يەكـەميان/ جۆرێـك لـە تەفـسيركردن و لێكدانــەوەى تيــا بــوە بــۆ ديــاردە سروشــتى و زەمينييــەكان، ئــەم لێكدانــەوەو تەفـسيركردنەشى بەخـشيوە بـە مـرۆڤ، بەمـەش مـرۆڤ بۆتـە خـاوەنى تەفـسير ( ئەگەر تەفسيرێكى زۆر خوراڤى و سەرەتايش بوبێت) هەربۆيە مرۆڤ لـە بازنـەى

بـێ تێـزی و بـێ تەفـسیری رزگـاری بوە،دووەمیـان: ئـەو هالـە ئەفـسانەیی و تەقدیسییەی بە دەوری موقەدەسدا کێشراوە وایکردوە کە عەقڵی مـرۆڤ توانـستی پرسـیارکردن و خوێندنـەوەی موقەدەسـی نـەبێت، بـەڵکو بـە پێـچەوانەوە بـە دڵنیاییـەکی زۆرەوە مامەڵـەی لەگـەڵ بکـات، بەمـشێوەیە رزگـارکردنی مـرۆڤ لـە قـەیرانی بـێ متمانـەیی بەرانبـەر بـە خـودی خـۆی و دروسـتکردنی گیـانی باوەڕبـەخۆ بـوون و رزگـارکردنی مـرۆڤ لـە دەستەپاچـەیی و بـێ تەفـسیری راسـتەوخۆ ژیاریـشی لـە هەڕەشـەی رووخـان و لاوازبـوون پاراسـتوە، بەمـەش موقەدەس پێویستییەکی سەرەکی بوە بۆ بوون و مانەوەی ژیار، بە بۆچوونی من دیاردەیـەکی وەك بتپەرسـتی لـە مێـژوودا هـەڵقولاوی ئـەم حاڵەتەیـە، واتـە ئـەو حاڵەتەی مرۆڤ هەست بە دەستەپاچەیی خۆی دەکات و بێ متمانە و لاواز دەبێت بەرانبەر بەخۆی و توانای دەرککردنی بە جەوهەری دیاردەکان زۆر لاواز دەبێـت، ئەمەش دەبێتە هەڕەشەیەك بۆسـەر مانـەوەی ژیـار و کۆمـەڵگا، جا بـۆ مانـەوەی خـۆی ژیـار بتێـك( موقەدەسـێك) دەهێنێتـە پێـشەوە تـاوەك هێزێکـی بـالآ بیناسێنێت و ببێتە پاڵپشتێك بۆ مرۆڤ و مرۆڤ لـە قـەیرانی متمانـە رزگاربکـات، لـە هەمانکاتیـشدا توانـای تەفـسیرکردن و دەرککـردن بـە مـرۆڤ ببەخـشێت، لـە قورئاندا نموونـەی ئـەم حاڵەتـە تۆمـارکراوە، کاتێـك حـەزرەتی ئیـبراهیم بتـەکان دەشکێنێ کە ئەوان لێ ئەپرسن ئەم کارەت بـۆ کـرد لـە وەڵامـدا دەڵـێ (( قـال بـل فعله کبیرهم هذا فسئلوهم ان کانو ینطقون)) (( الانبیاء ٦٣)) واتـە وەڵامیدایـەوە نا بەڵکو بتە گەورەکەیان ئـەو کارەی کـرد، جا لـەوان ( بتـە شـکاوەکان) بپرسـن ئەگەر قسە دەکەن، دوای ئەمە ئیبراهیم پێیان دەڵێت(( قال افتعبدون مـن دون اللة مالا ینفعکم شیئا ولا یضرکم)) الانبیاء ٦٦ واتـە ئایا بێجگـە لـە خـوا شـتێك دەپەرستن نە کەمترین سوودتان پێدەگەیەنێت نە زیانیشتان لێ دەدات.

ئەوەی لەم دیالۆگە قورئانییەدا روونـدەبێتەوە دوو شتە: یەکەمیان ئەوەی کە ئیـبراهیم بـاش لـەوە گەیـشتوە ئـەو هالـە ئەفـسانییە تەقدیـسەیەی بـەدەوری

بتەكانـدا كێـشراوە خـاوەنی جۆرێـك لەتەفـسیرە و لـەناو سیـستەمەكەی خۆیـدا جۆرێـك لـە لـوژیكی تایبـەتی پێیـە ئـەم لۆژیـك و تەفـسیرە كـە لـەناو هالـە ئەفسانەییەكەیدایە عەقڵی مرۆڤی تەواو بێ پرسیار كردوەو خستۆتییە حاڵەتی دۆشدامان و حەیرانبوونێكی زۆرەوە، بۆیە حەزرەتی ئیبراهیم دەیەوێ ئـەو هالە ئەفسانەییە تێكبشكێنێ، عەقڵەكانیش بخاتـەوە پرسیاركردن، دەیـەوێ تـەجاوزی ئەو لوژیك و تەفسیرە ئەفسانەییە بكات كە لە ناو خودی سیستمی بتپەرستیدا ئامادەیی هەیە و جارێكی تر پرسیار لـە بـوون و ماهییـەتیان بكات، بۆیـە پێیـان دەڵێ لە (بتەكان بپرسن بزانن وەڵامدەدەنەوە).

**دوەمیان:** كە ئیبراهیم دەزانێت ماهیەتی بـوونی بتـەكان ئەوەیـە كـە هێزێكـی باڵاو كاریگەرن و كراون بەپاڵپشت و پشتیوان بۆ مرۆڤ واتە مرۆڤ لە قەیرانی بێ متمانـەیی و بـێ ئیرادەیـی رزگـاری بێـت لەوێـشەوە ژیـار لەمەترسـی رووخـان و لەناوچوون بپارێزێت، بۆیـە دەبیـنین ئیـبراهیم راسـتەوخۆ لـەو وەتـەرە دەدات و دەڵێت: بتێك دەپەرستن كـە نـە كـەمترین سـوودتان پێدەگەیـەنێت و نەزیانیـشی هەیە بۆتان)) ئەم گوتەیە مانای ئەوەیە كە ئـەو بتانـە ( ئـەو موقەدەسانە) ئـەو هێزە باڵاو كاریگەرانە نین كە ببن بە پشتیوانی بۆ مرۆڤ و مرۆڤ لە قەیرانی بـێ ئیرادەیـی و بـێ متمانــەیی رزگـار بكـەن، بەمــەش ئــەو موقەدەسـانە نـاتوانن ژیارەكەتان لەڕووخان بپارێزن.

**دووەم: پێداویستییەكانی دەسەڵات:**

بابەتی پەیوەندی نێوان موقەدەس و دەسەڵات بابەتێكی سەربەخۆیەو یەكێكە لەو مەسەلە جدیانەی كە پێویستی بە توێژینەوەی قووڵ هەیە، بەڵام ئێمە لەم لێكۆڵینەوەیەدا نامانەوێ بە قووڵی لەسەری بدوێین، چونكە لەچوارچێوەی بابەتەكەمان دەچینەدەر، ئێمەدا بە پێی پێویستی ناوەڕۆك و سیاقی گشتی بابەتەكەمان لەسەری دەدوێین.

پەیوەندی نێوان موقەدەس و دەسەڵات مێژویەكی دێرینی هەیە و، رەنگە تەمەنی ئەو مێژوە لە تەمەنی ژیار كەمتر نەبێت لەگەڵ سەرەتاكانی ژیار و پێویست بوونی موقەدەس دەسەڵاتیش وەك بونێكی كارا ئامادەیی هەبوە، بەشێكی گرنگی گۆڕانكارییەكانی پێكهێناوە، پەیوەندی موقەدەس و دەسەڵات پەیوەندییەكی یەكجار ئالۆز و تێكلاوە، لە یەك كاتدا دەسەڵات پێویستییەكی ئۆرگانی بە موقەدەس هەبوە، موقەدەسیش بە تێپەڕبوونی زەمەن جۆرێك لەدەسەڵاتی بەرهەمهێناوە، دەسەڵات پێویستییەكی جەوهەری بە موقەدەس هەیە تا لەلایەك پایەكانی خۆی مەحكەم بكات و هێڵەكانی خۆی تۆخبكاتەوە لەلایەكی دی پاڵپشتێكی مەعنەوی بۆ كۆی هێزەكانی داگیربكات و لەقەیرانی بێ ئیرادەیی رزگاریان بكات.

هەموو دەسەڵاتێك موقەدەسی خۆی هەبوە، كە ئەم موقەدەسانە یارمەتیدەری دەسەڵاتن لەكاروبار و شەرەكانیدا، لای ئاشوورییەكان موقەدەسی (كامووش) یارمەتیدەریانە بۆ سەركەوتن لە جەنگەكاندا و دوای هەر سەركەوتنێك ئاهەنگ بۆ كامووش دەگێڕن، خێڵە عەرەبە بت پەرستەكانی نیمچەدوورگەی عەرەب پێش هاتنی ئیسلام پێش هەر جەنگێك داوای یارمتیان لەبتەكان دەكرد و دوای هەموو سەركەوتنێكیش قوربانیان لەبەردەم بتەكاندا دەكرد، بەدرێژایی مێژوو هەموو دەسەڵاتێك پێویستی بە موقەدەسێك هەبوە تا ئیلهامی لێوەربگرێت، عیراقییە كۆنەكان باوەڕیان وابوو كەدەسەڵاتداری و

پادشـایەتی شـەرعییەتی خواوەندەکانــە بـۆ پادشـاکان، دەســەڵاتێکی ئاسمـانی دەسەڵات بە سەرۆك و پادشاکان دەبەخشێت (١٩)

بەمەش موقەدەسیان دەهێنایە نـاو پرۆسـە زەمیینیەکانـەوە، نـاو پرۆسـەکانی دەسەڵاتەوە، هەموو دەسەڵاتێك پێویستی بە موقەدەسی دیاریکراوی خۆی هەیـە، دەبینین لەناو کۆمـەڵگای عـەرەبی پـێش ئیـسلامدا دەسـەڵات لـەنێوان خێڵەکانـدا دابەشـکرابوو، واتـە هـەر خێڵـە دەسـەڵاتی تایبـەتی خـۆی هـەبووە، لەبەرانبـەر ئەوەشدا هەر خێڵەو موقەدەسی (بتی) تایبەتی خۆی هەبوو، دابەشبوونی بتەکان یـان موقەدەسـەکان بەسـەر خێڵەکانـدا لـە ناوەرۆکـدا دابەشـبوونی دەسـەڵات دەگەیـەنێت بەسـەر خێڵەکانـدا، کاتێـك ئیـسلام دێـت و بانگـەوازی تەوحیـد رادەگەیەنێت و ئەو هەموو بت و موقەدەسە بێدەسەڵات و بێ ئیرادانە لادەبـات و لە جێگەیاندا تەنها خودایەکی بـەهێز و خـاوەن ئـیرادە رادەگەیـەنێت دەبێـت بـە ناچاری هەموو دەسەڵاتە پەرتەواز و بێ هێزەکانی خێڵ لابەرێت و لە جێگەیاندا تەنها یەك دەسەڵاتی خاوەن هێز و ئیرادە رابگەیەنێت، یان لابردنـی ئـەو هـەموو بـت و موقەدەسـە بـێ ئیرادانـەی خێـڵ لـە ناوەرۆکـدا مانـای لابردنـی هـەموو دەسـەڵاتە بـچووك و پەرتـەوازەکانی خیـڵ بـوو، کاتێـك قورەیـشییەکانی مەککـە دژایەتی تەوحیدیان دەکرد دەیانزانی ئەگەر ئەو هەموو خودایـە ببێـت بـە یـەك خـودا ئـەوا دەبێـت هـەموو دەسـەڵاتەکانیش لابـرێن و یـەك دەسـەڵات جێگـەیان بگرێتەوە، بۆیـە دەتـوانین بڵـێین کەموقـەدەس گـۆردرا دەسـەڵاتیش دەگۆردرێـت، کاتێـك وێنـەکانی موقـەدەس دەگوردرێـت دەبێـت دەسـەڵاتیش وێنـەکانی خـۆی بگۆڕێ و لەگەڵ موقەدەسدا تەبابێتەوە، بۆیە لەژیارە کۆنەکاندا مەسەلەی بوونی موقـەدەس بـۆ دەسـەڵات مەسـەلەی مـان و نەمانـە، چەسـپاوی هـەر دەسـەڵاتێکی سیاسی بـە ئەنـدازەی چەسـپاوی موقەدەسـەکەیەتی، لەڕوانگـەی ئـەم پێویـستییە گەورەیەی دەسەڵات بە موقەدەس دەسەڵات خۆی موقەدەسـی بەرهـەمهێناوەو تـا لەسایەیدا چەسپاوی و مەحکەمی بە بوونی خۆی ببەخشێت.

لەكاتی باسكردنمان لەكاریگەری موقەدەس بۆسەر دەسەلآت دەبێت ئاماژە بەوەش بكەین كە دەسەلآتیش كاریگەری خۆی هەیە بۆسەر موقەدەس، كاتێك دوو دەسەلآت دەبن بە یەك موقەدەسەكانیشیان دەبن بە یەك، كاتێك لەنیمچە دوورگەی عەرەبیدا دوو خێڵ لەڕووی دەسەلآتەوە دەبن بەیەك بتەكانیشیان دەبن بەیەك، بەمەش پەیوەندییەكی ئالۆز و بەیەكداچوو لە نێوان موقەدەس و دەسەلآتدا هەیە.

پێویستییەكی دیكەی دەسەلآت بە موقەدەس بریتییە لەو توندوتیژیانەی كە دەسەلآت بە ئەنجامی دەگەیەنێت، واتە دەسەلآت پێویستی بە موقەدەسێك هەبوە تا بیكاتە مەرجەعێك بۆ توندوتیژییەكانی، تا شەرعییەت بە كۆی كارە توندوتیژییەكانی ببەخشێت، بەدرێژایی مێژوو ئەو كارە توندوتیژیانەی كەدەسەلآت بە ئەنجامی گەیاندوە لە پشتییەوە موقەدەسێك راوەستاوە، كاتێك كەسایەتی ناوداری ئایینی ئیبراهیم دەخرێتە ناو ئاگرەوە بەو بیانوەیە كە سوكایەتی بەموقەدەسەكان كردوە، كاتێك سوكرات ناچار دەكرێت پەرداخێك ژەهر بخواتەوە لەبەر ئەوەیە كە گوایە سوكایەتی بە موقەدەسەكان( دابونەریتی باو) كردوە، كاتێك برۆنۆ دەسوتێنرێت بەو بیانوەیە كە گوایە بیروباوەری دژ بە موقەدەسەكان بلآوكردۆتەوە، كاتێك سۆفی گەورە مەنسوری حەللاج بەوپەڕی ئەشكەنجەوە شەهید دەكرێت بە هەمان هۆیە، هەموو ئەم كارانە دەسەلآت بۆ مانەوەی خۆی بە ئەنجامی گەیاندوە لە هەمانكاتدا پێویستی بەموقەدەسێك هەبوە تا بۆی بشەرعێنێت و رەوایەتی بە كارەكەی بدات، ئەمە جگە لەوەی بە درێژایی مێژووی دەسەلآت جەنگ بەرپاكراوەو لەهەموو ئەو جەنگانەشدا دنیایەك توندوتیژ دژ بە لایەنی بەرانبەر ئەنجامدراوە و، لە هەموو ئەوانەشدا موقەدەسێك راوەستاوەو پشتگیری لێكردوە، یان بە شێوەیەكی دی و بە تەعبیری قورئانی هەموو فیرعەونێك پێویستی بە هامانێك بوە.

دوا سەرنجیشمان لەسەر مەسەلەی دەسەڵات ئەوەیە کە لەژیار و کۆمەڵگا کۆنەکاندا ئایینی هەر تاکێك بەشێك لە ئینتیما سیاسییەکەی پێکدەهێنێت، واتە ئایینەکەی دەستنیشانی ئینتیما سیاسییەکەشی دەکات، بۆ نموونە: لە نیمچە دوورگەی عەرەبیدا کاتێك تاکێك سەر بەخێڵە و سەر بە دەسەڵاتی خێڵە ئیدی ناتوانێت باوەڕی بەموقەدەسی ناو خێڵ( بتی خێڵ) نەبێت، کاتێك باوەڕ بە موقەدەسەکەشی لە دەستبدات ئینتیما سیاسییەکەشی لە دەستدەدات، بە پێچەوانەشەوە کاتێك تاکەکەس ئینتیما سیاسییەکە لەدەستدەدات موقەدەسەکەشی لە دەستدەدات، بۆیە دەبینین ئەگەر تاکێك لە رووی سیاسییەوە بیەوێت ببێت بە ئەندامی خێڵێکی دیکە ئەوا دەبێت موقەدەسی ئەو خێڵە نوێیە قەبوڵ بکات، یان ئەگەر بیەوێت موقەدەسێکی دیکە ( بتێکی دیکە) بپەرستێت ئەوا دەبێت بچێتە ژێر دەسەڵاتێکی سیاسی دیکەوە کەخاوەنی ئەو موقەدەسەیە، بۆیە دەبینین کاتێك کە ئیسلام دێت ئەو تاکانەی کە مسوڵمان ئەبن و واز لە پەرستنی بت دێنن راستەوخۆ واز لە دەسەڵاتە سیاسییەکەی ناو خێڵ دێنن و سەر بەو نابن و ، دەچنە ناو ئەو مەنزومە سیاسییەوە کە باوەڕیان بە موقەدەسەکەی هێناوە، ئەوانەی کە لە سیستمی سیاسی خێڵ یاخی دەبن ئەبێت بە ناچاری موقەدەسێکی دیکە بۆ خۆیان بدۆزنەوە، بەمەش موقەدەس نفوزی دەسەڵات دەپارێزێت، ئەگەر یاخیبوون لە دەسەڵاتی خێڵ تا رادەیەك ئاسان بێت ئەوا یاخیبوون لە موقەدەس کارێکی یەکجار قورس و زەحمەتە، پابەندبوونیش بە موقەدەسەوە بە شێوەیەك لە شێوەکان پابەندبوونە بەدەسەڵاتەوە، ئەمەش زەرورەتی بوونی موقەدەس بۆ دەسەڵات دەهێنێتە پێشەوە.

لەدوای باسکردنمان لە موقەدەس و سروشت و کارکردن و بوونی لە ناو ژیاردا، مەسەلەیەکی گرنگ دێتە پێشەوە ئەویش پەیوەندی موقەدەسە بە دنیای ئێمەوە، بە کایەی رۆشنبیری و سیستمی بیرکردنەوەو سیستمی ئایینی ئێمەوە، تا

له پڕۆسەی خوێندنەوەی ئیشكالییەتەكانی ناو ئەو پەیوەندییەدا ئیشكالییەت و گرفتەكانی عەقڵی خۆمان و بیركردنەوەی خۆمان تێبگەین و ئەو وەهمانەش بدەینە دواوە كە لەم پرۆسەیەدا دروستدەبن، تێگەیشتنی زانستی و بابەتی لە چەمكی موقەدەس بوونێكی راستەقینەی نییە لە نێو رۆشنبیریی كوردیدا و هەوڵی پێویست بۆ بەرهەمهێنانی زانستی بۆ چەمكی موقەدەس وەك پێویست لە ئارادا نییە، كەمتەرخەمییەكی كوشندە لە نێوەندی رۆشنبیریی ئێمەدا بوونی هەیە ، هالەی ئایینی و دیدی ئایینی بۆ چەمكی موقەدەس دیدی باڵادەستو زاڵە، بۆیە پێویستە ئەو تێگەیشتنە ئایینییەی بۆ چەمكی موقەدەس هەیە بدرێتە بەر شیكاری رەخنەگرانەی زانستیانە و بە پشت بەستن بە توێژینەوە ئەنجامە بەدەستهاتووەكانی زانست دیدمان سەبارەت بە موقەدەس بونیاد بنێین.

رەنگە كێشەكە بە تەنها ئەوە نەبێت كە دیدی ئایینی زاڵە بەسەر تێڕوانین بۆ یەكێك لە چەمكە هەرە گرنگەكان كە چەمكی موقەدەسە بەڵكو ئەوەش بێت كە دیدێكی ئایینی تەقلیدی كە بەرهەمی عەقڵە دۆگما و داخراوەكانە باڵادەستە، سیستمێك لە هۆشیاری ئایینی باڵادەستە كە مرۆڤ بێ ئیرادە ئەكات و وزەی راستەقینەی عەقڵ كە پرسیار و رەخنە و گومان و هەڵسەنگاندنە سڕ ئەكات و عەقڵ ئەكات بە بوونەوەرێكی گوێرایەڵ و ملكەچ، لێرەدا گرنگترین مەسەلەیەك كە پێویست دەكات عەقڵی نێو سیستمی ئایینی پیایدا بچێتەوە بریتییە لەو هۆشیارییە یان ئەو رۆشنبیرییەی كە مرۆڤی ئێمە بە خوداوە گرێدەدات، واتە جارێكی دیكە پێویستە ئەو پرسیارە بكەینەوە داخۆ پەیوەندی و تێگەیشتنی مرۆڤی ئێمە بەرانبەر بە خودا چۆن تێگەیشتنێكە و لەسەر چ بنەمایەك بەندە؟دوای كەڵەكەبوونی چەندین وەڵامی هەمەجۆر بۆ ئەم پرسیارە پێویستمان بەوەیە جارێكی دیكە ئەم پرسیارە بكەینەوە، ئەم پرسیارە بەڕادەیەكی زۆر خاوەن گرنگییە چونكە زۆربەی بابەت تەقدیسكراوەكانی دنیای

ئێمە پەیوەست بە هێزی ئایینییەوە لەژێر ڕۆشنایی ئەم تێگەیشتنەدا دروستدەبن.

پێویستە ئەوە روونبکەمەوە کەیەکێك لە گرفتە هەرە گەورەکانی مێژووی موقەدەس و ئایینەکان بە گشتی بریتییە لە گرفتی وێناکردن بەرانبەر بە خودا، واتە ئێمە چ تێگەیشتنێکمان بەرانبەر خودا هەیە و چۆن لێی تێگەیشتووین؟ جەوهەری گرفتی وێناکردن لەوەدایە کە وێنەیەك یان تێگەیشتنێك لە بارەی خوداوە گەڵاڵە دەبێت، ئیدی ئەو مرۆڤە یان گروپەی ئەم تێگەیشتنە بەهەمەدەهێنێت وای نیشاندەدات کە لە حەقیقەتی خودا تێگەیشتوەو رەهایەتی بە تێگەیشتنەکەی خۆی دەبەخشێت و بە گومانەوە سەیری هەر تێگەیشتنێکی جیاواز دەکات و ، بەمەش زەمینەی سەرکوتکردنی هەموو تێگەیشتنەکانی دیکە خۆشدەکات، ئەمە حاڵەتێکە بە درێژایی مێژوو بوونی هەبوەو زەبرێکی کوشندەی لەبیرکردنەوەو جیاوازبوون وەشاندوە لە لایەك و لە لایەکی دیکە لەڕەوایی و گەورەیی خودای کەمکردۆتەوە، دەبێت ئەوە روون بکەینەوە کە حەقیقەتی تێگەیشتنی مرۆڤ بەرانبەر بەخودا شتێکە و حەقیقەتی خودا خۆی شتێکی دیکەیە، هەقیقەتی خودا نەگۆڕە و هەرگیز گۆڕانی بەسەردا نایەت، بەڵام تێگەیشتنی مرۆڤ بەرانبەر بەخودا گۆڕانی بەسەردا دێت و هاتوەو بە درێژایی مێژوو مانا و فۆرمی جیاوازی وەرگرتوە، تێگەیشتنی مرۆڤ بەرانبەر هەر دیاردەیەك دەکەوێتە ژێرکاریگەری زەمەن و شوێن و سیستمی کۆمەڵایەتی و باکگراوندی هۆشیاری تاك و هتد... هەربۆیە بەپێی گۆڕانی زەمەن و شوێن و سیستمی کۆمەڵایەتی و هۆشیاریی تێگەیشتنی مرۆڤیش دەگۆڕدرێت، بۆ نموونە مرۆڤ هەیە پێیوایە یان تێگەیشتنی وایە کە ئیرادەی مرۆڤ لە دروستکردنی رووداوەکاندا رۆڵ نابینێت و بەڵکو مێژوو خۆی لاپەڕەیەکی نوسراوە، مرۆڤێکی دیکەش تێگەیشتنی وایە خودا عەقڵ و ئیرادەی بە مرۆڤ بەخشیوە تا خۆی مێژوو بخولقێنێت و چارەنووسی خۆی دیاریبکات، واتە هێزی خولقێنەری و

دروستکەری چارەنووس مرۆڤە، ئەم دوو تێگەیشتنە دەربارەی خودا و مرۆڤ دنیایەك جیاوازییان هەیە، یان مرۆڤێك پێوایە خوا بەلێبوردەیی و ئاشتی لێی خۆش دەبێت و، مرۆڤێکی دیکە بەپێچەوانەوە، ئەم دوو تێگەیشتنە نوێنەرایەتی دوو جۆر دنیابینی جیاواز دەکەن و دوو تێگەیشتن و وێنەی جیاوازیان بەرانبەر یەك بابەت بەرهەمهێناوە.

لەمێژووی ئیسلامیشدا دنیایەك جیاوازیی و تێگەیشتن بەرهەمهاتوە، گرفت لەوەدایە کە لە زۆربەی کاتە مێژووییەکاندا ئەم فرەیی تێگەیشتن و جیاوازییە نەبۆتە هۆی دەوڵەمەندی کەلتووری و ژیاری، بەڵکو مایەی جەنگ و خوێنڕشتن بوە، تەنها یەکجۆر تێگەیشتن خۆی بە هەقیقەتی رەها زانیوەو ئەوانی تری تەکفیرکردوە، گرنگترین مەسەلەش لەبابەت تێگەیشتنی مرۆڤ لە خودا بریتییە لە پەیوەندی نێوان خودا و مرۆڤ و جیهان.

من بۆ چوونە ناو مەغزای قسەکانمەوە چەند پرسیارێك دەهێنمە ئاراوە، ئایا مێژووی بەشەریەت لاپەڕەیەکی نوسراوە؟ هەموو روداو و گۆڕانکارییەکان شتێك نین جگە لە خوێندنەوەی ئەو لاپەرە نوسراو؟ ئایا خودا بەرێوەبردنی مرۆڤ و جیهانی بە کۆمەڵێك یاسای سروشتی و مێژویی سپاردوە یان گۆڕانکارییەکان بە دەستی قودرەت و بێ رۆڵی مرۆڤ و یاسا بەرێوە دەچن؟

لە راستیدا جیهان بەپێی کۆمەڵێك یاسا بەرێوە دەچێت و ئیرادەی مرۆڤیش دروستکەری روودا و مێژوە، ژیانی مرۆڤایەتی و گەردوون بەگشتی بەرهەمی یاسا گەلێکی رێکوگونجاوە و ئیرادەی مرۆڤیش داینەمۆی ژیان و ئایندەیە، هەموو دیاردە سروشتییەکان یاسای خۆیانیان هەیە، بۆنموونە دیاردەیەکی وەك باران بارین بەرهەمی یاسایەکی سروشتیە کە بریتییە لەوەی هەڵمی زەریا و دەریاکان دەچنە ئاسمان و پاش چەند گۆڕانێکی فیزیکی دەبن بەهەور و ئەم هەورەش بەر هەوای سارد دەکەوێت و، لە شێوەی باران دێتە خوارێ، هەموو رودا و گۆڕانکارییەکانی مێژوش هۆکاری بابەتی و مێژوویی و ماددی خۆیانیان هەیە و

به پێی ئەو هۆکارانە پەرەسەندنە مێژوویی و ژیارییەکان روو دەدەن، ئیرادە و کرداری مرۆڤیش تەنها هێزە لەدروستکردنی ئەو هۆکار و رووداوانەدا، سەراپای مێژوو بەرهەمی عەقڵ و ئیرادەی مرۆڤ خۆیەتی، ئەو ئایەتەی قورئانیش کە دەڵێت (( و اذ قال ربك للملائكة اني جاعل في الارض خليفة قالوا اتجعل فيها من يفسد فيها و يسفك الدماء و نحن نسبح بحمدك و نقدسك قال انا اعلم مالا تعلمون)) (٢٠)

ئەوەی لەم ئایەتەدا روونده‌بێتەوە ئەوەیە کاتێك خودا دەڵێت دەمەوێت جێنیشینێك لەزەویدا بۆ خۆم دروستبکەم کەخاوەن عەقڵ و ئیرادە بێتو رەوتی رووداوەکانی مێژوو بەو بسپێرم فریشتەکان باش لەم مەسەلەیە تێدەگەن و بۆیە لە وەڵامدا دەڵێن: تۆ کەسێك دروستدەکەی کەخوێن دەرێژێت و فەساد بڵاودەکاتەوە، دیارە باش دەزانن کە ئەو کەسە خۆی خاوەن ئیرادەیە و دەتوانێت مێژوو خەلق بکات، بۆیە دەتوانێت خوێن برێژێت و فەساد بڵاوبکاتەوە، بەمشێوەیە لەوە دەگەین مرۆڤ بە هۆی توانستی ئیرادەگەری و عەقڵانییەتی خۆیەوە مێژوو دروستدەکات و هەموو شتێك بەرەنجامی کردارەکانی مرۆڤ خۆیەتی، ئەم تێزە هۆشیاری مرۆڤ لەو رەهەندە میتۆلۆژی و ئەرسەدۆکسییە رزگاردەکات کە هەمیشە قەدەرێکی میتافیزیکی و وەهمی بەسەر عەقڵ و تێگەیشتنمان زاڵ بێت بۆ لێکدانەوەی دیاردە مێژوویی و بابەتییەکان، بەڵکو بەپێچەوانەوە فێر دەبین رووداو بۆ هۆکارە بابەتییەکان بگەرێنینەوە.

لەباری مێژووییەوە باڵادەستی رەهەندی میتۆلۆژی و میتافیزیکی و باوەرنەبوون بەئیرادەی مرۆڤ لە هۆشیاری مرۆڤی مسوڵماندا کارەستی گەورەی لێکەوتۆتەوە و زەمینەی بۆ سەرهەڵدانی چەندین تێزی خورافی و ستەمکاری سیاسی و هۆشیاری خۆشکردوە، زۆربەی سیستەمە ستەمکارەکانی مێژووی ئیسلامی ئۆباڵی ستەمکاری خۆیان بەو تێزە میتۆلۆژییە پاساو داوە کە مرۆڤ وەك مەخلوقێکی بێ ئیرادە دەبینێت و، پێیوایە مێژوو لاپەرەیەکی نوسراوە و

مرۆڤ کردار و روداو ناخولقێنێت بەڵکو جەبرێك لەئەزەلەوە بڕیاری کۆتایی لە سەرانسەری مێژوو داوە.

بەرانبەر بەم تێزە، تێزی رۆشنگەری و عەقڵانی لەجیهانی ئیسلامیدا سەریهەڵداوە کە بانگەشە کارێکی جدییە بۆ ئیرادەخوازی و ئازادی مرۆڤ، لەوانە دەتوانین دەستنیشانی بزووتنەوە رۆشنگەرییەکەی بیرمەند و عەقڵانی موعتەزیلە شیخ حەسەنی بەسری بکەین کە چەمکی دادپەروەری خودایی هێنایەوە ئاراوە، شێخ حەسەنی بەسری پێی وابوو مادەم خودا داد پەروەرە دەبێت ژیان و مێژوو کردار بە ئیرادەی مرۆڤ بسپێردرێت، ئەگەر مرۆڤ لەم جیهانەدا خاوەنی ئیرادە نەبێت ئەوا لێپرسینەوەی رۆژی دوایی مانایەکی دادپەروەرانە وەرناگرێت.

بزووتنەوە فیکرییە رۆشنگەرییەکەی شێخ حەسەنی بەسری دژی گوتاری جەبرییەتی موعاویە سەریهەڵدا، لە کاتێکدا لەساتەوەختی مۆنۆپۆڵی سەربازیانەی دەسەڵاتەوە بۆ ملکەچپێکردنی جەماوەر و بەخشینی شەرعییەتی ئیلاهی بە کارە دنیاییەکانی گوتاری جەبریەتی هێنایە ئاراوە، لەجەبرییەتدا مرۆڤ خاوەنی ئیرادە نییە، رووداو بە ئیرادەی مرۆڤ روونادات و بەڵکو راستەوخۆ بە فەرمان و هێز و ئیرادەی خودا روو دەدات، بەمەش موعاویە هەموو گەندەڵی و سەرکوتکاری و کەلەبەرە سیاسییەکانی خۆی پەردەپۆش دەکرد و، وەك بەشێك لەویستی خودا نیشانی مسوڵمانانی دەدا، لەبەرانبەر ئەم گوتاری جەبرییەتی موعاویەدا بزاڤێکی رۆشنگەری بەرێبەرایەتی کەسانی وەك شێخ حەسەنی بەسری و غەیلانی دیمەشقی و ... هتد سەریهەڵدا کە جەختی لەسەر چەمکی دادپەروەری خودایی دەکردەوە، لەوێشەوە دەیویست جارێکی تر رووداو بە عەقڵ و ئیرادەی مرۆڤ بسپێرێت، پێیان وابوو دادپەروەریی خودایی ئەوە لە مرۆڤ دەخوازێت کە مرۆڤ خاوەنی ویست و ئیرادە بێت لە دروستکردنی کرداردا، بەمەش لێپرسینەوەی رۆژی دوایی مانای دادپەروەرانەی خۆی وەردەگرێت.

ئیــدی ئەوەنــدی لەگــەڵ ئــەو تێگەیــشتنەدا تــەبابووین کــە مــرۆڤ رووداو دروســتدەکات، مێــژوو دەخولقێنێــت و هێــزی دی تــەداخول ناکــات ئــەوە ئیــدی دەسکەوتێکی ژیاری گــەورەمان بەدەســتهێناوە، چونکە لەلایــەك مــرۆڤ بــە تــەنها بۆخۆی دەگەڕێتــەوە، واتــە مــرۆڤ بەتــەنها عــەقڵ و ئــیرادەی خــۆی بــە داینــەمۆی گۆڕانکارییەکانی ژیانی سەر زەوی دادەنێت، بەمەش مرۆڤێکی پــشت بەســتوو بــە خــۆ دروســت دەبێــت، لــە لایــەکی دی مرۆڤێــك دروســتدەبێت کــە بــە شــێوەیەکی سروشتی و ئاسایی ( بەدەر لە دەماگیری ئایــدیۆلۆژی و ئــایینی) تەماشــای ژیــان و مرۆڤ و مێــژوو گــەردوون دەکات، بەمــەش مــرۆڤ لــەو تێــزە میتۆلۆژییــە رزگــاری دەبێت کە ژیان و مرۆڤ و عەقڵ و ئیرادە بهێنێتە ژێر باری تەفسیرکردنی ســەیر و تێزی جۆراوجۆرەوە و بە پێی کۆمەڵێك تێــزی موقــەدەس دنیــا تەفسیر بکات، بــەڵکو بابــەت و ئــیرادە و عــەقڵ بــە بنــچینە وەردەگرێــت بــۆ تەفسیرکردنی هــەر دیاردەیەك و ئەمەش سیمای هەر عەقڵێکی زانستییە.

## دووەم: کێشەی مانا و هەقیقەت
### ( سەرەتایەك دەربارەی تەئویلی دەق)

تەئویل وەك چەمکێك لەمێژە مایەی تێڕامانی مروڤ بووە، بگرە خودی ئەم چەمکە کارایيەکی گرنگی بەسەر سیستمی پەیوەندییەکان و سیستمی تیڕوانینی بەشەرییەوە هەبووە، چونکە لەکرۆکی کردەی تەئویلدا کردەی بونیادنانەوەی مانا هەیە، کردەی ناولێنان و گۆڕینی هەیە، لەپشت ئەم کردەیەشەوە بەردەوامی و کارایی هزر، نوێبوونەوەی سیستمی پەیوەندییەکانی خود بەدنیاوە خۆی حەشارداوە، دەنگێکی تر هەیە و دەیەوێ خۆی ئاشکرا بکات، ڕوانینێکی دیکە هەیە و دەیەوێت مانا بداتە خۆی، زمانێکی دیکە هەیە و دەیەوێت بدوێ، ئەگەر چی جەوهەری ئەم پڕۆسەیە ( پرۆسەی دەنگی جیاواز و ڕوانینی جیاواز ) بنەمایەکی گەورەی بوونی ژیارییەو ڕۆڵێکی بالا دەگێڕێت لەبونیادنانی عەقڵدا، لە ئامادەنەبوونی ئەم پرۆسەیەدا ئەوەی کە بالادەستدەبێت دیکتاتۆریەتی ماناو تێکشاندنی هەرەمی بیرکردنەوەو ئیمپریالیزمیەتی فیکرییە، بەلام گرفتی ئەم پرۆسەیەش لەناوەندی ئێمەدا لەوەدایە ، کە لە پشت هەر ڕوانین و زمانیکەوە، لەپشت هەردەنگ و مانایەکەوە بانگەشەیەکی سەیر هەیە بۆ حەقیقەت، خەونیکی قوڵ هەیە بۆ پیرۆزبوون، ئیدی هەر ڕوانینەو لەفۆرمی حەقیقەتدا دێتە سەر شانۆ، هەر دەنگەو بە پۆشاکی تەقدیسیەوە خۆی جواندەکات، ئەم گرفتەش تراژیدیایەکی گەورەیە لە هەربونیادێکی ڕۆشنبیریدا، چونکە مانایەك بۆ بەردەوامی و زیندویەتی ئەو بونیادە ڕۆشنبیری یە ناهێڵێتەوە، بە بڕوای من بەشێکی گرنگی زیندوێتی هەر بونیادیکی ڕۆشنبیری پابەندی پرسیارە تەئویلییەکانێتی ، پابەندی ئەوەیە داخۆ تێروانینی بۆ حەقیقەت چییە؟ دەبێت هەمووکایەکی ڕۆشنبیری تێروانینی خۆی بۆ حەقیقەت ئاشکرا بکات، ئینجا دەتوانێت باس لەزیندوێتی خۆی، بکات یان بەپێچەوانەوە.

کـەلتوور و مێـژووی مەعریفـەی ئـایینی بەگـشتی مێـژووی گەڕانـە بـەدوای حەقیقەتـــدا، یـــان هـــەر لـــە ســـاتەوەختی هاتنـــە خـــوارەوەی (وەحـــی) و بەرجەستەبوونی ئەو (وەحی)یە لە فۆرمی دەقێکدا، ئیدی پێویست بـوو مـرۆڤ مامەڵـە لەگـەڵ ئـەم دەقـەدا بکـات، یـەکێك لەگرفتـەکانی دوای کۆچـیدوایی پێغەمبەر گرفتی گەیشتن بـوو بەحەقیقـەت، واتـە گرفتـی بەرهـەم هێنـانی مانـا بوو لەدەق، لێرەوە پرۆسەیەك سەریهەڵدا کە دەیویـست بگـات بـە راسـترین مانـا یان بگات حەقیقەتی قسەی خوا، دیارە بۆ ئەم پرۆسەیە دیدو ڕاڤـە و تێگەشـتنی جیاواز سەریهەڵدا، ئەگەرچی ئەمـە وەك حاڵـەتیك هـەر لـە سـەرەتا و لەمێـژووە بەراییەکانـەوە ئامـادەیی هـەبوە، بـەڵام بەگـشتی لەمێـژووی ئیـسلامیدا کێـشەی تێگەشـتنی جیـاواز لـەدەق پابەنـدی کێـشە سیاسـیەکان بـوە، واتـە لەبـەرەنجامی گۆڕانکارییـە سیاسـییەکاندا تێگەشـتنەکانیش لـەدەق گـۆڕاون، کاتێـك بزاواتێکـی سیاسی بوونی خۆی ڕادەگەیەنێت، پێویستە ماناکانی ڕەوایەتی خۆی بدۆزێتـەوە، پێویستە تێزەکانی لەناو دەقدا جێبکاتەوە، کێشەی نێوان (خوارج و علی) دەکرێ بەسەرچاوەیەك بۆ تێگەشتنی جیـاواز لـە دەق دابنرێـت، جیابوونـەوەی خـەوارج بەتـەنها وەك جیابوونەوەیـەکی سیاسـی ڕووت نەمایـەوە، بـەڵکو کێـشەی فیکـری جیاوازی ئایینیشی بەرهەمهێنا، یان بوە فاکتەری تێگەشـتنی جیـاواز لەدەقـەکان، یان ئەو شۆڕشەی حسێنی کوڕی علی دژ بە یەزیـدی کـوڕی موعاویـە ئەنجامیـدا، گـەلێك چـەمکی جیـاوازی ئـایینی دروسـتکرد، ئەگەرچـی ئـەم جیاوازبوونـە بـە ڕوویـــەکی نێگەتیڤیـــدا کەوتبێتـــەوە، بـــەوەی کـــە هـــەر تێگەشـــتنێك ئەویـــدی نـــەفیکردوە، ئەمـــەش نـــاکۆکی خوێنـــاوی دروســـتکردوە، ئـــەوا هەوڵـــەکانی هـــزری اعتزالی لەمەڕ خوێندنەوەی جیاواز بۆ دەق ئاسۆیەکی گرنکی لەمەڕ فراوانکردنی بیرکردنەوە و بەهای ژیاریی کردەوە .

هـەوڵی اعتـزالی بـۆ ڕاڤـەی جیـاواز بـۆ دەق، بـۆ کەشـفکردنی میکانیزمـەکانی بەرهەم هێنانی مانا، سەرەتایەکی گـرنگ بـوو بـۆ سـەرهەڵدانی تـەئویل، چونکە

چەمکێکی وەك ( مجاز) کە بنەمایەکی گرنگە بۆ تەئویل لە سەر دەستی هزرڤانە گەورەکانی هزری ئیعتزالی وەك جاحظ وقازي عبدالجبار وابن قتيبة سەریهەڵدا (ئەگەرچی مەجاز بە شێوەکی سەرەتایی لای کەسانی وەك ئیبن عەباس ئامادەیی هەبووە) دواتر چەمکی مەجاز وەك میتۆدێك لەخوێندنەوەی دەقدا بەکاربراو فرەیی ماناو تێگەشتنی خەلقکرد، ئەمەش بەرئەنجامی فرەیی دەلالەتەکانە، (مقاتل بن سليمان) لەو کەسە سەرەتاییانە بوو کە هەستی بەبوونی دەلالەتی جیاواز لەیەك گوتەدا کرد، یان فرەیی دەلالەت لە یەك گوتەداو جیاوازی مانای ئەو گوتەیە لە سیاقە جیاوازەکانی دەقدا(٢١) لێرەوە موفرەدەو زاراوە قورئانییەکان لەسیاقە جیاوازەکانی دەقدا مانای جیاواز وەردەگرن، زاراوەکانی وەك (الجهل والسيئة، الظلمات و النور، الطيبات والخبائث ) مانای جیاواز وەردەگرن، بۆ نموونە زاراوەیەکی وەك( الظلمات والنور ) لەشوێنێکدا بەمانای کوفرو ئیمان دێت، وەك لە قورئاندا بەمشێوەیە هاتوە (هو الذى يصلى عليكم وملائكتة ليخرجكم من الظلمات الى النور)(٢٢) لە شوێنێکی دیکەدا بەمانای شەو و ڕۆژ دێت( الحمداللة الذى خلق السموات والارض وجعل الظلمات والنور)(٢٣) بەگشتی هەوڵی (مقاتل بن سليمان) بۆ کەشفکردنی بونیادی دەلالی لەزمانداو، گۆڕینی مانا لەسیاقە جۆراو جۆرەکانی دەقدا، ئاسۆیەکی گەشیکردوە بەڕووی مانا و دەلالەتەکانی دەقدا، بۆ بەرهەمهێنانی پتر لەڕاڤەو تێڕوانینێك، هەروەها هەوڵی یەکێك لەڕابەرە گەورەکانی هزری تەئویلی ( قاضی عبدالجبار ) شایانی ئاماژەپێکردنە، قاضی عبدالجبار بە لێکدانەوەی چەمکەکانی وەك (حقيقه و مجاز) (محكم و متشابه) و.....هتد ، دیدگای عەقڵانی خۆی بۆ ڕەمزو جفرەکانی ناو دەق هێنایە ئاراوە، بەگشتی هەوڵی هزری اعتزالی بۆ تێگەشتن لەدەق هەوڵێکی تەئویلی بوو، هەوڵێك دەیویست مانایەك و تیڕوانینێکی تر نیشانبدات، ئەمەش بوە خەزێنەو کەلتوورێکی دەوڵەمەند بۆ ژیاری ئیسلامی، سەرکوتکردنی ئەم هەوڵە سەرکوتکردنی بزاڤی تەئویلی بوو، گۆڕینی شوناسی

عەقڵ بوو لە شوناسێکی تەئویلی و پرسیارکەرەوە بۆ شوناسێکی گوێڕایەڵی و پابەندبوون، خاموش بوونی هزری اعتزالی خاموش بوونی چرای تەئویل و عەقڵانیەت بوو بۆ ماوەیەکی درێژخایەن .لە بەرامبەر ئەم ڕەوتی تەئویلییەدا ڕەوتێکی نوێ لەژیاری ئیسلامیدا کارا بوو، ڕەوتێك کە دەکرێت بە ڕەوتی (تەفسیری) ناویبەرین، خەونی قوڵی ئەم ڕەوتە بریتییە لە تاکڕوانینی بۆ جیهان و بەرهەمهێنانی تاك مانایی لەدەقدا، بەو باوەڕەی کە ئەو تاکە مانایە شوناسی حەقیقەتی بۆ خۆی بچڕیوە، ئەم ڕەوتە لەبواری جیهانبینیدا تاك مانایی وتاك ڕوانینی خەڵقکردوە، لەبواری سەربازیدا کارەساتەکانی حیرەو نەهرەوان و جەنگە ناوخۆییەکانی جیهانی ئیسلامی بەرهەمهێنا، لەبواری سیاسیشدا گوتاری جەبرییەت و سفرکردنی ئیرادەی بەشەری بەرهەمهێنا، دواتر ئەم ڕەوتە بوە بەرپرسی یەکەم لەهەموو تراژیدیاو تێکشکاندنەکانی مێژووی ئیسلامیدا، بەرپرس لەڕەهایی لە ملکەچکردنی کۆمەڵگە و، رەهایی لەئیرادەی دەسەڵات و رەهایی لە ئەزموونی تێکشکاندا، لەبەرانبەر ئەم حاڵەتەدا پێویست بوو جارێکی دیکە بزافی ڕۆشنگەری و عەقڵانیەت بێتە مەیدان کە دەکرێت کەسێکی وەك شێخ حەسەنی بەسری وەك یەکێك لە رابەرەکانی بزافی رۆشنگەری دابنرێت، هەوڵی تەئویلی شێخ حەسەن لە مەسەلەی قەدەر و ئیرادەدا (پەیامێك دەربارەی قەدەر) هەوڵێك بوو بۆ بونیادنانەوەی ئیرادە، هەوڵێك بوو بۆ جارێکی دی بەخشینەوەی مانا بە ئازادی مرۆڤ، بۆ دەرهێنانی مرۆڤ لە ژێر جەبرییەتدا ، هەوڵی شێخ حەسەن بریتی بوو لە بەرپرسبوونی مرۆڤ لە کردەکانی و خۆی نەفی بەرپرسیاری خوا لە کردەکانی مرۆڤ (٢٤) بەرزکردنەوەی دروشمی دادپەروەری خودایی وەك چەمکێك دژ بە گوتاری جەبرییەت.

بەگشتی قۆناغە جۆراوجۆرەکانی ژیاری ئیسلامی خاڵی نییە لە هەوڵی تەئویلی، دروستبوونی چەندین زانستی وەك ( علم البلاغه و علم البيان و علم البديع) زەمینە سازکەر بوون بۆ مامەڵەی تەئویلی لەگەڵ دەقدا، خودی ئەو

زانستانەش بەرەنجامی بزاڤی تەئویلییە لە ژیاری ئیسلامیدا، چەندین کەسانی گرنگ لەم نێوەندەدا پێشڕەو بوون، بۆ نموونە لە (علم البلاغە) کەسانی وەك ابن عمیرة و القرطجاني و الجلماس و ابن البناء پێشڕەو بوونە (٢٥) هەموو ئەمانە ناوەند و میکانیزمی فراوانکردنی خوێندنەوەی تەئویلی بوون، لێرەوە پڕۆژەی ئیبن روشد دێتە ئاراوە کە پڕۆژەیەکی تەئویلییە، تەئویلی ئیسلامی بۆ فەلسەفی ئەرستۆیی، هەروەها پڕۆژەی فەلسەفی ئیبن عەرەبی (وەك ئەبو زەید دەڵێت) پڕۆژەیەکی تەئویلییە و لەسەر راڤە و دیدی تەئویلی بەندە، بەمشێوەیە لە سەرانسەری مێژووی رۆشنبیریی ئیسلامدا هەوڵی تەئویلی بوونی هەبوە و زیندوێتی ژیاری ئیسلامیش لە هەناوی خودی ئەو هەوڵە تەئویلییانەدا بوون و تەئویل سەرچاوەی ئەو زیندوێتییە بوە، بەڵام لەساتەوەختێکدا کە ئەم هەوڵانە سەرکوتکران و لە بەرانبەر ئەمانەدا پڕۆژەی ئایدیۆلۆژی، یان رەوتی ئایدیۆلۆژیانەی دەسەڵات رووبەرە جیاوازەکانی ناوەندی هزری ئیسلامی کۆنترۆڵکرد، ئیدی مەشخەڵەکانی بوژانەوەی عەقڵ و رۆشنگەری لە جیهانی ئیسلامیدا بەرەو خامۆش بوون چوو، بەبڕوای من چرکە زێڕینەکانی ژیاری ئیسلامی بریتین لەو چرکانەی کە هەوڵە تەئویلی و عەقڵانییەکان ئامادەیی جدییان هەبوە و دەنگیان کارا بوە، بەپێچەوانەشەوە چرکەی پوکانەوە ئەو چرکانە بوە کە عەقڵە تەفسیرییەکان و گوتارە ئایدیۆلۆژییەکانی دەسەڵات بوونەتە ئەڵتەرناتیڤی هەوڵە تەئویلی و عەقڵانییەکان، دواتریش ئایدیۆلۆژیای باو بۆ خۆی بۆتە هۆشیارییەکی کۆمەڵایەتی و ئەم هۆشیارییە کۆمەڵایەتییە لەمیانەی تێپەڕبوونی زەمەندا جۆرێك لە پیرۆزی وەرگرتوەو بۆتە هۆشیارییەکی موقەدەس، بەمەش نەڤی هەرچەشنە پڕۆژەیەکی کردوە لە دەرەوەی خۆیدا، ئیدی لێرەوە پڕۆژەی کەسانی وەك ئیبن روشد و ئیبن عەرەبی و سەهرەوەردی تەکفیر دەکرێت بەڵام پڕۆژە ئایدیۆلۆژییەکان تەقدیس دەکرێن و پیرۆزی وەردەگرن.

## دەقی تەئویل، تەئویلی دەق

پەیوەندی مرۆڤ بە جیهانەوە پەیوەندییەکی تەئویلییە، پەیوەندییەکە لەسەر بنەمای تەئویلی بەندە، رەنگە ئەمەش بەرەنجامی ماهییەتی عەقڵانیبوونی مرۆڤ بێت، لەم روانگەیەوە هایدگر وایدەبینێت کە گرنگی عەقڵ بە پلەی یەکەم گرنگییەکی تەئویلییە(٢٦)، لە ساتەوەختێکدا کە عەقڵ ئەم گرنگییەی خۆی وون دەکات ئیدی مرۆڤ جگە لە رووکەشی شتەکان مامەڵە لەگەڵ شتێکی دیکەدا ناکات، بەپێچەوانەشەوە کاتێك عەقڵ مومارەسەی سروشتی تەئویلیانەی خۆی دەکات ئیدی ئەمە دەروازەیەکی گرنگە بۆ رزگاربوون لە رۆحی دۆگمایی و ئەرسەدۆکسی، لەگەڵێك ساتەوەختی مێژویی عەقڵ لە ژێر فشاری رەهەندە جۆراوجۆرەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی بەهای تەئویلی خۆی ونکردوە، بەمەش مرۆڤایەتی بەرووی تراژیدیایەکی گەورەدا کراوەتەوە، تراژیدیای تاك مانایی و تاك روانینی، یەکێك لەو ساتەوەختانەی کە پێویستە مرۆڤ مامەڵەی تەئویلی تیا بەئەنجام بگەیەنێت بریتییە لە ساتەوەختی مامەڵەکردن لەگەڵ دەقدا بەتایبەت دەقی ئایینیدا.

لە مێژووی خۆرئاوا مامەڵەی تەئویلی لەگەڵ دەقی کتێبی پیرۆز لە شۆڕشی چاکسازی لۆتەرەوە دەستپێدەکات، کە هەوڵدان بوو بۆ خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز لەڕوانگەیەکی ئازاد و سەربەخۆوەو دوور لە دەسەڵاتی پاپا، هەروەها بەدیهێنانی سەربەخۆی تاك لە تێگەیشتنی ناوەڕۆکی دەقدا، کەسانی وەك ماتیاس فلاسیۆس و دلتای رۆڵێکی باڵایان گێڕا لە ئازادکردنی توانستی خوێنەر لە بەرهەمهێنانی مانادا، دلتای باوەڕی وابوو تێگەیشتنمان لە دەقەکان لە خودی دەقەکان خۆیانەوە دەستپێدەکەن بێ پابەندبوون بە ئایینزایەکی دیاریکراوەوە(٢٧) ئیدی لێرەوە پرسیار لەمەڕ پەیوەندی خوێنەر بە دەقەوە یان موفەسیر بە دەقەوە بوو بە پرسیارێکی جەوهەری، کە داخۆ پەیوەندی موفەسیر بەدەقەوە چۆن

پەیوەندییەکە؟ ئایا رۆڵی موفەسیر لە دروستکردنی مانای دەقدا چۆنە؟ لە کاتێکدا هەریەك لە دەق و موفەسیر دوو کائینی جیاوازن و باگگراوندی جیاوازیان هەیە و هەریەکەیان سەر بەکات و شوێنێکی جیاوازن، لێرەوە چەندین تێزی جیاواز بۆ خوێندنەوەی پەیوەندی دەق بە موفەسیرەوە، یان پەیوەندی دەق بە جیهانی دەرەوەی خۆی ( باگگراوندە کەلتووری و زەمەنی و مێژووییەکان) دێنە ئاراوەو هەوڵی تەفسیرکردنی ئەو پەیوەندییە دەدەن، تێزەکانی بیریاری ناسراوی هێرمۆنۆتیکا ( ماریا فلاسیوس) رۆڵێکی گرنگی گێڕا لە مێژووی تەئویل و بناغەیەکی گرنگی بۆ ئەو مێژوە دانا، تێزەکانی فلاسیوس تێپەڕاندنی شێوازی مامەڵەی تەقلیدیانە بوو لەگەڵ دەقدا، بەرەو ئەوە هەنگاوی نا کە کردەی دەرککردن لە خوێنەرەوە دەستپێبکات بۆ ناو دەق، فلاسیۆس بە پێچەوانەی تێزی باو پێیوابوو دەرککنەکردنی ئێمە بە دەقی پیرۆز بەرەنجامی پێشنەکەوتنی توانستی ئێمەیە لە بەرهەمهێنانی مانادا، واتە دواکەوتوویی ئێمە لە زمان و رەوانبێژیی و ....هتد وادەکات وەك پێویست دەق دەرك نەکەین، کەواتە دەق بە مەرجی هۆشیاری ئێمە قابیلی دەرککردنی تیایە.

هەروەها دەبێت ئاماژە بە رۆڵی ( ویلهلم دلتای) بکەین، دلتای جەخت لەسەر ئەزموونی خودی دەکات و دەرەنجامەکان و دەرهاویشتەکانی ژیانی بەشەری بە بەشێك لەو ئەزموونە لە قەڵەمدەدات، لێرەوە دەق بەرەنجامی ئەزموونی زاتی نوسەرە، لەبەرانبەر ئەمەشدا خوێنەر ئەزموونی خودی خۆی هەیە لە پرۆسەی خوێندنەوەی دەقدا، لەم دیدگایەوە تەئویل بەتەنها تێگەیشتن نییە لە ئەزموونی زاتی نوسەر بەڵکو هێزێکی دەرەکی واتە ئەزموونی ژیانی خودی خوێنەر یان وەرگریش کاریگەری هەیە لە تێگەیشتنی دەقدا (٢٨) بەمەش دلتای رۆڵی خوێنەری وەك رەهەندێکی کاریگەر لە بەرهەمهێنانی مانای دەق هێنایە ئاراوە، دواتر ئاسۆی چەمکی خوێنەر و کاریگەری لە دروستکردنی مانا و دەلالەتی دەق لای کەسانی وەك گادامێر و یاوس و ئینگاردن فراوانکرا، بەمەش

گۆڕانێکی رادیکاڵی بەسەر چەمکی مامەڵە کرنماندا هات لەگەڵ دەقدا، ئەو تێزە کلاسیکییە درایە دواوە کە تەنها رۆڵی گوێگرتن و وەرگرتن بە خوێنەر دەبەخشێ بەڵکو خوێنەریش رۆڵی خۆی هەیە لە بونیادنانەوەی مانای دەقدا.

بەرلەوەی باس لە چییەتی تەئویل بکەین پێویستمان بەوەیە باس لە چییەتی زمان بکەین، چونکە لە هەناوی زماندا کردەی تەئویل فۆرمەلە دەبێت، بۆیە دەبینین لە سەردەمی نوێش لەگەڵ نزیکبوونەوەی تێزە هاوچەرخ و زانستییەکان بەرانبەر بە زمان و ماهییەتی پەیوەندییەکانی بە دنیاوە، کردەی تەئویلیش نوێبوونەوەی فراوانی بەخۆوە بینیوە، تا ئەو سنوورەی کردەی تەئویل ببێتە کردەی نوێبوونەوەی کۆی روانین و تێگەیشتنەکان، ببێتە کردەی خولقاندنی مانا، لە جەوهەری شتەکاندا زمان هەیە، شتەکانیش لە ناو زماندا نیشتەجێن، کەواتە پێویستە لەناو زماندا شتەکان کەشفبکەین، تێکڕای چەمك و موفرەدەکانی ژیانی ئێمە لەدەرەوەی زماندا مانای نییە، خودی پرۆسەی وێناکردنیش پرۆسەیەکە لەناو زماندا خەلقدەبێت، زمان کردەی ناولێنان فەراهەم دەهێنێت، لەوێشەوە ماناو وێناکردن دروستدەبێت، لەم روانگەیەوە زانای زمان (ئەمیل لنفست) دەڵێت  (( زمان بناغەیە لە بوونی کۆمەڵگای بەشەری و لە بوونی خودی مرۆڤدا، زمان خودی توانای خولقاندن و دامەزراندنە))(٢٩) ئەمەش گوزارشتە لە بەهای زمان لە خولقاندنی ژیان و کۆمەڵگادا، مرۆڤ لە دەرەوەی زماندا ناتوانێت مانای خۆی کەشف بکات، بە گوتەی عەلی حەرب: ((پەیوەندییەکانی مرۆڤ بە شتەکانەوە لەڕاستیدا بریتییە لە مامەڵەی مرۆڤ لەگەڵ زماندا، یان پەیوەندی مرۆڤە بە زمانەوە)) (٣٠) ئیدی بەردەوام پەیوەندی مرۆڤ بە شتەکانەوە، یان وێناکردنی مرۆڤ بەرانبەر بە جیهان دەکەوێتە ژێرباری یاساکانی زمانەوە، دەکەوێتە ژێر کاریگەری گۆڕان و پەرەسەندن و خاسیەتەکانی زمانەوە، بەمەش گۆڕان لە زماندا بەتەنها گۆڕان نییە لە زماندا بەڵکو گۆڕانیشە لە سیستمی پەیوەندییەکانی ئێمە بەدنیاوە.

یەکێك لەو بابەتە گرنگانەی کە مرۆڤ لەسەرانسەری مێژوودا مامەڵەی لەگەڵکردوە و ڕەهەندێکی زمانی تەواوی هەیە بریتییە لە دەق، یان بە دیاریکراوتر بریتییە لە دەقی ئایینی کە خۆی لە فۆرمی ئایینە جیاوازەکانی ئاسمانی و زەمینیدا بەرجەستە کردوە، دەقی ئایینی کاریگەرییەکی گەورەی هەیە بەسەر ماناکانی ژیان و پرۆسەی گۆڕانکارییەوە، دواجاریش و لە زۆرێك لە قۆناغەکانی مێژوودا دەقی ئایینی بۆتە مەرجەعیتەیێك بۆ خوێندنەوەی جیهان و مرۆڤ، دەق سیستمێکە لە زمان، پێویستە مامەڵەکردنمان لەگەڵ دەقدا مامەڵەکردن بێت لەگەڵ زماندا نەك لەگەڵ شتدا، لە ئەنجامی ڕۆچوونمان بە قولاییەکانی زماندا مانا و فرە دەلالییەکانی زمان کەشف دەکەین، بەمپێیە زمان نوێنەرایەتی ماهییەتی دەق دەکات، واتە زمان ماهییەتی بوونی دەق پێکدەهێنێت، دەتوانین بڵێین هەموو خەسڵەتەکانی دەق یەکسان دەبنەوە بە خەسڵەتەکانی زمان، یان دەکرێت لەبەر ڕۆشنایی خەسڵەتەکانی زماندا دەق بخوێنرێتەوە، کەواتە ئێستا ئێمە چۆن مامەڵە لەگەڵ دەقی قورئاندا بکەین کە بێگومان دەقێکی گرنگە و مەرجەعی یەکێك لەئایینە مەزنەکانی جیهانە کە ئایینی ئیسلامە؟ ئایا زمان چ کاریگەرییەکی لەسەر نوێکردنەوە و گۆڕینی ماناکانی ئەم دەقە هەیە؟ ئیدی لەم ساتەوەختەدا دەکرێینەوە بەڕووی مەسەلەیەکی گرنگ و حەساسی وەك تەئویلدا، چونکە تەئویل کردەیەکە لەناو زماندا ئەنجامدەدرێت، تەئویل دەکرێت ببێت بە گەشتێك لە تاك ماناییەوە بۆ فرەیی مانا، لەبونیادی دیارەوە بۆ بونیادی شاراوە، لە مەئلوفەوە بۆ نامەئلوف، بەمەش تەئویل دەبێتە کردەیەك بۆ ئازادکردنی دەق لە بەندیخانەکانی مێژوو، بۆ ڕزگارکردنی مانا لە قۆرخکردن و بەکاربردنی بۆ مومارەساتی ئایدیۆلۆژی، تەئویل بە تەنها هەنگاوێك نییە بۆ نوێکردنەوەی مانای کۆن لە دەقدا، بەڵکو پتر هەنگاوێکە بۆ خەلقکردنی مانای نوێ، بەمەش دەتوانین تێکڕای ئەو سنوور و چوارچێوانەی لە مێژووی ئیسلامدا بۆ چەمکێکی وەك ئیجتیهاد دانراوە

بدەینــە دواوە، ئیجتیهــاد بــە کــۆی ئــەو مەرجانــەی بۆیــدانراوە جگــە لــە پەراوێزخستنی تاك لە پرۆسـەی تێگەیـشتنی مانـای دەقـدا، قۆرخکردنی کـردەی تێگەیشتنە بۆ نوخبەیەکی دیاریکراو، کە ئەنجام نوخبـەی دەسـەڵاتدار خۆیـەتی، من پێموایە کارەساتی گەورە لە مێـژووی ئیسلامیدا لەمـەڕ مامەڵەکردن لەگەڵ دەقدا بریتییە لە فەرامۆشکردن و بێ ڕۆڵکردنی تاك لە کۆمەڵگەی مـسوڵمانانـدا، کاتێـك کۆمــەڵگا دابەشـدەکرێت بەسـەر دوو چـینی وەك (زانایـان و جـەماوەر) زانایان نوخبەیەکی زۆر کەمن و ئیدی مافی تێگەیـشتن و بەرهـەمهێنانی مانـا لـە دەق لەسـەر ئـەوان تـاپۆ دەکرێـت، هەرچـی جەماوەریـشە بـریتین لـە کۆمەڵـە خـەڵکێکی گوێڕایـەڵ، کۆمەڵـە خـەڵکێك جگـە لـە وەرگـرتن و تەبـەنیکردنی ڕای زانایان ئەرکێکی دیکەیان نییە، سروشتی پەیوەندی نێوان زانایان و جـەماوەر ( العلمـاء و الجمـاهیر) لەسـەر بنـەمای گوێڕایـەڵی و پابەنـدبوونی جـەماوەر بـە تێزەکانی زانایانەوە بونیادنراوە، ئەمەش هەمان ئەو پەیوەندییـە کـە لـە نێـوان خەلیفـە و جەماوەردایـە ( دەسـەڵات و کۆمــەڵگا) هـەردوو ئـەم پەیوەندییـەش گوێزانەوەی ئەو پەیوەندییەیە کە لە نێوان خـواو بەنـدەدا هەیـە، سروشـتی ئـەم سێ پەیوەندییە لەسەر بنـەمای گوێڕایـەڵی و ملکەچـی خـەڵك بەچـەند تێزێکـی دیـاریکراوە بونیـادنراوە، لـە پـۆلێنکردنی ( زانایـان/ جـەماوەر) یـان ناونـانی جـەماوەر بـە موقەلیـد مانایـەك بـۆ توانـستی هـزری و عـەقڵی تـاك نامێنێـت و کـردەی تـەئویل لـە بەرانبـەر دەقـدا دەمرێـت، واتـە لـە نێوەنـدی بیرکردنـەوەو تێڕامانی تاکدا غەیبوبەی کردەی تەئویلی دێتە ئاراوە، کۆی مرۆڤـەکان پابەنـدی یەك لێکدانەوەی نەگۆڕ دەبن کە لێکدانەوەی زانایانە، لەبەرانبەر ئەمەدا تەئویل کردەیەکـە بـۆ خولقانـدنی پانتاییـەکی بـەرین بـۆ ڕزگـارکردنی بیرکردنـەوە لـە گـەمارۆدان و کـاراکردنی تێڕامـان و بیرکردنـەوە لـە پـشکنین و گەیـشتن بـە قوڵاییـەکانی دەق، گرنگـی ئـەم کردەیـەش لـە سروشـتی خـودی زمـان خۆیـەوە سەرچاوەدەگرێت چونکە کەشفکردنی ئەم سروشتەی زمان ڕۆڵێکی بـاڵای گێـڕاوە

له پەرەپێدانی تەئویلدا، دەکرێت لێرەدا چەند سەرنجێك لەسەر سروشتی زمان تۆماربکەین:

١- زمان ئەو کائینەیە کە بۆشایی و کون و کەلەبەری تیایە:

زمان لەسروشتی خۆیدا بۆشایی تێدایە، ئەمە بەو مانایەی کە لە ناو هەر گوتراوێکی زمانیدا بۆشایی هەیە، زمان لە باریدا نییە گوتراوێك بەرهەمبهێنێت هەموو کون کەلەبەرەکانی پڕ کرابێتەوە، بەم مانایە نووسەری دەق ناتوانێت کۆی مانای دەقەکەی قۆرخ بکات، چونکە بەردەوام دەقەکەی کە بریتییە لە زمان بۆشایی تێدەکەوێت و خوێنەر ئەو بۆشاییە پڕدەکاتەوە، لێرەوە بیریاری تەئویل ( ئەنگاردن) جەخدەکات لەسەر گرنگی تەمومژ و بۆشایی لە دەقدا (٣١) چونکە دەکرێت لەو رێگەیەوە جارێکی دیکە مانای دەق بونیاد بنرێتەوە، کردەی تەئویلیش کردەیەکە بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی دەق یان پڕکردنەوە و بونیادنانەوەی مانا لە دەقدا، عەلی حەرب دەڵێت (( گوتە ناوەندێکە بۆ تەئویل و بوارێکە بۆ بەرهەمهێنانی مانا))(٣٢) بەم پێیە شوناسی گوتە خۆی لە خۆیدا شوناسێکی تەئویلییە، تەئویل رۆڵێکی گرنگی هەیە لە دیاریکردنی مانای گوتەدا، ئەم سروشتەی زمان بە ناچاری کردەی تەئویل بە دوای خۆیدا دەهێنێت، دەق لە ژێر کاریگەری ئەم سروشتەی زماندا رووبەر و ناوەندە نەدۆزراوەکانی لە فراوانبوونێکی بەردەوامدان و کردەی تەئویلش زامنی خولقاندنی ئەو رووبەرە تازانەیە، لەم ساتەوەختەدا دەتوانین بڵێین گرفتی هەرە گەورەی عەقڵی ئایینی لە ساتەوەختی مامەڵەکردنی لەگەڵ دەق و زمانی دەقدا ئەوەیە کە هەمیشە زمانی دەقی وەك خاوەن دەلالەتی دیاریکراو چەسپاو سەیرکردوە، یان نەیتوانیوە بە تەواوی باوەڕ بەوە بهێنێت کە دەق وەك بوونێکی زمانی سروشتێکی تەئویلی هەیە و خودی تەئویلیش دیاریکەری مانایە لە دەقدا، لە مێژووی ئیسلامیدا نکۆڵیکردن لە شوناسی تەئویلیانەی زمان و تەماشاکردنی زمان وەك خاوەن دەلالەتی هەمیشەیی و نەگۆڕ بۆتە خولقێنەری تراژیدیا و

کارەساتی گـەورە لـە سیـستمی بیرکردنـەو پرۆسـەی بەرهـەمهێنانی مانـا و بونیادنانی دنیابینی مرۆڤی مسوڵماندا، ئەنجامیش کارەساتی گەورەی خولقانـدوە لەمەڕ پەیوەندی مرۆڤی مسوڵمان بە دنیاوە ئەو سیستمە یـان ئـەو هۆشـیارییەی کە مرۆڤی مسوڵمانی ئێمە بە دنیاوە گرێدەدات بۆ هەموو سـەردەمەکان شوناسـی خـۆی بـە نـەمری و نـەگۆڕی راگرتـوە، بەمـەش ئـەو هۆشـیارییەی مرۆڤـی ئێمـە لەگەڵ جیهاندا بەیەکە دەبەستێت بۆ خۆی کارەساتە.

٢- بەدیاریکردنی چۆمسکی لەناو زماندا دوو بونیادی سەرەکی هەیە، بونیـادی دیار و بونیادی شاراوە:

بونیادی دیار دیوی دەرەوەی زمانە، واتە رووکەشی زمان مانایـەك بەدەسـتەوە دەدات لە پشت ئەم بونیادەوە بونیادی شاراوە هەیە، کە ئەویش بۆ خۆی هەڵگری مانا و دەلالەتە، لە پشت مانای دیارەوە مانای شـاراوەش هەیـە، واتـە هەمیـشە لـە دەقـدا دوو مانـای سـەرەکی هەیـە، مانایـەك لـەبونیادی دیـار یـان دیـوی دەرەوەی دەق، مانایەك لە بونیادی شاراوە یان دیوی ناوەوەی دەق، هەمیـشە ماناکانی دەق لەدیوی ناوەوەدا یان لە بونیادی شاراوەدا بەهایەکی ژیاری گەورەی هەیە، چونکە لە بونیادی شاراوەدا دەکرێت بەردەوام ماناکان تەوافوقی پێبکرێت لەگەڵ ماناکان و چەمکەکانی سەردەمدا، یان بابڵێین مانا لەبونیادی شاراوەدا توانـای بـەردەوامی و نوێبوونـەوەی زیـاتری هەیـە، هەوڵـدانیش بـۆ گەیـشتن بـە ماناکـانی بونیـادی شاراوە لـە رێگـەی گەشـتێکی تەئویلییـەوە نـەبێت مەحاڵـە، واتـە خـودی تـەئویل میکانیزمێکە بۆ کەشفکردنی مانا لەبونیادی شاراوەدا، بوونی دوو بونیادی دیار و شاراوە لە دەقدا هەمیشە میکانیزمی تەئویل بەدوای خۆیدا رادەکێشێت، دەکرێت پڕۆژەی ئیبن عـەرەبی بـە پڕۆژەیـەکی تـەئویلی دابنـێین بـۆ گەیـشتن بـە مانـای شاراوەی دەق، لەگەڵ ئەوەشـدا ئاسـتی دیـار لـە دەقـدا رەتناکاتـەوە، بـەڵکو ئاسـتی دیار بنەمایـەکی پێویـستە بـۆ گەیـشتن بـە مانـای شـاراوە (بـاطن)، مانـای شـاراوە بوونی نییە ئەگەر لەمیانەی مانای دیارەوە نەبێت کە لەو چوارچێوە زمانییـەدا

خۆی دەردەخات کە کۆی مرۆڤەکان لێی تێدەگەن(٣٣) ئەگەرچی چەند هەوڵێکی ناوازە هەیە لەمێژوودا لەمەڕ بونیادی شاراوە، بەڵام بە گشتی میتۆدی مامەڵەکردن لەگەڵ دەقی قورئانیدا مامەڵەکردن بوە لەگەڵ بونیادی دیاردا ( دیوی دەرەوە) بە بێ تەئویل گەیشتن بە بونیادی شاراوە مومکین نییە.

٣- مەدلولی دالەکان لەمیانەی زەمەندا لە گۆڕانێکی بەردەوامدایە، ئەمەش راستەوخۆ خیتابی تەئویلی لەمەڕ دەق دەهێنێتە ئاراوە، هەموو ئەمانە وادەکەن کە ئێمە بەبایەخێکی زۆرەوە لە تەئویل بڕوانین، بۆ خەلقکردنی مانای نوێ روو لە تەئویل بکەین، چونکە لەوێوە دەکرێت ئەو رێگەیە وەك دەروازەیەك بۆ رزگاربوون لە تێزە ئەرسەدۆکسی و دۆگماکان بەکاربهێنین، لە هەمانکاتدا ئەو وەهمەش دەدەینە دواوە کە خەونی تەنزیلکردنی دەق دەبینێت، دەق لەباشترین حاڵەتیدا لەبەردەم پرۆسەیەکی تەئویلیدایە، تەئویل سەرەڕای هەندێك لە کەموکوڕی و ئیشکالییەکانی بەڵام رێگایەکی گرنگیشە بۆ تەجاوزی مانا زاهیرییەکانی دەق کە بەدرێژایی چەندین سەدە سەرچاوەی یەکەمی بیری دۆگمایی و توندوتیژی ئایینی بوە.

## دەق و کاریگەرییەکانی دەرەوە

مەسەلەی پەیوەندی دەق بەجیهانی دەرەوە یان رادەی کاریگەری و کارلەیەککردنی دەق و جیهان مەسەلەیەکی گرنگ و مێژوویە لە هەمانکاتدا، مێژوویە بەو مانایەی کە لەمێژە ئەم کاریگەرییە ئامادەیی هەیە و خودی ئەم کاریگەرییەش بۆتە مایەی تێڕامان و لێوردبوونەوەی مرۆڤ، گرنگیشە بەو مانایەی کە پەیوەستە بە تێڕوانینی ئێمەوە بەرانبەر دەق و جیهان، کەواتە ئاخۆ بەتەنها دەق کار لەناو جیهاندا دەکات و خەریکی گۆڕینیەتی یان جیهانیش کار لەناو دەقدا دەکات و جێی خۆیدەکاتەوە؟ ئەم مەسەلەیە بەردەوام گفتوگۆی لەمەڕ کراوەو خراوەتە نێو جەدەلە مەعریفییەکانەوە، بەبروای من لەو ساتەوەختەی کە مانایەك لە فۆرمی دەقێکدا بەرجەستەدەبێت و مرۆڤ مامەڵەی لەگەڵ دەکات دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەم رەهەندانەی خوارەوە:

١- هۆشیاری خوێنەر یان موتەلەقی: خوێنەر وەك مرۆڤێك لە ژێر کاریگەری سیستم و ماناکانی دەرەوەدایە، ژینگە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و فەرهەنگی و ئایینییەکان دەبنە کۆمەڵە توخمێکی پێکهێنەر لە بونیادی کەسێتی و لە سیستمی بیرکردنەوەی مرۆڤدا، بەمەش مرۆڤ دەبێتە خاوەنی باکگراونێك لە بوونی سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژی، لەوێوە مرۆڤ جۆرێك لە هۆشیاری تایبەت بەخۆی دروستدەکات، ئیدی مرۆڤ لە رێگەی ئەم هۆشیارییەوە، لە رێگەی باکگراوەندەکانییەوە دنیا دەخوێنێتەوە، کاتێکیش خوێنەرێك یان موفەسیرێك مامەڵە لەگەڵ دەقدا دەکات پرۆسەی بەرهەمهێنانی مانا لەو دەقە دەکەوێتە ژێر کاریگەری هۆشیاری خوێنەر و باکگراوندە تایبەتییەکانییەوە، واتە مانای دەق لەژێر کاریگەری هۆشیاری خوێنەردا بەرهەمدێت، کەواتە لە ساتەوەختی بەرهەمهێنانی مانادا هۆشیاری خوێنەر تەحەکوم دەکات، دەبێت ئاماژە بەوەش بدەین لە بەرانبەر هۆشیاری خوێنەر (موفەسیر)دا دەقیش خاوەنی جفرە و

ڕەمـز و دەلالـەتی تایبـەتی خۆیـەتی، کەواتـە لـە کـاتی مامەڵـەکردنی موفەسـیر لەگەڵ دەقدا دوو فەزای جیاواز دروست دەبن:

یەکـــەمیان: بریتییـــە لـــە کـــۆی باکگراونـــدە ســـایکۆلۆژی و مـــەعریفی و کۆمەلآیەتی و سیاسی و ... کە خوێنەر یان موفەسیر هەڵیدەگرێت، ئەمەیان نـاو دەنێین فەزای خوێندنـەوە، دووەمیـشیان: بریتییـە لـە سـەرجەم حفـرە و ڕەمـز و دەلالەتەکانی ناو دەق کە ناوی دەنێین فـەزای نوسـین، لـە ئـەنجامی تێکلاوبـوونی هـەردوو فـەزاوە مانـا بەرهەمـدێت، بـەم پێیـە خوێنـەر جەمـسەرێکی گرنگـی بەرهـــەمهێنانی مانایـــە، خوێنـــەر بـــە هۆشـــیاری خـــۆی، بـــە باکگراونـــدە جۆراوجۆرەکانییەوە مانا لە ڕەمز و دەلالەتەکانی دەق بەرهەمدەهێنێت، لێرەوە کـۆی ئـەو مانـا جیـاواز و دژ بـە یەکانـەی لـە مێـژووی کـەلتووری ئیـسلامیدا بەرهـــەمهاتوون بـــەرەنجامی پاشـــخانی هۆشـــیاری و ســـایکۆلۆژی و سۆســـیۆلۆژی موفەســـیرە، موفەســـیرێکی دیکـــە بەهۆشـــیارییەکی دیکـــەوە مانایـــەکی دیکـــە بەرهەمدەهێنێت، لەم ساتەوەختەدا کارەسات لەوەدایە ئەو مانایـەی موفەسـیرێك بەرهەمی دێنێـت وەك دوا مانـای دەق مامەڵـەی لەگـەڵ بکرێـت، یـان وەك مانـای حـــەقیقی تەماشـــابکرێت کـــە خـــۆی بەســـەر کەســـە جیاوازەکـــان و ســـەردەمە جیاوازەکاندا بسەپێنێت.

٢- گەشەکردنی زمان: زمـان بـە هەمیـشەیی لـە گەشـەکردنێکی بەردەوامدایـە، هەر قۆناغێك لە قۆناغەکانی مێژوو خاوەنی خەسڵەتی زمـانی خۆیـەتی، لێـرەوە هەر گوتەیەك کـە دەنوسـرێتەوە و دەبێـت بـە دەقێـك دەکـەوێت ژێـر کاریگـەری زمان لەو قۆناغەدا، هـەموو دەقێـك بـە زمـانی قۆناغەکـەی خـۆی دەنوسـرێتەوە، واتـە ئاسـتی گەشـەکردنی زمـان لـەو قۆناغـەدا گـەلێك شوناسـی گـرنگ بـە دەق دەبەخشێت، وێرای ئەمـە زمـان لـە هـەناوی خۆیـدا کـائینێکی گەشەسـەندوە، لـە میانەی بەردەوامی زەمەندا زمان گەشـەدەکات، بەمپێیـە دەقـیش دەکەوێتـە ژێـر ئەم کاریگەرییەی گەشەسەندنی زمانەوە، لە میانەی گەشەکرندا زمان مـەدلول و

مانـــای نـــوی لـــە هـــەناوی خۆیـــدا هەڵـــدەگرێت، بـــۆ نموونـــە زاراوەکـــانی ( الجهل، الكفر، ......) لە میانەی زەمەندا گۆڕان بەسەر ماناکانیانـدا هاتوە، بـەم شـێوەیە زمـان لـە میانـەی نوێبوونـەوەی خۆیـدا دەقـیش نوێدەکاتـەوە، لـەم ڕێگەیەوە هـەموو دەقێـك شانـسی ئـەوەی دەبێـت دەلالـەتی جیـاوازی هـەبێت بـۆ سەردەمە جیاوازەکان، بێگومان ئەمەش پەیوەستە بەو میتـۆدەی کەموفەسـیر بـۆ مامەڵە کردن لەگەڵ دەق بەکاریدەهێنێت، میتۆدێك کە کار لەسەر زاهیری دەق و پابەنـدبوون دەکات بـە مانـا زاهیرییەکانـەوە، یـان لـەنێو مانـا بەرهـەمهاتوەکانی سەردەمێکی مێژویی دیاریکراودا نقووم بوە، ئەوا ناتوانێت بەهرەمەنـد بێـت لـە شانسەکانی نوێبوونەوەی ماناکان.

٣- شوێن یان ژینگە: لێرەدا مەبەستمان لـە ژینگـە ئـەو چوارچـێوە سروشـتییە نییە کە مـرۆڤ تێیـدا دەژی، بـەڵکو کـۆی ئـەو ڕەهەنـدە کۆمەڵایـەتی و سیاسـی و ئابووری و ئایینییـە کـە مـرۆڤ تێیـدا دەژی و خـودی مـرۆڤ پێکـدەهێنن، هـەموو ژینگەیەك خاوەنی خەسڵەت و تایبەتمەندی خۆیەتی، هەموو ژینگەیەك مۆرك و پێویستی ناوەکی خۆی هەیـە، لێـرەوە فەیلەسـوفی ئـەڵمانی ئۆزواڵـد شـپنجلر (٣٤) باس لە سەربەخۆیی ژینگە و شارسـتانییەکان دەکـات لەیـەکتر و لایوایـە، تێکـڕای بـــەها کـــەلتووری و ڕۆشـــنبیرییەکان کـــە لەژینگەیەکـــەوە دەگوێزرێنـــەوە بـــۆ ژینگەیـەکی تـر، دەبێـت لەگـەڵ ژینگـە نوێیەکـەدا خـۆی بگونجێنێـت، بـەم پێیـە دەبێـت هـەموو ژینگەیـەك جۆرێـك لـە تێگەیـشتنی تایبـەت بـە خـۆی لە دەق بەرهەمدەهێنێت، کەواتە یەك دەقی دیاریکراو لە یـەك سـاتەوەختی دیـاریکراودا لـــە چـــەند ژینگەیـــەکی جیـــاوازدا چـــەندین تێگەیـــشتنی جیـــاوازی لێبەرهەمدەهێنرێت، لێرەوە دەتوانین بڵێین ئەو تێگەشـتنەی کـە نـەوەی یەکـەم (جیلی سەحابە) بەرانبەر بە دەقی قورئـان هـەیانبوە پەیوەندیـدارە بـە ژینگـەی حیجـاز و عەرەبـستانەوە، ئەگـەر قورئـان یەکـەمجار لـە ژینگەیـەکی دیکـە

بهاتایەتەخوارەوە، ئەوا تێگەیشتنێکی دیکەشی لێبەرهەمدەهات، تێگەیشتنێك کە رەنگە تەواو جیا بێت لەو تێگەیشتنەی کە لە حیجاز بەرهەمهاتوە.

هەرگیز ژینگە مۆرك و پێویستییە ناوەکییەکانی خۆی ون ناکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە بە مۆرك و پێویستییە ناوەکییەکانی خۆی ماناکانی دەق رەنگرێژدەکات، لێرەوە کاتێك دەق لە ژینگەیەکەوە دەگوێزرێتەوە بۆ ژینگەیەکی دی ئەوا ژینگە نوێیەکە هەوڵدەدات دەق لەگەڵ خەسڵەتەکانی خۆیدا بگونجێنێت، یان لانیکەم هەوڵدەدات لە دەقەوە مانایەکی تایبەت بە خۆی بەرهەمبهێنیت کە بگونجێت لەگەڵ خەسڵەت و سیفەتەکانیدا، لێرەوە باوەڕبوون بەو بۆچوونەی کە لە نێوان چەندین نەتەوەی جیاواز و ژینگەی جیاوازدا یەك ئایینی هاوبەش هەبێت، بە مانا یەك تێگەیشتن و مومارەسەی هاوبەش هەبێت بۆ ئایین خورافەیەکی گەورەیە، هەموو نەتەوەیەك، هەموو ژینگەیەك ئایینی خۆی هەیە، یان هەموو ژینگەیەك لێکدانەوەی تایبەتی خۆی هەیە بۆ ئایین و بەشێوازی تایبەتی خۆی مومارەسەی ئایین دەکات، لێرەوە دەبینین ئەو لێکدانەوەیەی بۆ ئیسلام هەیەو شێوازی مومارەسەکردنی لەوڵاتە رۆژهەڵاتییەکاندا تەواو جیایە لەو ئیسلامەی کە لەئەوروپا هەیە و مومارەسە دەکرێت، ئەو لێکدانەوەو مومارەسەیەی بۆ ئیسلام لە وڵاتێکی وەك ئێران هەیە جیایە لەو لێکدانەوەو مومارەسەیەی لە وڵاتە عەرەبییەکان هەیە، پیاوێکی وەك ئیمامی شافیعی توانای دەرککردنی ئەم مەسەلەیەی هەیە، بۆیە ئەو فیقهەی بۆ وڵاتی میسری داناوە جیاوازە لەو فیقهەی بۆ وڵاتانی دیکەی داناوە، بەکورتی ژینگە کاریگەرییەکی فراوانی هەیە لە تێگەیشتنی مانای دەقدا، ژینگە مانا خەلقدەکات.

٤- زەمەن: ئەگەر دەق مەرجەعیەتێك بێت بۆ ژیان ئەوا خودی ژیان لە میانەی زەمەندا لە گۆڕانێکی بەردەوامدایە، ئەگەر هەمیشە لە دیدگای ژیان و سیستمی پەیوەندییەکانەوە دەق بخوێنرێتەوە، ئەوا بە تێپەڕبوونی زەمەن ژیان

و پەیوەندییەکان دەکەونە گۆڕانەوە، گۆڕانی ژیان و سیستمی پەیوەندییەکان کاریگەرییەکی فراوانیان هەیە لەبەرهەمهێنانی مانادا، هەوڵی زۆر لە موفەسیر و بیریارە هاوچەرخەکان وەك ( محمد شحرور و سید قوتب و مالك بن نەبی و مەودودی و ئەبوزەید و ...) ئەم حەقیقەتە بەرجەستە دەکات، تێکرای خەونی بەخشینی مانای نوێ بە زاراوەو موفرەدە قورئانییەکان خەونێکە لەژێر کاریگەری گۆڕانکارییەکانی زەمەن و ژیاندا خەملاوە، لێرەوە دەق دەکەوێتە ژێر کاریگەری زەمەنەوە. ئەمە جگە لەوەی کۆی چەمکەکانی وەك هۆشیاری خوێنەر و ژینگەو، زمانو زانستی زمانو لە میانی زەمەندا لە گۆڕانی بەردەوامدان، لێرەشەوە پرۆسەی بەرهەمهێنانی مانا لە دەقدا دەکەوێتە گۆڕانەوە، بەواتا دەق ئاسۆی نوێ و چوارچێوەی نوێ بە خۆوە دەگرێت.

لە کاتێکدا باس لە کاریگەری زەمەن دەکەین لەسەر دەق مەبەستمان لەوە نییە کۆمەڵە بەهایەکی جێگیری وەك دادپەروەری و مافی مرۆڤ و ئازادی نامێنن، یان ریشە رۆحانییەکانی ئایین نامێنن، بەڵکو ئەوە وەك کۆمەڵە مانایەکی گەردوونی، بەڵکو ئەو بەهایانە وەك چەند پرەنسیپێکی مرۆڤانە پێویستییەکی مرۆڤ لە هەموو سەردەم و هەلومەرجێکی ژیاندا.

## له نێوان تەفسیر و تەئویلدا

تەفسیر و تەئویل وەك دوو كردەی جیاواز بە درێژای مێژوو بوونەتە میتۆدی مامەڵەكردنی عەقڵی ئیسلامی لەگەڵ دەقدا، هەریەك لە میتۆدی تەفسیر و تەئویل بەرەنجام و كاردانەوەی جیاوازیان لە سیستمی پەیوەندییەكان و جیهانبینی و روانینەكانی مرۆڤدا خستۆتەوە، ویرای ئەمەش شوناسی هەریەك لە تەئویل و تەفسیر بەردەوام دەخرێتە ناو جەدەلە مەعریفیەكانەوە، بەڵام داخۆ تەفسیر چییەو تەئویل چییە؟ بەرەنجامی هەریەكێكیان لە پرۆسەی مامەڵەكردن لەگەڵ دەقدا كامەیە، من لێرەدا هەوڵدەدەم چەند سەرنجێكی جەوهەری لەوبارەیەوە تۆمار بكەم:

**یەكەم :** تەفسیر كردەیەكە هەڵدەستی بە كەشفكردنی مەبەستی نوسەر و دەلالەتی دەق (٣٥) واتە تەفسیر دەیەوێ بگاتە مەبەستی حەقیقی خولقێنەری دەق لەرێگەی لێكدانەوەی دەلالەتەكانی دەقەوە، لێرەوە موفەسیر دەیەوێ بگاتە حەقیقەتی قسەی خوا، كەواتە تەفسیر كردەیەكە بۆ گەیشتن بە حەقیقەتی مانا لە نێودەقدا، كردەیەكە هەمیشە بە شوێن حەقیقیترین ماناوەیە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت لە جەوهەری تەفسیردا تینوێتییەكی قووڵ هەیە بۆ موڵكدارییەتی حەقیقەت، بۆ مۆنۆپۆلیزەكردنی رەوایەتی، بەم پێیە میتۆدی تەفسیری وایدەبینێت ئەو مانایەی كە لە دەق بەرهەمی دێنێت حەقیقەتی قسەی خوایە، ئیدی لەم ساتەوەختەوە عەقڵی تەفسیری ئەو مافە بەخۆی دەبەخشێت كە بەناوی خواوە بدوێت، دیدی خۆی بۆ كێشەكان بە دیدی خواوەند ناوزەد بكات، بەمەش میتۆدی تەفسیری نەك بە تەنها رەوایەتی خۆی رادەگەیەنێت بەڵكو پێشنیاری تاك رەهەندی دەكات لە بیركردنەوەدا، ئەم میتۆدە لە مێژووی ئێمەدا تراژیدیا و كارەساتی گەورەی خستۆتەوە، چونكە كاتێك ئەم میتۆدە قسەی خۆی

بۆ کێشەکان تەرح دەکات ئیدی بوار بۆ تەرحێکی دیکە نامێنێت، چونکە ئەو پێیوایە قسەی ئەو قسەی ئیسلامە ، قسەی خوایە، هەر قسەیەکی دیکە هەبێت لە دەرەوەی ئیسلامدایە و پێویستە نەفی بکرێت.

ئەگەر بەمیتۆدی مامەڵەکردنماندا بچینەوە لەگەڵ دەقدا دەبینین لە زۆربەی ساتەوەختەکانی مێژووودا میتۆدی زاڵ میتۆدی تەفسیری بوە، هەر خودی ئەم میتۆدەش بەرپرسی یەکەم بوە لەگەشەپێدانی رۆحی ئەرسەدۆکسی و دۆگمایی و داخراوی فەرهەنگیو، دواجاریش شەڕە خوێناوییە گەورەکان، لە بەرانبەر میتۆدی تەفسیریدا کردەی تەئویل کردەیەکە بۆ سەرلەنوێ خولقاندنەوەی مانا لە دەقدا، تەئویل بەتەنها بریتی نییە لە خوێندنەوەی دەلالەتی دەق، بەڵکو پتر لە هەوڵی فراوانکردنی سنووری ئەو دەلالەتانەدایە، تەئویل دەیەوێ رووبەرە نەدۆزراوەکانی دەق بدۆزێتەوەو روبەری نوێش خەلقبکات، تەئویل لە خەونی فراوانکردنی رووبەری مانادایە نەك تەسککردنەوەی ئەو رووبەرە بۆ یەك مانا، تەئویل بە شوێن بەرهەمهێنانی فرەیی مانا و دەلالەتەوەیەنەك حەقیقەترین مانا، واتە تەئویل بە پێچەوانەی تەفسیرەوە بەشوێن حەقیقەتدا ناگەڕێت، بانگەشەی حەقیقەتیش ناکات، کاتێك مرۆی تەئویلکەر دەڵێت ئیسلام بۆ چارەسەری فلان کێشە وادەڵێت مەبەستی ئەوە نییە بڵێت خوا وادەڵێت، بەڵکو مەبەستی ئەوەیە ئەو مانایەی ئەو لە دەق بەرهەمیهێناوە بەرەنجامی مامەڵەی تەئویلیانەی عەقڵی بەشەرییە لەگەڵ دەقدا، دەکرێت لە چەندین ساتەوەختی دیکەدا چەندین مانای دیکە بەرهەمبێت، ئەمەیە جیاوازی ئەو دووکەسەی کە یەکەمیان بەدوای مانای حەقیقی دەقدا دەگەرێت، لێرەوەش ئەو مانایەی بەرهەمیدێنێت بە قسەی خواوەند لە قەڵەمی دەدات، دوەمیان ئەو کەسەی ئەو مانایەی بەرهەمی دێنێت وەك مامەڵەیەکی تەئویلی لێکیدەداتەوە، واتە ئەو مانایە بەحەقیقەتی دەق (قسەی خوا) نازانێت و لەوێشەوە بە ناوی خواوە نادوێت.

میتـۆدی تەفـسیری پێیوایـە حەقیقـەت تـەنها لـە یەککاتـدا و تـەنها لـە یـەك شـوێندا و لای یـەك کـەس دەوترێـت، لێـرەوە هـەق و ناهـەق وەك دوو گوتـاری ئاشکرا و جیاواز دیارن، بەڵام لە کـردەی تەئویلدا حەقیقـەت بـوونێکی رێـژەیی هەیە، حەقیقەت بوونێکی بەرجەستە نییە تا کەشفبکرێت، بەڵکو باشترین مانـا ئەو مانایەیە کە لەژێر پرۆسەیەکی تەئویلی پڕ لە لۆژیکدا بەرێوەدەچێت، بـەڵام ئەمـە دوا مانـا و باشـترین مانـا نییـە بـۆ هـەموو کات و سـەردەمێك، بـەم پێیـە هەموو خوێنەرێك حەقیقەتی خۆی هەیە، لێرەشەوە شتێك نییە بەناوی حەق و بـاتڵی رەهـا، کـەس مـافی موڵکـدارێتی حەقیقـەت و تـاپۆکردنی رەوایـەتی نییـە، تەئکید لەسـەر مەبـدەئی حـەق و باتـڵ خەسـڵەتی یەکـەمی هێـزە ئایـدیۆلۆژی و رابردووپارێزەکانە.

**دووەم:** تەفـسیر کردەیەکـە بـۆ درێـژەدان بـە بونیـادی دیـار(ظـاهر) دەق، واتـە تەفسیر بەردەوام کار لەسەر درێژەدان بە مانای زاهیری دەق دەکات، تەفسیر دێـت و پێمان دەڵێت با دنیا لـە دیـاری دەقـەوە ببیـنین، یـان حەقیقـەتی دنیـا لـە نێـو دیاری دەقدا بوونی هەیـە و ئەیدۆزینـەوە، بـۆ راڤـەکردن و تێگەیـشتنی دنیـا بـە تەنها دیاری دەق بەسـە، کێشەو ماناکانی دنیـا لـەوە بـچووکترە لـە دیـاری دەقـدا جێی نەبێتەوە، دیاری دەق لەوە فراوانترە نەتوانێت وەڵامی بۆ هەموو پرسیارێك پێبێت، بەم پێیـە تەفـسیر مانایـەك بـۆ مانـا شـاراوەکانی دەق ناهێڵێتـەوە و مانـا شاراوەکانی دەق فەرامۆشدەکات، بەمەش تەفسیر بونیـادی سـەرەکی مانـا دەخاتـە خانەی فەرامۆشییەوە، لە بەرانبەر ئەمـەدا کـردەی تـەئویل کردەیەکـە بـە قـوڵی کار لەسەر بونیادی شاراوەی دەق دەکات، هاوکـات لەگـەڵ ئەمەشـدا بونیـادی دیـار فەرامۆش ناکات، لە میانەی مانای دیارەوە نەبێت گەیشتن بە مانای شاراوەی دەق مومکین نییە، مانای دیار ئەو مانایەیە کە هەموو خوێنەرێکی ئاسایی پێیدەگات، بـەڵام خـەلقکردنی مانـای نـوێی دەق تـەنها لـە رێگـەی تێڕامـانی تـەئویلی و کەرەستەی مەعریفی قووڵەوە پێیدەگەین، بەم پێیـە کـردەی تـەئویل کردەیەکـە

لەهەوڵی تێپەڕاندنی خوێندنەوەی رووکەشانەیە بۆ دەق، دەیەوێ مانای نوێ لە دەقدا خەلق بکات، لە پرۆسەی تەئویلیدا تێپەڕاندنی روکەش یان بونیادی دیاری دەق بەمانای خۆ نەبەستنەوەیە بە دیاری دەقەوە، واتە تەئویل دیاری دەق فەرامۆش ناکات، شیخ عبدالله جواد املی پێیوایە بایەخدانی تەواو بە دیار و فەرامۆشکردنی شاراوە و نکۆڵیکردن لە قوڵاییە مەعریفییەکانی، یان بە پێچەوانەوە بایەخدانی تەواو بە شاراوەو فەرامۆشکردنی دیار ئەو ئایەتە دەیگرێتەوە کە دەڵێت (( نؤمن ببعض الكتاب و نكفر ببعض))(٣٦)

تەنها کارکردن لە سەر مانای دیار لە دەقدا رۆحی ئەرسەدۆکسی و دۆگمایی پەرە پێدەدات، مەزهەب دروستدەکات، بەڵام تەئویل مانا لە ژێر هەیمەنەی ئیمپریالیزمی دیار رزگاردەکات، تیۆر و چەمکەکانی مەعریفە و عەقڵانییەت بەرهەمدێنێت و دەق لە گەمارۆدان و کوشتنی مێژوو رزگاردەکات، بەمپێیەش چەمك و ماناکانی دەق لەگەڵ چەمك و مانای سەردەمە جیاوازەکان هەمەئاهەنگ دەکات.

**سێیەم:** تەفسیر کردەیەکە یان میتۆدێکە پێشنیاری کارایی دەسەڵاتی موفەسیر دەکات بەسەر مانادا، مەبەستم ئەوەیە لە میتۆدی تەفسیریدا ئەو مانایەی موفەسیر بەرهەمی دێنێت دەبێتە دەسەڵاتێك و کۆی خوێندنەوەو مامەڵەکانی دیکە لەگەڵ دەق قۆرخ دەکات، مادەم تەفسیر خۆی مامەڵەکردنێك بێت لەگەل دیاری دەق ئەوا خودی موفەسیر شیاوترین کەسە بۆ ئەو کارە، لەم روانگەیەوە شتێکی وەك (ئیجماع ) سەرهەڵدەدات و پێویست دەبێت کۆی تاکەکانی کۆمەڵگا پابەندی تێزەکانی ئیجماع بن، چونکە ئەوان لە هەمووو کەس زیاتر شارەزان، هەموو ئەو مەرجانەی کە بۆ کەسێك دانراوە کە دەیەوێت ببێت بە موفەسیر، یان دەیەوێت مامەڵە لەگەڵ دەقدا بکات راستەوخۆ پیادەکەری جۆرێکە لە هەیمەنە، جۆرێکە لە دەسەڵات، ئەو کەسەی کە کۆی ئەو مەرجانە دەبڕێت ئیدی دەبێتە موفەسیر و پێویستەخەڵك گوێڕایەڵی بکات و، بۆ

تێگەیشتن لە مانای دەق روو لەو بکەن، لەبەرئەوەی ئەو توانیویەتی ئەو مەرجانە ببڕێت بۆیە مافی لێکدانەوەی دەقی هەیە، تێکڕای خەڵکانی دیکەش مافی قەبوڵکردنی ئەو مانایانەیان هەیە کە موفەسیر بەرهەمیدێنێت، تەنها مافی گوێڕایەڵیان هەیە بۆ ئامۆژگارییەکانی موفەسیر.

لە بەرانبەر ئەمەدا تەئویل کردەیەکە دەق بە هۆشیاری خوێنەر دەسپێرێت، خوێنەر دەبێتە بەرهەمهێنەری مانا، لێرەدا مەبەستمان لەوەیە کە تەئویل فەزایەکی ئازاد ( بەدەر لە هەر چەشنە سانسۆر و دەسەڵاتێك) دەخولقێنێت، کە لەو فەزا ئازادەدا خوێنەر خۆی مامەڵە لەگەڵ دەقدا دەکات، بە کورتی تەئویل دروستکەری ئازادی خوێندنەوەیە، بەخشینی پرۆسەی بەرهەمهێنانی مانایە بە خوێنەر، بەڵام تەفسیر زاڵێتی دەسەڵاتی موفەسیرە (یان دەسەڵاتی خوێنەرێك بەسەر کۆی خوێنەرەکاندا) واتە مۆنۆپۆلیزەکردنی پرۆسەی بەرهەمهێنانی مانایە بۆ موفەسیر، تاپۆکردنی مافی تێگەیشتنە لەدەق بۆ تاکەکەسێکی دیاریکراو.

**چوارەم:** تەفسیر لەبەرانبەر هەر دەقێك مانایەکی دیاریکراو دەبینێت، چونکە لە عەقڵی تەفسیریدا ماناکانی دەق دیاریکراون، بەمەش تەفسیر یەکجۆر مانا بۆ کۆی قۆناغەکان و زەمەنەکان پێشنیار دەکات، لە بەرانبەر ئەمەدا تەئویل بۆ زەمەنە جیاوازەکان و قۆناغە جیاوزەکان مانای جیاوازە بەرهەمدێنێت، بەمەش تەئویل شانسی گەشەکردنی مانای دەق لەگەڵ بەردەوامی زەمەندا زیاتر دەکات، عەقڵی تەفسیری وایدەبینێت هاوکات لەگەڵ چەسپاوی دەلالەت و مانای دەق زەمەنیش چەسپاوەو نەگۆڕە، بۆیە بۆ تێکڕای زەمەنە چەسپاو نەگۆڕەکان مانایەکی چەسپاو نەگۆڕ هەیە، بەڵام تەئویل لە بەرانبەر هەر دەقێکدا چەندین مانا دەبینێت، بەمەش لەگەڵ زەمەنە نوێیەکاندا مانای نوێ دێتە ئاراوە.

ماوەتـەوە بڵـێین یـەکێك لەگرفتـەکانی ئێمـە لـە سـاتەوەختی مامەڵـەکردنمان لەگەڵ دەقدا زاڵێتی میتۆدی تەفسیرییە، واتە لەزۆربەی قۆناغـە مێژوییـەکان بـە عـەقڵێکی تەفـسیرییەوە مامەڵـە لەگـەڵ دەق و چـەمك و موفرەدەکـان کـراوە، بـە مەرجەعبوونی ئیجمـاع و بـەئاییِنکردنی مەزهەبـەکان... راسـتەوخۆ بـەرەنجامی زاڵێتی تیۆر و عەقڵی تەفسیرییە، لەگەڵ ئەوەشدا لێـرەو لـەوێ میتـۆدی تـەئویلی بەگەرخراوەو عەقڵی تەئویلی کاریکردوە، هەمیشە بەرەنجامی کـارکردنی عـەقڵ تەئویلی لە مێژووی ئیسلامیدا بریتی بوە لەرزگاربوون لە مانا داخرا و دۆگماکان و کردنەوەی دەروازەکانی عەقڵانییەت، بـریتی بوە لەرزگاکردنی عەقڵ لـە دۆخـی ئیفلیجی.

## لەگوتاری حەقیقەتەوە بۆ حەقیقەتی گوتار

قـەیرانی گـەورە لـە رۆشـنبیریی و میتـۆدی بیرکردنـەوەی ئێمـەدا هەمیـشە ئەوەیە کە هەمیشە پرسیاری ئێمە ئەوەبوە کە چۆن بگەینـە گوتـاری حەقیقـەت نەك چۆن بگەینە حەقیقەتی گوتـار، ئێمـە هەمیـشە بـە دوای جەوهـەر و مانـای حەقیقەتدا گەڕاوین، نەك جەوهـەر و مانـای گوتـار، ئـەوەی ئێمـەی بردۆتـە نـاو ئـەو پانتاییـەوە کـە جەوهـەر و چـییەتی گوتـار فـەرامۆش بکـەین، ئـەم فەرامۆشکردنەش بەرەنجامەکەی بریتی بوە لە تەڵخبوونی ئـەو هۆشـیارییەی کـە ئێمە بە دنیاوە گرێدەدات، بوونی ئەو هۆشیارییە بە هۆشیاریەکی موزەیەف، ئەو هۆشیارییە موزەیەفە وایکردوە هەمیشە عەودالّی حەقیقەت و گوتاری حەقیقەت بین، گەڕان بە دوای گوتاری حەقیقەت پرۆسەیەك بوە بەردەوام بوونی مێـژووی ئێمـەی شـەتەکداوە، لێـرەوە بـەردەوام کێـشە لەسـەر ئـەوە بـوە کـێ هەقـە و کـێ ناهەقـە، هەمیـشە لـە پـشت گەیـشتن بـە خـالّی حەقیقەتـەوە ئـارامی و سـکۆنەت هەیە، واتە ئەو ساتەوەختەی خود هەسـت دەکـات گەیـشتۆتە جۆرێـك هەقیقـەت دەکەوێتە دنیایەکی ئارامەوە، ئەو دنیا ئارامەش بەسە بۆ کوشـتنی هـەر چەشـنە هەر پرسیار و تێڕامانێکی دیکە، عەقڵی ئیـسلامی پێویـستی بـە وەرچـەرخانێکی قـوڵ هەیـە لـە گوتـاری حەقیقەتـەوە بـۆ حەقیقـەتی گوتـار، واتـە بەرلـەوە پێویـستمان بـەوە بێـت بگەینـە حەقیـەت پێویـستمان بەوەیـە بگەینـە گوتـار و بیناسین، دکتـۆر محمـد عابـد ئـەلجابری لەمـەڕ گوتـار دەڵێـت: دەق پەیامێکـە لـە نوسەرەوە بۆ خوێنەر بۆیە گوتارە، ئەو پەیوەندییەی لە نێوان نوسەر و خوێنەر لە میانەی قسەدا، یان لـە میانـەی چـەند ئاماژەیـەکی دەنگیـدا، بەشـداری گـوێگر پێویستە بۆ تەحقیق بوونی ئەو پەیوەندییە گوتارییە، بەشداری خوێنەریش بـە رۆڵـی خـۆی بەشـدارییەکی پێویـستە بـۆ تـەحیقیق بـوونی ئـەو پەیوەندییـە نوسـراوییە لـە میـانی دەقـدا (٣٧) بـە پێـی ئـەم گوتەیـەی جابری لـە سروشـتی

گوتاردا دەق و خوێنەر مانا خەلقدەکەن، واتە جابری دوو ئاست دیاریدەکات: ئاستێك کە نوسەری دەق لێوەی دەدوێ، ئاستێك کە خوێنەری دەق لێوەی دەدوێ(٣٨) لێرەوەش کردەی خوێندنەوە بەهای گرنگی خۆی لە دروستکردنی مانای گوتاردا ئاشکرا دەکات، عەلی حەربیش لەمەر کردەی خوێندنەوە دەڵێت: هەموو خوێندنەوەیەك دۆزینەوەیەکی نوێیە، هەموو خوێندنەوەیەك رەهەندێك لە رەهەندە ون بوەکانی دەق دەدۆزێتەوە(٣٩) لەم دیدگایەوە مەبەستێکی دولایەنە گوتار بەرێوە دەبات، مەبەستی دەق و مەبەستی خوێندنەوە، بەبێ کردەی خوێندنەوەو تێرامان گوتار وەك مەغزا و ناوەرۆك روون نابێت، بەم پێیە گوتار وەك بونیادە ناوەکییەکانی خۆی توانستی خۆهاویشتنە ناو پانتاییە جۆراوجۆرەکانی ژیانی نییە، بەڵکو خوێنەر ئەو مانایەی لەناو گوتاردا پێیگەیشتوە هەوڵدەدات لەناو گوتاردا مانای بۆ بدۆزێتەوە، بەمەش ئەو ئاستەی کە خوێنەر لێوەی دەدوێ گوتار دەباتە ناو بونیادە جۆراوجۆرەکانەوەو مانای دەداتێ.

ئەگەر دەقی قورئان وەك گوتارێك تەماشا بکەین، ئەوا گوتارێکە خاوەنی خەسڵەت و تایبەتمەندی خۆیەتی، کە دەڵێین خاوەنی خەسڵەت و تایبەتمەندی خۆیەتی مەبەستمان لەوە نییە کە ئەو توێژینەوە زانستی و تیۆریانەی هەن لەمەڕ چەمکی گوتار بەسەر قورئاندا پراکتیك نابن، یان نابێ پراکتیك بکرێن ، بەڵکو مەبەستمان لەوەیە کە دەقی قورئان دەقێکی دێرینە و خەسڵەتی مێژوویی و ئایینی خۆی هەیە و مەرجەعی ئایینێکی مەزنی جیهانە کە ئایینی ئیسلامە.

قورئان وەك دەقێکی ئایینی و مەرجەعێك بۆ ئایین بانگەشەی رەوایەتی و هەقیقەتی هەیە، لێرەدا دەکرێینەوە بەرووی بابەتێکی گرنگی وەك پەیوەندی نێوان هەقیقەت و گوتار، گوتار پەیوەندی چییە بە حەقیقەتەوە؟ ئەو مانایەی لە دەق بەرهەمدەهێنرێت و دەبێتە گوتارێك پەیوەندی چییە بە هەقیقەتەوە؟ لێرەدا دەکرێت سێ ئاست لە حەقیقەت دیاریبکەین:

**ئاستی یەکەم: هەقیقەت وەك بوونێکی ڕێژەیی**

هەقیقەت بوونێکی ڕێژەیی هەیە و هەرگیز هەڵگری شوناسێکی موتڵەقگەرا نییە، دەق هەڵگری هەر شوناسێك بێت هیچ لەو راستییە ناگۆڕێت کە کێڵگەیەکە بۆ بەرهەمهێنانی مانا، کێڵگەیەکە و خوێنەر دەیکێڵێت، خوێنەر لەئەنجامی مامەڵەکردنی لەگەڵ دەقدا ماناگەلێك بەرهەمدێنێت کە دواجار دەبێتە گوتار، ئەم گوتارە هەڵگری شوناسی حەقیقەت نییە ، تەنها پشکێك لە هەقیقەتی هەڵگرتوە، چونکە وەك پێشتر لێیدواین شوناسی زمان شوناسێکی تەئویلییە، چەندێك مانا لە دەقەوە بەرهەمبهێنرێت هەقیقەت لە دەقەوە ناگوێزرێتەوە نێو گوتارەکان.

شایانی باسە هەمیشە رەوتی گوتارە ئایدیۆلۆژی و دۆگماکان بەشوێن شوناسی هەقیقەتەوەن، هەر گوتارێك پێیوابێت هەقیقەتێکی رەها هەیە و دەتوانێت پێیبگات، ئیدی ئەوە ساتەوەختی ئارامییەتی، ساتەوەختی راگەیاندنی رۆحی ئەرسەدۆکسی و ئایدیۆلۆژی بوونی خۆیەتی، چەند بیٚ مەعنایيەکی گەورەیە گوتارێك باوەڕیوابێت گەیشتۆتە هەقیقەت و یان هەقیقەتی نێو دەقی کەشفکردوە کەچی هەوڵبدات خۆی وەك گوتارێکی عەقڵانی و مودێرن بناسێنێت.

**ئاستی دووەم: هەقیقەت وەك شوناسێکی گەردوونی:**

ئەم ئاستەی هەقیقەت بریتییە لە کۆی ئەو هەقیقەتانەی کە لە جیهاندا هەن و شوناسێکی گەردونیان هەیە، یان شوناسێکی گەردونیان هەیە، مەبەستم لە شوناسی گەردوونی ئەوەیە کە هەموو مرۆڤەکان لەم هەقیقەتەدا بەشدارن و پشکیان هەیە، ئەم هەقیقەتانە موڵکی رەوتێك یان هێزێك یان گوتارێك نییە، ئەو هەقیقەتانەی کە گەردونین ئەمانەن:

أ- **هەقیقەتە زانستییەکان:** بریتییە لە کۆی ئەو دۆزینەوە زانستیانەی کە لەسەرانسەری مێژوودا مرۆڤ بە ئەنجامی گەیاندوە، وەك دۆزینەوەکانی بواری فیزیا بە نموونە ( ئیشەکانی ماکس بلانك و هانز برك) یان لە بواری فەلەك ( وەك دۆزینەوەی کۆپەرنیکۆس و گالیلۆ) ئەم دۆزینەوە زانستیانە دەکرێت وەك حەقیقەت تەماشابکەین، ئەم هەقیقەتانە موڵکی کۆی مرۆڤایەتییە، کەس مافی مۆنۆپۆلیزەکردنی ئەم هەقیقەتانەی نییە بۆ مەرامە ئایدیۆلۆژییەکانی، دەبینین لەزۆرێك لە قۆناغە مێژووییەکاندا هەوڵدراوە ئەم هەقیقەتە زانستیانە وەك هەقیقەتی گوتارێك یان هێزێك قۆرخ بکرێت، بە نموونە گوتاری سەنتەریزمی خۆرئاوایی بەردەوام گوتارێکە لە هەوڵی ئەوەدابووکە ئەم هەقیقەتە گەردونییە تەسکبکاتەوە بۆ گوتارێکی ئایدیۆلۆژی، بە واتایەکی تر خۆرئاوا بەردەوام هەوڵیداوە هەقیقەتە زانستییەکان وەك هەقیقەتی ژیاری خۆرئاوا و بە سەنتەربوونی ئەو ژیارە بەکاربهێنێت و وەك دەسکەتی بێ چەندوچوونی ئەو ژیارە بەکاریبێنێت و، لەوێشەوە ئەو مەسەلەیە بکاتە مەسەلەیەکی ئایدۆلۆژی بۆ خزمەتی دیدی سەنتەریزمی خۆرئاوایی.

ب- **هەقیقەتە مرۆییەکان:** مەبەست لەم ئاستەی هەقیقەت بریتییە لەبەهای بوونی مرۆیی لەژیاندا، کە مرۆڤ خاوەن بەهایەکی باڵایە لە ژیاندا و خودی مرۆڤ سەروەری گەردوونە، ئەم هەقیقەتە هەقیقەتێکی گەردونییە و ناکرێت وەك شوناسی گوتارێك بخوێنرێتەوە

**ئاستی سێیەم: هەقیقەت وەك گەمەیەکی ئایدیۆلۆژی:**

ئەم ئاستەی هەقیقەت بریتییە لە کۆی ئەو چەند گوتار و وێناکردنانەی کە ئێمە لە بەرانبەر مەرامە سیاسی و ئایدیۆلۆژییەکانماندا ناویان دەنێین هەقیقەت، هەقیقەت لەم ئاستەدا گوناهترین و دەستەمۆترین وشەیە، هەموو

ڕەوتێك یان گوتارێك دێتە ئاراوە خۆی بە ئارایشتی هەقیقەت دەرازێنێتەوە، بەناوی هەقیقەتەوە خۆی دەخاتە بازاڕەوە، ئیدی هەقیقەت دەکەوێتە نێو گەمە ئایدیۆلۆژییەکانەوە، بەمانایەکی تر وەهمێك بەرهەم دەهێنرێت ناودەنرێتە هەقیقەت، پێویستییە ئایدیۆلۆژییەکان بەرهەمدەهێنرێن و شوناسی هەقیقەتیان بە بەردا دەکرێت، لێرەوە لەسەرجەمی مێژوودا هێزە توتالیتاری و ئایدیۆلۆژییەکان بە ناوی هەقیقەتەوە کاریان کردوە، فاشیترین و توتالیتاریترین هێز لە مێژوودا بانگەشەی ڕەوایەتی و هەقانیەتی خۆی کردوە، لەم سەردەمەدا هەریەك لە فاشیزم و نازیزم پاساوی فیکری و ئایدیۆلۆژییان بۆ کارەکانیان هەبوەو، هەموو ئەو پاساوانەشیان وەك هەقیقەتێك نیشانداوە، بێگومان لە پشت ئەم پرۆسەیەوە چەندین دەنگی ڕوناکبیری وەستاون کە بەردەوام ویستویانە بانگەشەی هەقیقەت بۆ ئەو تێز و گوتارانە بکەن، بەمپێیە ترسناکی ئەو دەنگە ڕوناکبیرییەی کە گوتارێکی ئایدیۆلۆژی وەك هەقیقەت دەناسێنێت لە ترسناکی خودی گوتارە ئایدیۆلۆژییەکە کەمتر نییە، لەم ئاستەدا هەریەك لە ڕوناکبیر و ئایدیۆلۆژیست بە یەك ئەندازە هەوڵی قۆرخکردنی هەقیقەت ئەدەن و، بە هەموشیان ترسناکترین بەرەنجام دەخەنەوە، لەم ئاستەدا ڕوناکبیر بەرپرسیارێتییەکی گەورەی دەکەوێتە ئەستۆ لە تێکڕای ئەو کارەساتانەی کە هێزە توتالیتاری و هێزە ئایدیۆلۆژییەکان بەسەر مرۆڤایەتیدا هێناویانە، چونکە ڕوناکبیر خەریکی ئارایشتکردنی دەموچاوی ئایدیۆلۆژیاکان بوون بە ڕەنگ و بۆنی هەقیقەت، بۆ ئەوەی ڕوناکبیر بەهای خۆی ون نەکات و ڕۆڵێکی پۆزەتیف ببینێت پێویستە باس لە بێ مەعنایی ئەو هەوڵە بکات کە ئایدیۆلۆژیا دەیدا بۆ قۆرخکردن و خۆ ڕازاندنەوە بە ئارایشتی هەقیقەت.

# تەئویل و کەلتوور

ئەگەر خەونی پڕۆژەی کەلتووری خەونی گوێزانەوەی ماناکانی خودی ئەو کەلتوورە بێت بۆ زەمەنەکانی هەنووکە، ئەوا کردەی تەئویل لەبەردەم کەلتووردا هەوڵدانە بۆ خولقاندنی دابڕان لە نێوان مانا کلاسیکییەکانی کەلتوور و، بەرهەمهێنانی مانای نوێ لە هەمان کەلتوور، تەئویل میکانیزمێکە بۆ سەرلەنوێ خوێندنەوەی کەلتوور و کردنی بە بەشێك لە پڕۆژەی سەردەم، تەئویل دێت لە دیدگایەکی تەئویلییەوە تێزە کەلتوورییەکان دەخوێنێتەوە، تەئویل ڕێگەیەکە بۆ دیاریکردنی پەیوەندییە زەمەنییەکانی ناو کەلتوور، لە ڕاستیدا ڕێکخستنی ڕستی زەمەنی کەلتوور بەهایەکی گرنگی هەیە بۆ مەرامە ژیارییەکان و بە چەندین ئاڕاستەی جیاوازدا تەفسیر دەکرێت، زۆربەی گوتارە ئایدیۆلۆژییەکان و هێزە جیاوازەکان کەلتووری خۆیان لەناو ڕستێك زەمەنی مێژووی ئەوتۆدا دادەنێن کە خزمەت بە ڕەهەندی ئایدیۆلۆژی و بگرە سیاسیان بکات، گوتاری زۆربەی بزووتنەوە ناسیۆنالیستییەکان لە دروستکردنی مێژوو بۆ نەتەوە ڕاوەستاوە، کەدروستکردنی ئەم مێژوە بۆ نەتەوە لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ مامەڵەی تەئویلیانەی مرۆڤ لەگەڵ کەلتوور و مێژوودا و ڕێکخستنیان لەناو ڕستێك لە زەمەندا کە ئەم ڕێکخستنە ڕەنگدانەوەی پێداویستییەکانی هێزێك یان گوتارێکی دیاریکراوە.

تەئویل کردەیەکە هەمیشە لەپرۆسەی خوێندنەوەی کەلتووردا چەمکەکانی ئێستا لەگەڵ خۆی هەڵدەگرێت، بەمەش تەئویل بە ئێستاوە دەگەڕێتەوە ناو کەلتوور، بەمەش کەلتوور دەکاتە توخمێکی کارا لە پرۆسەی خولقاندنی ژیاردا، واتە کەلتوور لەوە دەردەچێت هەلگری دید و مانای رابردوو بێت، بەڵکو دەبێتە توخمێکی کارا لە بونیادنانی پڕۆژەی سیاسی و روناکبیری هاوچەرخ، بەمەش کەلتوور و بەرهەمە دێرینەکان بەشدارییان دەبێت لە بونیادنانی ئێستادا، ژیارو

هزری هاوچەرخی خۆرئاوای لەسەر بەرهەمە عەقڵانی و دەسکەوتەکانی یۆنـان و سـەردەمی رۆشـنگەری بونیـاد نـراوە، لـەم روانگەیـەوە ئاوڕدانەوەیـەکی گـرنگ و زانـستی لـە خۆرئـاوادا بـۆ کـەلتووری خۆیـان لـە ئارادایـە، بگـرە کـەلتووری سـەردەمەکانی رێنیـسانس و رۆشـنگەری کێڵگەیـەکی هـەرە گرنگـی توێژینـەوەن، ئەمە بۆ بردنی ماناکانی ئێستایە بـۆ نـاو مێـژوو کـەلتوور نـەك بـە پێچەوانەوە گوێزانەوەی ماناکانی کەلتوور بۆ ئێستا.

ئەگـەر لـەم روانگەیـەوە سـەرنجی بـوونی فیکـری و ژیـاری جیهـانی ئیـسلامی بـدەین دەبیـنین لـە قـەیرانێکی گـەورەدان، جیهـانی ئیـسلامی خـاوەن کـەلتوورو بەرهـەمێکی مێـژوویی فراوانـە، بـەڵام کێشەکە ئەمەیـە لـە بـاتی ئـەم خەزێنـەو کـــەلتووره دەوڵەمەنـــده ببێتـــە هـــۆی دروســـتکردنی دابڕانـــی ئەبـــستمیو بەرهەمهێنانی گوتاری نوێ و هزری نوێ، کەچی خودی ئەم خەزێنە و کـەلتووره بەردەوام دەیەوێ ماناکانی خـۆی لـە خەزێنـەوە، لـە کـەلتوورەوە بگوێزێتـەوە بـۆ بـەگوتاربوون لـە ئێـستادا، واتـە ئـەو کـەلتووره دەیـەوێت پانتـایی گوتـار و تێـزە هاوچـەرخەکان قـۆرخ بکـات، ئەمــەش بــەرەنجامی کارانــەبوونی خوێندنــەوەو مامەڵـەی تـەئویلی و رەخنـەیی و زانـستییە لەگـەڵ کـەلتووردا، هەڵبەتـە ئـەو خوێندنەوەو تەئویلەش بە پشتبەستن بە میتۆدی زانـستی رەخنـەیی هاوچـەرخ، ئـەنجامی دروسـت نـەبوونی عـەقڵێکی رەخنـەیی زانـستییە کـە ئـاوڕ لـە کـەلتوور بداتەوە، عەقڵێك خۆی لە دەرەوەی تێزە کەلتوورییەکانـەوەو لەسـەر بنەمایـەکی زانستی خۆی پەروەردە کردبێت.

ئەمڕۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کەلتوور لە هزری ئیسلامیدا لە دوو ئاستدا بەرێوە ئەچێت:

**یەکەمیان:** تەسلیمبوون بە کەلتوور و کارکردن و بەرهەمهێنانی مانا لـە نێـو بونیـادە کـەلتووری و مێژوییـەکان، ئـەم کارکردنـە نوسـتنە لـە ژێـر سـێبەری وێناکردنـە مێژوییـە تەقدیـسکراوەکان، ئـەم ئاسـتەی کـارکردن لـەدوا ئەنجامـدا

بریتییە لە کوشتنی ئێستا و، دادگایکردنی عەقڵی هاوچەرخ لە زیندانەکانی مێژوودا، بەمەش عەقڵی هاوچەرخ ماناکانی  هاوچەرخبوونی خۆی دەدۆڕێنێت و دەبێتە بەشێکی جیانەبوە لە مێژوو، بۆ تەفسیرکردنی ئێستا رابردوو دەکات بە مەرجەع، بۆ بینینی کێشەکانی ئەمڕۆ چاویلکەی دوێنێ لەچاو دەکات، لەنێو کەلتوور و مێژوودا بیردەکاتەوە، بەداخەوە ئەم جۆرە لە مامەڵەکردن لەگەڵ کەلتووردا لە جیهان و عەقڵی ئیسلامیدا جۆرێکی هەرە زاڵە و، ئەگەر نەڵێم بەتەواوی ئەتوانم بڵێم بەشی هەرە فراوانی عەقڵی ئیسلامی کۆنترۆڵکردوە، کەلتوور بەناوی مەزهەب و فتواو جۆرەها شکلی دیکەوە عەقڵی مسوڵمانی کۆنترۆڵکردوە.

**ئاستی دووەم:** بریتیە لە مامەڵەی تەئویلی لەگەڵ کەلتووردا و پشت بەستن بە میتۆدی زانستی و رەخنەیی هاوچەرخ، ئەم تەرحە دەیەوێت پێداچوونەوەیەکی رەخنەیی و زانستی سەراپاگیر بکات بە سیستمە مێژویی و کەلتوورییەکاندا، دەیەوێ ئەو خەزێنە گەورەیەی کەلتوور بپشکنێت و چرکە زێڕین و پرشنگدارەکانی کەلتوور لەچرکە ئەرسەدۆکسی و تەقلیدییەکان جیا بکاتەوە، بەمەش ئەم ئاستە دەیەوێ بە دیدێکی رەخنەیی و زانستییەوە بگەڕێتەوە بۆ کەلتوور، بەڵام بەداخەوە ئەم ئاستەی کارکردن لە سنووری چەند نوخبە و کاری چەند دەزگا و دامەزراوەیەك تێناپەڕێت.

## ئەفسانە و ئایدیۆلۆژیا.... ئەفسانە و دەسەڵات

بەرلــەوەی بــاس لــە ئەفــسانە بکــەین پێویــستە ئــەوە روون بکەینــەوە کــە مەبەستمان چییە لە ئەفسانە؟ یان ئێمـە ئەفـسانە بـە چ مانایـەك دەبیـنین؟ مـن ئەفسانەم بە مانا کلاسیکییەکان بەکار نـەهێناوە، لـە هـزری کلاسـیکیدا ئەفـسانە بریتییـــە لـــە کۆمەڵـــە خورافیـــات و چـــیرۆکگەلێك(٤٠) وە بـــەو مانـــا ئەنسرۆپۆلۆژییەش بەکارمان نەهێناوە کە پێیوایە چیرۆکێکی رەمزییە گوزارشتە لـە فەلـسەفەیەکی کامـڵ بـۆ سـەردەمی خـۆی، یـان چـیرۆکێکی مەجازییـە و لـە قوڵاییەکانیـدا ماناکـانی رۆشـنبیری تێدایـە، یـان ئـەو تێـزەی پێیوایـە ئەفـسانە رەمـزە بـۆ ئـارەزوو و غـەریزەی هەڵچوونە دەروونییـەکان(٤١) مـن ئەفـسانە بـەو مانایـە بـەکاردەهێنم کـە بریتییـە لەهۆشـیارییەك کـە لـەناو ئـەم هۆشـیارییەدا خورافەیەك باڵادەستە، ئەفسانە ئەو حاڵەتەیە کە خورافەیەك دێت و لـە فـۆرمی هۆشیارییەکدا ( هەنـدێك جار هۆشـیارییەکی لۆژیکیش) خـۆی بەسـەر چـەمکی پەیوەندییەکانـــەوە کـــارا دەکـــات، رەنگـــی خـــۆی بەســـەر جەســـتەی بونیـــادە جۆراوجۆرەکاندا دەرێژێت، واتە ئەگەر خورافە خۆی وەك بـوونێکی بـێ بنـەما و بـێ هۆشـیاری ئاشـکرابکات نابێتـە ئەفـسانە، بـوونی هـیچ ئەفـسانەیەکیش بـێ جۆرێـك لـە هۆشـیاری مـومکین نییـە، بـۆ زیـاتر روونکردنـەوەی مەبەسـتم لـە ئەفسانە نموونەیەك دەهێنمەوە:

گوتـاری سـەنتەریزمی خۆرئـاوایی گوتـارێکی خۆرئاواییـە و جەوهـەری ئـەم گوتـارە بـە سـەنتەرکردنی ژیـاری خۆرئاوایـە، واتـە روانینـە بـۆ خۆرئـاوا وەك نموونەی هەرە باڵای ژیارەکان، بە پێچەوانەوە روانینە بـۆ کۆمـەڵگاکانی دەرەوەی رۆژئاوا وەك کۆمـەڵگای سـەرەتایی و پـەراوێز، وەك کۆمەڵـە مرۆڤێکـی بەربـەری، ئـەم گوتـارە نـاوەرۆکێکی خـوراقی هەیـە بـەڵام ئـەم خورافەیـە لـە فـۆرمی هۆشــیارییەکدا ( تارادەیــەك هۆشــیارییەکی لــۆژیکیش) کاردەکــات، بەدرێــژایی

چەندین سەدە چەندین بیریاری گەورەی خۆرئاوا لەهەوڵی بە هۆشیاریکردنی ئەو خورافەیەدا بوە، چەندین پاساوی زانستی و فکری بۆ هێنراوەتەوە، ئەم هۆشیاریەش لە نێوەندی خۆرئاوایدا کاریگەرییەکی فراوانی هەبوە، لێرەوە دەگونجێت بڵێین سەنتەریزم ئەفسانەیە

بەدرێژایی مێژوو پەیوەندییەکی بەیەکداچووی ئاڵۆز لەنێوان ئەفسانە و ئایدیۆلۆژیا، ئەفسانە و دەسەڵاتدا هەبوە، هەموو ئەفسانەیەك ئایدیۆلۆژیای خۆی هەیە، ئایدیۆلۆژیا لە جەوهەری خۆیدا جۆرێکە لە ئەفسانە، ئەفسانە کردەیەکە لە هەناوی ئایدیۆلۆژیاوە دێتە دەرێ، خودی ئایدیۆلۆژیاش جەوهەری ئەفسانەیە، ئەفسانە لە هەوڵی فراوانکردنی رووبەرە جۆراوجۆرەکاندایە بۆ تێزەکانی ئایدیۆلۆژیا، ئایدیۆلۆژیاش ماناکانی خۆی لەسەر ئەفسانە دروستدەکات، دواجاریش خەونی ئەفسانە و ئایدیۆلۆژیا لە یەك خاڵدا دەبنەوە بەیەك، خاڵێك کە تێیدا دەسەڵات رادەوەستێ و لە ماناکانی جەستەی خۆی رادەمێنێ، دەسەڵات بە کیبریائێکی بێ سنورەوە لە ئیرادەی خۆی دەڕوانێت، دەیەوێ هەموو رووبەرەکان کۆنترۆڵ بکات، بەواتا دەیەوێت هەموو رووبەرەکان بکات بە یەك رووبەر، روانینەکان بکات بە یەك روانین، لێرەوە دەسەڵات ئایدیۆلۆژیا ئیفراز دەکات بۆ خولقاندنی ئەفسانە، ئایدیۆلۆژیا ئەفسانەی دەسەڵاتە، ئەفسانەش رۆحی ئایدیۆلۆژیایە، بەم مانایە ئەفسانە بریتییە لە ئەفسانەیەك لەناو ئەفسانەدا یان لە پشت هەر ئەفسانەیەکەوە ئەفسانەیەکی گەورەتر هەیە، ئەگەرچی ئایدیۆلۆژیا ئەفسانە خەلقدەکات بەڵام خەونی ئەفسانە لەخەونی ئایدیۆلۆژیا قوڵترە و رووبەرەکەشی لە رووبەری ئایدیۆلۆژیا بەرینترە، ئەگەر ئایدیۆلۆژیا بۆ خۆی گوتاری دەسەڵات بێت ئەوا ئەفسانە ئەو گوتارە دەباتە نێو کایە جۆراوجۆرە سیاسی و کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکانەوە، ئەگەر ئایدیۆلۆژیا خەریکی داپۆشینی عەیبەکانی دەسەڵات بێت، ئەوا ئەفسانە خودی ئەو عیبانە دەکاتە گوتارێکی گەردوونی، ئەگەر بەمەرگی دەسەڵات

ئایـدیۆلۆژیای دەسـەڵاتیش بمرێـت، ئـەوا ئەفـسانە شوناسـی ئـەو دەسـەڵاتە بـۆ زەمـەنێکی دوورتـر و درێـژتر بـە زینـدویی دەهێڵێتـەوە، ئەگـەر ئایـدیۆلۆژیا ماناکانی دەسەڵات لای نوخبەیەکی دیاریکراو تـۆخ بکاتـەوە ئـەوا ئەفسانە مانـا و مەغزاکانی دەسەڵات دەکاتە هۆشیارییەکی کۆمەڵایەتی، بەمەش وێنەی دەسـەڵات دەخاتـە نـاو هۆشـیاری تاکەکانـەوە، لێرەوە یـەکێك لـە گـرنگترین خەسـڵەتەکانی ئەفـسانە ئەوەیـە  کـە ئەفـسانە بـوونێکی جـەماوەری هەیـە، لـەم روانگەیـەوە شۆڕشـەکان، دەسـەڵاتەکان هەمیـشە دەیانـەوێت پەیوەندییـەکی تۆکمـە لەگـەڵ ئەفسانە دابمەزرێنن، هیچ شۆڕشێك، هیچ دەسـەڵاتێك نییـە بتوانێـت بـێ بـوونی ئەفسانە ماناکانی خۆی تۆخ بکاتەوە، دەسەڵات خەریکی دروستکردنی ئەفسانەیە، لە دیدگای تێژە ئەفسانەییەکانییەوە دنیا دەخوێنێتەوە.

ئـەوەی لەسـەرەوە رونمـان کـردوە چـەند هێڵێکـی سـەرەکی پەیوەندییـەکانی ئەفسانە و ئایدیۆلۆژیا و دەسەڵات بوون بە گشتی، بەڵام داخۆ چۆن بتوانین قسە لەسەر دەسەڵات و ئەفـسانە و ئایـدیۆلۆژیا بکـەین لـە کـەلتووری ئیـسلامیدا ؟ لـە کاتێکـدا دەسـەڵات لـە مێـژووی ئیـسلامیدا خـاوەنی خەسـڵەت و تایبەتمەنـدی خۆیەتی، ئەفسانەی دەسەڵات لە ئیسلامدا جیایە لەئەفسانەی دەسـەڵاتەکانی تـر، ئەو رۆڵەی ئەفسانەی دەسەڵاتی ئایینی دەیبینێت جیاوازە لەو رۆڵەی ئەفـسانەی دەسەڵاتەکانی دیکە دەیبینێت، دەسەڵات لە مێژووی ئیـسلامیدا دەسـەڵاتێك بـوە هەمیشە لە دەقەکانەوە ئەفسانەی بەرهەمهێناوە، لەوێشەوە رەوایـەتی و پـیرۆزی بـەو ئەفـسانەیە بەخـشیوە، دوا ئـەنجامیش خـودی ئـەو ئەفـسانەیەی کردۆتـە میکانیزمێـك بـۆ بەرهـەمهێنانی مانـا، واتـە ئەفـسانە وەك یـەکێك لـە میکانیزمەکانی بەرهەمهێنانی مانا لە دەق مامەڵەی لەگەڵکراوەو بۆتە سەرچاوە، لـەوەش ترسـناکتر خـودی ئـەو ئەفـسانەیەی کردۆتـە چوارچـێوەیەك بـۆ هـەر مامەڵەیـەکی تـەئویلی، لێـرەوە ئەفـسانە بەڕادەیـەکی فـراوان کاریگـەر بـوە لـە

خوێندنەوەی دەقدا، لەپشت کۆی ئەم پرۆسەیەشەوە بەرژەوەندییەکانی دەسەڵات و پیرۆزکردنی کارە نا پیرۆزەکانی دەسەڵات ئامادەیی هەبوە.

## سێیەم: کێشەی هزری ئایینی لەمەڕ مامەڵەکردن لەگەڵ چەمکەکانی( مێژوو- کەلتوور- گوتاردا)

هەوڵدان بۆ خوێندنەوەی سیستمی بیری مێژوویی ، هەوڵدانێکە لە لایەك بەناچاری لەبەردەم شەپۆلێکی پێکهاتەی تیۆری ئەبستمۆ-مێژوویی رامانده‌گرێت، چونکە ساتەوەختێك نییە لە دەرەوەی ئەم پێکهاتەیەدا دەروازەیەك هەبێت بۆ رامان لە ماهییەتی مێژوو، بۆ رامان لەسیستمی بیری مێژوویی، لەلایەکی دی دەمانخات بەسەر جەستەی مردووی ئەو پرسیار و تێزە ئایدیۆلۆژی و سیاسیانەی لەمێژوو دەکرێن، هەمیشە ئەم تێزانە وێنە حەقیقییەکانی ماهییەتی مێژوویی وندەکەن و، وێناکردنێکی سەیر بۆ بوونی مێژوویی دێننە ئاراوە، تا لەلایەك لەدیدگای ئەو پرۆسەی وێناکردنەوە بتوانێت وێناکردنێکی سیاسی و ئایدیۆلۆژی نوێ بۆ جیهان پێشنیار بکات، تاکو بەمەش بتوانێت ئامانجداربوون و واقیعی بوونی تێزەکانی خۆی بەرجەستەبکات، لەلایەکی دی هەوڵدانێکی جددی هەیە تا سەرجەم پرۆسە عەقڵی و لۆژیکییەکان بخاتە خزمەت ئەم وێناکردنەوە، ئیدی لەم ساتەوەختەدا زۆر سەختە بتوانین بابەتیانە دیدێکی ئەبستمۆ-زانستیانە بەرانبەر بیری مێژوویی دابمەزرێنین، چونکە دەمێکە بونیادی مێژوویی لەژێر رۆشنایی ئەم وێناکردنانەدا راڤەدەکرێت، رەنگە ئەمە یەکێك بێت لەقەیرانە گەورەکانی پرۆژەی روناکبیریمان لە ساتەوەختی موخاتەبەکردنمان لەگەڵ بیری مێژووییدا، بیرێك

که نەمانتوانیوە لە دەرەوەی بازنە سیاسی و ئایدیۆلۆژییەکاندا مامەڵەی لەگەڵدا بکەین، بەواتایەکی دی نەمانتوانیوە لە ناو ماهییەتی مێژوویدا کار لە ناو خودی ئەو ماهییەتەدا بکەین و تەفکیکی بونیادە جۆراوجۆرەکانی بکەین، تا هەموو پانتاییەکان بپشکنین، هەموو دوورگە تاریکەکان رۆشن بکەینەوە، بەڵکو هەمیشە دەمانەوێت بە کۆمەڵێك حوکمی پێشوەخت و پیشتر برپارلێدراو نەخشەی چەندین گوتاری سیاسی و ئایدیۆلۆژی لەسەر جەستەی مێژوو هەڵکۆڵین، هەنووکە پێویستمان بە پێداچوونەوەو تەفکیکی سیتمی بیریی مێژوویی هەیە.

ناکرێت لەدەرەوەی تەفکیکدا مانایەکی زانستی بە بوونی مێژوویی و کەلتووریمان ببەخشین، ناشکرێت لە دەرەوەی ئەم مانا زانستییەدا پرۆسەی بونیادنانەوە ئامادەیی هەبێت، بەمپێیە هاوکێشەی ( تەفکیك-مانادان-بونیادنان) هاوکێشەیەکی موتەکامیل و بەیەکداچوە، لەساتەوەختی غیابی ئەم هاوکێشەیەدا جگە جگە لە مامەڵەکردنێکی ئایدیۆلۆژی لەگەڵ مێژوودا شتێکی دیکە بوونی نابێت، ئەگەرچی ئەم مامەڵە ئایدیۆلۆژییەش سیستم و گوزارشتی تایبەتی خۆی هەیە، بەلام ئەم سیستم و گوزارشتەش لە باشترین حاڵەتیدا جگە لە بەگەڕخستنی پرۆسە عەقڵانییەکان لەخزمەتی ئایدیۆلۆژیادا شتێکی دیکە نییە، یەکێك لە کێشە دیارەکانی هزری ئیسلامی هاوچەرخ ئەوەیە کەتوانای دەربازبوونی نییە لەو تێگەیشتنە ئایدیۆلۆژییەی کە بۆ ژیان و مێژوو بەرهەمی هێناوە، بەڵکو دەخوازێت هەموو دیدێکی عەقڵانی و زانستی بخاتە خزمەت ئەم تێگەیشتن و وێناکردنە ئایدیۆلۆژییەی خۆییەوە، هزری ئیسلامی دەخوازێت مێژوو بکات بەپاشکۆی پرۆژەیەکی ئایدیۆلۆژی فەندەمینتال، زیاتر لەوەش دەخوازێت جۆرێك لەتەقدیس ببەخشێتە وێناکردن و تێزە ئایدیۆلۆژییەکانی خۆی، بەردەوامی ئەم دۆخ و ئیشکالە لەهزری ئیسلامی هاوچەرخدا سەرەتای تراژیدیایەکی گەورەیە، تراژیدیایەك کەهەموو پرۆژەیەکی رەخنەگرانە و تەفکیکیانە رەتدەکاتەوە، دەرگا دادەخات بەڕووی پشکنین و

هـــەڵگۆڵین ، بەمـــەش بوارنـــادات ئـــەوە زەوییانـــە بدۆزینـــەوە كـــە تائێـــستا كەشفنەكراون، ئەو نەزعە تەقدیسیەی كەگوتاری ئیسلامی لەمـەر رەهەنـدەكانی خوێندنەوەی مێـژوو كـەلتوور و دەق هەیـەتی خـۆی لەخۆیـدا بـوە بـەكۆمپانیای بەرهـەمهێنانی مـوفرەدەی دۆگمـا، موفرەدەیـەك كـەقابیلی پـشكنین و تـەفكیك نییـــە، هەڵبەتـــە گەڕانـــەوەمان بـــۆ شـــیكردنەوەی پرۆســـەی تەقدیـــسكردنی وێناكردنـەكان پێویـست دەكـات بگەڕێینـەوە بـۆ خوێندنـەوەی عـەقڵی سیاسـی ئیـــسلامی و تـــەفیككردنی بونیادەكـــانی ئـــەو عەقڵـــە، یـــان بـــە شـــێوەیەكی تـــر بگەڕێنەوە بۆ دەستنیشانكردن و خوێندنەوەی رادەی پەیوەنـدی و ئاڵۆزییـەكانی نێوان مەعریفـەی زهـنی و دەسـەڵات، چونكە یەكالاكردنـەوەی ئـەم پەیوەندییـە ئاڵۆز و گرنگە دەروازەیەكی ستراتیژیمان بۆ دەكاتەوە بـۆ تێگەیـشتن لەمەسـەلەی تەقدیـسكردن لـە سیـستمی بـیری مێژووییـدا، ئەگەرچـی ئـەركی ئێمـە لێـرەدا ئەوەندەی بریتییە لە تەفكیكی سیستمی بیریی مێژوویی و چۆنێتی مامەڵەكردن لەگەڵ كـەلتوور و مێـژوو و دەقـدا لـە هـزری ئیـسلامیدا و كەشـفكردنی بونیـادە پێكهاتوەكـانی ئـەو مامەڵەكردنـە و، دیـاریكردنی قەیرانـەكان لـە هەنووكـەدا، ئەوەنـدە بـریتی نییـە لـە شیكردنەوەی عـەقڵی سیاسـی ئیـسلامی و دیـاریكردنی ماهییـەتی ئـەو عەقڵـەو، پەیوەندیـداربوونی بـە پـرۆژە روناكبیرییـەكانی نـاو كەلتوورمانەوە، بەڵام ئاماژەش بەوە دەكەین كەخودی دەسەڵاتی سیاسی ئیسلامی بەڕێوەبـەری مەسـیرەی تەقدیـسكردنی وێناكردنـەكان بـوەو لـەم حاڵەتەشـدا سوودمەند بوە بە دوو خاڵی سەرەكی:

١- لەپـــشت هـــەموو تەقدیـــسێكەوە ملكەچـــییەك هەیـــە، لەپـــشت هـــەموو ملكەچییەكێـشەوە دەسـەڵاتێك راوەسـتاوە، دەسـەڵاتێك حـوكم دەكـا، دەسـەڵاتێك هێڵەكانی خۆی تۆخ دەكاتەوەو پارچەكانی جەستەی خۆی لەبەردەم ئاوێنەیـەكی گەورەكەردا نیشاندەدات، تەقدیسی وێناكردن و روئیاكان ئەو سیحرە مێژووییەی كە لەزێڕینترین لەحزەیدا جەماوەرێكی مێگەل و دۆگما دروستدەكات، جیهانێك

لەدەستەوسـانی و بێئیرادەیـی بەرهەمـدەهێنێت، سـوپایەك بـە تفـەنگی سەرکوتکردنی رەخنە تەیاردەکات، خودی ژیان بەتەلیـسمێکی موقەدەسـی دەسـت بۆ نـەبراو تەفـسیردەکات، ئیـدی ئـەوەی (مـن)ی نـاو ئـەم تەلیـسمە موقەدەسـە پێویستە بیکات تەنها ملکەچی و ستایشکردنە، ستایـشکردنی ئـەو وێناکردنانەیـە کە هەیمەنەخوازییـەکی رووت پیادەدەکەن، لێـرەدا مـن و منـەکانی نـاو کۆمـەڵگا دەبنە کارەکتەری سیناریۆیەکی سەیر، سیـناریۆیەك کەخـەریکی مەحکەمکردنی پایـەکانی دەسـەڵاتە، دەسـەڵاتی کلاسـیکی تاکڕەوانـە هەمیـشە بـۆ پتـەوکردنی جێپێکانی خۆی دەخوازێت ماهییەتی مرۆڤانەی مرۆڤەکان لـە بەرجەسـتەبوونی ئەو سینـاریۆیەدا تەعریف بکات، هەمیشە پێمان دەڵێت مرۆڤایەیتی ئێمە، بەهای ئێمە لەوەدایە کە ئەکتـەرێکی گوێڕایـەڵ بـین، خـودێکی کـارابین لەستایـشکردنی ئەفـسانە و موقەدەسـەکانی دەسـەڵاتدا، بۆیەشـە دەڵـێم ئەفـسانەکانی دەسـەڵات چونکە زۆربەی ئەفسانەکانی مێژووی ئێمە هەرخودی دەسەڵات بەهەمی هێنـاوە و، هەر خودی دەسەڵاتیش پیرۆزی پێبەخشیوە، بەواتا ئەوە مەعریفە نەبووە کە وێناکردنی نوێ بەرهەممبهێنێت و گومان لـەوێناکردنی پـێش خـۆی بکـات، بـەڵکو ئەوە هەر خودی دەسـەڵات خـۆی بـوە لـە فـۆرمێکی مەعریفیـدا وێنـەکانی خـۆی بەهەممهێناوەتـەوە، ئـەوە دەسـەڵات بـوە لەپـشت هێـزە مەعریفییەکانـەوە کـاری کردوەو جوڵاندوونی، ئەوەش ئاشکرا دەبێت کـە دەسـەڵات خـۆی نەخشەکێـشەری پەروەردەی تاکەکان بووە، پیادەکەری بـەها رەمزییـەکانی خـۆی بـووە لـە نەسـتی تاکەکانـدا، پتەوکـەری سـنوور و چوارچـێوە موقەدەسـەکان بـووە، چـونکە بەمـە دەتوانێت سەکۆی مانەوەی خۆی قایمبکات، هـیچ دەسـەڵاتێك نییـە بـۆ مانـەوەی خۆی ئیلهام لە پەروەردەی تاکەکانیەوە وەرنـەگرێت، ئـەو دەسـەڵاتەی کەخـەونی موتڵەقگەرایی و هەمیشەیی هەبێت ئەگەر لەدەرەوەی پـەروەردەی تاکەکانییـەوە بـوونی خـۆی دابمـەزرێنێت ئـەوا خـۆی بـە دەسـەڵاتێکی لـەرزۆك دەبینێـت، بەمـشێوەیە دەسـەڵات لـەبوونی مێـژوویی و کەلتووریـدا رۆڵێکـی بـاڵای هـەبوە

لەتەقدیسکردنی وێناکردنەکان و قەیرانێکی فرە ڕەهەندی بۆ سیستمی بیری مێژوویی و میتۆدی خوێندنەوەی مێژوو خولقاندوە.

٢- دوا خەونی دەسەڵاتی ئیسلامی لەمێژوودا بەتەنها لەوەدا بەرجەستە نابێت کە تەقدیسی وێناکردنەکانی خۆی بکات، کە ئارایشتی ڕەنگاوڕەنگ بۆ تێزە مەعریفییەکانی بکات، تالەوێوە دەسەڵات کۆدێتا بەسەر هۆشیاری تاکەکاندا بکات، بەڵکو دەسەڵات لە کەلتووری ئیسلامیدا ویستوێتی خودی خۆیشی تەقدیس بکات، چونکە خودی دەسەڵاتیش خۆی چییە جگە لەجۆرێك لەجۆرەکانی وێناکردن بۆجیهان، بەمشێوەیە وێناکردنەکان بە تەنها دەروازەیەك نین بۆ پەلهاویشتنی تێزەکانی دەسەڵات، بەڵکو خودی دەسەڵاتیش گرنگترین وێناکردنێکە کە پەرۆشی تەقدیسکردنە، بەمەش دەسەڵات نەك هەر بەشوێن دیاریکردنی شوناسی خۆیەوەیەتی بەڵکو دەیەوێت شوناسیش ببەخشێتە هەموو بوونەکانی دەرەوەی خۆی، لێرەوە هەموو پانتاییەکان کۆنترۆڵ دەکات، پڕۆژەی مەعریفی دەبێت بەگەمەیەك لەگەمەکانی ناو بازنەی دەسەڵات، ئیدی بەهەر لایەکدا بڕۆیت دەکەویتە نێو کۆمەڵێك ئاماژەی موقەدەسەوە، بەهەر لایەکدا بڕوانیت دەکەویتە ژێر سانسۆری جیهانێك لە ئەفسانە و وێنەی موقەدەسکراوی دەسەڵاتەوە، ئەم وێنە و ئەفسانانە لە ناوەڕۆکدا هیچ نین جگە لەشێوەیەك لە شێوەکانی پراکتیکی دەسەڵات، ئیدی جیهان بچووك دەبێتەوە بۆ بەینی پەنجەکانی سوڵتانێك، بۆ فتوای موجتەهیدێك، لەهەر شوێنێك بیت دەسەڵات لە نێو ڕۆحی فتوایەکدا کۆنترۆڵت دەکات، تێزەکانی مەعریفەش بە دوای ئەو شوناسی کۆنترۆڵکردنەدا دەگەڕێن، ئیدی لەم ساتەوەختەدا ترسناکی کایەیەکی مەعریفی هیچ کەمترنییە لەترسناکی پەنجەکانی سوڵتانێك، ئەو پەنجانەی تەنها ئاراستەکردنێکی بەسە بۆ خولقاندنی دەیان ئاماژەی موقەدەسکراو، بۆ تەکفیرکردنی هەزاران مرۆڤ، لەم دۆخەدا ترسناکی شیعری شاعیرێك هیچی کەمترنییە لەترسناکی شمشێری دەستی جەلادێك.

ڕەنگە ئەوەی گوتمان دەربارەی پرۆسە و نەخشەناوەکییەکانی خودی دەسەڵات بێت، بەمانا ئەو ستراتیژانە بێت کەدەسەڵات بۆ مانەوەو تۆکمەبوونی خودی خەونەکانی پیادەیدەکات لەواقعی کۆمەڵگادا، ئەوا لە ساتەوەختی بەریەککەوتن و دژ بوونی دەسەڵاتەکاندا پانتاییەکی فراوانترمان لەبەردەمدا والآدەبێت بۆ تێگەیشتن لە پرۆسەی تەقدیسی وێنەکان، بەرووی جیهانێکی تائەندازەیەك ڕووندا دەکرێینەوە، کە ئەو ڕوونییە بەسە بۆ لابردنی هەموو ئەو دەمامکە جۆراوجۆرە ئایینیانەی کە بۆ بەرژەوەندییەکانی دەسەڵات بەرهەمهێنراون، بەناوی ئایینەوە خۆیان بۆ سەردەمە جیاوازەکان دەگوێزنەوە، لە هەمانکاتدا لە هەنووکەدا قەیرانێکی قووڵ بۆ سیستمی بیری مێژووی دەخولقێنن.

مێژووی کێشەی دەسەڵاتەکان لە کەلتووری ئیسلامیدا مێژووی پرۆژەی نەفیکردنەکانە ، مێژووی هەڵوەشاندنەوەی ئەو پرۆتۆکۆلانەیە کە پرۆژەکانی یەکدی دەپارێزن، ئەم جەنگەی دەسەڵات بەتەنها جەنگێکی سیاسی نییە، بەتەنها جەنگێك نییە لەهەوڵی مۆنۆپۆلیانەی دەسەڵاتدا بێت، بەڵکو ماناکانی خۆی قووڵدەکاتەوە بۆ ناو کایەمەعریفییەکان، جەنگ دێت و بە چەمك و موفردە ئایینییەکان خۆی ئارایشتدەکات، ئەم چەمکانە شەرعییەت دەبەخشنە نەفیکردنی بەرانبەر، وێناکردنی خۆی بۆ دنیا تەقدیس دەکات، بەمەش ئایینی نوێ دروستدەبێت، موعتەزیلە و ئەشعەری دەبنە ئایین، شیعە و سوننە بە دوو ئاراستە جیا ئایینی مەزهەبی دادەمەزرێنن، تەقدیس دەبەخشنە سونبول و ڕەمز و دەلالەتەکانی خۆیان، دەبێت ئاگاشمان لەوە بێت بەخشینی تەقدیس بە هەرچەمکێك بەتەنها پرۆسەی بەخشینی تەقدیس نییە بەو چەمکانە بەڵکو لە هەمانکاتدا سەندنەوەی تەقدیسە لەچەمکەکانی تر، بێ نموودکردنی ڕەمز و موفرەدەکانی بەرانبەرە، سەندنەوەی شوناسە لە هەموو ئەوانیدی و بەخشینی شوناسێکی ڕەهایە بەخۆم، ئەمەش خۆی بۆ خۆی نەفیکردنی ڕەهای هەموو ئەوانیدی دەگەیەنێت، لێرەوە جەنگی مەزهەبی لەهەموو جەنگێکی دیکە

ترسناكتر و درێژخایەنترە، بۆیەش ئەڵێم ترسناكتر چونكە ترسناكی ئەم جەنگە لەزیانە مادیو رۆحییەكاندا تەواونابێت، بەڵكو پتر لە تەقدیسكردنی موفرەدەكانی خۆی و بە مەزهەبكردنی ئاییندایە، بۆیەش ئەڵێم دریژخایەنتر چونكە ئەم جەنگە لەشێوەی ئایینێكی مەزهەبیدا لەسەردەمە نوێیەكاندا خۆی دووبارە دەكاتەوە، بەمشێوەیە لەناو بوونی مێژوویدا بە شێوەیەكی فراوان باڵادەستی وێناكردن بەسەر پرۆسەی عەقڵیدا بەرجەستە بووە، لەزۆربەی ساتەوەختەكانی مێژووی ئیسلامیدا عەقڵ ئەو رەنجبەرە بێكەسە بووە كە ئاغاكانی ئایدیۆلۆژیا و مەزهەب هەڵیانسوڕاندوە، واتە عەقڵ زۆر كەم توانیویەتی گومان لە حەقیقەتی مەزهەب و ئایدیۆلۆژیا و وێناكردنەكانیان بكات و، وێنەی نوێ بەرهەمبهێنێت، بەڵكو ئەوە خودی دەسەڵاتی وێناكردنی مەزهەب و ئایدۆلۆجیا دینییەكان بوە كە پانتاییەكی بۆ پرسیارەكانی عەقڵ نەهێشتۆتەوە، زاڵێتی گوتاری وێناكردنیش راستەوخۆ بە پرۆسەی تەقدیسكردنی وێناكردنەكانەوە پەیوەندیدارە، كە دەسەڵاتیش خودی ئەو پرۆسەیەی هێناوەتە گۆڕێ، بەمشێوەیە تێدەگەین خودی ناو مێژووی ئیسلامی خودێكە كەمتر توانیویەتی تەفكیكی بونیادە قەیراناوییەكانی خۆی بكات، كەمتر توانیویەتی پرسیار لەحەقیقەتی وێناكردنە ئایدیۆلۆژی و مەزهەبییەكان بكات، گومان لە دەرهاویشتە تیۆرییەكانی دەسەڵات بكات، خودێكە تێزەكانی خۆی لەنیشتیمانی فەرامۆشیدا نیشتەجێكردوە، بەمەش لە تێڕامانەكانی ئاییندە دابڕاوە، لە پرسیارە رەخنەییە جەوهەرییەكان داماڵڕاوە، بەدەر لەهەر پرۆژەیەكی رەخنەگرانەو بەوێناكردنێكی تەقدیسییەوە خۆی دەكات بەهەموو سەردەمە نوێیەكاندا، دێتە ناو كایەكانی رۆشنبیری هاوچەرخەوەو گوزارشت لەبوون و ماهییەتی خۆیدەكات، ئیدی لێرەوە سیستمی دەربڕین و روانینمان كەمتر هەڵگر و پیادەكەری دیدوتێزی هاوچەرخ دەبێت بۆ مەسەلە جەوهەرییەكانی هەنووكە، بەمپێیە دابڕانێكی مەعریفی لەنێوان گوتاری ئێستا و گوتاری مێژوویدا روندادت

و روینەداوە، دابڕان بەو مەعنایە نا کە بیرو گوتاری مێژوویی ڕەتبکرێتەوە، بەڵکو بەو مانایەی گوتار و تێزی هاوچەرخ بۆ سەردەمی نوێ بەرهەمبهێنن و ڕەنگدانەوەی پێداویستی مرۆڤی ئەمڕۆ و قۆناغی گەشەکردنی ئیستای کۆمەڵگا بێت، بەرهەمهێنانی هەر گوتارێکی هاوچەرخیش پەیوەندییەکی گرنگی بەڕەهەندی مێژووەوە هەیە، ڕەنگە لێرەدا پێبنێینە ناو پانتاییەکی گرنگەوە ئەویش پانتایی پەیوەندییەکانی گوتار و مێژووە، مێژوو بونیادێك نییە لەپەراوێزی گوتارەکانی مێژوودا، بەڵکو خودی مێژوو ڕەگەزێکی باڵایە لەپرۆسەی فۆرمەلەکردنی سەنتەری گوتارەکاندا، واتە مێژوو بریتی نییە لەهەبوویەکی بەسەرچوو، بەڵکو ئەوە مێژووە بەشێکی گرنگی ماناکانی هەنووکە دیاریدەکات، بگرە لە زۆربەی گەلانی ڕۆژهەڵات و ئیسلامیدا ئێستا شتێك نییە جگە لە بەردەوامی و دووبارەکردنەوەی مێژوو، مێژوو لەپەیوەندییەکی تۆکمە و گرنگدایە لەگەڵ گوتاردا، هەموو جۆرە گوتارەکان بە ئاڕاستە و مانای جیاواز تێکەڵاوی مێژوون، لەم ساتەوەختەدا پەیوەندی گوتارەکان و مێژوو نەك هەر پەیوەندییەکی ئاڵۆز و بەیەکدا چووە، بگرە هەمیشە گوزارشت لەڕۆحی یەکتردەکەن، لەناو ڕۆحی یەکتردا بەدوای مانادا دەگەڕێن، مێژوو دەبێتە زەوییەکی نەکێڵراو هەموو گوتارەکان دەیکێڵن و کاری لەناودا دەکەن، دەتوانن تێزەکانی خۆیان لەناو زەوییە نەکێڵراوەکانی مێژوودا جێبکەنەوە، مێژوو ڕۆحێکی ڕەهایە بۆیە کەم پانتایی هەیە هێندەی مێژوو هێلانەیەکی ئاسوودە بێت بۆ گوتارەکان تا لەناویدا فۆرمەلە بن، بەمشێوەیە بوونی گوتارەکان هەمیشە گەڕانەوەیەکی مێژوویی پیادە دەکەن، گەڕانەوەی گوتارەکان بۆ ناو بوونی مێژوویی فرە گوتارییەکی وا بەرهەمدەهێنێت لە ناو سیستمی وێناکرنە ئایدیۆلۆژییەکاندا چەمکەکانی خۆیان ئارایشتدەکەن، خەونە پێشنیارکراوەکانی مێژوو دەکەنە خەونی حەقیقی خۆیان، هەربۆیە کەمتر ئەو گوتارانە دەتوانن بەرهەمهێنەری خەونی نوێ بن بۆ جیهان، بەڵکو توانستی دووبارەکردنەوەی

خەونەکانیان هەیە، بەڵام دەکرێ لێرەدا بپرسین گوتاری ئیسلامی ئەکەوێتە کوێی ئەم پرۆسەیە؟ لە کوێی پەیوەندییە مێژووییەکاندایە؟ دەکرێت سەرەتا ئاماژە بەوە بکەین کە خودی دەقی ئایینی پەیوەندییەکی دامەزراوی لەگەڵ بوونی مێژوویدا هەیە، بەڵام ئەو پەیوەندییە بریتی نییە لە گوێزانەوەی وێناکردنە مێژووییەکان بۆ زەمەنی هەنووکە، بریتی نییە لەگەڕانەوە بۆ ناو پێگەیەکی مێژوویی و بۆ ناو تێزە مردووەکانی، بەڵکو راستەوخۆ بەگەرخستنی بوونە مێژووییەکانە بۆ گۆڕین و نوێکردنەوەی پەیوەندی هۆشیاری مرۆڤ بە دنیاوە، بەرهەمهێنانی پڕۆژەیەکی رەخنەگرانەی ئازادە، تەعریفکردنی رەخنەیە بە سروشتی عەقڵ.

ئیدی لێرەوە دەق رۆڵی دەبێت لەگۆڕین و بەشداریکردن لەژیانی واقیع و دنیادا، دەقیش خۆی چییە جگە لەکۆمەڵێك تێکستی سیمۆلۆژی، کۆمەڵە دەقێك کە مامەڵەیەکی سیمیائیانە لەگەڵ سیستمە مێژووییەکاندا دەکات، بەم پێیە مەوداکانی روانین لە پێکهاتەی مێژوویی فراوان دەبێت، مەوداکانی تەئویل و سیستمی بیرکردنەوە و تەئەمول بەرانبەر تێکستەکان فراون دەبێت، هەر ئەمەش وادەکات دەق لە هەموو سەردەمێکدا بواری ئەوەی هەبێت بەشداری ژیانی گشتی بکات و بە ئاراستەی جیاوازدا تەئویل بکرێت، بەڵام گوتاری ئیسلامی هەمیشە دەگەڕێتەوە ناو مێژوو، دەیەوێت لە مێژووە شەرعییەت وەربگرێت، بەکەرەستەکانی مێژوو بوون و مانەوەی خۆی گەشە پێبدات و، خەڵکیش لەدەوری تێزێك کۆ دەکاتەوە کە هیچ بەهایەکی سەردەمی نییە و، وەڵام نییە بۆ پێداویستییەکانی ژیانی ئەمرۆ، پێویستە ئەم گوتارە قەیراناوییە بخەینە ژێر پرسیارەوەو گومان لە تێز و بەهاکانی بکەین، گومان لە دەمامك و ئارایشتەکانی بکەین، ئەوە نیشانبدەین ئەم گوتارە بەرپرسی سەدان کارەساتی مێژوویی گەورەیە، بەرپرسیکی گەورەی کوشتنی ئازادی و عەقڵانییەتە لە جیهانی ئێمەدا، چونکە هەر خودی ئەم گوتارەیە بوە بە دەزگای

بەرهەمهێنانەوەی مێژوو، دیدی ئێمەی بەرانبەر بە مێـژوو وابنیادنـاوە کـەخاڵی بێت لەهەرچەشـنە بەهایـەکی ئەبـستمی و رەخنـەیی، بـەڵکو بەرانبـەر بەمێـژوو رۆڵی ملکەچی ببینین و مێژوو وەك پێداویستییەکی ئایدیۆلۆژی تەماشا بکـەین، بەم شێویە سیستمی بیری مێژووی ئێمە سیستمێکە ناتوانێت بـێ بـەری بێـت لـە بەرهەمهێنانی وێنە مێژووییەکان، ناتوانێت گومان لە پارچەکانی جەسـتەی ئـەو وێناکردنە تەقدیسکراوانە بکات کە بەشی هـەرە فراوانـی بیرکردنـەوەی مێـژووی تاکی مسوڵمانی داگیرکردوە، ئەگەر ئەمە جەمسەرێکی قـەیرانی بیریـی مێـژوویی بێت ئەوا جەمسەرێکی دیکەی شکستی دەزگا و سیـستمە فیکرییـەکانی ئێمەیـە ، کە بریتییە لەنەتوانینی بەگەڕخستنی دیدی رەخنەگرانە بەرانبەر بیری میژویی و بونیادی کەلتووریمان، تابتوانین پێداچونەوەیەکی رەخنەگرانـە بـە کـەلتوور و مێـژوودا بکـەین‌و نوێکردنـەوەی میتـۆدی خوێندنـەوەو مامەڵـەکردنمان لەگـەڵ مێژوودا بکەینە توخمێك لەتوخمەکانی پـڕۆژەی تازەگـەری ئـەمڕۆمان، بـەبڕوای من لەهەنووکەدا بۆ وەڵامدانەوەمان بە تێزە نوێیەکان و بۆ رۆشنکردنەوەی ئـەو پانتاییە تاریکانەی لـە جەسـتەی ئێمەدایـە، یـان لـە ساتەوەختی مامەڵـەکردنمان لەگەڵ تێزە نوێیەکاندا دەکەوینە بەردەم دوو رێگەی جیاواز:

**یەکـــەمیان:** بەرهـــەمهێنانی پـــڕۆژەی تازەگـــەری لەئـــەنجامی نوێکردنـــەوەی میتۆدی مامەڵەکردن لەگەڵ دەقەکاندا، لە هەمانکاتیشدا تەفکیك کردنـی هـەموو بونیـادە مێـژوویی و کەلتووریيـەکانمان، بەگەرخـستنی تێـزە ئەنـسرۆپۆلۆژی و سۆسیۆلۆژی و فیلۆلۆژییەکان لەداڕشتنی تێڕامان و تێزەکانی دنیابینیمانـدا، ئـەم ساتەوەختە بریتیە لە خودی ئەو ساتەوەختەی کە ئێمـە دێینـە نـاو جیهانـەوە، ئێمـە دەتـوانین لـە ئاگاییـەکی نەپساوەدا موخاتەبـەی مـوفرەدە نوێیـەکانی دنیـا بکـەین، لـەناو پانتاییـە نـا مەئلوفـەکانی فیکـردا کاربکـەین، لێـرەدا فیکـر دەبێـت بـەجدیترین پرۆسەی ژیـانی بەشـەری، بـەهاکانی عـەقڵ بەشوناسـێکی رەسـەنەوە مێژووی خۆیان پیادە دەکەن، ئیدی ئێمـە دەتـوانین دنیـا وەك حەقیقـەتی خـۆی

ببینین، خودی خۆشمان له بوونەوەرێکی نا کاراوە بگۆڕین بۆ بوونـەوەرێکی کـارا و بەشدار له بونیادنانەوە ژیار و شارستانییەت و عەقڵدا.

**دووەمیـان:** گەڕانـەوەمان بـۆ کـەلتوور و مێـژوو، خولانـەوەمان لـە نێـو بازنـەی تەعالیمـەکانی کـەلتوور و وێناکردنـە تەقدیـسکراوەکاندا، بـە مانـا گەڕانـەوە بـۆ ناومەرجەعیەتە پیرۆزکراوەکانی مێژوو، ئەمـەش لەماهییـەتی خۆیـدا داخزانـی روانـینی تیڕامـانی ئێمەیـە بـەڕووی وێنـە حەقیقیـەکانی جیهانـداو والآبوونمانـە بەڕووی جیهانێکدا کە لێواولێوە لەوەهمی جوان، لێوان لێوە لـەئارامی و دڵنیـایی، چـونکە ئەمـە بریتییـە لەتەسـلیم بـوون بەمەرجەعیەتـە مێژووییـەکان، لـە نـاو هەموو تەسلیم بونێك بەو مەرجەعیتە مێژووییانە دڵنیایی هەیە نـەك گومـان، وەڵام هەیە نەك پرسیار، بێدەنگی هەیە نەك رەخنە، وێناکردنی تەقدیسی هەیە نەك رەخنەی تـەفکیکی ، مـردن هەیـە نـەك خـەون، بەمـەش توشـی داخزانێکـی گەورە دەبین لەجیهان، ئیدی ئێمە نەوەیـەکی نـوێ نـین‌و لـە سـەردەمێکی نوێـدا نـاژین، بـەڵکو هـەمان نـەوە مێژوویـیـەکانین و لەسـەردەمێکی جیـاوازدا هـەمان وێنــەی مێــژوویی بەرهەمدەهێنینــەوە، هــەمان گوتــار بونیــاد دەنێینــەوە، بەمــشێوەیە خولانــەوە لــەنێو بــوونی تەعالیمــە مێــژوویی و کەلتووریـیــەکان تراژیدیایـەیکی گـەورە دەخولقێنێـت و پـرۆژەی ژیاریمـان لـە بـەها ئەبـستمی و رەخنەییــەکان خــاڵی دەکاتــەوە، ( لێــرە هەڵەیــە ئەگــەر خوێنــەری ئــەم لێکۆڵینەوەیە وا  تێبگات کەئێمە دەمانەوێت لەبەهای بوونی ژیـاری و کـەلتووری کەمبکەینەوە یان سووکی بکەین، نا بەڵکو بە پێچەوانەوە دەمانەوێ ئەو بەهایـە بخەینــەوە شـوێنی راسـتەقینەی خـۆی و بەشـێوازی زانـستی و بـەمیتۆدی نـوێ مامەڵەی لەگەڵدا بکەین تا لایەنە پۆزەتیڤەکانی خزمەت بە رۆژگاری ئـەمڕۆمان بکەن و لایەنە نێگەتیفەکانشی وەلا بنرێن)

پەیوەندییــەکانی گوتــار و مێــژوو پەیوەندییــەکی ســەیرە، پەیوەندییــەکی ئەفـسوناوی و ئـاڵۆزە ، هەمیـشە لـە نـاو ماهییـەتی یەکتریـدا وێنـەکانی یەکـدی

نمایشدەکەن، لەناو رۆحی یەکتردا بەدوای مانادا دەگەڕێن، ئەگەر ئەم ئاوێزانـدن و پەیوەندییــە جەمــسەرێکی پەیوەندییــەکانی گوتــار و مێــژوو بێــت ئــەوا جەمسەرەکەی دیکە بەجەمسەربوونی خودی مێژووە لەبەرانبەر گوتارەکانـدا، واتە پێدەنێینە نـاو پانتـایی ئـەو نیـشتیمانەشەوە کە خودی مێژووش دەبێتـە گوتارێـك، خـودی مێـژووش بـە دوای مانـا حەقیقییـەکانی خۆیـدا دەگـەڕێت، فۆرمەلەبوونی مێژوو وەك گوتارێك بریتی نییە لەدابڕانی مێژوو لـەگوتارەکانی دی، بـەڵکو چـەندێك لـەناخی خـۆی فۆرمەلـەبێت هێنـدە دەچـێتە نـاو رۆحـی گوتارەکـان و ئاوێزانیـان دەبێـت، چـەندێکیش مێـژوو فۆرمەلـەبوونی خـۆی وەك جەستەیەك بدوڕێنێ هێندە مێژوو دەبێتە پانتاییەکی بەرین بـۆ تۆخکردنـەوەی مانای گوتارەکان.

مێژوو پرۆسەیەکی تێکشکێنەرە، بـەردەوام زۆربـەی وێنـەکان تێکدەشـکێنێت و بەشێوەیەکی جیـاواز لەوێنـەی یەکـەم وێنـەی نـوێ دروسـتدەکات، کـە ئـەم وێنـە تازانە هەڵگری چەمك و خەسڵەتی تایبەتی خۆیانن، رەنگە بەڕێگایەك لەڕێگاکان نەبێت نەچێتەوە سەر خەسڵەتی وێنە حەقیقییەکان، هەمیشە نـەوە نوێیـەکانی بەشەری دەکەونە بەردەم کۆمـەڵێك وێنـەی نـوێ، لـەنێو کۆمـەڵێك وێنـەی نـوێی ئارایشتکراودا دنیـا دەبیـنن، هـەر ئەمـەش وادەکات هەمیـشە باوکـەکانی مێـژوو، پاڵەوانەکانی مێژوو، وێنە حەقیقیـەکانی خۆیـان وون دەکـەن و دەبنـە ئەفسانە، دەبنە رەمز، دەبنە سمبول و دەلالەتی جیاواز، چەند ئەسـتەمە بەچـەند وەسـف و شێوازێکەوە بمانەوێت بگەینـە وێنـە حەقیقییـەکان، ئـەوەی ئێمـە لـە بەردەمیـدا رادەوەسـتین و لێیڕادەمێـنین وەهمـی وێنەکانـە، ئـەم وەهمانــەش لەپرۆسـە مێژووییەکاندا وەهمی نوێ دروستدەکەن، ئـەم گوتەیـەی ئێمـە ئـەوە ناگەیـەنێت کەهەموو وێنـەکانی مێـژوو لەهەنووکـەدا وەهـم بـن، بـەڵکو مەبەسـتمان ئەوەیـە جەخت لەسەر هێزی تێکشکێنەرانەی مێژوو بکەین، جەخت لەسەر ئەوە بکـەین کە وێنە حەقیقییەکانی ناو مێژوو لـە قوتبێکـەو، ئـەو وێنەیـەی لـە نـاو کتێبـە

مێژووییەکان هەیە لەقوتبێکی تر، جەخت لەسەر ئەوە بکەین کەمێژوو بەردەوام وێنەکان دەهاڕێت، ئەگەر ئێمە ئەو روئیایە پراکتیك بکەین بەسەر وێنە مێژووییەکاندا دەگەینە چی؟ پێویستە لەسەرمان وێنە موقەدەسەکانی ناو زیهنمان بەرانبەر بەم ئاوێنەیە رابگرین، تا لە رووپەرە زۆر پاکەکانی ئەم ئاوێنەیەدا قەبارەیەکی حەقیقی وێنەکان ببینین، بەڕاستی وێنە موقەدەسەکانی زیهنمان گوناهن چونکە دەمێکە ئەم ئاوێنەیەیان نەبینیوە، خودی مێژووی ئێمە دەمێکە وێنە حەقیقییەکانی و، وێنە وەهمییەکانی تێکلاو کردوە، لێرەدا پرسیاری گرنگ ئەوەیە: داخۆ وێنەی ئایین دەکەوێتە کوێی پرۆسەی تێکشکاندنی مێژووییەوە؟ ئەم وێنەیە لەم پرۆسەیەدا چی بەسەردێ؟ بۆ وەلامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویستە ئێمە جیاوازی بکەین لە نێوان دوو جۆر ئاییندا، یان دوو جۆر وێنەی ئایین دیاریبکەین:

١- **ئایین وەك وێنەیەکی مێژوویی:** ئەم جۆرە وێنەیە بریتییە لە قلێپوونەوەی ئایین بەهەموو پانتاییەکانییەوە، بەهەموو دەلالەتەکانییەوە بۆ ناو بونیادێکی مێژوویی، هەلقولانی ئایینە لەناو پرۆسە مێژووییەکانەوە، کردە مێژووییەکان دەبنە توخمێکی پێکهێنەر لەم ئایینەدا، تێکشکاندنی مێژوویی و رەهەندی مردن کاریگەرییەکی بەرفراوانی لەسەر ئەم ئایینە و دروستکردنی رەمز و پیرۆزییەکانی هەیە، چونکە هەمیشە مردن مرۆڤ دەکاتە ئەفسانە، دەکاتە رەمز، ئەم ئەفسانە و رەمزانە کاریگەرییەکی سیحراوییان لەسەر ئەم ئایینە و بوونی مێژوویی و ژیاری هەیە بەگشتی، هیچ ژیارێك نییە، هیچ شۆڕش و بزووتنەوەیەکی کۆمەلایەتی نییە بێبوونی کۆمەلێك ئەفسانە و رەمز بتوانێت ماناکانی خۆی جۆشبداتەوە، کاریگەر ئەفسانەی مردنی کەسێکی وەك جیڤارا لەناو شۆڕشەکانی جیهاندا چەندیین جار لەئامادەبوونی خودی جیڤارا زیاترە لەناو شۆڕشەکانی جیهاندا، بۆیە جارێکی دی لەدوای مردنی مرۆڤ لەناو خودی ژیاندا ئەفسانەی مرۆڤ دەستپێدەکات، ئەم ئەفسانانە کاریگەری گەورەیان لەسەر

ئەم جۆرەی ئایین هەیە و دەبنە رەهەندێکی باڵا لەتەکوینکردنی پارچەکانی جەستەی ئەم ئایینەدا، ئەو ئەفسانەیەی مردنی عیسا بەرهەمیدێنێت بەسە بۆ ئەوەی خودی ئایینی عیسایی قلْپ بکاتەوە ناو بونیادی مێژوویی و ئایینی عیسا لە ئایینێکی خاوەن رەهەندی گەردونییەوە بکاتە ئایینێکی مێژوویی، ئیدی وێنەیەکی نوێی عیسا بەرهەمدێنن، پرۆسەی تێکشکاندنی مێژوویی خودی عیسا دەکاتە ئەفسانە، هەنووکە دەتوانین بڵێین وێنەی حەقیقی عیسا شتێکەو، ئەو وێنەیەی لەناو ئینجیلدایە شتێکی تر...

ئایینی مێژوویی بەتەنها ئەو ئایینانە نییە کە قلْپبۆتەوە ناو بونیادی مێژوویی، بەڵکو هەموو ئەو دیدو وێناکردنانەی تەقدیسکراون و بوونەتە مەرجەعیەتێك بۆ گەڕانەوەی مرۆڤ بۆخۆیان دەبنە ئایین، ئایینێکی مێژوویی، چەند تراژیدیاییەکی گەورەیە تەئویلەکانی ئایین بۆ خۆیان دەبنە ئایین، کاتێك مەزهەبەکان خۆیان بە ئایین دەناسێنن ئیدی هەموو ئەو مەزهەب و تەئویلانە دەبنە ئایینێکی مێژوویی، ئایینێك کەبەردەوام دەکەوێتە ناو پرۆسەی تێکشکاندنی مێژووییەوە، ئایینێك کەبوونی مێژوویی بەرهەمیدێنێتو غیابی هۆشیاری زەمینەی بۆ خۆشدەکات، لەم ئایینەدا هەرچی زیاترە رووبەری پرسیار و دیدی عەقڵانی رەخنەگرانە تەسکدەبێتەوە.

**٢- ئایین وەك گوتارێکی گەردوونی:**

ئەم جۆرەی ئایین راستەوخۆ بریتیە لەخودی گوتاری گەردوونی، بەهای گوتاری گەردونی بەهایەکە لەسەروو هەموو پێکهاتە و پرۆسە مێژووییەکانەوەیە، بەڵکو تەئویل دەکرێت، ئەوەی بەر پرۆسەی تێکشکاندنی مێژوویی دەکەوێت تەئویلەکانە، دەکرێت بەبەکارهێنانی میتۆدی نوێی مامەڵەکردن لەگەڵ دەقدا ئەم رەهەندە گەردونییەی دەق کەشفبکرێت ، ئەو رەهەندە گەردونییەش خۆی لەچەمکە باڵاو مرۆییە گەورەکاندا دەبینێتەوە، وەك بەهاکانی ئازادی و عەدالەت و مرۆڤپەروەری.

بەدرێژایی مێژوو پەیوەندییەکی بەیەکداچوو ئاڵۆز لەنێوان دەقی ئایینی وەك گوتارێکی گەردوونی و ئایینی مێژووییدا هەیە، بەجۆرێك لەزۆر قۆناغی مێژووییدا جیاکردنەوەی ئەم دوو ئایینە لەیەکتر و تەماشاکردنیان وەك دوو بوونەوەری جیا و سەربەخۆ لە یەکتر کارێکی قورس و زەحمەتە، تێزەکانی ئایینی مێژوویی خۆی دەخزێنێتە ناو ئەم پەیامە گەردوونیانەوە و لەناو مێژوودا بەندی ئەکات، دەخوازێت ئەزموونەکانی خۆی بە ئەزموونی ئایینی ئیلاهی بناسێنێت، لە ناو تەئویلەکانی ئایینی ئیلاهیشدا مەیل و ئارەزوویەکی فراوان هەیە بۆپەیوەندیکردن بە ئایینی مێژووییەوە، ئیدی لەم ساتەوەختەدا نازانرێت ئەم دوو ئایینە کامیان بۆ ئەویتریان ستراتیژی تر ئۆرگانیترە، کە ئەمەش بۆخۆی تراژیدیایەکی گەورەیە کەژیاری ئیسلامی لەپرۆسە مێژووییەکانی خۆیدا بەرهەمی هێناوە، ئەمەش گرفتێکی فرە رەهەندی بۆ سیستمی بیری مێژوویی دروستکردوە، ئەوەی پێویستە لە هەنووکەدا پرۆژەی بیری مێژوویی و رەخنەیی بیکات تەفیکیك کردنی ئەم دوو ئایینەیە لە یەکتر، واتە جیاکردنەوەی بەها گەردونییەکانی وەك ئازادی و مافی مرۆڤ و دادپەروەری ئەگرێتەوە لە وێناکردن و مەرجەعییەت تەقدسکراوەکان کە بە ناوی دیینەوە خۆیان لە هەموو سەردەمەکاندا دووبارە دەکەنەوە، تا هەردوو ئایینەکە شوناسی راستەقینەی خۆیان وەربگرن، لە جێگەی شیاوی خۆیان دابنرێن ، سەرەتای بالادەستی وێناکردنی تەقدیسکراو مەرجەعییەتە مێژووییەکان ئەو سەرەتایە بوو کە ئیدی پێویست بوو عەقڵی تاکی ئێمە و سیستمی بیرکردنەوەمان بە چەندیین سەدەی تاریك و داخراودا تێپەر ببێت تا جیاوازی لە نێوان ئەو ئایینەدا بکات.

ئێمە پێویستمان بە هەستانەوەیەکی قووڵ هەیەبەرووی سیستمی بیری مێژووییدا، چونکە ئەم هەستانەوەیە پەیوەندییەکی سیحراویمان بۆ ئاشکرا دەکات ئەویش پەیوەندی مێژوو دنیایە، کە ئەم پەیوەندییە بۆ خۆی لە

یەککاتـدا پیادەکـەری بـەها ژیارییـەکان و دیاریکـەری تێـزە ناوەکییـەکانی ئـەو بەهایەیە، ئەمە بەو مەعنایە نایەت کە بڵێین سـەرەتای سـەرەتاکان بریتییـە لـە سیحرەکانی مێژوو، بەڵکو هەمیشە جەسـتە سـومبولی و دەلالەتـدارەکانی مێـژوو کۆمپانیـای بەرهـەمهێنانی سـیحری جۆراوجـۆرن، چ شـتێك نییـە هێنـدەی ئـەم سیحرانە زەوییەکی نـەدۆزراوە بێـت بـۆ جیهـان، ئـەم سـیحرانە کاریگـەری قـووڵ لەسەر زەمەنەکانی هەنووکە جێ دەهێڵن، ئەو مێژووەی توانستی بەرهـەمهێنانی تێرامانـــەکانی ئاینـــدەی لاواز بێـــت مێژوویەکـــە هەمیـــشە تراژیـــدیا بەرهەمهدەهێنێت، هەمیـشە خەونـەکانی رابـردووی دەجوێتـەوە، بـێ ئـەوەی لـە توانایـدا هـەبێت پێـشنیاری خـەونی نـوێ بکـات، ئالـەم سـاتەدا ئـەم مێـژووە رەمزەکانی خۆی، پاڵەوانەکانی خۆی دەکاتە دوایەمین مەرجەعییـەتی پیرۆز بـۆ گەرانـەوەی جوانییـەکان، بـۆ گەڕانـەوەی خەونـەکانی ئاییـندە، تالـە سـێبەرە ئارامـەکانی ئـەم مەرجەعیەتـەدا دنیـا بـە هـەموو دەلالەتەکانییـەوە ببێـت بـە لەحزەیـەك لـە ئـارامی و دڵنیـایی ، بگـرە لـە جەوهـەردا هەمیـشە دڵنیاییـەك راوەستاوە، لە ماهییەتی ئەم دڵنیاییەشدا کارەکتەرێکی ترسنۆك هەیە، خـەونێك هەیە لە پووکانەوە، جەستەیەك هەیە لە تراژیدیا، بەمپێیە خودی مێـژوو نـەك هەر خودێکی بێ بەری نییە لە پڕۆسـەی ئـەو تاوانانـەی بەرانبـەر بـە هەنووکـە بــەرێوە ئــەبرێن، بــەڵکو خــودی مێــژوو سیــستمی بەرهــەمهێنانی تاوانەکانــە، هەمیشە مێژوو موفەرەدەکانی خۆی ، شوناسـەکانی خـۆی قڵپ دەکاتـەوە بەسـەر سیستەمی رووناکبیری و مێژوویی سەردەمە جیاوازەکاندا، ئیدی لێرەوە مێژووی ئێمــە پەیوەندییــەکی ســیحراوی و ترســناك لەگــەڵ پــرۆژە نوییەکانــدا دادەمـەزرێنێت، هەمیـشە دەخوازرێـت سـەردەمەکان لـەناو مێـژوودا نیـشتەجێ بکـات، بگـرە دەیـەوێ خـودی سـەردەمەکان بگەرێنێتـەوە نـاو رۆحـی خـوی و لـە چوارچێوەی ئەو روحەدا نەخشەکانی دابڕێژێت ئەمەش لە رێگای ئـەو دەنـگ و قەڵەمانەوە کە لە هەر سیستمێکی رۆشـنبیریدا هـەن، ئـەو دەنگانـە ئارەزوییـەکی

فراوانیان هەیە بۆ دووبارەکردنەوەی مێژوو، خەونێکی قووڵیان هەیە  تا خودی جوڵەکانی ئەو سیستمە روناکبیرییە وێنەکانی مێژوو بەرهەمبهێنێت، ئێستاش لەناو سیستمی روناکبیری و و پرۆژەی بیری مێژووییدا چەندیین دەنگ، بگرە شەپۆلێکی فراوان بە دەمامکی جۆراوجۆرەوە خەونی نیشتەجی بوون لەناو مێژوودا بەرهەمدێنن، گوتاری موفرەدە مێژووییەکان دەکەنە گوتاری زاڵ، پرۆژەی سڕینەوەی مانا نوێیەکان بەرهەمدهێنن، بەمەش هەم مێژوو دەهێننە ناو رۆحی ئێستاوە، هەم ئێستاش دەبەنە ناو رۆحی مێژوو، باڵادەستی ئەم گوتارە، گەڕانەوەی ئێمە بۆ مەرجەعیەتە مێژووییەکان چەندین فاکتەری گرنگی خۆی هەیە  لێرەدا هەوڵدەدەین ئەو فاکتەرانە دیاری بکەین:

١- غیابی توێژینەوەی ئەنسرۆپۆلۆژی و سۆسیۆلۆژی و فیلۆلۆژییەکان لە شیکردنەوەی بیری مێژووییدا:

ئەمڕۆ لە پانتایی توێژینەوە زانستییەکاندا، زانستەکانی وەك ئەنسرۆپۆلۆژیا و سۆسیۆلۆژیا و زانستە مرۆییەکانی دیکە، رۆڵی گرنگ لە بەرهەمهێنانی زانست و دیدی و تەفسیری نوێدا دەبینن و، گۆڕانێکی رادیکاڵییان بەسەر سیتسمی بیرکردنەوە و روانینی مرۆڤ بۆ ئایین و مێژوو کەلتوور و شتەکانی دیکە هێناوە، گۆڕانێك کە دیدێکی رۆشنی رەخنەگرانەی بەرانبەر بە جیهان فۆرمەلە کردوە، بەمەش تێگەیشتنێکی زانستیانە لە شتەکان بەرهەمدێنێت، لە ناو ئەو ماهییەتەدا جەستەی حەقیقی شتەکان ئەخوێنێتەوە، ئیدی بەم روئیایەوە ئەگەڕێتەوە بۆ ناو مێژوو ، تەنها لەو ساتەوەختەدا لەگەڵ مێژوودا تەبا دەبێت کە خودی مێژوو بکات بە بەشێك لە پرۆژەی تازەگەری ، لێرەوە لەوە تێدەگەین کە بۆچی خۆرئاوا وەك ژیارێك لە مێژووی خۆیدا  کەلتوور و بەها دێرینەکانی خۆی کردوە بە بەشێك لە پرۆژەی تازەگەری،  لە رۆژئاوادا مەیلێکی بەهێز هەیە بۆ ئاوەڕدانەوە لە کەلتووری سەردەمی گریك و رۆمان و رۆشنگەری و رێنیسانس، خۆرئاوا ئاوڕ لەکەلتوور ئەداتەوە بۆ بەرهەمهێنان و، بەهێزکردنی

تازەگەری، نەك ئاوڕ لە تازەگەری بداتەوە بە بەهێزکردن و زیندووکردنەوەی کەلتوور و مێژوو .

ئەمڕۆ زانستە نوێیەکانی وەك ئەنسرۆپۆلۆژیا و سۆسیۆلۆژیا و ئایپناسی و زانستی بەراوردکاری ئایینی تەفکیکردنێکی زانستیانە و هەمەلایەنەی بوونە مێژوویی و کەلتوورییەکان پیادە دەکات، لە هەمانکاتدا وێنەی تێگەیشتن و مامەڵەیەکی دروست لەگەڵ ئەو رەهەندە کەلتووری مێژووییانەدا بەرهەمدەهێنێت، لێرەوە خەونێکی گەش بۆ پرۆژەی سەردەمە نوێیەکان پێشکەش دەکات، بەمەش بەردەوام مەیلی گەڕانەوە بۆ ژیان لە نێو مێژوودا لاواز دەکات، بەڵام لە سیستمی روناکبیری و زانستی ئیسلامیدا فەراغێکی فراوان لەم توێژینەوانە ئامادەیی هەیە، غیابی ئەو زانستە نوێیانە و بەگەرنەخستنی بە شێوەیەکی دروست بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کەلتوور و مێژوودا بوە بە دیاردەیەکی بەرجەستە، بگرە بەشێکی هەرەفراوانی جەستەی روناکبریی ئیسلامی ئیفلیج کردوە، بەمەش هەم کەینونە مێژوویی و کەلتوورییەکان بە دەست لێنەدراوی ماونەتەوە، هێشتا زەوییەکی بەیارن، ئەمەش رێی بۆ هەندێك لە دەنگەکانی ناو سیستمی روناکبیریمان خۆشکردوە کە خەونێکی عاشقانە بە مێژووەوە ببینن، بە حەزێکی سەیرەوە خرۆشی گەڕانەوە بۆ ناو مێژوو پیادە دەکەن، غیابی ئەم توێژینەوانە بۆتە هۆی ئەوەی نەتوانرێت دیدێکی زانستی رەخنەگرانە بەرانبەر بوونی کەلتووری و مێژوویی لە کاردا بێت، ئەمەش وایکردوە ماهییەتی مێژوویی نەناسین و نەتوانین مامەڵەیەکی دروستی لەگەڵدا بکەین، ئەنجامی ئەم نەناسینەش خولقاندنی نەزعەی گەڕانەوەیە بۆ ناو مێژوو ، گوتاری خولانەوە لە نێو بازنەکانی کەلتوور و مێژوودا گوتارێکی دەمارگیرانەیە، گوتارێکە هەمیشە دەخوازێت باڵادەستی خۆی لە پرۆژەی فیکری و روناکبیری ئێمەدا پیادە بکات ، تەنانەت ئەم گوتارە لە ساتەوەختی کارابوونی توێژینەوەی زانستی و رەخنەگرانەیش دەستبەرداری نەزعەکانی خۆی نابێت، ئامادە نییە

خەونـەکانی خـۆی نـەفی بکـات، بـەڵکو لـە هـەوڵی سـڕینەوەی مانـای توێژینـەوی زانستی و ڕەخنەییەکاندا دەبێت، هەوڵدەدات تەپوتۆزێکی زۆر لـە دەوری ماناکـان دروست بکات، واتە ڕەهاییەکی سەیر ئەبەخشێتە تێز و نەزعـەکانی و گومـانێکی سـەیرتر لـە تێـز و ئـەنجامی توێژینـەوە ڕەخنەییـەکان دەکـات ، بەگەڕنەخـسنی توێژینەوە هاوچەرخە ڕەخنەییەکان بۆتە هۆی دروستکردنی قەیرانێکی قـووڵی نێـــوان چـــەمکەکانی ( کـــەلتوور / تازەگـــەری) و (رابـــردوو/ هەنووکـــە) و ( مەرجەعییەتـە مێژووییـەکان/ بـەها نوێیـەکان)، ئـەم قەیرانـەش بۆتـە هـۆی دروســت بــوونی چــەندین دەنگــی ناســاز کــە نەزعــەی گەڕانــەوە، نەزعــەی نیــشتەجێبوون لـەناو مێـژوودا پیـادە دەکـەن، ئـەم دەنگانــە هەمیـشە لـە نـاو ئیشکالییەت و قەیرانەکاندا فۆرمەلە ئەبن، تا ساتەوەختی ئێـستا لـەناو سیـستمی رونـاکبیری ئێمـەدا پـڕۆژەی ڕەخنەگرانـەی جـددی لـەکاردا نـەبوە، تـا لەلایـەك ئاسۆکانی ئایینـدە راڤـە بکـات و ڕەهەنـدەکانی بـوونی مێـژوویی تـەفکیك بکـات، بەمـەش بتوانێـت شـیکاری زانـستی و بەرهەمـدار بـۆ پەیوەنـدی هەریـەك لـە کەلتوور و تازەگەری و، ئێستا و رابردوو بخولقێنێت.

تراژیـدیای گـەورە لـەم چوارچـێوەیەدا بەتـەنها لـەوەدا نییـە کـە دیـدی ئەنـسرۆپۆلۆژی و سۆسیـۆلۆژی و زانـستەکانی دیکـە غـائیبن، بـەڵکو تراژیـدیای گەورە لەوێوە دەست پێ دەکات کە بەشێکی بیری بالاَدەستی مێژوویی ڕەفزی هەر چەشـنە توێژینــەوەو دیـدێکی ڕەخنەگرانـە دەکـات، بـە دەمـامکی جیـاوازەوە تاوانباریـان دەکـات، بێگومـان لـە پـشت ئـەم هەولانەشـەوە گوتـاری نوسـتالیژیا و دەنگە رابردووپارێزەکان راوەسـتاون، هـیچ دەنگێـك هێنـدەی ئەمانـە گـۆڕانی بـە مێژوودا نالێن ، بەلام هیچ کەسیش هێندەی ئـەمان خـودی مێـژووی نەخـستۆتە پـەراوێزەوە و فەرامۆشـی نـەکردوە، فەرامۆشـی بـەو مانایـەی کـە هـیچ ئـاوڕێکی شیکارکردن و پشکنینیان لە مێژوو نەداوەتەوە، بەڵکو هێشتا مێژوویان بە دەست لێنـەدراوی هێـشتۆتەوە، خـودی مێـژوو لـەناو قـەیران و پانتاییـە تاریکییـەکانی

خۆیدا خۆی ئەخواتەوە، بەمەش دوكەڵێكی فراوان حەقیقەتی مێژووی داپۆشیوە، ئەمەش لە جەوهەردا فەراموشی بوونی مێژوویی ئەگەیەنێت، نەك نرخ پێدانی، بەهادارکردنی مێژوو لە ئاوڕلێدانەوەو پشکنینیدایە، ئەو کاتە مێژوو نرخی خۆی وەردەگرێت کە ببێت لە بەشێك لە پڕۆژەکانی سەردەم.

## دووەم: وەهمی رابردووی زێڕین:

گوتاری گەڕانەوە بۆ مەرجەعیەتە مێژووییەکان بەتەنها بەرەنجامی ترسناکی ئەم گوتارە نییە لە خەونەکانی ئایندە، بەڵکو پتر لەوەش بەرەنجامی زێڕین بوون و پیرۆزی خودی ئەو مەرجەعیەتەیە لە زهنی خودی ئەم گوتارەدا، رابردووی زێڕین ئەو ئەفسانە شکۆمەندەیە هەمیشە رۆحی گەڕانەوە بۆ ناو مێژوو جۆشدەداتەوە، دەرگاکانی ئاسۆی ئایندە دائەخات، بەمەش بزاڤی بەرهەمهێنانی ماناکان ، پڕۆژەکان ، عەقڵەکان ئیفلیج دەکات، لاپەڕەکانی ئایندەخوازی دەسوتێنێت، رابردووی زێڕین وەهمێکە، نەزعەیەکە لە ناخی دەنگە پەککەوتوەکانەوە سەرهەڵدەدا و لەوێوە بانگەشەی بۆ ئەکرێت، ئەو دەنگانە خۆیان و موفرەدەکانین ، خۆیان و دنیا بینییان دەرەقەتی تێزەکانی هەنووکە نایەن و، دەیانەوێت ماناکانی گوتار ، راڤەی تێزەکان ببەنەوە ناو رۆحی مێژوو ، بەمانا خودی سەردەم لەناو مێژوودا نوقم بکەن، ئەوەی زەمینەی زیاتری بۆ ئەم وەهمە دروستکردوە خودی پانتایی روناکبیری ئێمەیە، چونکە زۆربەی زۆری روناکبیری ئێمە جۆرێکە لەو روناکبیریانەی نەك هەر نایەوێت بچێتە ناو پڕۆژەیەکی رەخنەگرانەوە و وەهمەکانی خۆی بخاتە ژێر پرسیارەوە، بەڵکو خەریکی دروستکردنی دەیان شوراو دەیان دیواری ئەستوورە بە دەوری وەهم و ئەفسانەی رابردووی زێڕین، سەردەمی زێڕین ، کەلتووری زێڕین، سەلەفی

زێڕینـی ، بەمـشێوەیە رونـاكبیری ئێمـە خـەریكی پاراسـتی وەهمـی زێڕینەكانـە، لێرەوە نەستی عەقڵی ئیـسلامی لـە ژێـر كاریگـەری ئـەم پێكهاتەیـەدا خولیایـەكی سـەیری بـۆ خولقـاوە بـۆ پەیوەنـدیكردن بـە رابـردووەوە، بـە وەهمـی كـەلتووری زێڕینەوە، بێ ئەوە لەوە بگات كە دەمێكە ئەم وەهمە بۆتە مۆڵگەی لێكدانـەوەی ساویلكانە و دوور لە بەهای ئەبستمی، ئیدی لێرەوە خـودی هـزری ئیـسلامی بـوە بـە بەشـێك لـە حوكمـەكانی كـەلتوور، بەمـەش ناخوازێـت گومـان لـە رەمـز و ئەفسانەكانی مێژوو بكات.

رابـردووی زێـڕین، خەونـەكانی گەڕانـەوە بـۆ رابـردوو بـە دەیـان دەمـامكی رەنگاڵەییەوە دەیەوێ زۆرترین پانتایی لە سیستمی روناكبیریمان داگیر بكات، كەم نین ئەو دەنگانەی باس لە پرۆژەی بونیادنەرانە دەكەن و، دەخوازن لە پشت ئەو باسـكردنەوە پەیوەنـدی بـە رابـردووی زێڕینـەوە بكـەن و پایـەكانی لـە واقعـی روناكبیریدا مەحكەم بكەن، بـەڵام هـەر زوو ئـەتوانین ئـەم پـڕۆژە بونیادنەرانـە موزەیەفە لە پڕۆژەی بونیادنەرانەی حـەقیقی جیـا بكاتـەوە ، بـەوەی خەسـڵەتی پڕۆژەی موزەیەف ئەوەیە ئەوەنـدەی لـە خـەمی پارسـتن و پتـەوكردنی بونیـادی مێژوویی و كەلتووری سیستمی رابردوودایە ئەوەنـدە لـە خـەمی هەڵوەشانـەوەو كەشفكردن و پشكنینی ئەو بونیاد و سیستمانەدا نییە.

رابردووی زێـڕین ترسـناكترین وەهمێكـە كـە لـە پانتـایی مێژوویـەكی بەرینـدا عەقڵی ئێمە لە زیندانێكی زەخرەفە كراودا بەند كردوە، بێ ئەوەی بـوار هـەبێت كەمێك لەو زەخرەفەیە رابمێنین ، یان راڤەی پێكهاتـەكانی ئـەو زیندانـە بكـەین، ئێمە هێـشتا لـە رۆحـی ئـەو زیندانـە نەهاتبوینـە دەرێ كەچـی چـەندین دەنـگ هاتن تا بۆمـان روون بكەنـەوە ئـەوەی ئێمـە بـە زینـدانی ئـەزانین زینـدان نییـە، بەڵكو ئەوە هەر بەهەشتە بەڵام بە شێوەیەكی تر ، بەهەشـتە و نـەوەكانی پـێش ئێمە دروستیانم كردوە، لێرەوە ئەو خورافەیە سـەر هەڵئـەدا كـە گوایـە شوناسـی ئێمـە لـە نێـو كـەلتوور و مێژوودایـە و یـەك شـوناس و یـەك رەنگمـان هەیـە،

پێویسته له ناو بوونه مێژووییەکاندا بەدوای شوناسدا بگەڕێین ، رابردووی زێڕین بەتەنها نایەوێت ئێستا لەناو مێژوودا دابمەزرێنێت، بەڵکو دەیەوێت مێژوو لە زەوییەکانی ئێستاشدا سوڵتانێکی رەها بێت، دەیەوێ پرۆسە مێژووییەکانی دووبارە بکاتەوە ، تا خودی ئێستاش بکات بە درێژکراوەیەکی بێ پشانەوە لە مێژوو، واتە دەیەوێ لە چۆنایەتی زەمەن و جیهاندا کار بکات.

خاڵێك کە بۆتە فاکتەرێکی گرنگ لە پتەوکردنی نەزعەی رابردووی زێڕیندا، بریتیە لەو پەیوەندییە ئیمانی و بگرە رەهەندە عەقیدەییەی کە لە نێوان نەوە جیاوازەکانی ئوممەتی ئیسلامیدا هەیە ، هەمیشە منی ئامادە لە ئێستادا هەستدەکەم ئەو خودەی پێکهاتە کەلتووری و مێژووییەکانی بەرهەمهێناوە بریتیە لە منێکی تر، کە ئەم (من)ە ی تر نا دەنێین منی ئامادە لە مێژوودا، (من) ی ئامادە لە ئێستا و (من)ی ئامادە لە مێژوودا هەڵگری خەسڵەت و بەها جوانەکانین، ئیدی لێرەوە منی ئامادە لە ئێستادا پێیوایە نەگەڕانەوە بۆ مێژوو بریتییە لە بەگژاچوونەوەو سفرکردنەوەی بەها ئیمانی و ئەخلاقییەکانی منی ئامادە لە مێژوودا، رەفزی هەموو کەلتوور و بەها و بەرهەمی منە مێژووییەکانە ، ئەمەش بۆ خۆی بۆتە ئیشکالیەتێکی گەورە لە عەقڵی ئیسلامیدا، ئیشکالیەتێك کە مانایەکی بۆ رەخنەگرتن و هەڵوەشاندنەوەو پشکنین نەهێشتۆتەوە، لە دەرەوەی پانتاییەکانی مێژوودا پانتاییەك نامێنێت بۆ بەرهەم هێنانی دیدی نوێی و پرەنسیپی نوێی بیرکردنەوە.

رابردووی زێڕین خۆی لە خۆیدا بەرهەمهێنەری دەیان ئەفسانە و سیمبول و دەلالەتی سەیرە ، کە لە ناوەڕۆکدا گوزارشت لە بونێکی مێژوویی کامڵ دەکەن، ئەم گوزارستەش بە درێژایی مێژوو سیستمی مامەڵەکردنی لەگەڵ مێژوودا بە دۆخێکی دژواردا بردوەو، ئەنجامی تەواو نێگەتیڤی لێخستۆتەوە و، هەمیشە مامەڵە کردنەکە گەڕانەوەو تەسلیمبوون بوە بە مێژوو ، نەزعەی رابردووی

زێڕین بۆ بەخشینی بەردەوامی بە پرۆسەکەی و، بەخشینی کارایی بە رۆڵی ئەفسانە و دەلالەتەکانی خۆی، چەندین میکانیزمی جیاواز پیادە دەکات :

١- **رابردووی زێڕین پتر لە پنتێك بۆ حاکمیەتی خۆی دروستدەکات:**

واتە ئەوە وەهمە دەیەوێت خۆی بخزێنێتە ناو پنت و کایەکانەوە، دەیەوێ بە قووڵی بە ناو جەستەی هەموو تێز و روئیاکاندا رۆ بچێت، تا لە نەستی هەموو پنت و کایەکاندا ئەوە بچەسپێنێت کە زەمەنی زێڕین لە رابردوودایە، رابردوو ئەو چراخانە رەهایەیە کە هەموو پانتاییەکانی رۆشنکردۆتەوە، عەقڵە داهێنەرەکانیش لە ژێر ئەو رۆشناییەدا تێزەکانیان ئەنوسنەوە، بەمەش بانگەشەی گەڕانەوە بۆ رابردوو پیادە ئەکرێت لە پانتاییەکی فراواندا کە پانتایی پنت و کایەکانە، دەیەوێ هەموو ئەو پنت و کایانە لە ناو رۆحی مێژوودا توند بکات، بەمەش خاڵیمان بکاتەوە لە نەزعەکانی هەنووکە و بەرەو پانتاییە مێژوویی و کەلتوورییەکانمان بەرێت، بەمەش ئەکتەرەکانی رابردوو لەسەر شانوی هەنووکەدا رۆڵی پاڵەوان ئەبینن.

٢- **وەهمی رابردووی زێڕین تێزە هاوچەرخەکان بۆ ئارایشتی خۆی بەکار دەهێنێت:**

ستراتیژێکی جەوهەری گوتاری رابردووخوازی هەوڵدانە بۆ پەرواکانی خودی ئەم گوتارەیە بۆ خۆ ئارایشتکردن بە تێز و روئیا هاوچەرخەکان، هەوڵدانێتی بۆ خۆ هاویشتنە ناو کایە مەعریفییەکانەوە ، واتە ترسناکی رابردووی زێڕین بەتەنها لە بانگەشە راستەوخۆکانیدا بۆ رابردوو بەرجەستە نابێت، بەڵکو لەوەش زیاتر خۆی دەخزێنێتە ناو کایە مەعریفییەکانەوە، تا بەدوای شوناسی خۆیدا بگەڕێت، تا شوناسێك مانایەك بۆبانگەشەکانی بدۆزێتەوە، ئیدی لێرەوە ئەم وەهمە کوشندەیە بە دەمامك و ئارایشتی مەعریفییەوە دێ و دەچێت، لەسەر شانۆی تێزە نوێیەکان و لەبەرچاوی ئێمەدا

پارچەکانی جەستەی خۆی نمایش دەکات، ئەمەش نەك بۆ ئەوەی ئێمە ئەو ببینین ، یان درك بە نهێنییەکانی جەستەی بکەین، بەڵکو بۆ ئەوەیە ئەو خۆی بهاوێتە ناو چاوی ئێمەوەو، لەوێوە دنیا بینیمان کۆنترۆڵ بکات ، بۆ ئەوەی بە یەکەیەکەی خانەکانی جەستەمان رۆبچێت و ، پانتاییەکانی وجودمان داگیر بکات، ئەو دەیەوێ بە دەمامك و قەڵغانەکانییەوە، بە خۆی و ئەفسانە و سمبول و سەربازەکانییەوە، پانتایی بیرکردنەوەو پرۆژەی روانینمان داگیر بکات.

**٣- هێنانە ئارای دیالۆگ و دواندنی سیاسی و ئایدیۆلۆژی لەمەڕ کێشەکانی فیکر و روناکبیری:**

پرۆژەی فیکر پرۆژەی خەونە نەمرەکانی عەقڵە، پانتایی ماهییەتی پەیوەندیە بە دنیاوە، ئەو پانتاییانەش تێزی مەعریفیانە و زانستیانەی پێویستە تا پەیوەندییەکی دروست بێتە ئاراوە، لێرەوە دیارترین قەیرانی روناکبیری و سیستمی بیری ئایینی و ئیسلامی بەتایبەت بەرهەمنەهێنانی ئەو پەیوەندییە دروستەیە بەدنیاوە، چونکەدواندن و دایەلۆگەکان دواندن و دایەلۆگی سیاسی و ئایدیۆلۆژی بوونەو، هەمیشە لە دیدگای ئەم دایەلۆگەوە سیستمی بیری مێژوویان راڤە کردوە، ماناکانی هەنووکەشیان لێکداوەتەوە، بەمەش راڤەکردنی تێزەکان و گوتارەکان ... لە دەرەوەی کایە ئەبستمی و سیمیائییەکاندا بوە، ئە ساتەوەختەش باشترین ساتەوەختێکە کە وەهمی رابردووی زێڕین وەك هێزێکی کارا لە پرۆسەی راڤەکردنی تێز و پێکهاتە روناکبیرییەکاندا خۆی نمایش دەکات، رابردووخوازی لە فەزای عەقڵانی و رەخنەگرانەدا ناتوانێت درێژە بە بوون و مانەوەی خۆی بدات، ئەو هەمیشە لە فەزا و پانتاییە قەیراناوی و دۆگماکاندا گەرا دائەنێت و، لەو ناوەندەدا جورئەتی هاتنە مەیدانی هەیە، پرۆسەی خولقاندنی ئەو ناوەندەش لە راڤە سیاسی و حوکمە ئایدیۆلۆژی و یەکلاکەرەوەکانیدا بەرجەستە دەبێت، کە هەمیشە دەبنە

داهێنەرترین کۆمپانیا بۆ بەرهەمهێنانی پانتایی قەیراناوی، قەیران ئەو هێلانە میهرەبانەیە کە بەتەنها وەهمەکانی رابردووی زێڕین تیایدا فۆرمەلە نابن، بەڵکو لەناو قەیران هەموو وێنە تەڵخەکان، هەموو دەنگە پەککەوتوەکان خۆیان نوێ دەکەنەوەو، ئارایشتی نوێ دەکەن، بەمشێوەیە چەندێك روئیاکان لە دەرەوەی تێزە ئەبستمی و پرۆسە تەفکیکییەکان کار بکەن، هێندە زەمینەی قەیراناوی دەخولقێت و گوتاری رابردووی زێڕین و وەهمەکانی دی گەشە دەکەن، دەبنە قەیران لەبەردەم سیستمی روناکبیری و مێژووییدا.

٤- کەنارخستنی دەنگە نوێیە ئەبستمییەکان و گومان لە حەقیقەتی داهێنانیان:

گوتاری وەهمی رابردووی زێڕین یان دابڕینی هەنووکەلە سەردەم و، گەڕانەوەی بۆ ناو مێژوو، گوتارێکە لە ناسینی دونیای خۆیدا کارایە، لەوە دەگات کە تەنها لە غیابی دەنگە ئەبستمی و هەوڵە جدییەکاندا دەتوانێت تەپوتۆزێکی فراوان بە دەوری حەقیقەتەکان و ماناکاندا دروست بکات، تا لەو تەپوتۆزە ترسناکەدا بە خۆی و وەهمەکانییەوە گومان و پرسیارە جەوهەرییەکانی مرۆڤ بکوژێت، رەهەند و ماناکانی سەردەم و مێژوو پاوان بکات، لەم دیدگایەوە گوتاری وەهمیانەی رابردووی زێڕین لە هەوڵی جدیدایە بۆ کەنارخستنی دەنگە ئەبستمییەکان و، هەوڵە پرسیارکەرەکان، چونکە ساتەوەختی ئامادەبوونی هەوڵی پرسیارکەر و، دەنگی جددی گوتاری رابردووی زێڕین جگە لە وەهمێك مەعنایەکی دیکەی نامێنێت، بە واتایەکی تر لە دەرەوەی وەهم و دەمامك و ئارایشتەکان و وەهمەکاندا مامەڵەیەکی دروست لەگەڵ خودی کەلتوور و مێژوودا ئەکرێت، بەمەش تێزە ئەفسانەییەکان ئەدرێنە دواوە، بەمشێوەیە لەوە دەگەین کە وەهمی رابردووی زێڕین چ ماهییەتێکی لەناو خۆیدا هەڵگرتوەو چۆن خۆی دەخزێنێتە ناو کایەکانی روناکبیرییەوەو بە میکانیزمی جیاوازەوە دێتە مەیدان، تا بتوانێت خاڵیمان بکاتەوە لە ئێستا و لە خانووەکانی مێژوودا نیشتەجێمان

بکات، تا لەناو ئەرشیفەکانی مێژوودا بە دوای تێزەکانی عەقڵ و دنیابینی ئێستاماندا بگەڕێین.

## سێیەم: گوتاری بوونی مێژوویی و غیابی ناسنامەی هاوچەرخ:

ئێمە نەوەیەك بووین لە ساتەوەختێکدا بە رووی جیهاندا کراینەوە، لە ماناکانی جەستەی خۆمان رامایین، کە توانستی پرۆژەکانی ئێمە لە بەرهەمهێنانی تێزی زانستی و ژیایی هاوچەرخدا کۆتایی هاتبوو، لە لەحزەیەکدا سەدەی بیست خۆیکرد بە ماڵ و ژوورە ئارامەکانی ئێمەدا هێشتا ئێمە لە ئارامی خۆماندا خەریکی هەڵچنین و کەڵەکەکردنی دەیان تێز و راڤەی دۆگما و تەقدیسکراو بووین، لە پاش ئەوەی خانوەکانی گومان و پرسیار و بەهاکانی عەقڵ لە قۆناغێك لە قۆناغەکانی مێژوودا تێکشکێنرا، هێشتا بە کەلاوەیی مابوەو پرسیارە ستراتیژی و عەقڵانییەکانی مرۆڤی ئێمە لەکاردا نەبوون، ئیدی لەلایەك پێویست بوو بە جیهانی خۆماندا بچینەوەو راڤەی مانا و رەهەندەکانی دنیای خۆمان بکەین و خەریکی بەرهەمهێنانی تێزی نوێ و مانای نوێ بین ، لەلایەکی دی مامەڵە لەگەڵ شەپۆلە جۆراوجۆرە عەقلگەراییەکانی رۆژئاوا و گوتاری زاڵی سەنتەریزمدا بکەین و تا لەناو شەپۆلی سەنتەریزیمی خۆرئاوایی ون نەبین و لە ناو جیهانی ئارامی خۆشماندا بەرهەمهێنەری وێنەی کەلتووری و دووبارەکردنەوەی مێژوو نەبین، پێویست بوو شەڕێکی رەخنەگرانەی دوولایەنە بکەین: شەڕی یەکەم: لەگەڵ جیهانی خۆمان و موفرەدەی خۆمان تا بتوانین هەرەمی ئەو جیهانە تێکبشکێنین کە بۆتە پانتاییەکی بەرین بۆ بەرهەمهێنانی عەقڵی دۆگما و هەرەشە لە بوونی ژیاری و ئازادی و عەقڵ و دادی کۆمەڵایەتیمان دەکات.

دووەم: شەڕێك دژی گوتاری سەنتەریزمی خۆرئاوا  و دەمامکە ئایدیۆلۆژییە جۆراوجۆرەکانی، کە دەیویست لەناو گوتارە جۆراوجۆرەکاندا بوون و ژیانی هەموو دنیای رۆژهەڵات بخاتە پەراوێزەوەو، خۆرئاوا وەك چەقی گەردوون و دوا لوتکەی گەشەسەندنی مێژوویی وێنا بکات و بە سووك سەیری هەموو کەلتوور و بەها و مرۆڤێکی نا خۆرئاوایی بکات، پرۆژەی ئەم دوو شەڕە هێندە کارێکی ئاسان نەبوو، چونکە لە هەناوی خۆیدا بریتی بوو لە بەرەنگاربوونەوەی دوو هێزی کەلتووری و ژیاری گەورە کە یەکەمیان ئیدیعای رەوایەتی و پیرۆزییەکانی رابردووی ئەکرد و، ئەوی تریان ئیدیعای پێشکەوتن و مودێرنیزم ، ئاسان نەبوو چونکە بریتی بوو کە دۆزینەوە ناسنامەی هاوچەرخ و بەرگریکردن لە بەهاکانی ئازادی و عەقڵی رەخنەیی و دادی کۆمەڵایەتی و یەکسانی مرۆڤایەتی ، بەڵام دامەزراندنی پرۆژەیەك بۆ بینینی دنیا لە دەرەوەی عەقڵە دۆگماکاندا و کەلتووره باڵادەستە سەپاوەکاندا کارێکی هێندە ئاسان نەبوو ، ئاستەنگەکانی بەردەم ئەم پرۆژەیە کەمتر نەبوو لە بوونی خودی پرۆژەکە ، بۆیە هەمیشە گەورەیی ئەو ئاستەنگانە رێگر بوە لە تێپەڕاندنی  ئەو دۆخە نا هەموارەی جیهانی ئیسلامی و گەڕانەوە بۆ عەقڵ و ماف و ئازادی مرۆڤ، بۆیە ئێمە هەمشە گرفتار بووین بە باڵادەستی ئەو کەلتوورە و ، مێژووە زامدارە لە لایەك و، هەندێ تێزی ئایدیۆلۆژی و کۆلۆنیالی خۆرئاوایی لە لایەکی دی ، نەتوانینی بەرهەمهێنانی پرۆژەیەکی هاوچەرخ و قووتار بوون لەو دۆخە گرفتارییە ئەگەرێتەوە بۆ کۆمەڵێك فاکتەری سەرەکی:

١- زاڵێتی گوتاری ئەو دەزگا و سیستمانەی  کە بێ توانان لە بەکارهێنانی تەکنیکی نوێ بۆ خوێندنەوەی دنیا:

قەیرانی دنیا بینی و سیستمی بیری مێژوویی و روناکبیری ئێمە بەتەنها قەیرانی غیابی پرسیار و وێناکردنە تەقدیسکراوەکان نییە، بەڵکو تراژیدیای گەورە  لە دنیای ئێمەدا لەوێوە دەستپێدەکات، کە هەمیشە باڵادەستی و زاڵێتی بۆ

گوتاری ئەو دەزگا و سیستمانە بوە کە بێتواناو دەستسپین لە بەرهەمهێنان و پراکتیزەکردنی تەکنیکی نوێ بۆ خوێندنەوەی دنیا و تەعریفکردنەوەی موفرەدەکان، هەمیشە ناوەندی بڕیاری سیستمی تیۆری و فیکری و روناکبیر ئێمە قودرەتی پێ خستنە ناو پانتاییە نا مەئلوف و ناباوەکانی مەنتیقی فیکری نەبوە، لە چوارچێوەی مەئلوفەکاندا خەریکی بەرهەمهێنانەوەی تێزە دێرینەکان بوە، لە بەرانبەر ئەمەشدا هەموو ئەو دەنگ و هەوڵانەی کە بەگەڕخەری مانای نوێ و دەلالەتی نوێ بوون بۆ جیهان و، یستویانە بەرهەمهێنەری رووبەری نوێی دیالۆگ و ئاخاوتنی سەردەم بن، ئەوا هەموو ئەو دەنگ و هەولانە کەوتوونەتە بەر تەوژمی نەفیکەرانەی دەزگا و سیستمی زاڵ ، هەر بۆیە نەیانتوانیوە رۆڵی کاریگەر ببینن، دەکرێت لەم دەروازەیەوە بچینە ناو مەیدانێکی گرنگەوە ئەویش ئەو ساتەوەختە بوو کە ئێمە بو رووی جیهاندا کراینەوە، ئاسۆکانی روانینمان بەرانبەر بە جیهان ئاوەڵا بوو ، کە پێشتر بوونی ئەو جیهانە لە پانتایی زهنی ئێمە ئامادەییەکی واقعی و بابەتی نەبوو ، بۆیە سەدەی بیست بۆ ئێمە کرانەوەیەکی موفاجیئ بوو ، لەوساتەوە و تا ئێستاش عەقڵی مسوڵمان غەرقی کەلتووری سەردەمە تاریکەکانە و، ئەم کەلتوورەشلە فۆرمی ئاییندا بۆ هەموو سەردەمەکان ئەگوێزێتەوەو، جورئەتی ئەوەی نییە بە میتۆدێکی نوێ مامەڵە لەگەڵ قورئان و تێکیستی ئایینیدا بکات، جورئەتی ئەوەی نییە دەق بگەڕێنێتەوە ناو مێژوو ، وەك بەشێك لە پرۆسە مێژووییەکان تەماشای بکات و ، لە بەرانبەر ئەمەشدا جەخت بکاتە سەر رەهەندە گەردوونییەکانی نێو دەق، ئەم رەهەندە وەك جەوهەری ئایین بناسێنێت و بەرگرییان لێ بکات، بەڵام خودی ئەو عەقڵە جەختی لەسەر پرۆسە مێژووییەکان و پرۆسەی ئەزمونەکانی رابردوو کردەوە، دەیویست لەناو ئەرشیفەکانی رابردوودا بەدوای تێزێکدا بگەرێت بۆ پەیوەندیکردن بە جیهانی سەردەمەوە، نەك هەر ئەوە بگرە هەندێك لەو عەقڵانە لەبەرەی ئەنتی پەیوەندیکردندا بوون بەجیهانی نوێوە، ئەم ئەنتی

پەیوەندیکردنــەش لــە ناوەڕۆکــدا هــەڵهاتن بــوو لــە خــودی پەیوەنــدی، خــۆ حەشاردانێکی سەیر بوو بۆ ئەوەی تیشکی سەردەمی نوێ تاریکاییەکان کەشف نەکات، بەمەش خەونێك نەمایەوە بۆ ڕێنیسانس و بەئاگاهاتنەوە، ئاسۆیەك نەمایەوە بۆ بوون بە خود لە بەرانبەر خودەکانی دیکەدا.

١- هەیمەنەی کۆلۆنیالیزم : هەڵبەتە گوتاری سەنتەریزم خۆرئاوایی و، دانانی خۆرئاوا بە چەق و ناوەندی ژیارەکان، تەوژمە جۆراوجۆرەکانی ئەو گوتارە، بۆ سڕینەوەی مانــاو دەلالەتــەکانی کــەلتوورەکانی دەرەوەی خۆرئــاوا بەتــەنها تــەوژمێکی مۆنۆپۆلخــوازی فیکــری نــەبوو، بــەڵکو پــتر لــەوەش هەیمــەنی کۆلۆنیالیزمی بوو ، کە کۆنترۆڵی جیهانی رۆژهەڵات بە گشتی و جیهانی ئیسلامی بەتایبەت کردبوو ، واتە خودی کۆلۆنیالیزم بوو بە ناوەندی بڕیار و دەسەڵات، ئیدی دەسەڵات و هەموو بەرهەمهاتوە تیۆرییەکانی چ مانایەکیان دەبێت جگە لە توانــەوەو نــەفیکردنی بەرانبــەر ، چ پانتاییــەك دەمێنێتــەوە دەســەڵات قــۆرخی نەکات، چ جوانییەك دەمێنێتەوە کۆلۆنیالیزم خۆی پێ ئارایشت نەکات، ئیدی لەم ساتەوەختەدا و لەناو ئەم چڕە دووکەڵە جۆراوجۆرانەی کە کۆلۆنیالیزم دەیخولقێنێت پرۆسەی گەڕان بە دوای ناسنامەی هاوچەرخدا کارێکی ئەستەم دەبێت. جێی ئاماژە پێکردنە ئەو فاکتەرەی کە کاریگەری نێگەتیڤانەی کۆلۆنیالیزمی لەسەر پرۆژەی کرانەوەی جیهانی ئیسلامی لە سەدەی بیستدا بە ئاڕاستەیەکی نێگەتیڤدا برد ئەوەبوو، کە گوتاری فیکری و تیۆری کۆلۆنیالیزم بەرەوڕووبوونەوەیەکی راستەوخۆی لەگەڵ پیرۆزییەکانی دنیای ئیسلامدا پێوە دیار بوو ، گوتاری ئۆرینتالیزم و زۆربەی گوتارە فیکرییە خۆرئاواییەکانی دیکە خەریکی گومانکردن و بەسووك سەیرکردنی کەلتوورو پیرۆزییەکانی جیهانی ئیسلامی بوون، واتە راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە جەنگێکی بڕیار لێدراودا بوو لەگەڵ ئیسلامدا، لە بەرانبەر ئەمەشدا عەقڵی ئیسلامی لە خەمی پاراستن و بەرگریکردن بوە لە ئیسلام لە دژی ئەوانیدی ، ئیدی عەقڵی ئیسلامی بوو بەو

سەربازەی کە بێ بیرکردنەوە بە هەر چوارلادا تەقە لە دوژمنەکانی دەکات، تەنها ئــەرکی بــەڕێوەبردنی پرۆســەی بەگژاچــوونەوەی ئــەوی داگیرکــەر و ئەویــدی مەسیحی بوە، بەتایبەت لە زۆر شوێنی جیهانی ئیسلامیدا هاتنی کۆلۆنیالیزمی خۆرئاوایی لەسەدەی بیستدا یادەوەرییەکانی شەڕی سەلیبییەتی زینـدووکردەوە و ئــەو هێمایــەی نیــشاندا جیهــانی ئیــسلامی لەبــەردەم جــەنگێکی نــوێی ســەلیبیەتدایە، عــەقڵی ئیــسلامی نــەیتوانی لــەوە تێبگــات رزگــاربوون لــە کۆلۆنیالیزم و ژێردەستەیی و دواکەوتوویی بە گەڕانەوە نابێت بۆ ئەو کەلتوور و بەهایانەی کە هۆکاری سەرەکی ژێردەستی و دواکەوتویی بوە، بـەڵکو بـە خـۆ رزگارکردن دەبێت لـەو کـەلتووره ، بـە گرتنەبـەری ڕێگـەی عـەقڵانی و زانـستی دەبێت لە بیرکردنەوەدا.

بەمشێوەیە لەوە ئەگەین کە هەیمەنـەی کۆلۆنیـالیزمی بـۆ مـاوەی دەیـان سـاڵ ئاسەوارێکی نێگەتیڤی لەسەر عەقڵ و پرۆژەی ئیسلامی بـە گشتی بەجێهێـشت ، عــەقڵی مرۆڤــی مــسوڵمانی هانــدا پــتر پابەنــد بێــت بــە تێــزە مێــژوویی و کەلتورییەکانەوە، پتر لەناو دیـدی موفتی و مەزهەبـەکانی سـەدەکانی ناوەڕسـتدا بـیر بکاتـەوە و توانـای خوێندنـەوەی دنیـای نـوێ و بـیری نـوێ نـەبێت، توانـای خۆگونجانـدنی پێویـستی نـەبێت لەگـەڵ ئـەو بـەها و پرەنـسیپانەی تێکۆشـان و ماندووبوونی هەزاران ساڵەی مرۆڤە ئازادیخوازەکانن.

**چوارەم : لاوازی پرۆژەی تازەگەری:**

سیستمێکی روناکبیری لەناو زنجیرەیەك قەیرانی کەڵەکەبوودا نـوقم بوبێـت، لـە پانتاییەکانیـدا گوتـارە رابردووخوازەکـان و تەقلیدگـەراکان دەسـەڵاتداربن، دەبێـت مـەوقیعی پـرۆژەی تازەگـەری لـە کوێـدا بێـت، لـە کاتێکـدا تازەگـەری لـە ماهییەتی خۆیدا گومانکردنە لە سیستمە باو دوگماکان، هەوڵدان و عەوداڵییەکی بێ پەروایە بۆ بەرهەمهێنان و بونیادنانی سیستمی نوێ، خـەونێکی هەمیـشەییە بۆ دۆزینەوەو کەشفکردنی هەموو ئەو پانتاییانەی کە تـاریکی داگـیری کـردوون،

لێرەوە پرۆژەی تازەگەری لەبەرەی ئەنتی سیستمە باو گوتارە باوەکاندایە کە بەرهەمهێنەری دیدگای قەیراناوین، ئیدی بەردەوام پرۆژەی تازەگەری ئەکەوێتە بەر تەوژمی نەفیکەرانەی پرۆژە قەیراناوییەکان، لێرەدا تازەگەری کەمتر دەتوانێت بونەوەرێکی کارا بێت لە پرۆژەی گۆڕینی دنیا، لە پرۆسەی بەخشینی مانای نوێ بە شتەکان و بە کردەکان.

یەکێك لە گرفتە دیارەکانی بەردەم پرۆژەی تازەگەری بریتییە لە کرداری راهاتن: راهاتن و دووبارە کردنەوە لەناو سیستمی روناکبیریدا داییندەمۆی بەردەوامی و بالادەستی گوتارە باو دۆگماکانە، راهاتن بوە بەو دەسەڵاتەی کە دەخوازێت کردە و روانینی ئێمە بە ماهییەتی بەردەوامی گوتارە تەقلیدگەراکان شەتەك بداتەوە، راپێچمان بکاتە ناو پرۆسە دووبارەکانی پێکهاتە مەئلوفەکانەوە، راهاتن داخستنی دەرگا و دەروازەکانی روانینە بەلایەکی تر و جیهانێکی تردا، واتە هەمیشە راهاتن وامان لێدەکات بە یەکلادا و بە یەك جیهاندا بڕوانین، ئەمەش قفڵدانی دەمی هەموو ئەو ئاسۆو ئومێدانەیە، کە خوازیاری کارکردنن لە ناو پانتاییە نا مەئلوف و ناباوەکانی فیکردا، لەباربردنی هەموو ئەو پرۆژانەیە کە دەیانەوێ روانینی ئێمە بە ئاراستەیەکی دیکەدا بەرن ، لە راهاتندا مانایەك بۆ ستراتیژی پرسیار و رامان نامێنێتەوە، کە پێش مەرجە بۆ بەرهەمهێنانی پرۆژەی تازەگەری، راهاتن وەك کردەیەك بەتەنها خۆی لە دووبارەکردنەوەی کردە و پرۆسەکاندا نابینێتەوە ، بەڵکو بەقەیرانێکی دیکەوە نەخشی هەیە ئەویش دەسەڵاتی سیحراوییانەی سیتمی باو سییستمی کەلتوورە، نەستی روناکبیری ئێمە لە پانتاییەکی وادا پەروەردە بوە،کە ناتوانێت لە ژێر دەسەڵاتی سیحراویانەی گوتار و سیستمە باوەکان رزگاری بێت ، ئەو گوتار و سیستمانەی هەزاران ساڵە لەناو خۆیاندا خۆیان ئەخۆنەوەو بۆی ئەوەی پێشنیاری نوێ بونیاد بنێن، ئەوەی کە دەیکەن کاڵکردنەوەی جەستەی پرسیار و پرۆژە نوێیەکانە، بە درێژایی مێژوو سیستمی باو و تەقلیدی خۆی خزاندۆتە نەستی

تاكەكانەوە، كەمتر  دیدگای تازەگەری توانیویەتی ببێت بە بەشێك لە هۆشیاری تاك ، بەڵكو بەردەوام هوشیاری تاك بە گوتارە باوەكان پڕكراوەتەوە، ئەمەش بۆتە زامنی مانەوەو بەردەوامی ئەو گوتارە باوانە، بۆیە كە پێویستە لە ساتەوەختی ئێستادا  خودی روناكبیری و پڕۆژەی تازەگەری ئێمە بیكات ئەوەیە كە پڕۆژەیەكی رەخنەگرانەی بۆ هەموو كەلتوور و مێژووی ئیسلامی هەبێت و میتۆدێكی نوێی بۆ مامەڵە لەگەڵ دەقدا هەبێت بە جۆرێك ئەو دیدە ستاندار و باڵادەستەی ئیستا بداتە دواوە و تاپێكی جیاواز بهێنێتە ئاراوە و جەخت بكاتە سەر بەها ، لاوازی پڕۆژەی تازەگەری لە واقیعی ئێمەدا زەمینەیەكی باش خۆشكردوە بۆ گوتاری گەڕانەوە بۆ ناو مێژوو.

# بەشی دووەم: کورد و کێشەکانی هزری ئایینی

**یەکەم: کورد و جەدەلییەتی ئایین و ڕێنیسانس**

**دووەم: دیموکراسی و فتوا**

**سێیەم: ئایدیۆلۆژیا و وەهمەکانی( چەند تێزێك دەربارەی ئەو گفتوگۆیانەی دەربارەی مافی ژن و ئیسلام دەکرێت لە کوردستاندا)**

**چوارەم: گوتاری ئایین و دەسەلآت**

# یەکەم: کورد و جەدەلییەتی ئایین و ڕێنیسانس

ئەگەر شۆڕش بەتەنها مەدلولێکی سیاسی هەبێت، ئەوا ئەگەرێکی زۆر نزیکە فاشیزم بەرهەمبهێنێت، چونکە گۆڕان بەتەنها لەسەر ئاستی سیاسیدا ناتوانێت گۆڕانێك بێت لەکۆمەڵگادا بەرەو بەرز ڕاگرتنی چەمك و بەها مرۆییەکان، ناتوانێت بەرگریکەرێکی راستەقینە بێت لەدیموکراسی و ئازادیی و فرەیی، لەوێشەوە ئەم چەمکانە بەرێتە فەرهەنگی رۆژانەی خەڵکەوە، شۆڕش بۆ ئەوەی بەرەو فاشیزم نەڕوات پێویستە شۆڕش بێت لەسەر هەموو ئاستەکانی ژیانی کۆمەڵگا، شۆڕش بێت لە ژیانی کۆمەڵایەتی ، شۆڕش بێت لەسەر ئاستی کەلتووری وئایینی و هۆشیاریدا، بە واتایەکی دی شۆڕش کاتێك مانای راستەقینەی خۆی وەردەگرێت ڕێنیسانسێکی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و کەلتووری بە دوای خۆیدا بهێنێت، نموونەی ئەو شۆڕشانەی کە بەتەنها لەسەر ئاستی سیاسیدا کاریانکردوە و ڕێنیسانسیان بە دوای خۆیدا نەهێناوە، لە بەردەستدایە کە لە فاشیزم زیاتر هیچی دیکەیان خەلقنەکردوە، دەکرێت لە نێو شۆڕشی وڵاتە عەرەبییەکاندا کەسێکی وەك قەزافی و ، لە نێو شۆڕشی وڵاتە سۆسیالیستەکاندا کەسێکی وەك کاسترۆ بە نموونە دەستنیشان بکەین.

بۆ ئێستای واقعی کوردی و ژیانی کوردی مەسەلەی هێنانە ئارای ڕێنیسانسێکی کوردی لە گرنگترین مەسەلەکانی ئەمڕۆیە، ڕێنیسانسێك کە هۆشیاری مرۆڤی کورد بگۆڕێت، پەروەردەیەکی دیموکراسیانە بکرێت و ئایدیای مرۆڤدۆستی و عەقڵانییەت و ئازادیخوازی بخرێتە نێو هۆشیاری تاکی کوردەوە، مەسەلەی هەرە گرنگیش لەم ڕێنیسانسەدا بریتییە لە پەیوەندی ئایین بە ڕێنیسانسەوە، کە داخۆ لە کۆمەڵگایەکی وەك کۆمەڵگای کوردیدا کە کەلتووری ئایینی بەشی فراوانی بیرکردنەوەی مرۆڤ پێکدێنێت سیستمی پەیوەندییەکان بە کۆمەڵگاوە

دیاری دەکات ، چۆن بتوانین لە بارەی پەیوەندی نێوان ئایین و رێیسانس قسە بکەین؟ ئایا لە رێنیسانسدا شوێنێك هەیە بۆ ئایین و بە پێچەوانەشەوە لە ئاییندا شوێنێك هەیە بۆ رێنیسانس؟ ئایا ئایین لەتوانایدا هەیە بەشداری بکات لە رێنیسانسێکی هەمەلایەنەی کوردیدا و چەمکە هیومانیستی و عەقڵانی و دیموکراسییەکان ببوژێنێتەوە و هۆشیاری مرۆڤی کورد بگۆڕێت و پاکی بکاتەوە لەخورافە و تەفسیرێکی زانستیانەی پێ ببەخشێت بۆ لێکدانەوەی دیاردەکان؟ ئەگەر بڕیاربێت خوێندنەوەی تازە بۆ ئایین بکەین ئەوا لە کوێوە دەستپێبکەین؟ گفتوگۆ لەمەڕ ئەم مەسەلانە و یەکالاکردنەوەی پەیوەندییەکانی ئایین بە رێنیسانس و رۆشنگەرییەوە لەواقعی کوردیدا لەهەستیارترین مەسەلەکانی ژیانی کوردە، بەبۆچوونی من ئایین هەرگیز ناتوانێت بەشداری بکات لە رێنیسانسدا ئەگەر ئەو تەفسیرانە لە کاردا بێت لە نێو کتێبە مێژوویی و کەلتوورییە زاڵەکاندا هەیە، ئەو تەفسیرانەی لە ناو کۆمەڵگای کوردیدا کار دەکات ، هەربۆیە ئەگەر بمانەوێت باس لە رێنیسانس و گۆڕانکاریبکەین لە کوردستاندا دەبێت بێ پێچ و پەنا باس لەئایین بکەین، دەبێت جارێکی دیکە باس لە خوێندنەوەی ئیسلام بکەین لە رێگەی نوێکردنەوەی میتۆدی مامەڵەکردن لەگەڵ دەقدا، ئەم مەسەلەیە تا ئەو رادەیەش گرنگە کە بڵێین دەستنیشانی ئایندە دەکات، بەڵام بەداخەوە ئەم مەسەلە گرنگە لە ناوەندی رۆشنبیری کوردیدا زۆر کەم قسەی لەسەر کراوە، زۆرکەم بۆتە مایەی گفتوگۆ و بیرکردنەوە و نوسینی جددی ، لەم نێوەندەدا زۆر دیاردەی وا هەیە کە بەڕاستی بۆ نوکتە باشە، قەڵەمبەدەستی وامان هەیە چەندین ساڵە دەنوسێ و چالاکی دەنوێنێت کەچی تا ئێستا دیدی رۆشن نییە بۆ پەیوەندی نێوان ئایین و ئەگەرەکانی گۆڕانکاریلە کوردستاندا، تا ئێستا یەك لێکۆڵینەوەی لەسەر پرسی ئایین و رۆڵی هۆشیاری و وزەی ئایینی لای مرۆڤی کورد نەنوسیوەو، ئەو لایەنەی بە تەواوی فەرامۆشکردوە، زیاتر لەوەش بونیادی بیرکردنەوەی خودی ئەو رۆشنبیرە لە

بنەڕەتدا شتێکی جیاواز نییە لە بیرکردنەوەی باوی کۆمەڵگە، شتێکی جیاواز نییە لە دیدی عەوامانەی خەڵك بۆ ئایین، بگرە ئێمە و مانان کە کار لەسەر پرسی ئایین ئەکەین وەك بابەتێك بۆ لێکۆڵینەوە زیاتر و زیاتر لە لایەن ئەم تایپە لە رۆشنبیرەوە رووبەرووی گرفت ئەبینەوە، لەمەش نوکتەتر ئەوەیە رۆشنبیری وامان هەبیت کە ئومێدی بە حیزبێکی ئیسلامی هەبێت بۆ ئەوەی خوێندنەوەی تازە بۆ ئایین بکات، جیاوازی ئەم جۆرە نوکتانە لەگەڵ نوکتەکانی دی لەوەدایە ئەم جۆرە نوکتانە نامانخەنە پێکەنین، بەڵکو دەمانخەن بەسەر تراژیدیایەکدا، تراژیدیای کوشتنی رێنیسانس، تراژیدیای تەڵخبوونی ئەگەرەکانی گۆڕانکاریو تازەکردنەوەی هۆشیاری مرۆڤی کورد.

هەرچی دەستەواژەی ( خوێندنەوەی کوردانە بۆ ئیسلام) یشە نابێت وا لێکیبدەینەوە کە هەرچی چەمکە کەلتووری و نەتەوەییەکانی کوردە بهێنرێتە ناو ئایینەوەو بکوردێنرێت، یان فەرمووده و ئایەت بۆ مەسەلەی پەیوەندیدار بە کوردەوە بهێنرێتەوە، ئەگەر کارێکی ئاوا بکەین ئەوە دوو هەڵەی گەورەمان کردوە:

**یەکەمیان:**

بەشداری راستەوخۆمان کردوە لەبەرهەمهێنانی هزری تەقلیدی ئایینی کە لە کۆمەڵگای کوردیدا باڵادەستە و ئەمەش پێچەوانەی خەونی رێنیسانسە، واتە هەمان ئەو میتۆدەمان بە کارهێناوە کە کار لەسەر تەقدیسکردنی شوێن و زمان و بابەتگەلێکی دنیایی دەکات لە رێگەی هێنانەوەی دەقی پیرۆز و بەخشینی هالەیەکی پیرۆزگەرا بە دەوری ئەو بابەتە دنیاییەدا.

**دووەمیان:**

هەمان ئەو میتۆدەمان بەکاربردوە کە ناسیۆنالیستێکی توندڕەوی عەرەب بۆ مەرامە ئایدیۆلۆژییەکانی لەگەڵ ئیسلامدا مامەڵەی پێ دەکات، لە ئەنجامیشدا کۆمەڵێك دۆگمای ئایینی دروست دەکات کە جولێنەری ئەم دۆگما ئاینییە

دۆگمای نەتەوەیە، بەمەش هەریەك لە ئایین و نەتەوە رۆحی رۆشنگەری و رینیسانس ئەکوژن، پێویستە دەستەواژەی ( خوێندنەوەی کوردانە بۆ ئیسلام) وا لێکبدەینەوەکە بە جۆرێك ئایین بخوێنینەوەو بە میتۆدێك مامەڵەی لەگەڵدا بکەین لەگەڵ چەمکە مرۆیی و گەردونییە مەزنەکاندا تەبا بێت، ئەمەش کارێکی قورس و رێگایەکی دوور و درێژە، هەر بەو ئەندازەیەش هەستیار و پڕ وریاییە، دەبێت بزانین چۆن خوێندنەوەی تازە بۆ ئیسلام بکەین و چۆن میتۆدی مامەڵەکردن لەگەڵ دەقدا نوێ بکەینەوە و لەسەر بناغەی ئەو نوێکردنەوەیە میتۆد و مانا و دەلالەتی نوێ بەرهەمبهێنن، ئەو مانایانەش ببنە فاکتی گۆڕانکاریلە هۆشیاری ئایینی مرۆڤی کوردا بەرەو دیموکراسی و ئازادی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی، بەدرێژایی مێژوو زۆربەی ئەو دەنگە عەقڵانی و نوێیانە لە مێژوو دەرکراون،هەر ئەمەش گەورەترین کارەسات بوو لە مێژووی ئیسلامدا، کە زۆربەی ئەو مێژووەی تووشی داخرانێکی گەورە کرد، لە ئێستاشدا گرفتێکی گەورەیە لەبەردەم ئەو کەسانەی کە ئایینیان وەك مادەیەك بۆ لێکۆڵینەوە وەرگرتووە و دەیانەوێت ئەو هۆشیارییە نوێ بکەنەوە کە مرۆڤی کورد بە ئایینەوە گرێدەدات، ئەو کەسانەی کە لە خەمی راستەقینەی گۆڕانکاریدان، لێرەدا بە پێویستی ئەزانم سەرنجی دوو هەوڵ بدەم لە ئێستای دنیادا کە دەیانەوێت لە ئایین بدوێن و میتۆدی مامەڵە کردن لەگەڵ ئایینداا نوێ بکەنەوە، ئەوانیش دکتۆر عەبدولکەریمی سروش لە ئێران و دکتۆر نەسرحامدئەبوزەید لە میسر، کە وای ئەبینم ئەم سەرنجدانە بۆ ئێستای رۆشنبیریی کورد و هەوڵەکانی خوێندنەوەی بیری ئایینی بە سوود بێت.

هەریەك لە سروش و ئەبو زەید لە پێناو ئامانجە مرۆییە مەزنەکان و چەمك و بەها باڵاکانی رۆشنگەری و عەقڵانییەت و فرەیی و دیموکراسیدا مامەڵە لەگەڵ ئاییندا دەکەن و ئایین ئەخوێننەوە، هەردوکیان رەخنەی ریشەیی و زانستی قووڵ ئاراستەی ترادسیۆنی ئیسلامی و کۆی سیستمی ئەرسەدۆکسی دەکەن و نا

هیومانیستی و ناعەقلانی دەکەن، بەلام ئەبینین یەکەمیان: سروش نەك هەر ئەتوانێت لە کۆمەلگایەکی ئیسلامی ئێرانیدا جێ پێی خۆی بکاتەوە، بەلکو گۆڕانکاریگەورە دەکات، ئەمڕۆ کە ریفۆرمی ئایینی زۆربەی شەقامی ئێرانی گرتۆتەوە سروش یەکێکە لە تیۆرداڕێژەرانی، سروش رابەرێکی دیاری نوێکەرەوەی بیری ئایینییە لە ئێراندا و بەرجەستەکەری سیکۆلاریزم و پلۆرالیزمە لە هزری ئایینیدا، لانیکەم لە ولاتی ئێراندا، بەلام ئەبوزەید بە پێچەوانەوە تەکفیر ئەکرێت و لە میسر دەردەکرێت، ئەبوزەید سەرەڕای زانستی تێژ و وردی بیرکردنەوەکانی بە ئەندازەیەکی کەمتر کاریگەری هەیە و کەمتر شانسی بەرپاکردنی گۆڕانکاریهەیە لە هزر وهۆشیاری ئایینیدا ، هۆی ئەمە چییە؟ لە کاتێکدا ئەبوزەید پیاوێکی ئەکادیمی و رۆشنفکرێکی گەورەیە، بۆ سروش بە ئەندازەیەك زیاتر کاریگەری هەیە و بەلام ئەبوزەید تەکفیر ئەکرێ و دەردەکرێت؟

ئەمە لە کاتێکدا تێڕوانینی هەریەك لە سروش و ئەبوزەید تێڕوانینی رەخنەیی قووڵە و لە پێناو کۆمەلێك ئامانجی مرۆیدایە، من هۆی ئەم حالەتە ئەگەرێنمەوە بۆ چەند خالێکی سەرەکی:

١- ئەبوزەید ناتوانێت لە دەرەوەی زانکۆکاندا قسە بکات، لە دەرەوەی ئەکادیمیا زمانێکی نییە بۆ قسەکردن، ئەوەی ئەبوزەید ئەیدوێنێت تەنها خوێندکارەکانی زانکۆ و ناوەندی ئەکادیمی و زانستی میسرە ، ئەمە لە کاتێکدا سروش هاوکات لەگەل ئەوەی لەگەل نوخبەکان قسە دەکات و ناوەندی ئەکادیمی ئەدوێنێت زمانێکیشی هەیە بۆ موخاتەبەکردنی مرۆڤی ئاسایی ناوکۆمەلگا، هاوکات لەگەل ئەوەی لە هۆلی زانکۆکاندا قسە دەکات لە مزگەوتەکانیشدا قسە دەکات و کاریگەری لەسەر عەقلی مرۆڤێکی سادەی مزگەوتیش دا دەنێت، ئەمڕۆش ئێمە ئەگەر بمانەوێت رۆشنبیریی تازە بەرانبەر بە ئایین بەتەنها لە ناو نوخبەکاندا قەتیس نەمێنێت و بچێتە هۆشیاری خەلکەوە و گۆڕانکاریبکەین دەبێت

گفتوگۆی زانستی و کراوه لەگەڵ مزگەوت و ناوەنـدە ئایینییەکـە بکـەین، دەبێت لەوێش داکۆکی لە قسە و تێزەکانمان بکەین و بەڵگەکانمان بخەینە روو.

٢- ئەبوزەید زمانی زۆر توندە بەرانبەر بە نەیارە فیکرییـەکانی بەتایبـەت بـە ئیسلامییەکان، ئەبوزەید بە ئیسلامییەکانی میسر ئـەڵێت کۆنەپەرسـت و پیـاوی سـەدەکانی ناوەڕاسـت، بـەڵام بـە چـەپەکانی میـسر ئـەڵێت ویژدانـە زینـدوەکانی میسر ، ئەم جۆرە پۆلێنکردنانە هـیچ خزمـەتێك بـە ئاسـتی زانـستی و ئـەکادیمی ئەبوزەید ناکات، بگرە هیچ خزمەتێك بەو ئامانجانەش ناکـات کـە ئـەبو زەیـد لـە پێناویدا ئەنوسێت، بگـرە بـوە بـە ڕێگرێـك لـەوەی بتوانێت گۆڕانکاریبکات، ئـەو جۆرە لە پـۆلێنکردن و ئـەو جـۆرە لـە زمـانی تونـد هاجسێکی مەترسـیداری لای ئیسلامییەکان وروژاندوە، ئەویش ئەوەیە کە ئەوجۆرە لە نوسین بـە بەشـێك لـە جەنگی لەناوبردنی ئیسلامو، هزری ئیسلامی و دژایەتی ئاشـکرای مـسوڵمانان لـە قەڵەم دەدەن و، ئەمەش وا دەکات بێ بیرکردنـەوە رەفـزی بکـەن، بـە پێـچەوانەی ئەبوزەیــدەوە ســروش زۆر هێمنانــە دەنوســێت، ئــەو لەســەرو ناولێنــان و پۆلێنکردنەکانـەوە بـۆ هـەموو کۆمـەڵگا دەنوسـێت، لـەم ڕێگەیـەوە سـروش زۆر هونەرمەندانە توانیویەتی گۆڕانکاریتەنانەت لە عەقڵی نـەیارە فیکرییەکانیـشیدا دروست بکات.

من ئەوەم پێخۆشە ئێمە (سروش) ێك بین و بتوانین کاریگـەر بـین، سروشـێك بـین و بتـوانین لـە وڵاتـی خۆمانـدا بمێنینـەوە و گۆڕانکاریدروسـت بکـەین و دەسکاری هۆشیاری باو بکەین ، نەك ئەبو زەیدێك بین و  کاریگەریمان بۆ گـۆڕان و نوێکردنەوەی هۆشیاری کۆمەڵگا کەم بێت و ناچارمان بکەین لە دوورە وڵاتیـدا بژین، راستە ئەبوزەید لە پێناو مەسەلەیەکی فیکری و زانستی گـەورەدا دەرکـراو تـەکفیر کـراو و ئەمـەش سـەربەزیی بـوو بـۆ ئـەو ، وەك چـۆن زۆربـەی عەقڵـە رەخنەگر و زانـستییەکانی جیهـانی ئیـسلامی تـەکفیر کـراون و مایـەی شـانازی و سەربەرزین ، بەڵام بە بۆچوونی من رەچاوکردنی سیاق گرنگەو، چـەندێك ئـەوە

گرنگە کە فیکری زانستی و رۆشنگەرانە و رەخنەگرانە تەرح بکەین ئەوەندە ئەوەش گرنگە کە چۆن تەرحی ئەکەین و بە چ زمانێك ئەیگەیەنین‌و چ میکانیزمێکمان هەیە بۆ گەیاندنی تێزەکانمان تا بتوانین گۆڕانکاریبکەین، ئەم بۆچونەشمان هەرگیز بەو مانایە نایەت موجامەلە و موغازەلەی ناوەندی ئایینی بکرێت کە بەرپرسی دۆگمایی هزری ئایینی و زۆربەی کارەسات و داخزانە مێژوییەکانە، بەو مانایەش نایەت بۆ ئەرکی پێداچوونەوە بە ئایین ژمارەیەك پیاوی ئایینی و فەندەمینتال باشتر بزانرێت ، بە پێچەوانەوە ئەوانە پێویستیان بەوەیە ریفۆرم بکرێن.

وەك پێشتر ئاماژەم پێکرد ئێمە تەنها لە کاتێکدا ئەتوانین باس لە رێنیسانس بکەین، دەتوانین باس لە رۆشنگەری بکەین لە کوردستاندا، کە باس لە ئایین بکەین و ئایین وەك کێڵگەیەك بۆ توێژینەوە وەربگرین و، دەسکاری نەخشەی بیرکردنەوەی ئایینی بکەین، چونکە ئایین و هزری ئایینی بەشێکی گرنگی هۆشیاری کۆمەڵایەتی پێکدەهێنێت لە کوردستاندا، لەم روانگەیەوە کارکردن لە سێ ئاستی سەرەکیدا بە پێویست دەزانم:

**یەکەمیان:** تازەکردنەوەی هۆشیاری مرۆڤ بەرانبەر بە ئایین

**دووەمیان:** بەگەرخستنی دیدی رەخنەیی و زانستی بەرانبەر کۆی کەلتووری ئایینی و دامەزراوەی ئایینی

**سێیەمیان:** هێنانەئارای زانستەکانی پەیوەندیدار و لێکۆڵەر لە ئایین.

**یەکەمیان: تازەکردنەوەی هۆشیاری مرۆڤ بەرانبەر بە ئایین:**

**ئەمەش بە دوو ڕێگای سەرەکی دەبێت**

**١- تازەکردنەوەی میتۆدی مامەڵەکردن لەگەڵ قورئاندا:**

گرنگترین پرسیار لێرەدا پێویستە بیکەین و یەکلای بکەینەوە ئەوەیە ئایا ئێمە بە چ میتۆدێك مامەڵە لەگەڵ قورئاندا بکەین و مانای لێبەرهەمبهێنین؟

مەسەلەی نوێکردنەوەی میتۆد گرنگترین و جەوهەریترین مەسەلەیە،چونکە خودی میتۆد دەستنیشانی ئەوە دەکات تۆ چی لە قورئان بەرهەمدەهێنیت و لەوێشەوە چی ئەچێتە فەرهەنگی هۆشیاری تاکی مسوڵمانەوە،چی دەبێتە هۆشیاری زاڵ و دنیای دەرەوەی پێ دەخوێنرێتەوە،عەقڵی تاك بونیاد دەنێت و میکانیزمەکانی کارکردنی ئەو عەقڵە دیاری دەکات.

ئێمە پێویستمان بەوەیە تەجاوزی ئەو میتۆدە بکەین کە مامەڵەی حەرفییانە و زاهیریانە دەکات لەگەڵ دەقدا، واتە ئەو مامەڵەیە تێپەڕێنین کە لە ڕووکەش و بونیادی حەرفی دەقەوە مانا وەردەگرێت و، وەك دوا مانا مامەڵەی لەگەڵ دەکات، بەڵکو پێویستە بەو میتۆدە مامەڵە بکەین و کە بە شوێن مەقاسیدەکانی دەقدا دەگەڕێت، بەشوێن مەرامی هاتنی دەق و پەیامی ئایینەکانەوە بین،لەم ڕێگایەوە دەتوانین ئایین ببەستینەوە بە ئامانج و بەها باڵاکانی مرۆڤایەتییەوە،دەتوانین ڕۆڵێکی پۆزەتیڤ بە ئایین ببەخشینو تەوزیفی بکەین بۆ ئامانجە مەدەنیو مرۆڤدۆستییەکان، خودی مەقاسیدو مەرامەکانی هاتنی ئایین خۆی لە ئازادیو دادپەروەری کۆمەڵایەتیو ئامانجو بەها باڵاکانی ڕۆشنگەریو عەقڵانییەتدا دەبینێتەوە،بەراستی سوننەتی پێغەمبەریش مانای لە مەقاسیدەکانەوە وەرگرتووە هەوڵدانە بۆ بەرجەستەکردنی مەقاسیدەکانی ئایین لە واقیعو زەمەنێکی دیاریکراودا، بۆ وەڵامدانەوە بە پێداویستییەکانی مرۆڤ لەو کۆمەڵگایەدا.

له مێژووی ئیسلامدا له دوای کۆچی دوایی پێغەمبەرەوە مامەڵەی حەرفییانە و زاهیریانـە لەگـەڵ دەقـدا دەسـتپێدەکات و، کـە لـەوێوە مێژوویـەکی پـڕ لـە دۆگمایی له ئاستی فیکر و پڕ له سەرکوتگەرایی له ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا دەسـتپێدەکات، مامەڵـەی حەرفییانـە کـە مامەڵـەی هـەرە زاڵـە لـە شـەقامی ئیـسلامیدا، هەمیـشە ئەگـەرەکانی حـەقانیبوون و قـۆرخکردنی حەقیقـەت ئەهێنێتـە پێـشەوە، لێرەشـەوە پرۆسـەی سـڕینەوەو نـەفیکردنی گرووپـە کۆمەڵایـەتی و سیاسـییە جۆراوجۆرەکـان سـەریهەڵداوە، مامەڵـەی حەرفییانـەو زاهیریانـە لەگـەڵ قورئانـدا زەمینـەی ئـەوە خۆشـدەکات کـە هـەموو گرووپـە جۆراوجۆرەکان بۆ مەرامـە جیاوازەکانیـان دەقـەکان تـەوزیف بکـەن و لەسایەی مانای حەرفی دەقێکدا جگە لە خۆیان هەموو دنیا تەکفیر بکەن، بێگومان ئەمەش کارەساتێکی گەورەیە و خەونەکانی رۆشنگەری و رێنیسانس لەبار دەبات.

باوەڕموایە له ئێستای واقعی کوردیـدا ئەگـەر ئێمـە بـە میتـۆدی حەرفیانـە و زاهیریانـە مامەڵـە لەگـەڵ دەقـدا بکـەین ، ئـەوا هـیچ کەسـێك لـە ئێمـە لـە زانـا پێـشینەکان باشـتری پێناکرێـت و ، لـە بـاری واقـع و پراکتیکـی سیاسـی و کۆمەڵایەتیشدا هیچ گروپێك ناتوانێت نموونەیەکی کـراوەو دیمـوکرات پێشکەش بکـات، ئەگـەر دەنگێـك هـەبێت بـاس لـە رێنیـسانس و کرانـەوەی مانـا و هـزری ئیـسلامی بکـات و بـاوەڕی بـە مامەڵـەی حەرفییانـە و زاهیریانـە هـەبێت لەگـەڵ دەقدا ئەوا لـە دنیایـەك ناتـەبایی فیکریـی و ئایینیـدا ئـەژی، ئێمـە پێویـستمان بەوەیە تەجاوزی مانای زاهیری دەق بکەین، بەڵکو بە شوێن مەقاسیدی ئایینـەوە بین، بە شوێن مەرامی هاتنی ئایینەکانەوە بـین، ئایینـداری بـەوە تەفـسیر بکـەین لـە نێـو مەرامـەکانی ئایینـدا بـین و بـێ ئـاینیش بـەوە تەفـسیر بکـەین کـە پێچەوانەی مەقاسیدەکانی ئایین بین، کە بێگومان مەقاسیدی ئایینـەکان مـرۆڤ و ئازادی مرۆڤە، لەناوبردنی ستەمکاری و چەسپاندنی دادپـەروەری کۆمەڵایەتییـە، بەم رێگایە ئەتوانین ئایین لەو میتۆدە رزگار بکەین کە هەمیشە دنیا بەسەر دوو

قوتبـدا دابـەش دەكـات، لـەم فەزايـەدا ئـايين پابەندبوونـە بـە چـەمك و بـەها مرۆڤايەتييەكانەوە.

٢- نوێكردنەوەی هۆشـیاری مـرۆڤ بەرانبـەر بـە خـودا یـان نوێكردنـەوەی ئـەو هۆشـیارییەی كـە مـرۆڤ بەرانبـەر بـە خـودا هەیـەتی: بـۆ ئـەوەی بـەدحاڵیبوون دروست نەبێت دەبێت ئەوە روونبكەمـەوە كـە حەقیقـەتی خـودا خـۆی شـتێكە و ئەو وێنەیەی كە مـرۆڤ بەرانبـەر بـە خـودا بەرهـەمی دێنێـت شـتێكی تـر، خـودا (لە بیروباوەڕی ئیسلامیدا ) وەك زاتێكە لەدەرەوەی شوێن و كات و زمـان شـتێكە ئێمە ناتوانین  هیچی لە بارەوە بڵێن و بوونێكی نەگۆڕە ، بەڵام تێگەیشتنی مرۆڤ بـۆ ئـەم خودایـە بـەردەوام لـە گۆڕانـدا بـوە، چـونكە ئـەو تێگەیـشتنە یـان ئـەو وێنەیـەی مـرۆڤ بەرهـەمی دەهێنێـت دەكەوێتـە ژێـر كاریگـەری شـوێن و كـات و باكگراونـدی هۆشـیاری مـرۆڤ و  بـاری سـایكۆلۆژی و ئاسـتی پێـشكەوتنی میتـۆدە زانــستییەكان ...هتـد، هـەموو ئەمانــە كاریگـەرن لـە بەرهـەمهێنانی وێنـە و تێگەیشتندا، بۆیە دەبینین بەدرێژایی مێژووی ئیسلامی لەگەڵ بوونی گـرووپ و تاقمی جیاواز  تێگەشتنی جیـاوازیش بەرانبـەر خـودا لـە ئـارادا بـوە، تێگەیـشتنی مرۆڤێكی سۆفی لەگەڵ مرۆڤێكی  ئیعتیزالی بـۆ خـودا گـەلێك جیاوازییـان هەیـە، ئەو تێگەشتنەی مرۆڤێكی وەك ئیبن عـەرەبی بەرهـەمی دەهێنێـت و پەیوەنـدی نێـوان خـۆی و خـودای پێڕێكـدەخات  لەگـەڵ ئـەو تێگەیـشتنەی مرۆڤێكـی وەك ئەبوحەسەنی ئەشعەری بەرهـەمی دێنێـت دنیایـەك جیاوازییـان هەیـە،  هـەموو ئــەو تێگەیــشتنانەش بەشــێوەیەكی رێــژەیی شــەرعیەتیان هەیــە و  هــیچ تێگەیشتنێكیش مافی ئەوەی نییە تێگەیشتنی خۆی بـە حەقیقـەتی خـودا نـاوزەد بكات و تێگەیشتنەكانی دیكە بە باتڵ تاوانبار بكات.

ئـەو تێگەیـشتنەی كـە مـرۆڤ بەرانبـەر بـە خـودا هەیـەتی ئەگۆڕدرێتـە سـەر هۆشـیارییەكی ئـەوتۆ كـە مـرۆڤ بـە دەرەوەی خۆیـەوە گـرێ دەدات و حاڵـەت و، ویژدانی و ناوەكییـەكانی دروسـتدەكات و ،دواتـریش دەبێتـە جوڵێنـەری مـرۆڤ و

کۆمەڵگا، بەمەش ئەو تێگەیشتنە سەرچاوەیەکی گرنگی گۆڕانکارییەکانە هەر خودی ئەو چەمکەش دەبێتە بنەمایەکی گرنگ بۆ تەعریفکردنەوەی چەمکە ئاینییەکان کە بێگومان شادەماری ژیانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و سیاسی کورد دادەڕێژن، لێرەدا پرسیارێکی گرنگ دێتە پێشەوە ئەویش ئەوەیە : ئێمە بۆ رێنیسانسی کوردی پێویستە ئەو تێگەیشتنە لەسەر چ بنەمایەك نوێ بکەینەوە؟ من لێرەدا بە شێوەی پرسیار هەوڵدەدەم چەند مەسەلەیەك بوروژێنم .

ئایا خودا بەخوێن لەمرۆڤ رازی دەبێت یان بە تەساموح؟ ئایا رووداو گۆڕانکارییەکان کۆمەڵێك مەسەلەی بڕیارلێدراون و ، وەك لاپەڕەیەك لە ئەزەلەوە نوسراونەتەوە یان مرۆڤیش لەسەر زەوی بۆ خۆی خودایەکە کردار ئەخولقێنێت و خۆی رووداو دروست دەکات و چارەنوسی خۆی دیاری دەکات؟ ئایا من ئەگەر مرۆڤێکی عەقڵانی و بیرکەرەوە نەبم دەتوانم خودا بناسم و خوداپەرست بم؟ ئایا خودایەك کە هەموو پەیامە ئاسمانییەکانی بۆ مرۆڤ ناردبیت و مرۆڤی بە مەزنترین و جوانترین بوونەوەری خۆی دانابێت لەسەر زەویدا ئایا ئەکرێت من مرۆڤدۆستێکی گەورە نەبم و لاف خودا پەرستی لێ بدەم؟

ئایا خودایەك جیهانی بەم فرە رەنگی و فرە دەنگی و ئاوازەوە دروست کردبێت، دەگونجێت من فرەیی و فرە دەنگی رەت بکەمەو لاف خودا پەرستیش لێبدەم؟ ئایا ئەگەر لە زەویدا من لەژێر زەبری ستەمکارێکدا بم و بمچەوسێنێتەوە ناچارنابم جگە لە خودا ، خودایەکی دیکەش بپەرستم کە ستەمکارەکەیە؟ ئایا ئەگەر دەسەلاتی ستەمکارێك قەبوول بکەم و رەخنەی لێنەگرم توشی شیرك و هاوەڵدانان نابم؟ هەر لێرەوەش ئایا بەرقەرارکردنی ئازادی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی مەرجێکی گرنگ و بنەڕەتی نییە بۆ ئەوەی مرۆڤ بە تەنها خودا بپەرستێت و سوژدە بۆ مرۆڤە بە خوا بوەکان نەبات؟

هەریەك لە پرسیارانە لە ناوەڕۆكدا دەروازەیەكی باشە بۆ قسەكردن لەسەر گەلێك مەسەلەی گرنگ، گەلێك مەسەلەی هەستیار و چارەنوسسازی پەیوەست بە هزری ئایینییەوە، بۆ نموونە ئەو پرسیارەی كۆتایی ئەمانكاتەوە بەڕووی مەسەلەیەكی گرنگی وەك تەوحیدا ، مانای راستەقینەی تەوحید لە یەكسانی نێوان مرۆڤەكان و بەدیهێنانی دادپەروەری كۆمەڵایەتیدا دروستدەبێت، بە پێچەوانەشەوە شیرك و هاوەڵدانان بۆ خودا بریتییە لەستەمكاری كۆمەڵایەتی و قووڵبوونەوەی جیاوازییە چینایەتییەكان، شیرك ئەوەیە مرۆڤێك یان حزبێك یان هەر گروپێك دێت و بە ناوی پیرۆزییەكانی ئایینەوە، یان بە ناوی پیرۆزییەكانی نەتەوەوە خۆیدەكات بە خوا بەسەر كەسانی دیكەوە، دژایەتی ئەریستۆكراتەكانی قوڕەیش بۆ مەسەلەی تەوحید بۆ ئەم خاڵە دەگەڕێتەوە، چونكە ئەوان دەیانزانی نەمانی خواكانیان نەمانی بەرژەوەندییە جیاوازەكانیانە لە هەمان كاتدا، كەسی ستەمكار هەمیشە ئەو كەسەیە كە داوای خوایەتی دەكات، زۆرن ئەو كەسانەی بە ناوی بەرگریكردن لە تەوحید و پیرۆزی خوداوە بە درێژایی چەندین سەدە مومارەسەی خوایەتیان كردووە، خەڵكانی تریان كردۆتە بەندەی خۆیان و، رۆزی و ژیانیان بە دەست ئەوان بووە، لەقورئاندا فیرعەون نموونەی ئەم جۆرە كەسانەیە، بێگومان ستەمكاریش بە تەنها لەسەر ئاستی سیاسی و سەربازی بوونی نییە ، بەڵكو لەسەر هەموو ئاستەكانی ژیانی كۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئابووریش بوونی هەیە، هەربۆیە كافر یان موشریك ئەوكەسەیە كە ستەمكارە، ئەو كەسەیە كە مافەكانی خوایەتی بۆ خوی قۆرخدەكات و ئازادی و مافی یەكسانی لەگەڵ خەڵكی دیكەدا زەوت دەكات، جا ئیتر ئەو ستەمكارە ستەمكارێكی سیاسی بێت یان كۆمەڵایەتی یان ئەخلاقی، یان فەرهەنگی ، كەسی ئیماندار و یەكتاپەرست ئەو كەسەیە كەدادپەروەرە، یان ئەو كەسەیە لە پێناو دادپەروەری و كۆتایی هێنان بە ستەمكاری تێدەكۆشێت، ئەم جۆرە تێگەیشتنە هەم لەگەڵ جەوهەری ئاییندا تەبایە و، هەمیش خزمەت بە

بەرپاكردنی رێنیسانسێكی كوردی ئەوتۆ دەكات كە ئاسۆكانی دادپەروەری و عەقلانییەت و ئازادی فراوان بكات.

پێویستە ئەو هۆشیارییەی كە پەیوەندی نێوان مرۆڤی ئێمە و خودا رێكدەخات هۆشیارییەك بێت مرۆڤ فێری باوەڕهێنان بكات بە تەساموح نەك باوەڕهێنان بەجەنگی پیرۆز، مرۆڤ فێری قەبولكردنی هەموو دەنگ و رەنگە جیاوازەكان بكات نەك بچووككردنەوەی ئەو هەموو دەنگ و رەنگە بۆ یەكدەنگ یان یەكرەنگ، تازەكردنەوەی هۆشیاری مرۆڤ بەرانبەر بە خودا مەرجێكی گرنگ و بنەڕەتییە بۆ ئەوەی بتوانین باس لەتەساموح بكەین، بۆ ئەوەی بتوانین باس لە عەقلانییەت و فرەیی و رۆشنگەری بكەین، باس لە دیموكراسی و بەها بالاكانی مەدەنییەت و رێنیسانس بكەین، مرۆڤ فێری ئەوە بكات بۆ عەقڵ و ئیرادەی خۆی بگەڕێتەوە، نەك بچێتە ژێر باری تەفسیری میتافیزیكییەوە، شایانی باسە ئەمڕۆ خۆرئاوا زۆر بەوردی ئیشی لەسەر ئەم بابەتە كردوە، لەناو ناوەندی رۆشنبیری ئێمەشدا دواندنێكی زۆر لەمەڕ رۆڵی ئایین لەخۆرئاوادا هەیە، لەم نێوەندەدا چەندین بۆچوون لەئارادایە، بۆچوونێك پێی وایە خۆرئاوا چ وەك دەوڵەت و چ وەك پانتایی ژیانی كۆمەلایەتی و فەرهەنگی عەلمەنەكراوەو بە تەواوی رۆڵی ئایین كۆتایی هاتوە، بۆچونێكی تر پێیوایە كە ئەمڕۆ لەخۆرئاوا بەتایبەت لە ولاتێكی وەك ویلایەتە یەكگرتوەكانی ئەمریكا ئایین رۆڵێكی مەزن دەبینێت و تێكلاوی دەوڵەت و كۆمەلگاو تەنانەت بڕیاری سیاسیش بوە، بۆچوونێكی دیكەش پێیوایە كە ئەمڕۆ خۆرئاوا لە ئەنجامی بێزاربوونیان لەژیانی ماددی بۆشاییەكی روحی روویتێكردوون، بۆ پڕكردنەوەی ئەو بۆشاییە رۆحییە گەڕاونەتەوە بۆ ئایین، بە بۆچوونی من ئەم سێ بۆ چوونە هەرسێكی هەڵەیە و پڕن لە ئیشكالییەت، جارێ پێشەكی تەماشاكردنی خۆرئاوا وەك یەك كوتلەی یەكگرتوو هەڵەیەكی مەنهەجی گەورەیە، خۆرئاوا لە چەندین ولات پێكدێت و پانتایی هەریەكەیان و مامەڵەیان لەگەڵ ئایین تایبەتمەندی خۆی

هەیـە، بۆیـە ناكرێـت هەمـەكیكردنێك بـسەپێنین، بـەڵام دەكرێـت تێگەشـتنێكی گشتی بەرهەمبهێنین و بە بۆچوونی چوارەمی دابنـێین ، كـە رەنگـە تـا رادەیـەك بۆچـوونێكی ورد بێـت ئـەویش ئەوەیـە ، نــە ئـایین لـە دەوڵـەت و كۆمــەڵگا جیاكراوەتە و نە تێكڵاوی بوەو نە بۆشایی رۆحیش هەیە تا مرۆڤ بگەرێتەوە بۆ ئایین و بۆشاییە رۆحییەكەی پڕبكاتەوە، بەڵكو راستی ئەوەیە كە ئەو هۆشیارییە مرۆڤ بە خواوە دەبەستێتەوە نوێكراوەتەوە و گۆڕدراوە بە هۆشیارییەكی زانستی و عـەقڵانی، لەوێـشەوە میتـۆدی پابەنـدبوون و مامەڵـەی مـرۆڤ لەگـەڵ ئایینـدا بەتـەواوی گـۆڕانی بەسـەردا هـاتوە ، ئـەو هۆشـیارییەی مرۆڤێكـی خۆرئـاوایی سـەدەكانی ناوەراسـت بـە خـواوەوە دەبەسـتێتەوە، بـە بـەراورد لەگـەڵ ئـەو هۆشیارییەی مرۆڤێكی خۆرئـاوایی سـەردەمی مودێرنـە بـە خـواوە دەبەسـتێتەوە جیاوازییــان ئاسمــان و رێــسمانە، هەڵبەتــە لێــرەدا بانگەشــەی ئــەوە ناكــەم تەجروبەی خورئاوا لەمەڕ ئایین لە كوردستاندا كۆپی بكرێت، بانگەشەی ئـەوە ناكـەم ئـەوان چییان كـردوە بەرانبـەر بـە مەسـیحییەت ئێمـەش ئـەوە بكـەین بەرانبــەر بــە ئیــسلام، چـونكە هــەنگاوێكی لەوشـێوەیە ئەمانخاتــە هەڵەیــەكی مەنهەجی و بابەتییەوە، من لەگـەڵ ئـەو تێـزەدا تـەبام كـە قسەكردنمان لـە مـەڕ ئــایین یــان هــەر دیاردەیــەكی دیكــەی كۆمــەڵگای خۆمــان لــە پێویــستییە ناوخۆییەكانی خۆمانەوە هەڵبوقڵێت، پێویستی واقعی كورد و ژیانی كورد وامـان لێبكـات قـسە بكـەین و بیربكەینـەوە نـەك بـاق و بریقـی ئەزموونـەكانی دەرەوە بمانجولێنێت و قسەمان پێبكات.

ئەو گوتارانەی ناوخۆ كە بەرهەمی كاردانەوەن، یان دووبارەكردنەوەی گوتـارو ئەزموونەكانی دەرەوەن زۆر كەم ئەتوانن كاریگەر بـن، توانایـان لـە دروسـتكردنی گۆڕانكـاریو خوێندنـەوەی بابەتیانـەی واقـع و پێویـستییە ناوخۆییەكانـدا لاوازە، باشترین نموونەش بۆ ئەمە بانگەشەو گوتاری نوێگەرییە لەجیهانی عەرەبیدا، كە لە زەمانی روفاعە تـەهتاویی و محمد عـەلی پاشـاوە بانگەشـەیەكی بـەردەوام بـۆ

نوێکردنـــەوەی کۆمـــەڵگای عـــەرەبی هەیـــە، بـــەڵام ئـــەوەی ئێـــستا لـــە واقیعـــدا ئەگوزەرێت جگە لە واقعێکی خێڵایـەتی و سیـستەمێکی سیاسـی سـتەمکار زیـاتر نییە، دیارە ئەم قسەیەمان هەرگیز بەو مانایە نییە کە کۆمەڵێك چەمکی گرنگی گـــەردوونی کـــە بەرهـــەمهێنراوی فیکـــر و ژیـــاری خۆرئاواییـــە بـــە نـــاوی لاســـایینەکردنەوەی ئەویدیـــەوە فـــەرامۆش بکـــەین ، بـــەڵکو بـــە پێـــچەوانەوە چـەمکەکانی وەك دیموکراسـی و لیبرالیـزم و ئازادییـە فـەردی و مەدەنییـەکان و پرەنسیپەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بابەتگەلێکن نـەك هـەر قابیلی فەرامۆشـکردن نـین، بـەڵکو دروشـم و ئامـانجی تێکۆشـانی هـەر مرۆڤێکـی ئـازادیخوازە، هـەر خەباتێکی راستەقینە بۆ ژیـانێکی باشـتر لـە خـەبات بـۆ دیموکراسـی و مافـەکانی مرۆڤ و کۆمەڵگای کراوە جیاناکرێتـەوە، بـەڵام ئـەوەی دەگۆڕێـت میکانیزمـەکانی خەباتە بۆ چەمکانە، چۆنێتی بەرگریکردنە لەو بەهایانەو کردنێتی بـە پـڕۆژەی هەمەچەشن لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی کوردستاندا.

دووەم: بەگەرخستنی دیدی رەخنەیی زانستی بەرانبەر کۆی کەلتووری ئایینی و دامەزراوەکانی:

بێگومان رەخنـەگرتن لـە رابـردوو زۆر گرنگـە بـۆ تازەکردنـەوەی هۆشـیاریمان بەرانبـەر بـە ئێـستا، گرنگـە بـۆ کەشـفکردنی ئـەو رەهەنـدە دۆگـا و شـمولی و نـا زانـستیانەیەی لـە تەفـسیرەکانی رابردوودایـە، تـەنها لـە رێگـەی رەخنەگرتنـەوە ئەتوانین هەیمەنەی رابردوو بەسەر ئێستادا کەمبکەینەوە،دەبێت رەخنەگرتنیش لـەڕابردوو بـە میتـۆدی زانـستیانە و لـەپێناو کۆمـەڵێك ئامـانجی زانـستیانە ئەنجامبدرێت، نەك بە بوغز و رقەوەو لە پێناو کۆمەڵێك مـەرامی ئایدیۆلۆژیـدا، هـەر سیـستمێکی رۆشـنبیری بتوانێـت عەقڵـەکانی خـۆی وا پـەروەردە بکـات کـە خـاوەن دیـدێکی رەخنـەیی بـن بەرانبـەر بـە رابردوەکـانی خـۆی، بەرانبـەر بـە مێژووە دێرێنەکانی کۆمەڵگاکەی لەسەر هـەموو ئاسـتەکانی فیکـر و سیاسـەت ... ئەوا دەسکەوتێکی گەورەی بەدەستهێناوە، چونکە دەروازەیـەکی گـرنگ دەکاتـەوە

بۆ شکاندنی ئەو پیرۆزییانەی کە رابردوو هەیەتی، بەڵام رۆشنبیریی ئێمە بە حوکمی ئەوەی زۆربەی کات رۆشنبیرییەك بووە ، ئایدیۆلۆژیای حزبەکان بەسەریاندا زاڵ بوە، کەم توانیویەتی مامەڵەیەکی عەقڵانیانە و زانستیانە لەگەڵ کەلتووردا بکات، واتە پرۆسەی رەخنەگرتن لە کەلتوور بۆ مەرامی رۆشنگەرانە و عەقڵانیانە تەوزیف بکات، بەڵکو لە زۆرکاتدا رۆشنبیری کوردی شەڕێکی بێ مانای دژی کەلتووری ئیسلامی بەرێوە بردوە، کە ئەنجامی ئەو شەڕە هیچ نەبوە جگە لە بەهێزکردنی ئەو کەلتوورە، جگە لە زیاتر کاراکردنی هەیمەنەی ئەو کەلتوورە بەسەر واقع و ماناکانی ئێستادا.

پێویستە مامەڵەی رەخنەگرانەمان لەگەڵ کەلتووری ئیسلامیدا بەمەبەستی گۆڕینی ئەو هۆشیارییە باوە بێت کە مرۆڤی ئێمە بە ئایینەوە گرێ دەدات، کە بێگومان ئەو رۆشنبیرییە باوەش لە ژێر کاریگەری کەلتوور و تەفسیرەکانی رابردودایە، رەخنە گرتن لە کەلتوور بە دیوەکەی تردا رەخنەگرتنە لەو رۆشنبیرییە باوەی کە لای مرۆڤی ئایین کار دەکات ، لە رۆشنبیرییە پاشکەوتوەکانی وەك رۆشنبیری ئێمەدا زۆر کەم دەنگ و قەڵەم دەردەکەون خاوەن دیدی راستەقینەبن بۆ رابردوو، یان بتوانن موناقەشەی پایە و ریشەکانی کەلتووری ئایینی بکەن و رەخنە لە کۆی ئەو سیستمە بگرن کە تێزە دۆگما و ناهیومانیستییەکانی بەرهەمهێناوە، بەڵام ئەمرۆ گەلێك لە دەنگەکانی رۆشنبیریی ئێمە دەیانەوێت لە پشت بانگەشەکردن بۆ دیدی رەخنەیی بۆ کەلتوور، مۆدەیەکی دیاریکراو کەباڵادەستە مومارەسە بکەن، ئەمەش وەك مەسەلەی بانگەشەکردنی لێدێت بۆ نوێگەری کە ئەمڕۆ لە رۆشنبیریی کوردیدا سوپایەك قەڵەمبەدەست خۆی بە نوێخواز دەزانێت و تەنها یەك قەڵەمی تیا نییە کە خۆی بەکۆنخواز بزانێت و ، بڵێت من بەرگری لەکۆن دەکەم، بەڵکو هەموو دەڵێن من نوێخوازم، ئەمڕۆ هەرکەسەو بێت بڵێ من دیدی رەخنەیم هەیە بۆ کەلتووری ئیسلامی حاڵەتێکی ئاوا نەخوشییە، لەمەش سەیرتر ئەوەیە

کە خەریکە ئایدیای مامەڵەکردن لەگەڵ کەلتووردا دەخرێتە ناو پروپاگەندەی سیاسییەوە و بۆ مەرامی ئایدیۆلۆژی تەوزیفدەکرێت، تەنانەت کار گەیشتۆتە ئەوەی کە حزبێکی ئیسلامی ئایدیۆلۆژی و فەندەمینتالیش بڵێت من دیدی رەخنەیم بۆ کەلتووری ئیسلامی هەیە، حاڵەتێکی لەم چەشنە بۆ کاریکاتێر باشە، چونکە هێزی فەندەمینتال خۆی شەرعییەت لە کەلتوورەوە وەردەگرێت، بە هەردوو قاچییەوە لەسەر رەسیدێکی مێژوویی و کەلتووری راوەستاوە.

پێویستە ئایدیای مامەڵەکردن لەگەڵ کەلتووردا دانەبەزێتە ئاستی پروپاگەندە و راگەیاندنەکانەوە، بەڵکو پێویستە کاری قەڵەمەجدییەکان و خەمخۆرانی راستەقینەی گۆڕانکاریبێت،بتوانن موناقەشەی ئەو سیستمە بکەن کە ئیشکالەکانی ناو کەلتووری بەهەمهێناوە ، موناقەشەی ئەو عەقڵە بکەن کە ئەو کەلتوورە لە فۆرمی ئاییندا بەسەر هەموو سەردەمە جیاوازەکاندا قلپ دەکاتەوە، هاوکات لەگەڵ ئاوڕدانەوەی رەخنەیی لە کەلتووره ئەرسەدۆکسی و کەلتوورە داخراوەکانی مێژووی ئیسلامی ، ئاوڕ لە کەلتوورە عەقڵانی و هیومانیستییەکانی ئەو مێژوە بدرێتەوە، چونکە لەم مێژووەدا کۆمەڵێك لەحزاتی عەقڵانی و رۆشنگەرانە هەیە، هەر لە بزاڤی بیری عەقڵانی موعتەزیلەوە تا ئەو بزاڤە فەلسەفی و رۆشنگەرییەی لە سەدەی سێیەم و چوارەمی کۆچیدا لە ئارادا بوە، کەسانی وەك ئیبن رۆشد و ئیبن عەرەبی و ئیبن نەواس و تەوحیدی و مەسکویە و قازی عەبدولجەبار و سۆفی شەهید حەللاج و، چەندان پیاوی رۆشنگەر و عەقڵانی دیکە نوێنەری ئەو بزاڤەن، کە هزر و دنیابینی ئەو پیاوانە چرای راستەقینەی سەردەمی خۆیان بوون و، ئەگەر بمانەوێت چەند جوانی و رووناکییەك لە ژیاری ئیسلامیدا بدۆزینەوە، ئەوا بێگومان هزر و ئەندێشەی ئەو پیاوانەیە، ئەوان بەرجەستەکەری دنیابینییەکی عەقڵانی و مرۆڤدۆستبوون و، هەرزوو ویستیان عەقڵی مرۆڤی مسوڵمان لە خورافیاتی تێزە سەلەفی و دۆگماکان رزگار بکەن، ئەگەرچی ئەم تەوژمە عەقڵانی

و فەلسەفییە لە ململانێی لەگەڵ تەوژمی نەقلانی و سەلەفیدا لە سەدەی چوارەمی کۆچییدا تێکشکا و گۆڕەپانەکە چۆڵ بوو، بەڵام بە درێژایی چەندیین سەدە هزری ئەوان مەشخەڵی بوژانەوەو ئومێدێکی گەورەی پێشکەوتن و خەونی عەدالەتخوازی بوە، ئەمڕۆش ئومێدێکی گرنگ بۆ دنیای ئێمە بیری ئەو پیاوە رۆشنگەرانەیە، کە ئەمڕۆ ئاوڕدانەوە لە هزری ئەو پیاوانەو، تەوزیفکردنی تێزەکانیان مەسەلەیەکی یەکجار گرنگ و پێویستە بۆ بوژانەوەی هزری مرۆڤی مسوڵمان و، بگرە بۆ بەرپاکردنی رێنیسانسێك لە واقعی هۆشیاری و ئایینی کوردستانیشدا پێویستە، ئێمە پێویستمان بە هزری ئەو پیاوانەیە تاوەکو ئاسۆی تەساموح و بیرکردنەو و ژیاندۆستیمان فراوان بکەین، تاوەکو پتر دەروازەکانی عەقڵانییەت و خوێندنەوەی عەقڵانیانەی دەق و جیهان بکەینەوە،نەك ئەو قوتابخانانەی کە فێرِی سەرکوتکردن و توندوتیژیمان دەکەن لە هەموو ئاستەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و هۆشیاریدا، نەك ئەو تێزانەی فێری باوەڕهێنانی بێ بەڵگە و تەسلیمبوونی بێ بنەما و دابەشکردنی دنیامان دەکەن بەسەر رەش و سپ و حەق و باتڵدا.

سێیەم: هێنانەئارای زانستەکانی پەیوەندیدار و لێکۆڵەر لە ئایین:

ئەمڕۆ کۆمەڵێك زانستی گرنگ لە ئارادا هەیە، کۆمەڵە زانستێك کە بایەخی زۆریان هەیە لە تەفسیرکردنی جیهان و مرۆڤدا، لە جیهانی ئەمڕۆدا چەندین زانستی گرنگ هەن کە تایبەتن بە لێکۆڵینەوە لە ئایین لە چەندین روانگە و دیدگای جیاوازەوە و، بەپشت بەستن بە پێوەرە بابەتییەکان و بەشیکردنەوەی ئەوەی لە بەردەستدایەو، بەمەش ئایین وەك کێڵگەیەك بۆ توێژینەوە وەرئەگرن.

ئەمڕۆزانستەکانی وەك ئایینناسی و زانستی ئەنسرۆپۆلۆژیای ئایینی و سۆسیۆلۆژیای ئایینی و سایکۆلۆژیای ئایینی و ..هتد، هەموو ئەم زانستانە بەهایەکی گەورەیان هەیە بۆ کەشفکردنی سیستمە ئایینییەکان، بۆ کردنەوەی زۆربەی گرێکوێرەکان و تێگەیشتن لەناوەڕۆکیان، ئەمڕۆ بەداخەوە غیابی ئەم

زانسته گرنگانه له توێژینەوه ئاینییەکاندا، بۆتە زەمینەسازکەرێکی بەهێز بۆ کارایی گوتاری دۆگمایی و تۆخکردنەوه و زیاتر کاراکردنی هۆشیارییه تەقلیدیەکان لە مەڕ ئایین کە هەمیشە ڕێنیسانسی کوشتوە، بەڵکو زەمینەی گەشەی بیری تیرۆریزمی گەشەپێداوه، ئەنسرۆپۆلۆژیای ئایینی فێرمان دەکات کە چۆن لەڕیشەی ئایین و کەلتوور و رەمزە ئایینەکان بدوێین، چۆن کار لەسەر خوێندنەوەی چەمك و ماناو دەلالەتە ئایینییەکان بکەین و لە چۆنێتی گەشەکردن و گۆڕانە بابەتی و نابابەتییەکانی ئاگادار بین.

جگە لەمە ئەمڕۆ زانستی بەراوردکاری ئایینی لە گرنگترین خاڵە هاوبەش و جیاوازەکانی ئایینە جۆراوجۆرەکانی جیهان ئەکۆڵێتەوه، ئەو زانستە کۆی سیستمە عەقائیدی و فیکری و کۆمەڵایەتی و سروتییەکانی ئایینێکی دیاریکراو، وەك کێڵگەیەك بۆ لێکۆڵینەو شیکارکردن وەردەگرێت و، پاشان بەراوردی دەکات بەهەمان سیستم و عەقائید لە ئایینەکانی دیکەدا و، لە جیاوازیی و مانا هاوبەشەکانیان دەکۆڵێتەوەو دەلالەتی هەریەك لەو جیاوازبوون و هاوبەش بوونە شیدەکاتەوه، لەوێشەوه دەروازەیەکی فراوانمان بۆ دەکاتەوه بۆ تێگەیشتن لە مانا و دەلالەتەکانی هەریەك لەوسیستمانە، بەکورتی هەریەکێك لەو زانستانەی کە لە ئایین دەکۆڵنەوه گرنگییەکی گەورەی هەیە بۆ نوێکردنەوەی روانینمان دەربارەی ئایین و رزگارکردنی ئایین و عەقڵی ئایینی لە جوغزی مانا تەقلیدی و داخراوەکان و لەوێشەوه بەشداری ئایین لە ڕێنیسانسدا.

# ریفۆرمی ئایینی و گرفتی کۆمەڵایەتی

ئەگەر بڕیاربێت باس لەچارەسەری هەندێك لە گرفتە کۆمەڵایەتی و هۆشیارییەکانی کۆمەڵگای کوردی بکەین، ئەوا بێگومان پێویستمان بەوەیە باس لە ریفۆرمی ئایینی و سەرلەنوێ تازەکردنەوەی میتۆدی مامەڵەکردن بکەین لەگەڵ ئاییندا، ئەنجامدانی ئەم پرۆسەیە خۆی لە خۆیدا مەرجە بۆ دانەدواوەی گەلێك لە قەیرانە کەلتووری و کۆمەڵایەتییەکانی دنیای ئێمە، ئەو گرفت و قەیرانانە لەراستیدا چنراون بە رستێك لە کەلتووری ئایینی و بنەمای ئایینی، ئەگەر بمانەوێ ئەو گرفت و قەیرانانە تێپەرێنین ئەوا قسەکردن لەسەر ئەو کەلتووورە ئایینییە شتێکی گرنگ و پێویستە.

ئەمڕۆ لە کوردستان و لە زۆربەی کۆمەڵگا رۆژهەڵاتییەکاندا لەژێر کاریگەری جیهانگیری و بریق و باقی مۆدێرنە و، گۆڕانکارییە نوێیەکانی ناوخۆ و دەرەوەدا، چەندیین گرفتی جۆراوجۆر هاتۆتە پێش، ئەگەر ئەم گرفتانە چارەسەری ریشەییان بۆ نەدۆزینەوە ئەوا کۆمەڵگا بەرەو گەندەڵییەکی ترسناك دەبەن، دەکرێت لێرەدا زۆر بەکورتی سەرنجی کێشەیەکی وەك سیکس (وەك نموونەیەك) بدەین، ئەمڕۆ بەهۆی کۆچی بەردەوامی لاوان و، خراپی باری کۆمەڵگا و، چەندان هۆکاری لاوەکی و دەرەکییەوە کە لێرەدا بواری باسکردنی نییە، ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە کچ و کوڕ قەیرە بوونە و شانسی هاوسەرگیری زۆر کەمبۆتەوە، لەلایەکەوە بەهۆی فراوانی تۆڕی پەیوەندییەکان و مۆدێلی نوێی پەیوەندییەوە دەرگای هەمەجۆر بەرووی تێکلاوبوون و ئاگاداربوون لەژیانی تایبەتی خۆرئاوا دروست بووە ئەمەش هەنگاوی پێدەنێت بەرەو مومارەسەکردنی حەز و خواستە تایبەتی و تاکەکەسییەکانی، لە لایەکی دیکەوە دنیایەك لە نەریت و بەهای کەلتووری و ئایینی تاکی کوردی گەمارۆداوە؟ ئایا چارەسەری ئەم حاڵەتە چییە ؟ ئەم شڵەژانە دەروونی و کۆمەڵایەتییە، تاك و کۆمەڵگای کوردی بە کوێ دەگەیەنێت؟ گەنجێك لە تەمەنی چواردە ساڵییەوە

پێویستی بە سێکس هەیە، بەڵام لەتەمەنی سیساڵیدا دەتوانێت زەواج بکات، ئەی باشە ئەو ماوەی شانزە ساڵە چی بکات؟ لە کاتێکدا وەك پێشتر باسمانکرد لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا دنیایەك هۆکاری پەیوەندی و هۆکاری وروژاندنی سیکسی هەیە، ئایا ئەو هەموو چەپاندن و وروژاندانە لە هەمانکاتدا کۆمەڵگا و تاك لە ژێرەوە توشی کاری ژێربەژێری و گەندەڵی فراوان ناکات، ئایا بەڕاست لە ئێستادا ناتوانین باس لە جۆرێکی دیکەی پەیوەندی بکەین لەنێوان نێرو مێدا کە جیاواز بێت لە زەواجی هەمیشەیی؟ لە هەمانکاتدا ئەو پەیوەندییە لە سنووری بەهاکان دەرنەچێت؟ بە بۆچوونی من چارەسەری کێشەی سیکس و چەندان کێشەی دیکەی کۆمەڵگا نەریتییەکان ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە نوێکردنەوەی هۆشیاری مرۆڤ بەرانبەر بە ئایین، لە ڕێگەی نوێکردنەوەی میتۆدی مامەڵەکردنەوە لەگەڵ دەقی ئاینیدا ، هۆشیارییەك کە جگە لە پەیوەندی ڕاستەوخۆی ژن و مێرد پەیوەندییەکی دیکەی ڕەوا بدۆزێتەوە، پێموایە ریفۆرمی ئایینی یان نوێکردنەوە ئەو هۆشیارییەی کە مرۆڤ بە ئایینەوە دەبەستێتەوە، زۆر گرنگە هەم بۆ ئەوەی کۆمەڵگا غەرقی گەندەڵی و درۆ نەبێت و، هەمیش بۆ ئەوەی تاکی کورد تا سەر لەشڵەژان و پەرتبوونی دەروونی و سەرکوتکاری مافە تاکەکەسییەکانیدا نەبێت، بەڵکو بتوانێت لە ڕێگەی درووستەوە گوزارشت لە ماف و ئازادییە تاکەکەسییەکانی خۆی بکات، بێگومان هەڵەیە ئەگەر خوێنەری ئەم نوسینە ئەم قسانەی من بە بانگەشەکردن بۆ کاری خراپ لێکبداتەوە، بەڵکو ئەم قسانەی من خستنەرووی ڕاستییەکە و، گرفتێکی قووڵ و ڕاستەقینەی مرۆڤی کوردە و، ئەرکی سەرشانی هەموو توێژەرێکە ئاوڕی لێبداتەوەو باس لە جۆرو سروشت و تایبەتمەندی و چارەسەری بکات، ئەگەر بخوازرێت چارەسەریش لە نێو سیستمی ئایینی خۆیەوە بکرێت، ئەوا بێگومان کارێکی لەوشێوە تەنها بە نوێکردنەوەی میتۆدی مامەڵەکردن لەگەڵ ئاییندا بەدیدێت ، میتۆدێك کە زەمینە خۆشبکات

بۆ بەرهەمهێنانی جۆرێکی دیکە لە مانا و دەلالەت لە دەق و سەرەنجام بینای جۆرێکی نوێ لە پەیوەندی بکات.

جگە لە کێشەی سێکس چەندیین کێشەو گرفتی دیکەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و هۆشیاری هەیە ، کە ئەگەر بمانەوێت باس لە چارەسەرکردنی بکەین یەکێك لە هەنگاوەگرنکەکانی ئەو چارەسەرکردنە دەسپێکردنە لە نێو خودی سیستمی ئاینییەوە، هەنگاونانە بە ئاڕاستەی مۆدێلێکی نوێ لە بیرکردنەوەی ئایینی کە پتر سنووری ئازادییەکان فراوان بکات و ئاوڕی زیاتر لە ئازادییە تاکەکەسییەکان و عەقڵانییەت و دیموکراسی و پلۆرالیزم بداتەوە.

هۆشیاری ئایینی بەو تایپە باڵادەستەی کە لە جیهانی ئیسلامیدا هەیە هیچ شانسێکی کرانەوەی بە رووی دیموکراسی و عەقڵانییەت و ئازادییە تاکەکەسییەکاندا تێدا نییە، بگرە سروشتی بونیادی ئەم تایپە لە هۆشیاری ئایینی بواری کرانەوە و ریفۆرم نادات، بەڵکو رێگای راستەقینە تازەکردنەوەی میتۆد و شێوازی مامەڵەکردنە لەگەڵ دەقدا، هەروەها رەنگە ئەمە تاکە رێگەیەك بێت کە شانسی ئەوە بهێنێتە ئاراوە کە ئایین بتوانێت وەڵامی پێویستییەکانی ئەمڕۆ و قۆناغی گەشەکردنی ئەمڕۆ بداتەوە، لەگەڵ رەوتی گەشەکردنی کۆمەڵگا بەرەو ئازادی و دیموکراسی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی تەبا بێت، هەر ئەمەش دەرگاکانی پەیوەندی ئایین بە رێنیسانسەوە دەخاتە سەرپشت و شانسی گەشەکردنێکی خێرا بەرەو رێنیسانس دەهێنێتە ئاراوە ، بە پێچەوانەشەوە ئەگەرەکانی بەشداریکردنی  ئایین لە رەوتی رێنیسانس و بوژانەوەی هۆشیاری و گەشەپێدانی سیاسیدا بەتەواوی لاواز دەکات، ئەمەش هەم بە زیانی ئایینە و هەم بە زیانی کۆمەڵگا.

## دووەم: دیموکراسی و فتوا

دیموکراسی لەبنەڕەتدا بەرهەمی سەردەمێکە تێیدا خەونی پاوانخوازی و بیری ڕەهاگەرێتی و پیرۆزگەرایی کۆتایی دێت و، ئەم خەونە جێگەی خۆی دەبەخشێت بە ڕێژەگەرێتی و پلۆرالیزم لە ژیانی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئایینیدا، ئیدی لەم سەردەمەوە شتێك بە ناوی دیموکراسی دێتە ئاراوەو ئالوگۆری ئاشتیانەی دەسەلات و کۆمەلگای فرە کەلتوور و ئازادییە تاکەکەسییەکان دەردەکەون، هەر ئەمانەش دەبنە سیمای هەرکۆمەلگایەکی پێشکەوتوو و ئازاد و خۆشگوزەران، بەلام ئەوەی دەشێت وەك بەلگەنەویستێك تەماشای بکەین ئەوەیە کە بەدرێژای تەمەنی دیموکراسی خەونی ڕەهاگەرێتی و تەقدیسکردن کۆتایی نەهاتووەو هەمیشە هەولێداوە لە فۆرمی جیاواز و قۆناغی جیاوازدا خۆی بەسەر سەردەمە نوێیەکاندا بسەپێنێت و، ئەو دەسەلاتە بەهێزەی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا هەیبوە بیگەڕێنێتەوە، بۆیە دیموکراسی و نەیارانی هەمیشە لە ململانێی بەردەوامدا بوون، خەونی نەفیکردنی دیموکراسی و ڕەهاگەرێتی لە فۆرمی جیاوازدا خۆی حەشارداوەو ئەم ململانێیەی بەرێوەبردوە ، باشترین دۆخی ئەم ململانێیە ولاتانی جیهانی ئیسلامی و لەناویشیاندا هەرێمی کوردستانی عیراقە

لە دوای ڕاپەرینەوە لە کوردستاندا هیچ شتێك هێندەی دیموکراسی بانگەشەی بۆ نەکراوە ، هیچ شتێکیش بەقەد دیموکراسی لە ژێر مەترسیدا نەبووە، هیچ شتێکیش بەقەد دیموکراسی لە فۆرمی جیاوازدا بی مانا و بێ ناوڕۆك نەکراوە، یەکێك لە توندترین ئەو تەوژمانەی کە خەونی ئیفلیجکردنی دیموکراسی هەیە و لەکارایە مەسەلەی زیندوکردنەوەی هەژمونی مەزهەبی و بیری موتلەقگەراییە ، دەسەلاتی کوردی پاش نزیکەی دوو دەیە لە حوکمڕانی دەبایە هەرچی زیاترە پایەکانی دیموکراسی بەهێزکردبایە و ڕێگرێکی جدی بوایە لەبەرانبەر هەر تێز و تەفسیرێکی دژە دیموکراسی و دژە ئازادی ، بەلام ئەمڕۆ لە

هەندێك دەزگای گرنگەوە باس لە هەوڵی دامەزراندنی دەزگای فتوا و موفتی کوردستان دەکرێت تا لەسەر هەموو مەسەلە گرنگ و هەستیارەکانی ژیانی مرۆڤی کورد فتوا بدات، کارێکی لەم چەشنە نەك هەر پێچەوانەی پرەنسیپە سەرەتاییەکانی دیموکراسییە، بگرە گورزێکی گەورە دەدات لەو نیمچە دیموکراسییەی لەم هەرێمەدا هەیە، دیموکراسی بەرێژەییکردنی دید و تەفسیرەکانەو بەمەش هەموو تەفسیرەکان لە فەزایەکی ئازاد کۆ دەکاتەوە، بەڵام فتوا بەرجەستەکردنی پیرۆزگرایی و موتڵەقییەتی تەفسیرە و بەمەش هەموو دید و تەفسیرەکانی تر نەفیدەکات، دیموکراسی گەڕانەوەیە بۆ عەقڵ و رێکخستنی عەقڵانیانەی ژیانە، بەڵام فتوا بەمەرجەعکردنی ئایین و رێکخستنی دنیایە لە رێگەی بڕیاری پیرۆزەوە، دیموکراسی ئەو سیستەمەیە مرۆڤ دەخاتە حاڵەتی ئیختیارەوە، بەڵام فتوا ئەو سیستەمەیە مرۆڤ دەخاتە حاڵەتی دوای ئیختیارەوە و توانای ئیختیار لە مرۆڤ دەسەنێت، ئەوەی لەدیموکراسیدا دەتوانێت لە ئاراستەکردنی تاکدا خودی ئازادی تاکەکەسەو ئەوەشی دەتوانێت لەسەر ئاراستەکردنی ژیانی کۆمەڵگا بڕیاربدات خودی ئیرادەی گشتی کۆمەڵگایە کە پەرلەمان نوێنەرایەتی دەکات، ئەوەی لە فتواشدا بۆی هەیە بڕیارلەسەر هەم ئازادییە تاکەکەسییەکان و هەم ژیانی گشتی کۆمەڵگا بکات بریتییە لە بڕیاری تاکلایەنەی موفتی، هەربۆیە بانگەشەکردن بۆ دامەزراندنی موفتی بۆ کوردستان کوشتنی سەرتایترین بنەماکانی دیموکراسییە و قەبوڵکردنی دۆڕاندنێکی بەربڵاوی ئەو پارتانەی کوردستانە کە خۆیان بە عەلمانی ناساندوە، بەم کارە نەك هەر پاشەکشەیەکی فیکریی و هۆشیاریی گەورەی تەوژمی دیموکراسی و عەلمانییەت دێتەئاراوە، بەڵکو ئەم پاشەکشە فیکرییە پاشەکشەیەکی سیاسیش بەدوای خۆیدا دەهێنێت و لە ئایندەدا هاوکێشە سیاسییەکان و دەسەڵاتداریش دەگۆڕدرێت.

ئەگەر بمانەوێت کۆمەڵگای کوردی لەسەرەڕێی پێشکەوتن و خۆشگوزەرانیدا هەنگاوهەڵگرێت، ئەوا پێویستمان بەبەرگریکردنە لە هەموو بنەما پرەنسیپەکانی دیموکراسی و مەدەنییەت و، بە پێچەوانەشەوە، وەستانەوەیە بەرووی هەرچەشنە تەرحێکی پێچەوانە بە دیموکراسی و ئازادییەکانی مرۆڤ.

ئەزموونی دیموکراسی لە عیراقی پاش سەدامدا، رەنگە هەڵە نەبین ئەگەر بڵێین بەیەکێك لە ئەزموونە پڕ گرفت و خراپەکان لەقەڵەم دەدرێت، ئەم گرفتەش لەوەدا نییە کەڕاستەوخۆ شەڕی تیرۆریزم بەرۆکی ئەم ئەزموونە دیموکراسییەی گرتووە، بەڵکو پتر لەو ناکۆکی و ناتەباییانەی نێو خودی ئەم وڵاتەو سیستەمەکەیدایە کە مانایەکی راستەقینەی بۆ دیموکراسی نەهێشتۆتەوە، یەکێك لە گرنگترین ئەو کارەکتەرە ناتەباو دژانەی کە ئەزموونی دیموکراسی عیراقیان بێ مانا کردوە باڵادەستی و کاریگەری فتواو مەرجەعی ئایینییە لەسەر ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی، ئەزموونی چوار ساڵی رابردوو لە عیراقدا ئەوەی سەلماندوە کە هیچ گۆڕانێکی راستەقینە لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا روونادات ئەگەرفتوای لەسەر نەبێت، زیاتر لەوەش فتوا لەعیراقدا پێکهێنەری هۆشیاری و دنیابینی مرۆڤی عیراقییە بەرادەیەکی بەربڵاو، فتوا مەرجەعە بۆ دین و دنیا، ئیدی لە کۆمەڵگایەکی لەم چەشنەدا جگە لە مانەوەی دیموکراسییەکی روکەش و بێناوەڕۆك شتێکی تر نامێنێتەوەو لەڕاستیشدا باشتروایە ئەم دۆخە ناوێکی جیاواز لە دیموکراسی هەبێت.

لە دوای پرۆسەی ئازادیی عیراقەوە لە زۆر روەوە هەم عیراق کەوتە ژێر کاریگەری ئەزمونی هەرێمی کوردستانەوە و، هەم هەرێمی کوردستانیش کەوتە ژێر کاریگەری عیراق و ئەزموونە نوێیەکەی، یەکێك لەو لایەنانەی کە دەکرێت سەرنجی بدەین ئەوەیە کەئەزموونی دیموکراسی لە هەرێمدا کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئەو مۆدیلە خراپەی دیموکراسی عیراقەوە کەلەژێر زەبری فتوادا بەرێوە دەچێت، ئیدی لێرەوەیە هەندێك دەزگای گرنگی حکومەتی هەرێم و

ناوەندی ڕەسمی و بڕیارباس لە دامەزراندنی موفتی و فتوا دەکەن لە کوردستاندا، ئەمە لە کاتێکدا پێوستمان بە ماندووبونێکی زۆر نییە تا لەوە تێبگەین کە ئەزموونی دیموکراسی لەعیراقدا چ ئەزمونێکی مەشلولە و چۆن لەژێر هەیمەنەی فتوادا خنکاوە، تەنانەت ئێمە دەتوانین سەرنجی ئەوە بدەین کە مۆدێلی باڵادەستی پیاوی ئایینی لە ئەزموونی دیموکراسی عیراقدا لە چەند ساڵ رابردوودا چ کاریگەرییەکی گەورەی هەبوەو ئەو هەستەی لای پیاوی ئایینی ئێمە دروستکردوە کە پێویستە ئەمانیش وەك ئەوان کاراو باڵادەستبن بەسەر ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا، بۆیە لە کوردستاندا هێزی پیاوی ئایینی بەرەو فۆرمەڵە بوون دەچێت و لەسەر زۆر بابەتیش بەدەنگ هاتوون و رای خۆیان سەپاندوە، بۆیە ئەمە لەڕاستیدا مەسەلەیەکی جدییە بۆ ئایندەی دیموکراسی لەکوردستاندا و مەترسییەکی گەورەیە، دەبێت هەموو لایەك ئەمە بە جددی وەربگرن خاوەن پڕۆژە و بەرنامەی جددی بن و کەوتنە ژێر کاریگەی ئەزموونی عیراقییەو بەتەوای کۆتایی پێبهێنن، بە باوەڕی من ئەمە خاڵێکی گرنگە نەك تەنها بۆ سەلامەتی دیموکراسی ، بەڵکو بۆ باشتر مسۆگەرکردنی ئایندەی سیاسی کوردستان و خۆ جیاکردنەوە لە عیراقی عەرەبی.

باڵادەستی فتوا لە عیراقدا لە زۆر ڕووەوە بە ئامانجی سیاسی بەکارهێنراوەو، هەمیشە بەدەنگهاتنی فتوا لە عیراقدا بەدەنگهاتن بووە لە بەرژەوەندی تایفەیەکی دیاریکراو لە عیراقدا، کە بەدیهێنانی کۆمەڵێك ئامانجی سیاسی و ئابووری دیاریکراو بوە، ئەمەش وایکردوە ئەو سیاسییانەی کە لە پشتیانەوە فتوا هەیە بەهێزتر بێنە بەرچاو لەنێو هاوکێشە سیاسییەکاندا، پێدەچێت ئەم دۆخە لە عیراقدا کاریگەری گەورەی هەبووبێت لەسەر سیاسییەکانی ئێمە، کاتێك سیاسی ئێمە کە ئاوڕدەداتەوە مەرجەعێکی ئایینی لەپشت نییە، فتوایەك دەرناچێت پشتگیری بکات، خۆی بەلاواز دەبینێت، بۆیە خەونی دانانی موفتی لەکوردستاندا دوور نییە لێرەوە سەرچاوەی گرتبێت، تا سەرکردایەتی کورد و

فتواو بڕیاری ئایینی وەك چەكێك بەكاربهێنێت بۆ بەرژەوەندییە نەتەوەییەكان یان بەرژەوەندییە سیاسیەكان بەرانبەر بە هێز و نەیارە سیاسییەكانی دیكە لە كوردستان و لە عیراقدا، ئەو چەكانەی ئەوانی مەزهەبی بەدەستیانەوەیە ئەمی عەلمانی و نەتەوەیش بەدەستییەوە بێت.

رەنگە ئەم تێگەیشتنە لە دڵسۆزییەوە بێت بۆ مەسەلە نەتەوەییەكان و بەدەستهێنانی دەسكەوت، یان خەونێكی هەیمەنەخوازی سیاسی لە پشتەوە بێت، بەڵام هەركامیان بێت هەڵەیەكی ستراتیژی گەورەیە، بەهێزی بزووتنەوەی كوردایەتی لەوەدا نییە فتوای لە پشتەوە بێت، بەڵكو لەوەدایە تا چەند دامەزراوە دیموكراسییەكانی بەهێزن و تا چەند دامەزراوە مەدەنییەكان بونیان هەیە، تاچەند میدیای ئازاد رێگەی كاركردن و گەشەپێدانیان پێدەدرێت، تا چەند ئازادییە تاكەكەسییەكان بەرقەرارە و مرۆڤ دەتوانێت بە هەموو ئازادییەكەوە بژی، ئەوەی كە هەرێمی كوردستان بەهێز دەكات و دەسكەوتەكانی فراوان دەكات فتواو هێزی ئایینی نییە، بەڵكو سەقامگیر بوونی دیموكراسییەكی راستەقینەیە و فراوان بوونی پەراوێزی ئازادی و مومارەسە مەدەنییەكانە، هەرێمی كوردستان مێژوویەكی لە مەسەلەی دیموكراسی هەیە (بە هەموو كەموكوڕیەكانییەوە) دەكرێت پەرەی پێبدرێت و فراوان بكرێت، ئەمە جگە لەوەی كورد كێشەیەكی نەتەوایەتی و دیموكراتی هەیە و، تێكەڵكردنەوەی بە مەسەلەی فتوا زیانێكی گەورە لە ناوەڕۆكی مەسەلەكە دەدات.

ئەو چەكەی هێزە ئایینی و ناسیونالیستە نیمچە فاشییەكانی عەرەبی عیراق پێیانە نەك هەر چەكێكە مۆدێلەكەی كۆتایی هاتووە بەڵكو تێكڕایی ئەنجامە نێگەتیڤەكانی لای هەموو دنیا ئاشكرابوەو ، نەیتوانیوە ژیانێكی شایستە بە مرۆڤ پێبهێنێت، بۆیە كەوتنە ژێركاریگەری ئەو ئەزموونەوە ناتوانێت سودێك ببەخشێت.

ئەزموونی ژیانی سیاسی وڵاتە عەرەبییەکان ئەو ئەزموونەیە کەبەردەوام هێزی ئەوەی تێدایە ئەزموونی دیموکراتی هەرێمی کوردستان بخاتە ژێر کاریگەری خۆیانەوە، هەر ئەم هێزەی ئەوانیشە بەردەوام هەستێکی وای لای هەندێك سەرکردەی سیاسی ئێمە دروستکردوە بە ناوی سوود وەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتە دراوسێ و عەرەبییەکانەوە کۆپییەکی دیکەی جیهانی عەرەبی بەرهەمبهێنن و بە ناوی سوود وەرگرتنەوە هەمان ئەزموون دوبارە بکەنەوە.

جیهانی عەرەبی رەنگە پتر لە هەرشتێك بەوە بناسرێتەوە کە هەژموونی ئایینی تێیدا کاریگەرەوە و بزاڤی ئایینی بەشێکی گەورەی گورانکارییەکان و ئیرادەی سیاسی بوون، لێرەوەش پارتە ئایینییەکان بەردەوام وەك هەرەشەیەکی جددی بۆسەر سیستمی دەسەڵات و پارتە عەلمانییەکان دەرکەوتوون، لە هەندێك شوێنی وەك فەلەستین و جەزائیر و سودان ئەم هەرەشانە بوون بە شتی واقعی و جددی و ئەو سیستەمە سیاسییەی کە بەگوتەی خۆیان نوێنەرایەتی نەتەوەو سیستەمی عەلمانیەتیان دەکرد کۆتایی هاتوو سیستەمێکی ئایینی جێگەی گرتەوە، ئیدی سیستمی حوکمڕانی پەنای بۆ مامەڵەکردنێکی میکاڤیلیانە برد لەگەڵ ئایندا ئەویش موفتی دانا، کە موفتی دوو رۆڵی سەرەکی دەگێڕێت: یەکەمیان : وەك چەکێکی ئایینی بەکاربهێنرێت بەرانبەر بەو مامەڵە سیاسییەی ئیسلامییەکان لەگەڵ ئاییندا دەیکەن و ئەگەری ئەوە هەیە لە سایەی ئاییندا دەسەڵات بگرنە دەست، لێرەدا موفتی مەرجەعێکی ئایینی سەر بەدەسەڵاتەو وەك چەکێکی ئایینی بۆ رێگە گرتن لە تەوژمی ئیسلامی و فەندەمینتالیستی بەکاردەهێنن ، دووەم: وەڵامدانەوە بە خواست و پرسیارە فیقهی و شەرعییەکانی جەماوەری موسڵمانی وڵاتە عەرەبییەکان، بەمەش دەسەڵاتی حوکمڕان دەیەوێ خۆی لەرێگەی موفتییەوە ئەو فەراغە پڕ بکاتەوەو بوار نەدات رەوتە ئیسلامییەکان ئەو رۆڵە ببینن و وەڵامی ئایینی بە پرسیارەکانی خەڵك بدەنەوە، بەمەش دەسەڵات لە وڵاتە عەرەبییەکاندا لەرێگەی ئەم مامەڵە میکافیلییەوە

لەگـەڵ موفتیـدا هەوڵیـداوە پێگـەی سیاسـی و ئـایینی خـۆی بـەهێز بكـات و لـە مەترسـییەكان دووری بخاتـەوە، دەسـەڵاتی هـەرێمی كوردسـتانیش كەوتۆتـە ژێـر هـەژموونی ئـەم ئەزموونـەی وڵاتـە عەرەبییەكانـەوەو لـەژێر كاریگـەری ئـەو ئەزموونەی ئەواندا بیرۆكەی دانانی موفتی كوردستان رەواجی پەیداكردوە

لەراستیدا كەوتنە ژێرە ئەزموونی وڵاتە عەرەبییەكانەوە لـە چـەند لایـەنێكی سەرەكییەوە جیگەی رەخنەیە و لە گەڵ واقعی هەرێمی كوردستان و ئـەزموونی دیموكراسیدا ناتەبایە:

یەكەم: بەخشینی رۆڵی گرنگ بـە فتـوا و كاریگـەر بـوونی لەسـەر كۆمـەڵگای كوردی داخستنی پەنجەرەی هەموو ئەو ئومێدانەیە كـە خـەونی بـە ئازادییـەكی زیـاتر و عەقڵانییـەت و بیركردنـەوەی ئـازادەوە دەبیـنن، سـنووردارکردنی ئـازادی قـسە و بیركردنـەوەو تێگەیـشتنە لـە ئـایین، بـەڵكو سـەپاندنی یـەك مـۆدێلی دیـاركراوی بیركردنـەوەی ئایینیـە و نـەفیكردنی هـەموو ئـەو بیركردنەوانـەی دیكەیـە كـە لەگـەڵ بـیری بـاو باڵادەسـتدا تـەبا نییـە، ئەمـەش دووبارەكردنـەوەی هەمان ئـەو تراژیـدیا مێژوویيانەیـە كـە كـۆی مێـژووی جیهـانی ئیـسلامی ئیفلیـج كردوە، كـە جیـاوازی و فـرە دەنگـی لـە هـزری ئایینیـدا كوشـتوەو بـەناوی فتـوای شەرعییەوە هزری تاكەكەسێك یان نوخەبەیەكی ئـایینی كۆدێتـای بەسـەر هـزری كۆی كۆمەڵگا و رۆشنبیران و بیرمەنداندا كردوە، تاكەكەسێك لـە جیـاتی هـەموو كۆمەڵگا بیردەكاتەوەو بە ناوی ئایینەوە فتوا دەدات و پێویستە قەبوڵ بكرێت

دووەم: دەسـەڵاتێك كـە نیـەتێكی دیمـوكراتی هـەبێ و بـاوەڕی بـە ئـاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵات هەبێ هەوڵنادا شەرعییەتی ئایینی ببەخشێتە دەسەڵاتەكەی و زەمینـەی مانـەوەی هەتاهەتایی لەرێگەی فتـوای ئایینییـەوە خۆشـناكات و بـە ئاڵوگۆڕی دەسەڵات رازییەو بـە دیارەدەیـەكی دیموكراسـی دەزانێـت ، دەسـەڵاتێك ئەگـــەر دیمـــوكرات و خزمـــەتگوزاری هاوڵاتیـــان بێـــت و ژیـــانێكی ئازادانـــەو دادپەروەرانـەو خۆشـگوزەران بـۆ هاوڵاتیـان دابینبكـات پێویـستی بـەوە نییـە

لەرێگەی فتواو بڕیاری پیرۆزەوە بەرگری لەمانەوەی خۆی بکات، بەڵکو دەسەڵاتی دیموکرات و خزمەتگوزاری هاوڵاتیان دەسەڵاتێکە بێ هیچ گومانێگ دەنگ و پشتگیری هاوڵاتییەکانی خۆی مسۆگەر دەکات، بەڵام دەسەڵاتی وڵاتە عەرەبییەکان هەمیشە نەك باوەڕیان بە ئاڵوگۆری ئاشتیانەی دەسەڵات و مومارەسەی دیموکراسی نەبوە بەڵکو بەردەوام دەسەڵاتیان وەك موڵکی خۆیان سەیرکردوە بۆیە نەك لە پاشا نشینەکانیاندا بەڵکو لە کۆماری و دیموکراتەکانیشیاندا کە سەرۆك دەمرێت کوڕ دەچێتە جێگەی، دەسەڵاتی عەرەبی نەك بەدیهێنەری ئازادی نەبوە بۆ تاکەکان بەڵکو گەورەترین پێشێلکاری مافی مرۆڤ لە جیهانی عەرەبیدا روودەدات و ئاستی داهاتی تاك یەکجار نزمە بۆیە ئەم دەسەڵاتانە ناچارن پەنا بۆ هزرو فتوای ئایینی بەرن تا راوایەتی ببەخشێتە بوون و مانەوەی و هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان نەتوانن ئەو بناغە فشۆڵە بڕوخێنن، بۆیە بەڕاستی پێویست نییە لەمەدا دسەڵاتی کوردی ئەم ئەزموون دوبارە بکاتەوە.

سێیەم: لە ڕووی هەیمەنەی هۆشیاری ئایینییەوە هەرێمی کوردستان زۆر جیاوازە لە وڵاتە عەرەبییەکان، لەوێ ئایین نەك بەشێکە لە ژیانی ئاییندار ی هاوڵاتیان بەگشتی بوونی هەیە بەڵکو هۆشیاریی ئایینی  پێکهێنەری شوناس و نەتەوەو مێژووە، بۆیە ئایین و موفتی ئایینی لە وڵاتانی عەرەبیدا هەم پێویستییەکی  فەرامۆشنەکراوەو هەمیش دەتوانێت رۆڵێکی کاریگەر ببینێت، بەڵام ئەم دۆخە لە هەرێمی کوردستاندا نییە بەڵکو فاکتەری ئایینی هەم لەڕوی پێویستی خەڵك پێیی و هەم لە رووی کاریگەرییەوە لە ئاستێکی نزمدایە، بۆیە هەڵەیەکی لۆژیکی و بابەتییە هەمان دۆخی جیهانی عەرەبی لێرە دوبارە بکرێتەوە

چوارەم:  رێگای درووست بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئیسلامی سیاسی ئەوە نییە دەسەڵات هەمان ئەو مامەڵە میکافیللییە بکات لەگەڵ ئاییندا بکات کە ئیسلامی

سیاسی دەیکات بەڵکو ئەوەیە ڕێگە بگیرێت لەو مامەڵەیەی ئیسلامی سیاسی و ڕێگە نەدات چەکی ئایینی بەکاربهێنێت، هەربەمەش زەمینەی دەسەڵات و کۆمەڵگایەکی مەدەنی خۆش دەبێت، بۆیە پێویست نییە هەرێمی کوردستان بە دانانی موفتی هەمان ئەو هەڵەیە دوبارە بکاتەوە کە دەسەڵاتە عەرەبییەکان بەدرێژایی مێژووی خۆیان کردویانە.

## سێیەم: ئایدیۆلۆژیا و وەهمەکانی

### ( چەند تێزێك دەربارەی ئەو گفتوگۆیانەی دەربارەی کێشەی ژن لەئیسلامدا دەکرێت لە کوردستاندا )

کێشەی ژنان لە بنەڕەتدا یەکێکە لە کێشە هەرە قووڵ و جەوهەرییەکانی هزر و دنیابینی ئیسلامی لەلایەك و، جیهانی ئیسلامی لەلایەکی دیکەوە، چونکە ئەم کێشەیە نموونەیەکی بەرجەستەی ئەو ناتەباییەیە کە لە نێوان هزر و دنیابینی ئیسلامی لەلایەك و ئەوپێشکەوتنە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و کەلتووریانەی کە لە جیهاندایە لەلایەکی دیکەوە، دنیا و پەیوەندییە ئابوررییەکان و، پێگەی ژن لە واقعی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیدا گۆڕانی گەورەی بەخۆوە بینیوە، بەڵام دیدی ئیسلامی دیدێکی جێگیرە و، خاوەن کۆمەڵێك یاسا و تەفسیری نەگۆڕە، لەلایەکی دیکەوە ئەو تێڕوانین و تەفسیرەی دیدی ئیسلامی باو (کە دواتر ئێمە بە دیدێکی بە ئایدیۆلۆژیکراو ناویدەبەین) بەڕادەیەکی سەرسوڕهێنەر رۆڵی ژنی لەژیانی گشتیدا لاواز کردوە و، ئاستی بەرهەمهێنانی ژنی هێناوەتە نزمترین ئاستەوە، بەمەش جیهانی ئیسلامی توشی دواکەوتنێکی هەمەلایەنە بووە، توشی دابەزینی ئاستی داهات و بەرهەمهێنان بووە، بیرمەندی ئیسلامی نوێخواز (مالك بن نەبی ) یەکێك بوو لەو کەسە سەرەتاییانەی کە ئەمەی خستەڕوو، مالکی بن نەبی پێیوابوو کە چۆن دەکرێت باس لە پێشکەوتنی جیهانی ئیسلامی بکەین، لەکاتێکدا نیوەی جیهانی ئیسلامی ئیفلیج کراوە، جەستەیەك نیوەی ئیفلیج بوبێت ناتوانێت لەسەرپێی خۆی رابوەستێت و، چالاکی بنوێنێت، ئێمە هەنگاوی یەکەممان لەسەر پێشکەوتنی جیهانی ئیسلامیدا بەندە بە رزگارکردنی ئەو بەشە لە ئیفلیجی، ئەمە ئەو

شـتەیە کـە لـەپێش هـەموو شـتەکانی ترەوەیـە، بۆیـە پاسـیڤکردنی ژنـان پاسیڤکردنی سەرجەم چالاکییە ژیارییەکانی کۆمەڵگای ئیسلامی دەگەیـەنێت و، کۆی دنیای ئیسلام غەرقی ستەم و دواکەوتویەکی هەمەلایەنە دەکات.

لەباری مێژووییەوە هەستکردن بە ستەم و چەوسانەوەی ژنـان و ناتەبایـەکانی هزر و واقع لە جیهانی ئیسلامیدا، یتر بـۆ دەرکـەوتنی خۆرئـاوا دەگەڕێتـەوە وەك هێزێکی ژیـاری گـەورە، وەك هێزێـك کـە بەرهەمهێنـەری زانـست و پێکشەوتن و پێکەوەژیانـە، وەك هێزێـك کـە ژن تیایـدا وەك مـرۆڤ چـالاك و خـاوەن مـاف و بەرهەمهێنەرە، لەسـەرەتای سـەدەی بیـستدا خۆرئـاوا بەڕادەیـەکی تونـد جیهـانی ئیسلامی هەژاند، بەسەر هەموو برینەکانی جەستەی خویـدا بـەئاگای هێنایـەوە، نوســەرێکی وەك فــەتحی زەغلــول لەســەرەتای ســەدەی بیــستدا دەنوســێت ((ئێمە لاوازین لە هەر شتێکدا کە ژیانی نەتەوە هەڵدەسوڕێنێت، دواکەوتوین لـە هەر شتێکدا کە مایەی بەختیاری مرۆڤە ))(٤٢) ئیدی لێرەوە باسخواسی رزگـاری ئافرەت وەك پرسێکی بنچینەیی سەرهەڵدەدات و، دەبێتە گوتاری هەرە بەربڵاوی خەڵکانی ئازادیخواز و نوێگەرو ئـەم گوتـارەش لـە ئاسـتی جیـاوازدا پەلدەکێـشێتە نـاو گوتـاری ئیـسلامییەوە، لێـرەوە بەشـێکی بەرچـاوی گوتـاری ئیـسلامی رۆڵـی پاساوهێنەرەوە دەبینێت.

لەوساتەوە پرسی ژن بە یەکێك لە پرسە هەرە گرنگەکان لەقەڵەم دەدرێت، لە رۆژگـاری ئـەمڕۆدا پێـوەری هـەرە بنـەڕەتی بـۆ ناسـینەوەی رادەی پێـشکەتن و مرۆڤپەروەری هـەر کۆمەڵگایـەك بریتییـە لەبەرەوپێشچوونی پرسـی ژنـان، ئـەو کۆمەڵگایەی نەتوانێت یەکسانی راستەقینە لە هەموو ئەرك و مافێکدا لـە نێـوان ژن و پیاودا بەدیبێنێت ، کۆمەڵگایەکە نەك نیوەی جەستەی خۆی ئیفلیجکردوە، بەڵکو نیـوەی کۆمـەڵگای کردۆتـە کۆیلـە، ئـازادی مـرۆڤ بەنـدە بـە ئـازادی و مـافی ژنەوە.

## ئایدیۆلۆژیا و بەئایدیۆلۆژیاکردنی ئایین

ئایدیۆلۆژیا لە بنەڕەتدا بەرهەمی سەردەمێکە تێیدا ژیار بەرەو رووخان و گلۆربوونەوە دەڕوات، سەردەمێك کە شانسی گۆڕان نوێبوونەوە دەکەوێتە نزمترین ئاست و، عەقڵە بەرژەوەندخواز و کۆنخوازەکان دەبنە عەقڵی کارا و، بەرهەمێنەری تەفسیر و دیاریکەری میکانیزمەکانی بیرکردنەوە .

ئایدیۆلۆژیا بیناکردنی ئایدیایە کە لەسەر بناغەیەکی بەرژوەندخوازانەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی کاردەکات و، هەوڵی بەرهەمهێنانی وێنەیەکی ئاوەژوکراوی واقیع دەدات، وێنەیەك کە هەوڵی هێشتنەوەی واقعی باو ئەدا، وێنەیەك مرۆڤ تێکدەشکێنێت تا لەگەڵ واقعی تێکشکاودا بگونجێت، ئەمەش بەمەبەستی جێگیرکردنی دۆخی باو لەباربردنی هەر خەونێکی گۆڕانە، بە دیدی بیرمەندێکی وەك ف. شتالییە ئامانجی ئایدیۆلۆژیا جێگیرکردنی دۆخی باوی شتەکانە(٤٣) کاتیك کۆمەڵگا لە نێو ستەمێکی کۆمەڵایەتی و ئایینی پڕ ستەمکاریدا ئەژی ئایدیۆلۆژیا دێ و پێمان ئەڵێت، ئەوەی ئێمە تێیدا ئەژین ستەمکاری نییە بەڵکو سروشتی پەیوەندییەکانە، کاتێك توندترین جۆری کۆیلایەتی بەرانبەر بە رەگەزێکی وەك رەگەزی ژن ئەکرێت، ئایدیۆلۆژیا پێمان ئەڵێت ئەوەی روو ئەدا کۆیلایەتی و چەوسانەوەی ژنان نییە، بەڵکو رێکخستن و پاراستنی شیرازەی کۆمەڵگایە، ئایدیۆلۆژیا بوار نادا وێنەی راستەقینەی واقع و مرۆڤ و پەیوەندییەکان ببینین، لێرەوە مارکس ئایدیۆلۆژیا بە هۆشیاری موزەیەف لە قەڵەم دەدات، ئەو پێیوایە لەپشت ئایدیۆلۆژیاوە عەقڵ هەیە، بەڵام ئەم عەقڵە بە ئاڕاستەی کوشتنی سروشتی خودی عەقڵدا کار دەکات، بەکورتی ئایدیۆلۆژیا هۆشیارییەکی موزەیەف بەرانبەر واقیع بەرهەمهێنەهێنێت، هۆشیارییەك لە جیاتی ئەوەی رێنمایمان بکات بۆ بینیین واقع وەك خۆی،

ڕێنمایمـان دەكـات بـۆ بینـینی واقـع وەك ئـەوەی بەرژەوەندیـەكی ئـابووری یـان سیاسی یـان فیكـری دەیـەوێ، ئایـدیۆلۆژیا بەشـدارییەكی گـەورە لـە گفتوگۆكانـدا دەكـات، بـەڵام هـەرگیز لـە گفتوگۆكانـدا خـەریكی بەڵگـە هێنانـەوە نییـە بـەڵكو خەریكی پاساوهێنانەوەیە، خەریكی بەڵگە داتاشینە، ئەمەش هەمیشە لـە بـوونی بڕیاری عەقائیدی پێشوەخت و بەرژوەنـدی پێـشوەختدا دروسـت دەبێـت، كاتێـك كەسێك بـە بڕیـارێكی پێـشوەختەوە رووبـەرووی بابـەتێكی دیـاریكراو دەبێتـەوە، بەرواڵـەت وا دەئەركـەوێت بەڵگـە ئەهێنێتـەوە، بـەڵام لـە راسـتیدا خـەریكی پاسـاوهێنانەوەیە بـۆ مـەرام و بڕیـارێكی پێـشوەخت، ئیـدی لێـرەوە ئایـدیۆلۆژیا وەك هۆشیارییەكی موزەیەف رۆڵێكی یـەكجار خـراپ ئـەبینێت لـە فاسـیدكردنی هۆشیاری مرۆڤ و لەباربردنی هەر خەونێكی گۆڕان و نوێبوونەوە.

جیهـانی ئیـسلامی یەكێكـە لـەو ناوچـانەی كـە بەشـێوەیەكی مەترسـیدار بـە ئایــدیۆلۆژیكردنی بــەخۆوە بینیــوە، خــودی ئیــسلام لــە مێــژوە هــەرە ســەرەتاییەكانەوە پرۆســەی بــە ئایــدیۆلۆژیكردنی بــەخۆوە بینیــوە، بــە ئایدیۆلۆژیكردنی ئایین بریتییە بەرهەمهێنانی هۆشیاری تایبەت لە دەقی ئایینی لەرێگەی تەفسر و تەئویلی دەقەكانە كە خزمەت بە بەرژوەندییەكی دیاریكراوی سیاسی یـان ئـابووری یـان كۆمەڵایـەتی دەكـات، واتـە خـودی بـە ئایـدیۆلۆژیكردن پرۆسـەیەكی تـەئویلی تەحریفییـە و، لەسـەر شـێوەی عەقیـدەو بیروبـاوەڕ خـۆی ئەنوێنێت و، ئامانج لێی خزمەتكردنە بە لایەنی ئایدیۆلۆژیكەر.

ئـەم بـە ئایدیۆلۆژیكردنـە لـە جیهـانی ئیـسلامیدا تـا ئاسـتێكی مەترسـیدار رۆیـشتوە، چـونكە لـەوە دەرچـوە تـەنها تـەزیفكردنی چـەند دەقێـك بێـت بـۆ بەرژەوەندیـیەكی كـاتی گروپێـك یـان دەسـەڵاتێك، بـەڵكو دروسـتكردنی رسـتێكی چــنراو بــوە لــە فیقــە و عەقیــدە و شــەریعەت، بەمــەش هــەموو ژیــان و بیركردنەوەی مرۆڤی مـسوڵمانی داگیر كـردوە، تـۆ پێتوایـە لـە نێـو شـەریعەتدای بەڵام ئایدیۆلۆژیا هەموو قەوارەكانی داگیركردویـت، پێتوایـە عەقیدەیـەكی دینـی

پوختت قەبولکردوە، بەڵام لەراستیدا ئایدیۆلۆژیای سەردەم و دەسەڵاتێك لەناو خۆیدا نوقمی کردویت، بەمەش ئایدیۆلۆژیای سەردەم و دەسەڵاتێك هەموو جومگە سەرەکییەکانی هۆشیاری مرۆڤ داگیر دەکەن، کاتێك تۆ دەتەوێ ئایین بگوێزیتەوە بۆ سەردەمێکی دی، ئەوا ئایدیۆلۆژیا یان ئایینی بە ئایدیۆلۆژیکراو بەسەر هەموو زەمەن و شوێنە جیاوازەکاندا قڵپ دەکەیتەوە، هەر بە ئایدیۆلۆژیکردنیش فاکتێکی هەرە سەرەکی ستەمکاری و پاشکەوتویی کۆمەڵایەتی و ئابووری بوە لە جیهانی ئیسلامیدا، ئەوەی زیاتر لە جیهانی ئیسلامیدا گرفتەگەی ئاڵۆز کردوە هەمیشە ئەوە بوە ئیسلام خۆی خراوەتە ناو کایە ئایدیۆلۆژییەکانەوەو، وەك بەشێك لە پێداویستی بەرژەوەندییەکان بەردەوام بەکارهاتوە، ئیسلام لە ئاینێکەوە کە خاوەنی کۆمەڵێك مەرام و بەهای گشتی بێت، ترازێندراوە بۆ ئایدیۆلۆژیایەك کە هەوڵی تەفسیرکردنی واقیع دەدات بەپێی بەرژەوەندی دەسەڵات و، گروپێکی کۆمەڵایەتی و ئابووری زاڵ، ئیدی لێرەوە جۆرێك لە هۆشیاری ئایدیۆلۆژی بەرانبەر بە ئیسلام بەرهەمهاتوەو بە درێژایی چەندین سەدە وەك هۆشیاری هەرە زاڵ و باڵادەست خۆی نیشانداوە، هەر لە دوای مردنی پێغەمبەرەوە ئەم پرۆسەی بە ئایدیۆلۆژیکردنی ئیسلامە دەستپێدەکات، بەپێی بەرژەوندییە سیاسییە ئابوورییە کۆمەڵایەتییە تایبەتەکان، وێنەیەکی دیاریکراو بەرانبەر بە واقع و ژیان و ئایین و پەیوەندییەکان بەرهەمدەهێنێت و، لەسەر بناغەی ئەو وێنەیە هەوڵدەدات واقیع بەرێوەبەرێت، ئەو وێنەیەش بەرهەمی بەرژەوەندییەکانە، بۆ بەرژەوەندی چینی دەسەڵاتدار و فەرمانڕەوا بوونی هەبوە و گەشەی پێدراوە، لەم روانگەیەوە مەزهەبە جیاوازەکان دروستدەبن و، وەك بەشێك لە پێداویستییەکانی سیاسەت و فەرمانڕەوایەتیکردن دێنە ئاراوە، ئەو مەزهەبانە تەنها پێویستی مانەوەی دەسەڵات و زامنکردنی بەرژەوەندی ئابورری گروپێکی کۆمەڵایەتییان زامن نەکردوە، بەڵکو وێنەیەکی گشتگیریان بەرانبەر بە کۆی

کایەکانی ژیان و پەیوەندییەکان بەرهەمهێناوە و، بیناکردنی ئەو وێنەیەش بە شێوەیەکی گشتی بە پێی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و ئابووری بونیادنراوەو و، لە هەموو ئەوانەشدا بەرژوەندی سیاسی و ئابووری چینی فەرمانڕەوا لەبەرچاو گیراوە، د عبدالجواد یاسین لە کتێبی (السلطة في الاسلام ) بە وردی لەسەر بە ئایدیۆلۆژیکردنی ئیسلام رادەوەستێ لە هەموو قۆناغەکانی راشدین و ئەمەوی عەباسی و دواتریش، ئەم بەئایدیۆلۆژیکردنە وەك ئاماژەمان پێدا تەنها لەسەر تەوزیفکردنی چەند دەقێك لە بەرژەوەندی دەسەڵاتدا کورت نابێتەوە، بەڵکو کۆی نەخشەی کۆمەڵایەتی و ژیانی کۆمەڵگا لە خۆی دەگرێت، ئیدی لێرەوە ئەم بە ئایدیۆلۆژیکردنە کۆی هۆشیاری مرۆڤی مسوڵمان گەمارۆ دەدات و، ئەم هۆشیاریە ئایدیۆلۆژییە بە شێوەیەکی مەترسیدار کۆدیتادەکات بەسەر هەموو ئەو هۆشیاری و تێگەشتنانەی کە لە دەرەوەی ئەو ریتمە ئایدیۆلۆژییەدا بەرهەمهاتوون، هەموو ئەوانیدی تەکفیر دەکرێن و، لەمێژوو دەردەکرێن، ئیدی بە درێژای چەندین سەدە ئەم هۆشیارییە ئایدیۆلۆژییە کە لە بنەڕەتدا وەك بەشێك لە پێداویستی دەسەڵات و، بەرژەوەندی ئابووری گروپێك و، مانەوەی دۆخی باو سەریهەڵداوە وەك تاکە ئایدیای بێ مونافیسی لێدێ و، رەوایەتی ئایینی بەتەواوی بۆخۆی قۆرخ دەکات، دەرچوون لەم دیدە وەك دەرچوون لە ئایین لەقەڵەم دەدرێت.

یەکێك لەو پرسانەی کە بەتوندی کەوتە ناو نەخشەی بە ئایدیۆلۆژیکردنەوە مەسەلەی ژنان و بوون و پێگەیان بوو لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا، ئیسلامی ئایدیۆلۆژیکراو بەرەچاوکردنی چەند هۆکارێکی مێژویی تا دوا ڕادە ژنی لە قۆناغی کۆیلەیی نزیکردەوە، واتە نەك هەر نەیتوانی ژن وەك بونەوەرێکی ئازاد و خاوەن کەسایەتی و ئیرادە تەماشابکات، بەڵکو ژنی وەك کۆیلەیەك لە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری وێنا کرد، فرەژنی بەرەوا دانا و شەرعییەتی ئایینی پێدا، سەرۆکایەتی و دادوەرێتی لە ژن قەدەغەکرد، لەمیرات و لە شایەتیدا نیوەی

پیاوی بۆ بڕییەوە، تەنانەت ئیمامەتی ڕۆژی هەینی لێقەدەغە کرد، سەرپۆشی سەپاند بەسەر ژندا، بەمەش نەك گەورەترین ستەمی مێژوویی بەرانبەر بە ژن بەرپاکرد، بەڵکو زەبرێکی گەورەی لە خودی چەمکی دادپەروەری خودایی وەشاند، قورئان بە درێژایی چەندین سەدە لە بەردەم تەفسیری پیاوسالارانەدا بووە، پیاو سەرەتا و کۆتایی ئایینەکەی لێکداتەوە، پرۆسەی ئایدیۆلۆژیکردنەکەی ئاینیش هەر پیاو ئەنجامیداوە، ئەمەش ئەو شتەیە کە ژنە فیمینیستی مسوڵمانی ئەڵمانی و بە ڕەگەز میسری (ناهد سلیم عومەر) کاری لەسەر دەکات، ناهید پێیوایە ئەکی هەرە گەورەی مرۆڤی ئازادیخواز لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا دەرهێنانی قورئانە لە چنگی پیاو، سەرلەنوێ تەفسیرکردنەوەی قورئانە لە ڕوانگەی ژنەوە، ئەو لە کتێبەکەی خۆیدا بە ناوی ( انزعوا القرأن من ايدي الرجال ) باس لەو شۆڕشە دەکات کە پێویستە بۆ خوێندنەوەی قورئان بیکات(٤٤) ئەو هەوڵدەدات ئیسلامی ئایدیۆلۆژیکراو تێپەڕێنێت، چونکە ئەو دەزانێت ئەو ئایدیۆلۆژیایەی وەك هەقیقەتی ئیسلام خۆی نیشاندەدات، جگە لە هۆشیارییەکی موزەیەف کە بوارمان نادا نەئیسلام و نە واقع وەك خۆی ببینین شتێکی تر نییە، سەپاندنی ئەم تێزانە لە پرۆسەی بە ئایدیۆلۆژیکردنی کۆمەڵێك فاکتەری سەرەکی لە پشتەوە بوە، لێرەدا هەوڵدەدەین دەسنیشانی هەندێك لەو فاکتەرانە بکەین :

**یەکەم:** هەموو دەسەڵاتە یەك لە دوایەکەکانی ئیسلامی دەسەڵاتی نێرسالاری بوون و پیاو خاوەنی یەکەم قسە و دوا قسە بووە، بۆیە ڕەچاوکردنی ئەم ئەمە شتێك بوە قابیلی فەرامۆشکردن نەبوە، بۆیە پێویست بوە لەم دەسەڵاتە نێرسالارییەدا ژن وەك کاڵایەك و وەك ئامرازێکی لەزەتی پیاوان مامەڵەی پێوەبکرێ، نەك وەك مرۆڤێکی هاوبەش و خاوەن ئیرادە لە دروستکردنی ژیان و پەیوەندییەکان و بڕیاردا .

**دووەم :** بازووی پیاو فاکتەری سەرەکی گەشەکردن و مانەوەی ئەو دەسەڵاتە بوە، پیاو لەکاتی جەنگدا هێرشبەرێکی چالاك و لەکاتی ئاشتیشدا

بەرگەریکەرێکی پۆلایینە، بازووی پیاو و، شمشێری پیاو؛چارەنووس و ئاییندەی دەسەڵات دیاریدەکات، بۆیە دەبێت ئارەزووەکانی پیاو تێربکرێت، پیاوێك کە دەتوانێت دوژمن تێکبشکێنێت و شمشێر بوەشێنێت ماقووڵ نییە ئارەزووەکانی تێرنەکرێت، ماقووڵ نییە لەگەڵ ژنێکدا هاوشان و هاو بڕیاربێت کە نەدەتوانێت شمشێر بوەشێنێت، نەدەتوانێت بەرگریبکات، بۆیە ئایدیۆلۆژیایەك بەرهەمدێت ناتوانێت تەماشای ژن بکات جگە لەوەی وەك کاڵایەك تەماشای دەکات و، وەك چۆن پیاو خاوەنی چەندان کاڵای هەمەجۆرە لە خانوو ئەشپ و هتد... دەبێت ئاواش خاوەنی ژنی جۆراو جۆر بێت، تەنها مەرجی ئەوەی کە فرە موڵك و خانوو بێت ئەوەیە کە داهاتێکی بەرزی هەبێت، هەرواش بە مەرجی بوون داهات و توانای ئابووری ئەتوانێت فرە ژن بێت.

**سێیەم :** کۆی فەزای کۆمەڵگا فەزایەکی پیاوسالارەو، لە فەزایەکی لەم شێوەیەدا نەزعەی پیاوسالاری کودێتا دەکات بەسەر سەرجەم روانین و بینیەکان بەرانبەر بە مەسەلە ژن.

ئیدی لەم روانگانەوە ئایدیۆلۆژیایەك بەرهەمدێ کە وێنەیەکی شوێندراوی واقع و ئایینمان پێنیشان دەدات؛ نەك هەر ئەمە بەڵکو فریودەری گەورەی ئەم هۆشیارییە موزەیەفە لەوەدایە، کە هەقیقەتی ئایین لەسەر خۆی تاپۆ دەکات و، تەکفیری هەموو ئەوانی دیکە و هەموو جیاوازییەك دەکات لە نێو هۆشیاری ئاینییدا، ئەمەش هێمایە بۆ رادەی ستەمکاری ئەو دەسەڵاتەی کە ئەو ئایدیۆلۆژیایەی وەك بەشێك لە پێویستییەکانی مانەوەی خۆی بەرهەمهێناوە .

## ژن لەدەرەوەی ئیسلامی بەئایدیۆلۆژیکراو دا

هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لە ژن لە دەرەوەی ئەو ئایدیۆلۆژیە ستاندارەدا کارێکە کات و بواری زۆری دەوێ، کە رەنکە لەم نوسینەدا پێویست نەبێت ئاوڕ لە هەموو پرسەکانی پەیوەست بە ژنەوە بوەستین، بەڵکو ئێمە لێرەدا هەوڵ ئەدەین لەسەر هەندێ لە بابەتە سەرەکییەکانی پەیوەست بە ژنەوە رابوەستین، بەتایبەت مەسەلەی فرە ژنی و تێگەیشتنی خۆمان بخەینە روو، ئەم هەوڵەی ئێمە بەو مانایە نییە کە بۆ باسوخواسەکانی ژیان واقیع پێویستمان بەوە بێت بچینەوە سەر دەقێك، ئێمە بەمیتۆدێکی لەوجۆرە کارناکەین و بیرناکەینەوە، بەڵکو پێمانوایە دەبێت دنیا لە رێی سیستمێکی لوژیکی و عەقڵانییەوە بەرێوەبچێت، بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە نیشانی بدەین کە ئیسلامی ئایدیۆلۆژیکراو لەگەڵ پرەنسیپ و مەرامە بنچینەییەکانی خودی ئایینـدا ناتەبایە، نیشانی بدەین ئیسلامی ئایدیۆلۆژیکراو کە خۆی وەك مودێلی زاهیری و حەرفی لە خوێندنەوەی دەقی قورئاندا ئەناسێنێت، ناتوانێت لە زاهر و حەرفییەتی دەقەکانیش تێبگات، ئەوەی ئەو دەتوانێت بیکات داتاشینی پێویستییە ئایدیۆلۆژییەکانە لە دەقەوە، ناتوانێت لە زاهیرو مەرامی خودی دەقەکانیش تێبگات و، ئەوەی ئەو وەك حەقیقەتی ئایین خۆی دەناسێنی جگە لە هۆشیارییەکی ساختە هیچی تر نییە .

ئێمە لەسەر چەند بنچینەیەکی سەرەکی کار ئەکەین:

**یەکەم:** فرەژنی یان دژایەتی چەمکی دادپەروەری خودایی :

چەمکی دادپەروەری خودایی بۆ یەکەمجار لەلایەن سێخ حەسەنی بەسرییەوە هێنرایە ئاراوە بۆ رووبەرووبونەوەی دەسەڵاتی رەهاو، پڕ ستەمکاری موعاوییەی کوڕی ئەبو سوفیان، کاتێك موعاوییە بۆ داپۆشینی عەیب و فەساد و ستەمکارییەکانی بیرۆکەی جەبرییەتی هێنایە ئاراوە، موعاویە پێی وابوو کە لە

ئەزەلەوە هەموو ڕووداوەکانی مێژوو نوسراونەتەوە و، ئیرادەی مرۆڤ لەبەرانبەر ئیرادەی خوادا مانای نییە، هەموو کردارەکانی مرۆڤ لە ئیرادەی ڕەهای خوداوە سەرچاوە ئەگرن و مێژوو لاپەڕەیەکی نوسراوە، بەرانبەر بەم تێزەی موعاویە شێخ حەسەنی بەسری چەمکی دادپەروەری خودایی هێنایە ئاراوە، ئەو پێ وابوو مرۆڤ بونەوەرێکە خاوەنی ئیرادەیەو، خۆی بەرپرسیارە لەهەموو ئەو کارو کردارانەی کە ئەیکات، مرۆڤ خۆی دروستکەری کردارەکانی خۆیەتی بە باش و خراپەوە، ئەمەش تاکە ڕێگەیەکە بۆ ئەوەی دادپەروەری خودایی مانای ڕاستەقینەی خۆی وەربگرێت، لێپرسینەوەی ڕۆژی دوایی کاتێک مانای دادپەروەرانەی خۆی وەرئەگرێت کە مرۆڤ خاوەنی ئیرادە بێت و خۆی بکەری کردارو مێژوو بێت، ئەگەر کرداری باشە و خراپ بەدەست و ئیرادەی مرۆڤ خۆی نەبێت ئەوا لێپرسینەوەی ڕۆژی دوایی چ مانایەکی دەبێت؟ بۆیە ئەگەر وانەبێت دادپەروەری خودایی ئەکەوێتە ژێر پرسیارەوە، ئیدی لەم هەوڵە مەزنەی شێخ حەسەنی بەسرییەوە چەمکی دادپەروەریی خودایی وەك پرەنسیپێکی بنەڕەتی ناو هزری ئیسلامی دەرکەوت، کە ئەو کارو کردارانەی ستەم و نادادپەروەر تیا پیادەئەکرێت پێچەوانەی دادپەروەری خودایی ئەوەستێتەوەو، بەمەش نابێتە بەشێك لە ئیسلام و ئیمان، دادپەروەری خودایی نەك بەتەنها وەك چەمکێك دژی ستەمکاری سیاسی بەکارهات و، ڕێگەی لە ملهوڕی دەسەڵات گرت بەناوی خودا و جەبرییەتەوە، مومارەسەی هەموو جۆرەکانی ستەمکاری بکات، بەڵکو لە تەواوی کایەکانی فیکری ئیسلامیدا ڕێگە لە هەموو جۆرەکانی ستەمکاری و نادادپەروەری ئەگرێت، نادپەروەری لە هەموو ئاستەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و کەلتووریدا .

ئەمڕۆ لە جیهانی ئیسلامیدا و، لە فیقە و گوتاری باڵادەست و ئایدیۆلۆژیکراودا، نەك هەر گەورەترین ستەم بەرانبەر بە ئافرەت بەرێوە ئەبرێ، بەڵکو بە کۆمەڵێکی پاساوی بێ ناوەڕۆك و بێ بنەما فیقهێکی

پیاوسالارانەو دۆگما بەسەر ئافرەتدا دەسەپێنرێت، فیقهێك كە لانیكەمی ئەو بەرەوپێشچوونە كۆمەڵایەتی و ئابووری و هۆشیارییانە لەبەرچاوناگرێت كە دۆخی ژن بەخۆوەی بینیوەو، هەمان تێز پیادەدەكات كە لە سەدەكانی ناوەڕاستدا بەرهەمهاتوە، رەنگە یەكێك لە دیارترین ئەو ستەمانە كە بەرانبەر ژن لە فیقهی ئیسلامیدا و، لە رۆژگاری ئەمڕۆدا پیادە ئەكرێت بریتی بێت لە فرە ژنی، فرەژنی گەورەترین ستەمەو، ستەمیش هەرگیز لەگەڵ دادپەروەری خودایدا تەبا نییە، هەرگیز ئەوە لەگەڵ دادپەروەری خودایدا ناگونجێت، پیاو وەك چۆن كاڵاكانی ئەگۆڕێت ئاواش ژنەكانی بگۆڕێت، بێ ئەوەی وەك مرۆڤ تەماشا ژن بكات، چونكە ئەگەر وەك مرۆڤ تەماشای بكات دەبێت رێز لە هەست و سۆز و كەرامەتی مرۆڤانەی ژن بگرێت، ئەو پیاوەی پیاوێكی دیكە بێت و ببێت بە مێردی ژنەكەی چ هەستێكی هەیە، ژنیش هەمان هەستی هەیە كاتێك پیاوەكەی ژنی دووەم ئەهێنێت، بەمەش ژن لەهێنانی ژنی دووەمدا هەموو هەست و كەرامەتێكی تێكدەشكێت، ئیدی دەبێت دڵی خۆی بە نیوە پیاوێكەوە گرێ بدات، ئەمە زوڵمێكی بێ سنوورە و لەگەڵ دادپەروەری خوایدا ناگونجێت، ئەو بیانوانەی كە بۆ فرەژنی ئەهێنرێنەوە، لە راستیدا نەك ئەوەندە بەهێز نین قەناعەت بە مرۆڤ بكەن بەڵكو شایانی ئەوەنین مرۆڤ گوێیان لێبگرێت، چونكە ئەو پاساوانە تەعبیر لە هیچ ناكەن جگە لەبەهێزكردنی وەهمەكانی ئایدیۆلۆژیایەك كە مامەڵەكردنی لەگەڵ ژن لەسەر بناغەی رێز لە ئارەزوو بەرژەوەندییەكانی پیاو بونیادنراوە .

تاپۆكردنی ئیمامەت و پێشەوایەتی لەژیانی سیاسی(دەوڵەت) و دادوەری و ئیمامەت لە نوێژدا بۆ سەر پیاو، نیوە بەش لەمیراتدا و، بوونی دوو ژن بۆ یەك شایەتی بەرانبەر بە پیاوێك، بە تەواوی لەگەڵ دادپەروەری خودایدا ناتەبایە، ئەمە لەكاتێكدا خودی قورئان خۆی باس لە دەسەڵاتدارێتی و پاشایەتی ژن دەكات كە نموونەی عەقڵ و داناییە وەك بەلقیس، بەڵام ئەمە ئەمڕۆ پێچەوانە

بۆتەوە، وەك ژنە نووسەر و چالاکوانی بواری مافەکانی ژنان فرحە جیجك ئەڵێ ( پێشتر وا دائەنرا پادشا ژنەکان لە ئیسلامدا هێمان بۆ توانا و هێزی ژن، بەڵام ئەمڕۆ پادشایەتی ژن لەحەرامکراوەکانە )، ئەمڕۆ پێشەوایەتی لەسەر پیاو تاپۆ کراوە .

چۆن و بە چ پێوەرێك فرەژنی کە شکاندنی هەیبەت و کەرامەتی ژنەلەگەڵ دادپەروەری خودایدا ئەگونجێ؟ ئەو هەموو جیاوازییە رەگەزییە (وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا) لە نێوان ژن و پیاودا چۆن لەگەڵ پرەنسیپ دادپەروەری خودایدا ئەگونجێت؟ هەربۆیە ئەگەر بەپێی چەمکی دادپەروەریی خودایی لەم تێزە بڕوانین، بێگومان ئەگەینە ئەو دەرەنجامەی ئەو کەسەی دژی فرەژنییەو لەگەڵ هەموو یەکسانی و ماف و ئازادییەکدایە بۆ ژن، پێچەوانەی ئایین ودادی خودایی نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەو کەسەی بانگەوازی فرەژنی دەکات و، جێبەجێی دەکات ئەوە پتر لە ستەمکاری و ناتەبایە لەگەڵ دادپەروەری خودایدا .

**دووەم: مەرامەکانی شەریعەت ( مقاصد الشريعه):**

مەرامەکانی شەریعەت ( کە دواتر بوو بە یەکێك لە پرەنسیپە گرنگەکانی شەریعەت) لەلایەن (ئیمامی شاتبی)یەوە دامەزرێنراوە، لای ئیمامی شاتبی بۆ هەموو حوکمێکی شەرعی مەرامێك هەیە، کرۆکی شەریعەت و بڕیاری فیقهی لەمەرامەکانیدا کۆ دەبێتەوە، لای شاتبی بۆ حەرامکردنی هەر شتێك پێویستە عیلەیەك هەبێت، بەمەش شاتبی بواری حەرامەکانی تەسککردەوەو، مەرامەکانی شەریعەتی وەك جەوهەری بڕیاری شەرعی هێنایە ئاراوە.

مەرامی هاتنی هەموو ئایینەکان و، هەموو ئەو دەقانەی بۆ رێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی هاتوون دادپەروەرییە، ئامانجی هاتنی ئایەتی فرەژنیش هەر داد پەروەرییە، لەراستیشدا بەشێوەیەکی مومکین دادپەروەری لەژیانی کۆمەڵایەتی نیمچە دورگەی عەرەبیدا بەدیهێنا، چ لە مەسەلەی فرەژنی و، چ لە مەسەلەی

میرات و شایەتیداندا، چونکە لەوکاتەی نیمچە دورگەی عەرەبیدا فرەژنی سنوری نەبوو، هەموو خاوەن دارایی و دەستڕۆشتوویەکی عەرەب، بگرە هەموو پیاوێك دەیتوانی بە ئارەزووی خۆی ژن ریز بکات و، ئارەزوەکانی خۆی تێر بکات، بەڵام دەقی ئایەت ئەمەی سنووردارکرد بۆ چوار ژن، بەمەش بەشێوەیەکی رێژەیی دادپەروەری بەدیهێنا، کەواتە تێگەیشتنی دروست لە دو دەقە ئەوەیە کە لە مەرامی هاتنی دەقەکە تێبگەین و بیکەینە سەرچاوەی بڕیاری شەرعی، هەر ئەوەش مەرامی دەرکردنی بڕیاری شەرعییە، بەڵام پرسیارە جەوهەرییەکە ئەمەیە: ئایا ئەو بڕیارەی کە بۆ قۆناغێکی دیاریکراوی ژیانی کۆمەڵایەتی دادپەروەرییە، بۆ هەمیشە و بۆ هەموو قۆناغێکی مێژوویی ئەتوانێت بەدیهێنەری دادپەروەری بێت؟ بێگومان نەخێر، چونکە قۆناغەکان میکانیزم و بنەمای پێویستی دەوێ بۆ بە دیهێنانی دادپەروەری، ئەو بڕیارەی ئەمڕۆ بەدیهێنەری دادپەروەرییەکی رێژەییە، دەشێت سبەینێ ببێتە رێگرێکی گەورە لەبەردەم دادپەروەریدا، چونکە لەگەڵ گەشەکردنی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و، بەرەوپێشچوونی ژیانی ئابووری و، ماف و ئازادییەکاندا ناگونجێت و، پێویستە میکانیزمی نوێ بۆ بەدیهێنانی دادپەروەری بەکاربهێنرێت، ئەگەر نا ئەوا خودی ئەو دەقەی کە بۆ بەرگریکردن لە دادپەروەری هاتوە دژی دادپەروەری دەوەستێت و، بەمەش مەرامی راستەقینەی خودی ئایین و شەریعەت فەرامۆش دەکرێت، لە رۆژگاری ئەمڕۆدا و دوای تێپەربونیی سەدان ساڵ هاتنەئارای چەندین گۆڕان و بەرەوپێشچوونی گەورە لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا و، بەدیهێنانی یەکسانی نێوان مرۆڤەکان رویداوە، فرەژنی نەك هەرناتوانێت مەرامی دادپەروەری بەدیبهێنێت، بەڵکو دەبێتە رێگرێکی راستەقینەی لەبەردەم دادپەروەری و، زوڵمێکی گەورە ئەخولقێنێت تا رادەی کۆیلەکردنی مرۆڤێك، بۆیە بەراستی رێگای راستەقینەی دادپەروەری قەدەغەکردنی فرەژنییە و، بەمەش مەرامی راستەقینەی دەقەکە بەدیدێت.

هـەموو دەقـەکانی دیکـەی پەیوەسـت بـە مـیرات و شـایەتیدانەوە دەکرێـت بـە هەمان میتۆد مامەڵەی لەگەڵدا بکەین، تەنانەت گەلێك دەقی دیکەش کە مەرامی هاتنیان بەدیهێنانی دادپەروەری یـان چارەسـەرکردنی کێشەیەك بـووە، بـەڵام لـە ئەنجامی گەشەکردنی واقیـع و پەوەندییەکانـدا بوونەتـە دژە دادپـەروەری، بۆیـە دەبێت پێمان ئاسایی بێت لەگەڵ مـەرامی دەقەکـەدا مامەڵـە بکـەین نـەك لەگـەڵ زاهـیری دەقەکـەدا، زاهـیری دەق هەمیـشە هـەڵقوڵاوی واقعێکـی کۆمەڵایـەتی و ئابووری و کەلتووری دیاریکراوە، لەگەڵ ئەو واقیعەدا مامەڵـەی کـردووەو خـەونی ئەو بەدیهێنانی دادپەروەری بوە لەو واقیعە مێژوویەدا بۆیە پابەندبوون بە زاهیر و بـێ لەبەرچـاوگرتنی مـەرامی دەقەکـە توشـی هەڵەیـەکی گـەورەی میتـۆدی و بابەتیمان دەکات .

**سێیەم: خوێندنەوەی حەرفی بۆ دەق**

خوێنـدنەوەی حەرفی بۆ دەق خوێنـدنەوەی ئەوانەیە کە مامەڵە لەگەڵ زاهـیردا ئەکەن، پابەنـدن بـە حەرفییـەتی دەقـەوە، وەك عـەلی حـەرب دەڵێـت: (( ئەمانـە رایان وایە دەق هیچ روویەکی نییە جگـە لـە رووی زاهـیر، لـەفز تـەنها یـەك مانـا هەڵئەگرێت))(٤٥) بەمەش ئەم میتۆدە (کە میتۆدی بە ئایدیۆلۆژیاکردنی ئایینـە و زۆربـەی گرووپـە توتالیتارەکـانی مێـژووی ئیـسلام لـەم میتـۆدەوە هاتونەتـە دەرێ) تەنها لە نێو لەفزدا مانا وەرئەگرێت و، پێشیوایە لـەفز تـەنها یـەك مانـای هەیە، ئەم مێتۆدە لەسەر ئەم بنچینەیە مامەڵەی لەگەڵ دەقـدا کـردووەو فرەژنـی قەبولکردوە .

ئێمـە ئەگـەر کـارکردن بـەم میتـۆدەش وەك گریمانەیـەك قـەبوڵ بکـەین ئـەوا دیسانەوەی مانای زاهیری ئایەتەکە فرەژنـی بـەڕەوا نابینێـت، ئـەوە دەبیـنین کـە دەقەکـە بـۆ بەڕەواناسـینی فرەژنـی خراوەتـە بـەردەم تـەئویلێکی تایبەتـەوە بـە شێوەیەکی میکافیلیانەو لەڕوانگەیـەکی پیاوسـالارانەوە مامەڵـە لەگـەڵ دەقەکـەدا کراوە .

ئەمە ئەو دەقەیە کە کراوەتە بنەما بۆ فرەژنی (( ان خفتم الاتقسطوا في اليتامي فانكحوا ما طاب لكم من النساء مثنى و ثلاث و رباع فان خفتم الا تعدلوا فواحدة او ماملكت ايمانكم ذلك ادنى الا تعولوا )) (٤٦ )

لەم دەقەدا دوو رەهەندی سەرەکی بەرچاو دەکەوێت : یەکەمیان : داواکردنی دادپەروەری بەرانبەر بە کچانی بێ باوك، ئەگەر پیاو ناتوانێت دادپەروەری بەدیبێنێت ئەوا باشترە خۆی بە دوور بگرێت (( **ان خفتم الاتقسطوا في اليتامي** ))

دووەمیان: ئەگەر نەیتوانی ئەوە بکات با لەو ئافرەتانەی کە پاك و شیاون دوان یان سیان یان چوار بهێنن جا ئەگەر نەتوانن دادگەری لەبەرچاوبگرن ئەوا یەك ژن بەسە، ئەمە باشترە بۆ خۆ لادان لە ستەم و نادادپەروەری.

لێرەدا ئەم دەقە بەردەوام جەخت دەکاتەوە سەر دادپەروەری، بەرانبەر جەختکردنەوە لەسەر دادپەروەری پێشنیاری تەنها یەك ژن دەکات، تەنها یەك ژن وەك رێگاچارەیەکی هەرە گونجاو ئەبینێت بۆ رزگاربوون لە ستەم و نادادپەروەری، واتە هەمیشە بەرانبەر بە فرە ژنی ستەمکاری و، نادادپەروەری ئەهێنێتەوەو ئەو دوانە (فرەژنی و ستەمکاری) نزیك لەیەك دا ئەنێت.

(( **فانكحوا ما طاب لكم من النساء مثنى و ثلاث و رباع فان خفتم الا تعدلوا فواحدة او ماملكت ايمانكم ذلك ادنى الا تعولوا** ))

بەلأم خوێندنەوەی پیاوسالاری کە ئەمڕۆ خۆی وەك فیقهی بالأدەست و ستاندار نیشان دەدات بۆ ئەم دەقە لەسەر دوو ئاست کاریکردوە :

یەکەمیان : هەموو چەمکی دادپەروەری کورت کردۆتەوە لە دادپەروەری مادیدا، بە مانایەکی دیکە پیاو ئەتوانێت دوو یان سێ یان چوار ژن بهێنێت بە مەرجێك توانای مادی هەبێت، لێرەشەوە ئەتوانێت بانگەشەی دادپەروەری بکات، لە( فقه السنه)دا مانای دادپەروەری لە سێ شتدا دیاریکراوە ئەوانیش ( خواردن، پۆشاك، جێگەی نیشتەجێ بوون) واتە ئەو پیاوەی بتوانێت لە خۆراك و پۆشاك

و جێگەی نیشتەجێبووندا دادپەروەری بکات، یان بتوانێت بەدیبهێنێت ئەوە مافی ئەوەی هەیە چوار بهێنێت.

دووەمیان: هەرچی دەستەواژەی ( **فان خفتم الا تعدلوا فواحدة** ) و ( **ذلك ادنى الا تعولوا** ) هیچ بایەخێکی پێنەدراوە، چونکە ئەوە ئەگەری جددی ئەخاتە بەردەم پیاو کە پێویستە یەك ژن بێت باشترە لەوەی توشی ستەم و نادادپەروەری بێت، واتە ئەو دەقە پێمان دەڵێت فرەژنی هەمیشە نزیکە لە ستەم و نادپەروەرییەوە، قورئان خۆشی ئەزانێت کە مومکین نییە لە نێوانیان ژنەکاندا دادپەروەری بەدیبهێنێت، بۆیە هەمیشەو هاوکات لەگەڵ دادپەروەریدا باس لە ستەم و نادادپەروەریش دەکات، ئەمە حەقیقەتی مانای دەقەکەیە، بەڵام چی ئەڵێیت کە تەفسیرێکی دیاریکرا و مێژویی بەناوی دادپەروەرییەوە رێگە بە پیاو دەدات سێ سێ و چوار چوار ژن ریز بکات، چی ئەڵێی چەند فەقیهێك بەناوی خواو شەریعەتەوە هەوەسی پیاو بەر ئەدەنە گیانی ژنان و ئەیانکەن بە کۆیلە، جارێ ئەمە چ کارەساتێکە کە تەواوی وشەی دادپەروەری بۆ دادپەروەری ماددی کورت بکرێتەوە( پۆشاك و خواردن و جێگەی نوستن)، ئەمە لە کاتێکدا کێشەی بنەڕەتی لە فرەژنیدا کێشەی ماددی نییە بەڵکو کێشەی هەست و سۆزە، کێشەی ژیان و خۆشەویستی و بڕیاری ئازادانەیە وەك مرۆڤ، کێشەی پاراستنی شکۆمەندی و کەرامەتی مرۆڤە،ئەو ژنەی کە ژنی دووەمی بەسەر دێت ئامادەیە دەستبەرداری زۆربەی پێویستییە ماددییەکانی ببێت بەڵام بە مەرجێت سۆزو خۆشەویستی پیاوەکەی لێدانەبڕیت، واتە کێشە سەرەکییەکە ماددی نییە بەڵکو سۆز و خۆشەویستییە، ئەمە جگە لەوەی هەرگیز دادپەروەری نێو خێزان بەتەنها و دابڕاوی لە کۆی مەفهوم و سیستمی دادپەروەری لە کۆمەڵگادا تەماشا ناکرێت، کۆمەڵگایەك کە هەموو گیانی غەرقی ستەمکاری و پیاوسالاری و چەوسانەوەی ژن بێت چۆن ئەتوانێت دادپەروەری لە نێو خێزاندا بەدیبهێنێت؟ مەگەر دادپەروەری  لە چەوسانەوەو بە کۆیلەکردندا، ناکرێت سیستەمی ئابووری

و دابەشکردنی داهات و بەرهەم پڕ بێت لە نادادپەروەری و لەناو دامەزراوەیەکی وەك خێزانـدا بـاس لـە دادپـەروەری بکرێـت لـە نێـوان چـەند ژنێکـدا، مەگـەر دیـسانەوە بـاس لـە دادپـەروەری بکرێـت لـە دابەشـکردنی نادادپەروەریـدا، ئـەمـە سەرەڕای ئەوەی چەمکی دادپەروەری بەپێی گەشەو قۆناغەکانی ژیـانی کۆمـەڵگا و بە پێی سروشتی کار و ژیـانی کۆمـەڵگاکان ئـەگۆڕێت، ناسـاندنی توانـای مـاددی وەك ڕێگەی دادپەروەری هیچ نییە جگە لەوەی هەوەسی پیاو بەردەداتە ژیـان و کۆمەڵگا، ناکرێت لێکدانەوەیەك کە لەسـەردەمێکدا بـۆ مانـای دادپـەروەری کـراوە بۆ هەتاهەتایە وزەی ئەوەی تێدابێا لێکدانەوەیـەکی دروسـتبێت بـۆ دادپـەروەری، ئەمە لەکاتێکدا ماناو میکانیزمەکانی پراکتیکی دادپەروەری بە پێی هەلومەرجی کۆمـەڵگا و گەشـەکردنی ژیـانی کۆمەڵایـەتی و ئـابووری و کلتـوری مانـای جیـاواز بەخۆوە دەگرێت.

سەرەڕای ئەمانە ئایدیۆلۆژیای پیاوسالاری مامەڵەیەکی زۆر میکاڤیلیانە لەگەڵ دەقەکــەدا دەکــات و، ئــەو بەشــەی دەقەکــە کــە فرەژنــی لــە ســتەمکاری و نادادپەروەری نزیك دەکاتەوە فەرامۆش دەکات، کە دەبوو لەسـەر بناغـەی ئـەوە تێگەیشتن بۆ مەسەلەی فرەژنی بونیاد بنرایە و فرەژنی وەك کارێکی ستەمکاری و نادادپەروەری وێنا بکرایە نەك بەناوی خواوە دەرگابۆ هـەوس و تـەماعی پیـاو بخەنە سەرپشت و دوو دوو، سێ سێ ژن ریز بکەن، دەبـوو لەسـەر بناغـەی ئـەوە چـەندین یاسـاو بڕیـاری شـەرعی دابڕێـژن فرەژنـی وەك سـتەمکاری بناسـێنن و قەدەغەی بکەن.

# ئیسلامی ئایدیۆلۆژیکراو لە سەردەمی نوێدا

ڕەنگـە کێـشەی گـەورە بەتـەنها لـەوەدا نـەبێت کـە لـە قۆنـاغێکی مێـژوویی دیاریکراودا ئیسلام ئایدیۆلۆژیکراوەو، وەك بەشێك لە پێداویستییەکانی دەسەڵات بـەکارهاتوە و، خـۆی وەك ڕسـتێکی چـنراو لـە فیقـه و عەقیـدەو و شـەریعەت ئەخاتە ڕوو، بەڵکو کێشەی سەرەکی لەوەدایە ئەم ئایدیۆلۆژیایە بەناوی ئایینەوە خـۆی دەکـات بـە هـەموو سـەردەمە جیاوازەکانـدا، گروپگـەلی جیـاوازیش نوێنەرایەتی ئەم جۆرە لە بیرکردنەوە ئەکەن و ، ئەم گوتـارە ئایدیۆلۆژییـە وەك حەقیقـەتی ئـایین قـەبوڵ ئەکـەن و، بەپێـچەوانەوە هـەموو دیـدێکی جیـاواز ئەسڕنەوە بگرە هەموو هەوڵێکی خوێندنەوەی ئایین لـەدەرەوەی ئـەو سیـستەمە ئایدیۆلۆژییەدا تەکفیر ئەکەن.

گوتاری ئیسلامی لە کوردستاندا یەکێکە لەو گوتارانـەی کـە بـە پلـەی ئیمتیـاز پابەنــدە بــەو ئیــسلامە مێــژوویی و ئایــدیۆلۆژیکراوەو، توانــای تێگەیــشتن و بەرهەمهێنانی دیدی نوێیان بەرانبەر بە ئیسلام لە خۆیاندا کوشتوە، بگرە زیاتر لەوەش گوتاری ئیسلامی لە کوردسـتان چ سـەبارەت بـە پرسـی ژن و، چ سـەبارەت بـە زۆرێـك لـە پرسـەکانی دیکـە، ڕێـك وەك ئـەو سـەربازە گیانفیدایـە وایـە بـە بەردەوامی بەدەوری سەنگەرەکەی خۆیدا ئەسوڕێتەوەو، بێ بیرکردنەوە تەقە لـە هـەر چوار لای خـۆی دەکات، بـێ بیرکردنـەوە شـەڕی هـەموو ئەوانیـدی جیـاواز دەکـات، ئەمـە لـە کاتێکـدا لـە نێـو زۆربـەی ڕۆشـنبیرییەکانی دنیـادا ئـایین وەك کێڵگەیەك بۆ لێکۆڵینەوە کاری لەسەر ئەکرێت و، بەردەوام دید و ڕاڤـەکاری نـوێ بۆ دەقەکان بوونی هەیە و بە میتۆدی جیاواز دەقـەکان ئەخوێنرێنـەوە، وڵاتـانی مـسوڵمانی وەك ئێـران، تورکیـا، ئینـدۆنیزیا، سـودان، مـسوڵمانی هینـد، زۆریـش تریش لێرەو لـەوێ تێگەیشتن و ڕاڤـەی نـوێ بـۆ ئیـسلام لـە ئارادایـە، بـەجۆرێك لەگـەڵ بــەها گەردونییــەکانی وەك مــافی مــرۆڤ و پێکــەوەژیان و لێبــوردەیی

بگونجێت، بەڵام گوتاری ئیسلامی لەکوردستان نەك هەر لەناوخۆیدا خەریکی تۆخکردنەوەی مانا و پرەنسیپە ئایدیۆلۆژییەکانی خۆیەتی، بەڵکو ئەو وەك سەربازە وایە بێ بیرکردنەوە تەقە لە نەیارەکانی دەکات، ئەو دەنگانەش کە خەون بە کرانەوەی ئایین و رزگارکردنی لە دەستی تەفسیرە دوگما و ئایدیۆلۆژییەکان دەبینن بەردەوام کەوتونەتە بەر هەڵمەتی هێرشبەرانەی ئەم گوتارە ئایدیۆلۆژییەو تۆمەتیان بۆ ریزکراوە، زۆرترین شت کە گوتاری ئیسلامی لە کوردستان کردبێتی کە هەندێك جار دەخوازرێت وەك هەوڵ ریفۆرمکردنی ئایین وێنابکرێن بریتییە لە مامەڵەیەکی پراگماتیانەو میکافیلیانە لەگەڵ ئیسلامدا بۆ خزمەتکردن بە ئامانجە سیاسییەکان، بۆ جوانکردنی روخساری حیزب کە گوایە مەدەنی و کراوەو میانرەوە، ئەم مامەڵە میکافیلییە سیاسیانەیە لەگەڵ ئیسلامدا هیچ بنچینەیەکی تیۆری و ریفۆرمخوازی نییە و ئیستیهلاکێکی سیاسی رووتە، ئەم ئیستیهلاکە سیاسییەش نەك هیچ خزمەتێکی بە کرانەوەو نوێبوونەوە نەکردوە بەڵکو بەتەواوی ناوەرۆکە ئایدیۆلۆژییەکەی گوتاری ئیسلامی پاراستوە لە هەر رەخنە و پێداچوونەوەیەك، لەهەموو بابەت و پرسێکی گرنگدا ئەم ناوەرۆکە ئایدیۆلۆژییە کاری خۆی دەکات، یەکبونی گوتاری ئیسلامی لەپەرلەمان لەمەڕ گرفتی فرەژنی و بەندەکانی یاسای باری کەسێتی و ئازادی رۆژنامەگەری و ... ئەوە نیشان ئەدەن کە ئەو رەوتە جیاوازانەی کە نوێنەرایەتی گوتاری ئیسلامی لە کوردستاندا ئەکەن هیچ وزەیەکی نوێبوونەوەیان نیشاننەداوەو، لەناوەرۆکدا پابەندن بە یەك پرەنسیپی ئایدیۆلۆژی و یەکجۆر تەفسیرەوە بۆ دنیا، ئیدی لێرەوە خۆناساندنی رەوتێك بە میانرە و ریفۆرمخواز و باسکردن لە رەوتەکانی دیکەی گوتاری ئیسلامی بە توندرەو هەندێکجار بە ناحاڵی لە ئیسلام (لەلایەن ئەو رەوتەوە کە خۆی بە میانرەو ئەناسێنێت) مانایەکی راستەقینەی نییە، چونکە لە پشت هەر بانگەوازێکی ریفۆرمەوە دەبێت تیۆر هەبێت، نوسینی کتێب و نوێکردنەوەی

دنیـابینی مـرۆڤ هـەبێت، نوێکردنـەوەی ژیـان و پـراکتیـك هـەبێت، بـەڵام ئەمانـە بەداخەوە هیچیان لە گوتاری ئیسلامی کوردستاندا بەرچاو ناکەون، بەڵکو ئەوەی بەرچاودەکەوێت گومانکردنە لە هەموو ئەوانیدیکە کە جیاوازن، گومانکردنە لە هەموو شتێکیان لە بیرباوەڕیان، لـە ئەمانـەت و ئاسـتی زانـستییان، تەنانـەت لـە ئەخلاقیان.

## گرفتی هۆشیاری له دامەزراوە مەدەنیەکانمان

## ( پەرلەمان وەك نموونە )

رەنگە گرفتی گەورە بەتەنها لەوەدا نەبێت کە دامەزراوەی ئایینی لە کوردستاندا لە کوردستاندا توانای تێگەیشتنێکی جیاوازی نییە لە ئایین و بەتەواوی لەژێر کاریگەری پرۆژەی ئیسلامی بە ئایدیۆلۆژیکراو و ئیسلامی کەلتووریدایە، بەڵکو گرفتی گەورە لەوەدایە کە ئەو ناوەندانەی نا ئاینین و نوێنەرایەتی ژیانی مەدەنی و دیموکراتی ئەکەن بە رادەیەکی سەیر لەژێر کاریگەری هەژموونی ئەو بیرکردنەوەیەدان، بەجۆرێك بە ئاسانی ناتوانیت لە یەکتریان جیابکەیتەوە، نازانی کامیان زیاتر پەیوەستە بەو پرەنسیپانەوە، ئەم حاڵەتە لە دەیان بۆنە و رووداوی جیاواز لە کوردستاندا بەدەرکەوتوە، لەدەیان ئاستدا ئەو ناوەندانەی کە نوێنەرایەتی دەزگا و هێزی مەدەنی ئەکەن کەوتونەتە ژێر ئەو هەژموونی ئیسلامە ئایدیۆلۆژیکراوە، رەنگە پەرلەمانی کوردستان و ئەو گفتوگۆیانەی لەبارەی یاساکانی باری کەسێتییەوە کردی باشترین نموونەی ئەم حاڵەتە بێت.

بێگومان لە گفتوگۆیانەی پەرلەمان دەربارەی فرەژنی و یاساکانی تری باری کەسێتی ئەنجامیدا ژمارەیەك پەرلەمانتاری ئازامان بینی، کە بە هەموو تواناییاناوە لەرێگەی بەرگریکردن لە ماف و کەرامەتی ژنەوە بەرگرییان لە ماف و کەرامەتی مرۆڤ کرد، ئەو پەرلەمانتارانە لە رێگەی رەتکردنەوەی فرەژنییەوە کۆیلایەتی مرۆڤیان رەتکردەوە، ئەوانە دەنگی هەموو مرۆڤێکی ئازادیخوازی کوردن و نوێنەری راستەقینەی هەموو ئەو کوردانەن کە خەون بە دنیایەکی باشتر و مرۆڤانەو عەقڵانی و کراوەوە ئەبینن، جگە لەو ژمارە پەرلەمانتارە ژمارەیەکی زیاتری پەرلەمانتاران ئەوەیان نیشاندا شتێکی جیاواز نین لە پرۆسەی ئایدیۆلۆژیکردنەکەی ئایینی کە نەك بەشێکە لە پێویستییەکانی

کۆمـەڵگای پیـاو سـالاری بـەڵکو ناتەبایـە لەگـەڵ جەوهـەر و خـودی مـەرامی ڕاستەقینەی دەقی ئاییندا کە دادپەروەرییە، ناتەبایە لەگەڵ ئازادی و کەرامەت و مافی ژن وەك مرۆڤ، بەمەش پەرلەمانی کوردستان بەراستی نیشانیدا شایانی ئەوە نییـە نوێنـەری نەتەوەیـەکی ئـازادیخواز بێـت، شـایانی ئـەوە نییـە نوێنـەری نەتەوەیـەك بێت کـە لـەپێناو ئازادیـدا بـەحرێك خـوێنی بەخـشیوە، پەرلـەمانی کوردسـتان دەبـوو لانیکـەم دەرگـای بکردایەتـەوە بـەڕووی ئـەو تێگەیـشتنە جیاوازانـەی بـۆ ئیـسلام هـەن و پـتر لەگـەڵ سـەردەمی نـوێ و بـەها مرۆییـە چاوچەرخەکاندا ئەگونجان، ئەوان ئەوەیان لە بیرچوو کە دەقی قورئـان یەکێکە بـەڵام تێگەیـشتن لـەو دەقانـە هـەزار، واتـە ئـەوان تـەواو بێئاگـان لـە هـەموو بیرکردنەوەیەکی جیاوازی ناو هزری ئایینی،لەو لێبوردەیی و یەکسانیخوازییەی لەنێو بەشێکی بەرینی بیرکردنـەوەی نـاو جیهانی ئیسلامیدا هەیـە، بـەڵام ئـەو ڕەوتانە بە حوکمی ئەوەی ئەم ڕەوتانە جیاواز بوون لە ئیسلامی ئایدیۆلۆژیکراو بـەردەوام تـەکفیر کـراون و خراونەتـە دەرەوەی مێـژوو، لای ڕەوتێکـی وەك موعتەزیلە هەرگیز مـەرج نییـە ئیمام و پێشەوای مـسوڵمانان پیـاو بێـت بـەڵکو باوەڕیـان بـە ئیمامـەتی ژن هەیـە، زیـاتر لـەوەش موعتەزیلـە بـاوەڕی بـە پێغەمبەرایـەتی ژن هەیـە، بـاوەڕی بـە نبـوەتی ژن هەیـە، ئـەوە تـەنها وەك نموونەیەکی خێرا بۆ تێز و تێڕوانینی جیاواز سەبارەت بە ژن، ئەوەی ئەمڕۆ بـە نـاوی ئیسلامی ستاندار و باڵادەستەوە خۆی بـەیان دەکات تێـز و تەفسیرەکانی سەبارەت بە پیاو بەرهـەمی عـەقڵ و بەرژەوەندییـەکانی پیاوە، بـەکورتی تێـز و تەفسیری زۆر پێشکەوتوو گەشەکردوو هەیە لەوەی کە ئەمڕ بە ناوی ئیسلامەوە لە نێو ئێمەدا باڵادەستی هەیە بەڵام پەرلەمان و ناوەندە مـەدەنی و یاساییەکانی ئێمـە یـان ئاگـادار نـین یـان لـە بنەڕەتـەوە بەشێکن لـەو ئایینـە سـتاندارە کـە بـەناوی حەقیقـەتی ئاینییـەوە کۆدێتـای کـردوە بەسـەر سـەرجەم کایـەکانی بیرکردنەوەدا سەبارەت بە ئایین و شتێکی جیاواز نین لەوە .

جگە لەمە ئەتوانین ئەو سەرنجە تۆمار بکەین زۆرینەی ئەندامانی پەرلـەمان سەربە هەردوو حیزبی باڵادەستیەکێتی و پارتین، کە دروشمی بنـەڕەتی ئـەو دوو پارتـەش دیموکراسـی و مـافی مرۆڤـە، سـەرەتایترین بنـەمای دیموکراسـی و مـافی مرۆڤیش یەکسانی نێوان مرۆڤەکانـە، فـرەژنیش تونـدترین جۆری پێـشێلکردنی ئەو یەکسانییە کـە بڕیـارە لـە نێـوان مرۆڤەکانـدا هـەبێت بـە هـەموو جیاوازییـە رەگەزی و ئایینی و نەتەوەییەکانیانەوە، بەمەش ئـەو بڕیـارەی پەسـەندکردنی فرەژنـی لەلایـەن ئـەو پەرلەمانتارانـەوە کـە سـەر بـە لیـستی سـەوز و زەردن لـە دووحاڵـەت بـەدەر نییـە: یـان ئـەوەتا پێـچەوانەی پرەنـسیپ و بیروبـاوەڕی حیزبـەکانیان دەنگیانـداوە، یـان پرسـیارێکی جـددی دەخاتـە سـەر راسـتگۆیی حیزبەکانیان لەگەڵ ئەو پرەنسیپ و دروشمانەی کە هەڵیانگرتوەو بانگەوازی بـۆ ئەکـەن، لەسـەر زەمـینی واقعیـشدا بەداخـەوە دەمێکـە یـەکێتی و پـارتی رۆڵـی گـەورەیان هەیـە و هـەبوە لـە گەشـەپێدانی هۆشـیاری ئایـدیۆلۆژیای ئـایینی و تۆخکردنەوەی کۆی فەزای ئایینی لە کۆمـەڵگادا ، ئەمـەش خولقێنـەری دۆخێکـی مەترسیدارە و هەرچی شانـسی نوێکردنـەوەی کۆمـەڵگا و فرەیـی و پێکەوەژیانـە لاواز دەکات

# چوارەم: گوتاری ئایین و دەسەڵات

## ئیشکالییەتی کەلتووری ئیسلامی سیاسی

رەنگە کەم چەمك هەبێت هێندەی چەمکی کەلتووری سیاسیمان لەهەناوی خۆیدا هەڵگری تەم و مژ و گومڕاییەکی زۆر بێت، لەناو رووبەرەکانی ئەم تەم و مژ و گومڕاییەشدا جوانترین لەحزەکانی بیرکردنەوە لەناو ئەفسانەدا نیشتەجێ دەبێت، جوانترین لەحزەکانی ئێستا ئەبن بە بەشێکی مەسخکراو لە مێژوو، چەند بێ مەعناییەکی گەورەیە بێ دەرهێنانی ئێستا لە مێژوو باس لە مەعنای ئێستا بکرێت، دواجاریش پڕۆژەکانی ئێستا دەبنە چەند پڕۆژەیەکی تۆباوی، تۆ باویبوونی ئەم پڕۆژانەش رەنگە بەرئەنجامی درێژبوونەوەی دەسەڵاتی تەمومژاوی کەلتوور بێت، لەم دیدگایەوە بۆ رەواندنەوەی ئەم تەمومژە پێویستمان بە دیالۆگێکی رەخنەگرانە و سیاسیانە هەیە لەگەڵ کەلتووری سیاسی ئیسلامیدا و دواجاریش لەگەڵ پڕۆژەی سیاسی ئیسلامیدا، ئێمە پێویستمان بە خولقاندنی دابڕانێکی ئەبستمی قووڵ هەیە لە کەلتووری سیاسی ئیسلامیدا، ئەمەش بە تەفکیکی رەخنەگرانە و مەعریفیانەی چەمك و موفرەدەکانی ناو کەلتووری سیاسی و دواتر چۆنێتی گوێزانەوەی وێنەی پەیوەندییەکانی ناو ئەو کەلتوورە بۆ ناو ریشە روحانییە گەورەکانی ئایین و تەواوی رەهەندەکانی دیکەی ئایین وە کاریگەری ئەم کەلتوورە سیاسییە تەمومژاوییە لەسەر بونیادی عەقڵی ئیسلامی سیاسی ئاشکرابکرێت، ترسناکی کەلتوور لەکۆمەڵگای ئێمەدا بەتەنها لە زاڵێتی گوتاری کەلتووری و رابردووخوازی بەرجەستە نابێت، بەڵکو پتر لەو دەسەڵاتە سیحراوییەدا بەرجەستە دەبێت کە رەمزەکانی رابردوو، رەمزەکانی ناو کەلتوور و مێژوو بەسەر عەقڵی ئیسلامیدا هەیەتی، لێرەوە پێویستمان بە شیکردنەوەی

بونیادەکانی ئەو عەقڵە هەیە تا خودی پڕۆژەکانی ئەو عەقڵە لە تۆباوییەت ڕزگاربکەین، ڕەخنەگرتن و پشکنینی بونیادی عەقڵ بنەمایەکی جەوهەرییە بۆ بوون بە خود، بۆ بەرهەمهێنانی ڕۆشنگەری، محمد عابد ئەلجابری لایوایە هیچ نەتەوەیەك ناتوانێت هەستێت و پێشبکەوێت بێ ڕەخنەگرتن لە عەقڵی، بێ شیکردنەوەی بونیادەکانی عەقڵی، چونکە ڕۆشنگەری بونیاد نانرێت بە عەقڵێکی نارۆشنگەر، بە عەقڵێك کە ناتوانێت پێداچوونەوەیەکی گشتگیر بکات بە میکانیزم و چەمك بۆچوون و دیدەکانیدا(٤٧) عەقڵێك کە لە ناو ئەفسانەدا بیر دەکاتەوە ( ئەفسانەی ڕەمزەکانی مێژوو) تێکشکاندی ئەم ئەفسانەیە بەهایەکی ژیاری گەورەی هەیە، چونکە دواجار کایەی بیرکردنەوەی عەقڵ لەئەفسانەوە ئەگوێزرێتەوە بۆ ناو کایەیەکی عەقڵانی، ڕەنگە ئیشکالییەتی هەرەگەورەی گوتاری سیاسی ئەمڕۆش بریتی بێت لە غیابی ئەو کایە عەقڵانییە، بە واتایەکی دی بیرکردنەوەبێت لە ناو ئەفسانەدا، لێرەوە کارایی ئەم ڕەوتە لەو بیرکردنەوە ( بیرکردنەوە لە ناو ئەفسانەدا) ڕەنگە لەناو کردەو گوتاری سیاسیدا ترسناکترین بەرئەنجام بخاتەوە چونکە ئەم گوتارە کاریگەرییەکی بالای هەیە لەپرۆسەی گۆڕانکارییەکاندا، ئەگەر بڕیاربێت گوتاری دەوڵەتداری دوا پلەی گوتاری سیاسی بێت، یان گوتاری سیاسی میکانیزمی بەڕێوەبردنی دەوڵەتداری بێت ئەوا هەنووکە خودی دەوڵەتداری لە نێو تەمومژی گوتارە ئایدیۆلۆژییەکاندا لە قەیرانێکی گەورەدایە، هەر ئایدیۆلۆژیایەك دەیەوێ بە ڕەمزەکانی خۆی، ماناکانی دەوڵەت بتەنێت، گوتاری سیاسی ئیسلامی کەناواخنێکی ئایدیۆلۆژی هەیە بەردەوام جەخت لەوە دەکات کە ئیسلام لە یەککاتدا ئایین و دەوڵەتە، گەورەیی ئیسلام لە بەدەوڵەتبوونیدایە، گەورەی دەوڵەتیش لە بە ئیسلامیبونییدایە، ئەمەش بەخشینی شوناسێکی ئایینییانەیە بە دەوڵەت و بەخشینی شوناسێکی دەوڵەتیانەیە بە ئایین، ئەمەش بەرەنجامی بە ئایدیۆلۆژیکردنی ئایینە کە بچووککردنەوەی ئیسلامە لە پەیامێکی گەردونییەوە

بۆ ئایدیۆلۆژیایەك، عەلمانییەتیش لە مۆدێلە توندڕەوییەكەیدا ڕەفزی بوونی ئازادی ئاییندارى دەكات

ئەم گوتارەی عەلمانییەت لە ناوەڕۆكدا غەرقی مێژوە، لە خەونی خولقاندنەوەی شۆڕشی فەرەنسا و لەسێدارەدانەوەی لویس شانزەهەمدایە، دەیەوێ جارێكی تر مێژووی خۆرئاوا كۆپیبكاتەوە، ئەم دوو حاڵەتە، ئەم دوو گوتارە بیركردنەوەیە لە ناو ئەفسانەدا، نەك بیركردنەوەیەكی عەقڵانی كە بتوانێت دەوڵەت بە مانا سروشتییەكەی ببینێت، واتە ڕاڤەی دەوڵەت بكات وەك دامەزراوەیەكی بێلایەن كە خزمەتی گەل دەكات، پێویستە دەوڵەت تەجرید بكرێت لە ئایدیۆلۆژیا، دەوڵەت دەزگایەك بێت بۆ پراكتیزەكردنی پڕۆژەكانی گەل، نەك هەیكەلێكی ئایدیۆلۆژی و شەڕی ئایدیۆلۆژی بكات، دەمامكی ئایدیۆلۆژی بەگشتی و دەمامكی ئایدیۆلۆژیای ئایینی بەتایبەت ترسناكترین دەمامكە بۆ دەوڵەت، ئەم مەسەلەیەش پەلكێشمان دەكاتە ناو بابەتێكی جەوهەرییەوە ئەویش بابەتی پەیوەندی نێوان ئایین و دەوڵەتە، یان ئایدیۆلۆژیا و دەوڵەتە، بەرلەوەی باس لە ماهییەتی پەیوەندی نێوان ئایین و دەوڵەت بكەین و ڕادەی ئاڵۆزی و بەیەكداچوونی ئایین و دەوڵەت لە بونیادی كەلتووری و مێژووییدا ئاشكرا بكەین، پێویستە ئەوە بڵێین كەدەسەڵات یان دەوڵەت بە درێژایی مێژوو هەوڵیداوە ماناكانی خۆی لەناو فیكردا بەرجەستە بكات دواجاریش ئەو بونیادە فیكرییە بكاتە ئایدیۆلۆژیای خۆی تا وەك زەمینەیەك بەكاریبهێنێت بۆ فراوانبوون و مانەوەی خۆی، لەبەرانبەر ئەوەشدا گەلێكجار لە فیكردا مەیلی تێكەڵاوبوون هەیە بە دەسەڵات، مەیلێك هەیە كە دەیەوێت لە ناو دەسەڵات خۆی پراكتیك بكات، ئەفلاتوون پێشنیاری سیفەتی فەیلەسوفێتی دەكات بۆ پیاوی دەوڵەت (٤٨)

لە پشت ئەم خەونەی ئەفلاتوونەوە خەونی فەلسەفاندنی دەوڵەت هەیە، مەیلی پراكتیكی ماناكانی فیكر هەیە لە ناو دەوڵەتدا، دەوڵەتیش بەردەوام ئەو

مەیلەی بەکارهێناوە بۆ راوکردنی فیکر، دەسەلات یان دەولەت لە دێرینترین زەمانەوە هەولی خەلقکردنی ئایدیۆلۆژیا و دنیابینی خۆیداوە، دواتریش تەقدیس و پیرۆزی پێبەخشیوە تا لەوێوە مرۆڤەکان لەناو بێدەنگییەکی سامناکدا نقووم بکات، ئەگەر دەسەلات چەمك و ماناکانی ئایین وەك ئایدیۆلۆژیای خۆی بخوازێت ئەوا پرۆسەی بەخشینی تەقدیس بەخودی دەسەلات کاراتر دەبێت، هەمیشە گەرانەوەی سیاسیانەی دەسەلات بۆ ناو ئایین هەولدانە بۆ بەئیلاهیکردنی دەسەلات، تادەسەلات روە نێگەتیڤەکانی خۆی ئارایشت بکات و خۆی بەرزتر نیشان بدات لە هەموو ئەگەرێکی هەلەکردن، لەم دیدگایەوە محمد ئارگۆن باس لەوە دەکات کە دەسەلات بە سیفەتی خۆی ئامرازی زەبت و زۆرداریکردنە لەو پێناوەدا دەسەلاتی بالا ئایینی وەك مەرجەعییەتێك بەکاردەهێنێت لە پێناو لێخۆشبوونی دەسەلاتەکەی.... لێرەوە ئایدیۆلۆژیا شێواندنی کردەی حەقیقەتە لە میانەی مێژوودا (٤٩)

## کەلتووری خێڵ و قەیران

بونیادی عەقڵی تاکی کۆمەڵگای عەرەبی لەپێش ئیسلامدا بونیادێکی خێڵەکی بوو، خێڵ ئەو دەزگایە بوو کە شوناسی دەبەخشییە بوونەکانی دەرەوە، هەر تاکێك بە پێی خێڵەکەی دەناسرایەوە، خێڵ لە خودی خۆیدا بەرهەمهێنەری دەسەڵات و میکانیزمەکانی بوو، دەسەڵات دەسەڵاتی خێڵە و ترۆپکی رەهایی دەسەڵاتیش لە جەستەی سەرۆك خێڵدا کۆ دەبێتەوە، لەم ساتەوەختەدا سەرۆکی خێڵ کۆنترۆڵی رووبەرە جیاوازەکانی بیرکردنەوە دەکات لەناو خێڵدا، تەواوی چەمك و موفرەدەکانی ژیان لە سیاقی خێڵدا مانا وەردەگرن، واتە چەمکەکانی وەك دەسەڵات، ئازادی، هێز، ئەخلاق لەهەناوی خێڵەوە هەڵدەقوڵێن و لە واقعدا خۆی پراکتیزە دەدات، بەگشتی سیستمی خێلایەتی وەك زاڵترین سیستم لە واقعی عەرەبی پێش ئیسلامدا کاریکردوە، پێغەمبەری ئیسلامیش کوڕی ئەو سیستمە خێڵایەتییە بوەو لە هەناوی ئەو سیستمەوە هاتۆتە دەرێ، کاتێکیش ئیسلام وەك پەیامێکی ئیلاهی و شوناسێکی گەردوونی لەناو ئەم سیستمە خێڵەکییەوە بوونی خۆی راگەیاند بەسانایی قبوڵنەکرا، چونکە لە عەقڵی خێڵەکیدا چەمکە هیومانیستی و گەردونییەکانی ئیسلام جێی نەدەوبوەوە، لێرەوەیە نەیارانی ئیسلام محمد و ئیسلامیان بەوە لێك ئەدایەوە پلانێکە بۆ دەسەڵات پەیداکردنی خێڵی قورەیش بەسەر خێڵەکانی دیکەدا، بەهەرحاڵ قورئان وەك گوتاری ئیلاهی لەسەر بەها و پرۆژەی خێڵ و کۆمەڵگای عەرەبییەوە کاریکرد و ژیانی خودی پێغەمبەریش مامەڵەیەکی تەئویلیانە بوو لەگەڵ قورئاندا و لەهەوڵی گۆڕینی عەقڵی خێڵەکیدابوو، کاتێك قورئان لە چەندین ئایەتدا داوای عەقڵکاری لە مرۆڤ دەکات ئەمە راستەوخۆ هەوڵدانە بۆ پاشەکشە پێکردنی یەکێك لە رەهەندەکانی عەقڵی خێڵایەتی لەسەر موتیع بوون و بێ پرسیار و بیرکردنەوە دامەزراوە، هەربۆیە لە سەردەمی پێغەمبەردا پرۆژەی خێڵ لە بەرانبەر پرۆژەی ئایینیدا لە پاشەکشەدا بوە.

خـەباتی پێغەمبـەر لـە جەوهـەردا خـەباتێك بـوە بـۆ گەیانـدنی وەحـی، دواجاریش سپاردنی ئـەو وەحییـە بەعـەقڵ لـە پرۆسـەی سـپاردنی مێـژوودا، تـا عـەقڵ بـوونێکی کـارا بێـت لـە خوێندنـەوەی جیهانـدا، عـەقڵ مەرجـەع بێـت بـۆ خوێندنەوەی واقیع و پێویستییەکانی مرۆڤ لە واقیعی خۆیدا، پێغەمبەر هاوکات لەگـەڵ ئـەرکی ئاینیـدا دەسـەڵاتێکی سیاسیـشی بـۆ خـۆی دامەزرانـد و دوای کۆچیدوایی خۆی ئەم دەسەڵاتە بۆ لایەنگرەکانی مایەوە، واتە لەم ساتەوەختەوە عەقڵی ئیسلامی کەوتە ناو پرۆسـەیەکی سیاسـییەوە، پرۆسـەیەك کـە زەمـەنێکی مێـژووی بـەردەوامی بـە خویـدا، بەردەوامییـەك بـە قـەیرانێکی قووڵـەوە، بـەڵام داخۆ لە چ ساتەوەختێکدا ئەم عەقڵە کەوتە قەیرانـەوەو گـرنگترین فاکتـەرەکانی چی ببون؟

به بڕوای من قەیرانی عەقڵی سیاسی ئیسلامی لەوکاتەوە دەست پێ ناکات، کە موعاویە بە شێوەیەکی سەربازی مۆنۆپۆلی دەسەڵاتی کـرد (وەك هەنـدێك کـەس پێیان وایە) بەڵکو قەیرانی عەقڵی سیاسـی ئیـسلامی راسـتەوخۆ لـە دوای کۆچـی دوایی پێغەمبەرەوە دەستپێدەکات، کە پێغەمبـەر مـرد عـەقڵی سیاسـی ئیـسلامی کەوتە قەیرانەوە، گرنگترین فاکتەرەکانی دروستبوونی ئـەو قەیرانـەش ئەمانـەی خوارەوە بوون:

١- زاڵێتی پرۆژەی خێڵ بەسەر پرۆژەی سیاسی ئایینیدا:

دەمێك بوو پرۆژەی خێڵ نێو پانتاییەکانی پرۆژەی ئایینیدا مت ببوو، لەگـەڵ کۆچی دوایی پێغەمبـەردا جارێکی دی پـرۆژەی خێـڵ پـرۆژەی سیاسـی ئیـسلامی خستەوە باوەشی خۆی، دوای کۆچی دوایی پێغەمبەر کارەساتی سەقیفە باشـترین نموونەی بەرجەستەبوونی گوتاری خێڵایەتییە، کـە لـە کێـشەی نێـوان ئەنـسار و موهاجیرەکـان لەسـەر دەسـەڵات ئاشـکرابوو، چـونکە هەریەکـە لـەم دوو پـرۆژەی خێڵـە دەیویـست ئایینـدەی دەسـەڵات قـۆرخ بکـات و تـەرازووی دەسـەڵات بـە بەرژەوەندی خۆی بێت، کاتێك هەواڵی کۆچی دوایی حـەزرەت بڵاوبویـەوە، جگـە

لـه عـەلی و خێزانەکـەی هـەموو  ئەنـسار و موهـاجیرین لـە شـوێنێك بـەناوی سـەقیفە بـەنی ساعیدە کۆبوونـەوە بـۆ قـۆرخکردنی پلـە و دەسـەڵاتی ئـایینی و جەوهەری کۆی ئەو قۆرخکردنەش قۆرخکردنێکی  خێڵەکی بوە، (سـەعد کـوڕی عیبادە) سەرۆکی خێڵی خەزرەج بەخێڵەکەی وت گوێبیستی قسەکانم بن، ئینجا دەستی بەرزکردەوە ووتی: ئێمە لە پێشترین بـۆ ئـایین و تێکۆشـاوین بـۆ ئـیسلام، نـەك خێڵێکی دیکـەی عـەرەب، ، پێغەمبـەر لـە نەتەوەکـەی خۆیـان بـوو، دەسـاڵ بانگەوازی بۆ کردن کەس شوێنی نەکەوت جگە لـە چـەند کەسـێکی کـەم نـەبێت، بەپێی توانایان پێغەمبەرەکەیان قەدەغەکرد، ئایینەکـەیان نەناسـی و بـەرگرییان لی نەکرد(٥٠)

لـە پـشت ئـەم گوتەیـەی سـەعدەوە بـە ئاشـکرا قلپبوونـەوەی پـڕۆژەی سیاسـی ئـایینی بـۆ نـاو پـڕۆژەی خێڵایـەتی بەرجەسـتە دەبێـت، ئـەو رووبـەرە تاریکـە رۆشندەبێتەوە کە کەلتووری خێڵ دەبێتە دەزگایەکی کارا لە ناو پڕۆژەی سیاسـی ئایینیـدا، لــەدوای قــسەکانی ســەعد، ئەبوبــەکر پێــشنیاری ئــەوەی کــرد ( ئێمە ئەمیر و ئێوەش وەزیر) بەڵام حەباب کوڕی ئەلمونزیر ووتی (ئێمـە ئـەمیر و ئێوەش ئەمیر) بەڵام عومەر وتی : دوو شمشێر لە یـەك کێلانـدا کۆنابنـەوە(٥١) بەگـشتی کارەسـاتی سـەقیفە زیندووبونـەوەی خێڵایـەتی بـوو، یـان راسـتەوخۆ کارابوون و بەهێزبوونی پڕۆژەی خێڵ بوو لە ناو پـڕۆژەی ئایینیـدا، ئەمـەش لـە دواجاردا بوە خولقێنەری تراژیدیایەکی گەورە لە عەقڵی سیاسی ئیسلامیدا، ئـەم عەقڵە لە نێوان خێڵ و جەوهەری ئایینـدا تیـا مـابوو، کـە دواجـار ئـەو رەهەنـدە مـاتبوەی نـاو نەسـتی عـەقڵی ئیـسلامی کـە خێڵایـەتی بـوو سـەری دەرهێنـا و، چەندین جەنگی ترسناکی خولقاند، خودی خێڵایەتی ریگربوو لەبەردەم ئـەوەی شـورا ببێتــە مەبــدەئێکی سیاســی و چوارچــێوەی وای بــۆ دابنرێــت کــە هــیچ خەلیفەیەك نەتوانێت لێی دەربچێت، ئەو عەقڵە خێڵەکییـە نـەیتوانی سیـستمی سیاسی ئیسلامی بخولقێنێت کە رەهایەتی لە خەلیفە بسەنێت و ملکەچی یاسـای

بکات، خەلیفە ئەمەوی و عەباسییەکان لەسەر میتۆدی خیلایەتی کاریان کردوە، ، رەهەندی هەرە زاڵ لە سیستمی خێڵایەتیدا بریتییە لە پەیوەندی خوێن و دەمارگیری، واتە رەهەندی خوێن و دەمارگیری زاڵترین کردەی ناو عەقڵی خێڵەکییە، ئەگەر لێرەوە سەرنج بدەینە خەلیفە ئەمەوی و عەباسییەکان دەتوانین دەرکی ئەو راستییە بکەین کە خوێن چ کاریگەرییەکی هەبوە، گۆڕینی دەسەڵات بۆ پشتاوپشت و ویراسەت راستەوخۆی بەرەنجامی رەهەندی خوێنە، هەوڵی زۆربەی خەلیفەکان بۆ کۆکردنەوەی خزم و کەسە نزیکەکانی لەسەڵات بەرەنجامی رەهەندی خوێنە، یان زۆربەی شەڕە ناوخۆییەکانی ئوممەتی ئیسلامی بەرەنجامی نەزعەی دەمارگیرییە کە تا سەرئێسقان نەزعەیەکی خێڵەکییە، لەم لەخزەیەوە کارایی کەلتووری خێڵ لەسەر بونیادی عەقڵی ئیسلامی ئاشکرا دەبێت

٢- خۆ شوبهاندن بە پێغەمبەر:

ئیشکالییەتی هەرەگەورەی دەسەڵات و عەقڵی ئیسلامی لە دوای کۆچیدوایی حەزرەت خۆ شوبهاندنە بە پێغەمبەر، واتە دووبارەکردنەوەی مافەکانی دەسەڵاتدارێتی پێغەمبەرە بۆ خەلیفە، یان لاسایکردنەوەی کاری پێغەمبەرە لە بواری دەسەڵاتداریدا، دەسەڵاتی پێغەمبەر پارێزەری ئایین بوەو نەیارانی ئەم دەسەڵاتە لەبەرەی ئەنتی ئاییندا بوون، خەلیفەش خۆی بە پارێزەری ئایین داناوەو نەیارە سیاسییەکانیشی لە بەرەی ئەنتی ئاییندا ریز کردوە، بەرەنجامی ئەمەش بە ئایینکردنی دەسەڵات و بەرێوەبردنی پرۆسەی سەرکوتکاری دەبێت، لەم دەروازەیەوە شەڕەکانی ( نەهرەوان و، خەوارج و، جەمەل و، سەفین)رویاندا، چونکە هەر هێزە خۆی بە پارێزەری ئایین دا دەنا و ئایینی وەك ئایدیۆلۆژیا بەکار دەهێنا بۆ بەخشینی رەوایەتی  بە نەفیکردنی بەرانبەر، لە لایەکی دیکەوە تەواوی جەماوەری ئەکردە مێگەلێکی گوێرایەڵ چونکە ئەم دەسەڵاتە پارێزەری ئایینە و ئەوەی ملکەچی نەبێت لە بەرەی ئەنتی ئاییندایە، لێرەوە هیچ

دەسەڵاتێك هێندەی ئەو دەسەڵاتە ترسناك نییە بانگەشەی ئەوە بكات و بڵێت من ئایین دەپارێزم، یان بڵێت باڵادەستی و گەورەیی ئایین بە باڵادەستی و گەورەیی منەوەیە

٣- تێنەگەیشتن لە رەهەندە فەلسەفییەكانی كۆچیدوایی پێغەمبەر:

مردنی پێغەمبەر بەتەنها مردنی مرۆڤێك نەبوو، بگرە مردنی پێغەمبەرێكیش نەبوو، بەڵكو مردنی هەموو موقەدەسەكانی دنیا بوو، بەواتایەكی دی چڕبوونەوەی قودسیەت بوولە جیهان و شتەكانەوە بۆ ناو قەوارەی دەقێك، دەرككردن بەم رەهەندە گرنگە و داماڵینی بەرگی قودسیەت لەجیهان بۆ عەقڵی ئیسلامی بەگشتی و عەقڵی سیاسی ئیسلامی بە تایبەت بەهایەكی گەورەی هەبوو، بەڵام لەو قۆناغەدا وازانرا، والێكدرایەوە كە هەموو شتانەی لە سەردەمی زیندوێتی پێغەمبەردا موقەدەس بوون لەپاش مردنیشی هەر بە موقەدەسی ماونەتەوە، بۆ نموونە دەسەڵات لەسەردەمی پێغەمبەردا كەخۆی لە لوتكەكەیدا بوە موقەدەس بوە لە پاش مردنیشی وایان دانا كە دەسەڵات هەمان قودسییەتی ماوە، بە هەمان شێوە پێویستە خەڵك ملكەچی دەسەڵات بن، بە هەمان شێوە دەسەڵات ماف دیاریكردنی حەق و باتڵی هەیە، بێ ئاگا لەوەی كە مەرگی پێغەمبەر مەرگی پیرۆزی دەسەڵاتیش بوو، لە دوای مردنی پێغەمبەر هیچ كەسێك حەقی رەها نییە و هیچ كەسێكیش باتڵی رەها نییە.

## دەوڵەت و شوناس

کێشەی شوناس ڕەنگە جەوهەریترین کێشەی دەسەڵات بێت، چونکە لە ناو شوناسدا ماناکانی ڕەوایەتی فۆرمەلە ئەبن، لێرەوە دەسەڵات بەردەوام عەودالی شوناسی خۆیەتی، دەیەوێ لەناو ئەو شوناسەدا ڕەوایەتی وێنەکانی خۆی بدۆزێتەوە، ئەم پرۆسەیەی دەسەڵات لەجەوهەردا بە ماناکردنی کردە و میکانیزمەکانی دەسەڵاتە، بریتییە لە گۆڕینی جیهان بۆ ئاوێنەیەکی پاك کە جەستەی دەسەڵات نیشان بدات، ڕەنگە هەڵەشمان نەکردبێت ئەگەر پێشمان وابێت لەبارترین پانتایی بۆ ئەوەی دەسەڵات شوناسی خۆی لێوەرگرێت ئەو هۆشیاری و بەها و پیرۆزیانەیە کە لە نێو تاکەکانی هەر کۆمەڵگایەکدا کار دەکات، خودی ئەو هۆشیارییەش بۆتە سیستمێکی ئەخلاقی بۆ تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایە، لەم دیدگایەوە دەسەڵات لە کۆمەڵگایەکی ئایین وەك کۆمەڵگای عەرەبیدا ئایین لەبارترین پانتاییە کە تا دەسەڵات شوناسی خۆی لێوەربگرێت و، مانا بداتە کردەکانی خۆی، لێرەوەیە موعاویە کراسی خوێناوی عوسمان وەك کارتی فشاری سیاسی دژی بەرانبەرەکەی بەکار دەهێنێت، هەموو جەنگە ناوخۆییەکانی ئوممەتی ئیسلامی لەپێناو دەسەڵات و ئیمامەتدا بوە و ڕەوایەتی خۆی لە ئایینەوە وەرگرتوە، هەر دەسەڵاتە وای نیشان دەدا کە دەیەوێت ئایین بپارێزێت، جەوهەری کێشەی گرووپەکان دەسەڵات بوە نەك ئایین ( محمود ئیسماعیل ئەڵێ: ((  دەرکەوتنی گرووپە ئیسلامییەکان پەیوەندیدارە بە کێشەی دەسەڵات و سیاسەتەوە، جیاوازی نێوانیان و ئایینی و تیۆری نەبوە بەڵکو بەرئەنجامی ململانێی دنیای بوە ))(٥٢)

خەلیفە ڕاشدینەکان بە بەراورد لەگەڵ دەسەڵاتەکانی دواتردا دادپەروەرانەتر و مرۆڤانەتر بوون، بەڵام نکۆڵی لەوە ناکرێت کەسەرەتای هەوڵی دەسەڵات لەکۆمەڵگای ئیسلامیدا بۆ خۆجوانکردن بە ئایین و موفرەدەکانی لە ڕاشدینەکانەوە دەستپێدەکات، دواتر مۆنۆپۆڵی سەربازییانەی دەسەڵات لە لایەن

موعاویەوە خودی دەسەڵاتی بردە ئەو قۆناغەی کە پرۆسەی بە ئایدیۆلۆژیکردنی ئایین بە ئەنجام بگەیەنێت، واتە دامالینی گەردونییەت و هیومانستیەت لە ئیسلام و گۆڕینی بە میکانیزمێك بۆ فراوانکردن و مەحکەم کردنی سنووری خیتابێکی سیاسی دیاریکراو، ئیدی ئایدیۆلۆژیای دەسەلات دەبێتە فراوانترین رووبەر بۆ مۆنۆپۆلیزەکردنی نەستی تاك و دواجاریش ئایدیۆلۆژیایە دەبێتە سیادەی بالای ئایینی و تەقدیس ئەکرێت و دەسەلاتیش لە ناو پانتایی ئەو تەقدیسەدا تێزەکانی خۆی میکانیزمە دەکات، خەلیفە ئەمەوییەکان و دواتریش عەباسییەکان هەمیشە خۆیان وەك پارێزەری ئایین ناوزەند کردوە لە هەوڵ ئیمزاکردنی پرۆتۆکۆلی سیاسیانەدا بوون لەگەڵ ئاییندا، ئەم هەوڵدانەش بەرەنجامێکی تێگەیشتنمان یاد دەخاتەوە کە ئەویش بە ئیلاهیکردنی خودی دەسەلاتە، رەنگە ئەم بە ئیلاهیکردنەش عەودالییەکی هەمیشەیی بێت بۆ دەسەلات چونکە لە پشت بە ئیلاهیکردنییەوە رەهایی دەسەلات راوەستاوە، پێئەچێت ئەو رەهاییەش دوا ئامانجی دەسەلات بێت، لێرەوە دەسەلات شوناسێکی ئیسلامیانەی بەخۆی بەخشی، شوناسێك کە دەسەلات خەلقیکردوە نەك خۆی هەبێت، نەلەسوننەی پێغەمبەر و نە لەدەقەکانی قورئاندا هیچ تیۆرەیەکی دەوڵەتداری یان تیۆرەی سیاسی لە ئارادا نییە، کەواتە دەتوانین بڵێین خاوەنی ئەزموونی مێژوی دەوڵەتین نەك خاوەنی تیۆری دەوڵەت، چەمکێکی وەك دەوڵەتی ئیسلامی ئەوەندەی ئاراستەکردنێکی کەلتووریی ئایینییە ئەوەندە ئاراستەکردنێکی ئایینی نییە، خەلیفەکان بۆ مانەوە و مەحکەمکردنی دەسەلاتەکانیان شوناسی ئیسلامیانەیان بەخشیوەتە دەسەلاتەکانیان وەك عەلی عەبدولرەزاق ئەلێت:(( خەلافەت شتێك نییە لە نەخشەی ئایینیدا بەلکو نەخشەیەکی سیاسی تەواوە، نە فەرمانی پێکردوە و نە قەدەغەی کردوە بەلکو بە جێیهێشتوە بۆ ئێمە تا بگەڕێینەوە بۆ یاساکانی عەقڵ و ئەزموونی نەتەوەکان و رێسا سیاسییەکان))(٥٣)

دەسـەڵات کردەیـەکی زۆر دنیەویـە و پەیوەنـدی لـە نێـوان ئـایین و دەسـەڵاتدا نییە، بـەڵکو ئـەوە دەسـەڵاتە هەمیـشە دەیـەوێ پەیوەنـدی و سـازگاری لـە نێـوان خـۆی دەسـەڵاتدا بخولقێنێـت تـا لـەوێوە شـەرعییەت ببەخـشێتە بـوونی خـۆی و شوناسـی خـۆی وەربگرێـت، لـە هـەناوی پرۆسـەی بەئایـدیۆلۆژیکردنی دەسـەڵات گوتـاری سـەرکوتگەرایی دەخولقێـت، ئـەم سـەرکوتگەراییەش پانتاییـەکی هـەرە فراوانی لەمێژووی ئیسلامی شەتەکداوە، لەسەرکوتگەرایی سیاسیدا خەلیفە نـەڤی نەیار وبزاڤە سیاسییەکانی دەرەوەی خۆیکردوە بەردەوام لە ناو دەقەکانی قورئان و سـوننەدا لـە هـەوڵی بەخـشینی رەوایـەتی بـوە بـەو نەفیکردنـە، ئیـدی لێـرەوە پرۆسەی سەرکوتگەرایی گوێزراوەتەوە ناو کایەکانی ئایین و شەریعەت و هتد...

لەم روانگەیەوە دکتۆر محمد شحرور باس لـە کاریگەرییـەکانی سـەرکوتگەرایی دەکات لەسەر کایەکانی ئایین و عەقیدە و شەریعەت (٥٤)

دەسـەڵات لـە روانگـەی چـەمکێکی وەك قـەزاو قـەدەر وێنـە و مـەغزای خـۆی خستۆتە ناو عەقیدەوە، ئەمەوییەکان هەموو گەندەڵییە سیاسی و داراییـەکانیان بە قەزا و قەدەر پەردەپۆش دەکرد، بی ئاگا لـەوەی کـە قـەزاو قـەدەر مانـای بـێ ئیرادەیـی بەشـەری ناگەیـەنێت، بـەڵکو مـرۆڤ خـۆی ئـیرادە و توانـستەکانی خـۆی مێژوو خەلقدەکات، واتە قەزاو قەدەر مانای ئـەوە نییـە کـە لـە ئەزەلـەوە مێـژوو نوسرابێتەوە

دەسەڵات بە خولقاندنی ئەو باوەڕەی کە خەلیفە دووکاری هەیـە ( پاراسـتنی ئایین و سیاسەتکردنی دنیـا) وێنـەی خـۆی خـستۆتە نـاو شـەریعەتەوە، ئەمـە لـە کاتێکدا هیچ شتێك نییـە هێنـدەی ئـەوە ترسـناك بێـت کـە دەسـەڵات بانگەشـەی ئـەوە بکـات کـە ئـایین دەپارێزێـت، چـونکە دواجـار بـە نـاوی ئایینـەوە هـەموو نەیارەکانی خۆی سەرکوت دەکات، دەسەڵات لە مێـژووی ئیـسلامیدا بەشـێوەیەکی بـەرفراوان مەعریفـە و شـەرعیەتیی ئـایینی قـۆرخکردوە، لێـرەوە شـتێکی وەك ئیجماع بەرهەمی ئەو قۆرخکردنەیە، بـەبڕوای مـن ئیجمـاع پرۆسـەیەك بـوە بـۆ

تێکشکاندنی ئەو هەولانەی کە خوازیاری بەرهەمهێنانی رووبەری جیاواز بوون بۆ بیرکردنەوە، خوازیاری دیالۆگ و روانینی ئازادانەی تاکەکان بوە، دەربارەی چەمك و مەسەلەکان، ئیجماع وەك دەسەلاتێکی مەعریفی عەیامێکی مێژوویی لەناو ئوممەتی ئیسلامیدا کاریکردوە کەبریتی بوە لەکۆدێتای عەقڵی جەماعی بەسەر عەقڵی فەردانیدا، بەمەش خوێندنەوە و روانینەکانی کردوە بەیەك، کە دواجاریش بریتییە لەڕوانینی دەسەلات خۆی، بەمشێوەیە گۆڕینی ئایین بۆ ئایدیۆلۆژیای دەسەلات بەرەنجامێکی گەلێك تراژیدی دەخاتەوە، کە ئەویش تراژیدیای مۆنۆپۆلی شمولییە، لە قۆناغی ئەمڕۆش پێویستە دەسەلات تەجرید بکرێت لە ئایدیۆلۆژیا، قورئاندا دەسەلات سروشتێکی ئایدیۆلۆژی نییە بەڵکو سروشتێکی زۆر مەدەنی هەیە و دەزگای خزمەتکردنی مرۆڤە، واتە هیچ وەزیفەیەکی ئایین و ئایدیۆلۆژی بە دەوڵەت نەدراوەو هیچ تیۆرەیەکی دەوڵەتداری لە ئارادا نییە، کاتێك دەسەلات شوناسێکی ئایدیۆلۆژی هەڵدەگرێت ئەوە بەسە بۆ بە مێگەلکردنی کۆمەلگا، من مێگەلێك نیم تا پێویستم بە شوانێك هەبێت بمبات بە رێوە بەڵکو من مرۆڤێکم پێویستم بە دەزگایەك هەیە کە خزمەتم بکات، عەبدوللا ئەلعەروی پێیوایە: (( بیرکردنەوەی بە مەنتیق لە مەسەلەی دەوڵەتدا پشت بەستنە بە تاکی ئازاد، تێروانینە بۆ دەوڵەت وەك قەوارەیەکی دروستکراو کە تاك دایهێناوە بۆ ئەوەی هەمیشە خزمەتی بکات))(٥٥)

بەلام دەوڵەتی ئایدیۆلۆژی هەلگری ماناکانی سەرکوتگەراییە ئەم جۆرە دەوڵەتانە لەسەر بنەمای ئەفسانە ( ئەفسانەکانی ئایدیۆلۆژیا) بونیاد دەنرێت، خودی ئەم ئەفسانانەش دەبنە داینەمۆی جووڵە و حەرەکەتی بوونی دەوڵەت بە رەهەندێکی پۆزەتیف لە ژیانی بەشەریدا، لەو لەحزەیەدا دەخولقێت کە ئەم ئەفسانەیە بدرێتە دواوەو دەوڵەت سروشتێکی بێلایەنانە لە خۆبگرێت.

پێویسته دەوڵەت ملکەچی یاسا و دیدی عەقڵ بێت و بەردەوام ڕەوابوونی خۆی لە بەمرۆیبوون و بەعەقڵانی بونیدا بەرجەستەبکات، بەواتایەکی تر پێویسته دەوڵەت هێڵەکانی مرۆیبوون و عەقڵانی بوون لەخۆیدا تۆخ بکاتەوەو بۆ خودی خۆی دەزگایەك بێت بۆ پراکیتیکردنی پڕۆژەکانی گەل، پێویستە دەوڵەت لە سروشتی بێلایەنانەی خۆیەوە ئازادییە فەردی و مەدەنییەکان مسۆگەر بکات، ڕەنگە باسکردنمان لەمەڕ مەسەلەیەکی وەك بێلایەنی دەوڵەت پەلکێشمان بکات بۆ قسەکردن لەسەر چەمکێکی وەك عەلمانییەت، بەڵام داخۆ عەلمانییەت چییە؟ هەڵویستی ئیسلام بەرانبەر عەلمانییەت چۆنە؟ سەرەتا دەکرێت بڵێین ئەو بۆچوونە باوەی کە پێی وایە عەلمانییەت بەتەنها دابرینی ئایینە لەدەوڵەت، یان ئەو بۆچوونەی عەلمانییەت کورت دەکاتەوە بۆ جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت غەرقی بەدحاڵیبوونێکی گەورەیە، بەدحاڵیبونێك کە لە زۆربەی ئەزموون و پرۆسە مێژوییەکانی عەلمانییەت لە کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتییەکاندا خۆی مانیفێست کردوە، کە دواجار خودی عەلمانییەتیان کردۆتە بەدیلێکی ئایدیۆلۆژی تەماشاکردوە و زۆرجاریش شەڕی ئایدیۆلۆژییان پێ ئەنجامداوە، دەبێت دیدی ڕۆشنبیریی ئێمە لەوە بگەن کە عەلمانییەت هەوڵدانێك بوو بۆ سنوردارکردنی مەترسییەکانی دەسەڵات، عەلمانییەت ئەستوورکردنی هێزی کۆمەڵگایە لەبەرانبەر هێزی دەسەڵاتدا جەوهەری عەلمانییەت بێلایەنییە نەك بەتەنها بەرانبەر بە ئایین بەڵکو بەرانبەر بە هەموو ئایدیۆلۆژیا و نەتەوەو تایفەیەك، ئەگەر جەوهەری عەلمانییەت دارِنینی دەسەڵات بێت لەهەرچەشنە لایەنگیرییەکی ئایینی و نەتەوەیی و رەگەزی و تایەفی، یان گۆڕینی دەسەڵات بێت بە سروشتێکی مەدەنی ئەوا هەر ناتەبا نییە لەگەڵ مەرامی هاتنی ئایینەکاندا، ئەگەر مەرامی ئیسلام بەدیهێنانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و ئازادی و ڕێزگرتنی کەرامەتی مرۆڤایەتی بێت ئەوە ئەو مەرامە تەنها لەرێگەی بێلایەنی دەوڵەت بەدیدێت بەرانبەر بە

هـەموو ئـایین و نەتـەوەو ئایدیۆلۆژیایـەك و بـوونی دەوڵـەت بەدامەزراوەیـەكی مەدەنی بێلایەن بۆ جێبەجێكردنی پرۆژەكانی گەل نەك دەزگایەكی ئایدیۆلۆژی، ئەگەر دەوڵەت سروشتێكی بێلایەنانەی هەبێت ئەوا رۆڵی ئیسلام لە ناو كۆمەڵگا و دەوڵەتدا چییە؟ هەندێك لە لێكۆڵەرانی ئەم بـوارە پێیانوایـە رۆڵـی ئیـسلام لـە كۆمــەڵگای هاوچــەرخدا رۆڵێكـی ئەخلاقییــە، ئیــسلام پــەیامێكی روحانییــە و دەتوانیـت رەهەنـدی روحـانی و ئـەخلاقی لـە مـرۆڤ وەك تاكەكەسـدا زینـدوو بكاتـەوە ئەمـەش ئەگـەری ئـەوە دەهێنێتـە پێـشەوە كـە بەشـێوەیەكی رێـژەیی كاریگەری پـۆزەتیڤی لەسـەر پەیوەندییـە كۆمەڵایـەتیی و مەدەنییـەكان هـەبێت، لەمبارەیەوە كەسێكی وەك دكتۆر عەبدولرەزاق عەبد رایەكی لەوشێوەیەی هەیە، ئــەو دەڵێــت(( ئیــسلام ئـامرازی چـاودێریكردنی ئەخلاقییــە دژی فەســاد و داڕووخان لە كۆمەڵگای مەدەنیدا))(٥٦)

ئەگەرچی ئەو رۆڵە ئەخلاقییەی ئایین هەرچەندێك كاریگەر بێت ناگاتە ئەو ئاسـتەی كـە وەك زامـنی بـەدیهێنانی داددپـەروەری و رێگـای پابەنـدبوونی مـرۆڤ تەماشابكرێ، بەڵكو رێگای پابەندبوونی مرۆڤ بۆ ئەنجامنـەدانی خراپـە بریتییـە لە كۆمەڵە یاسایەكی مەدەنی و مرۆیی و بوونی دادگایەكی بێلایەن، ئەمڕۆ تەنها لـە رێگـەی ئـەو زنجیرە یاسا مـەدەنی و دەسـتورییەوە دەتوانرێـت مـرۆڤ پابەنـد بكرێت، بـۆ نموونـە سـەركردەی وڵاتێكـی خۆرئـاوایی دوای كۆتـایی هـاتنی مـاوەی فەرمانڕەواییەكەی راستەوخۆ دەست لەكاردەكێشێتەوە چونكە چوارچێوەیەكی یاسایی و دەستووری هەیە ، دەزگای چاودێریكەری سـەربەخۆ هەیـە كـە ناچـاری پابەندبوونی دەكات.

## وێنە و پەیوەندی

جیهـان لەجەوهـەردا شـتێك نییـە جگـە لـە وێنانـدنی ئێمـە بـۆی، یـاخوود شـتەکان لـە خـودی خۆیانـدا هـەڵگری مانـا و نـاو وێنـەنین، بـەڵکو خـودی مـرۆڤ مانایان پێدەبەخشێت و دواجاریش وێنەیەك لە زیهندا خەلقدەکات بەرانبەر بـە چییەتی شتەکان، لە دیدگای ئەم وێنانەشەوە جارێکی دیکە جیهان سیاغە دەبێت و شکل وەردەگرێت، کەواتە کردەی ناولێنـان و وێنانـدنی شـتەکان کردەیەکـە کـار لەناو چییەتی جیهاندا دەکات و توانستی بەخشینی شێوەی هەیە بەو چییەتییە، لەم ساتەوەختەدا رەنگە بتوانین کەمێك لە بەهای وێنە و پەیوەندی بەجیهانەوە تێبگـەین لـەوە بگـەین کاتێـك وێنـە بەرانبـەر شـتێك یـان چـەمکێك دەگوڕدرێت تـەنها گـۆڕینی وێنەکـە نییـە بـەڵکو گـۆڕینی بونیـاد و ماهییـەتی شـتەکە یـان چەمکەکەشـە، زیـاتر لـەوەش دیاریکـەری چـییەتی پەیوەندییەکانـە، ماهییـەتی گوتار و سیـستمە جۆراوجۆرەکانی مێـژوو شـتێك نییـە جگـە لـە دەسکاریکردنی وێنـەکان، جگـە لـە سـەرلەنوێ ناولێنانـەوە، دواجـاریش بەرهەمهێنانـەوەی پەیوەنـدی نـوێ بـە جیهانـەوە، چـەندێك بتـوانین وێنـەکان بگـۆڕین ئەوەنـدە دەتـوانین سیـستمی پەیوەندییـەکان بـە ماهییـەتی تـازە پڕبکەینـەوە، ئەوەنـدە دەتوانین جیهان ژێربار بخەین، ئیدی لەم ساتەوەختەدا چ شـتێك هەیـە هێنـدەی گۆڕینی وێنەکان رووبەرێکی لەبار بێت تا دەسەڵات بتوانێت جیهان بهێنێتە ژێر تێـز و میکانیزمـەکانی خۆیـەوە، بـەردەوام گـۆڕینی وێنـەکان دەبێتـە زەوییـەکی نەدۆزراوە بۆ دەسەڵات، دەبێتە دوا ئامانجی هەوڵەکانی دەسەڵات، چـونکە لـەوێوە دەسـەڵات دەتوانێـت ماهییـەتی پەیوەنـدی خـۆی بـە دەرەوەی خۆیـەوە لەسـەر سـتراتیژیەتی خـۆی بونیـاد بنێـت، مێـژووی دەسـەڵات لەکـەلتووری ئیـسلامیدا بریيتیە لەمێژووی تاك وێنەیی دەسەڵات، واتە هەمیشە ئەو وێنەیـەی لـە نێـوان دەسـەڵات و دەرەوەی دەسـەڵات( کۆمـەڵگا)دا کـاریکردوە لـە زۆربـەی هـەرەزۆری مێژوودا نەگۆڕ بووە، ئەمـەش ئـەوە دەردەخـات کـە مێـژووی ئیـسلامی مێـژووی

پێکەوە شەتەکدراوی سەدەکاندا، لەناو هەموو سەدەکاندا یەك رەمز یەك وێنە بە تەواوی کاریگەر بوە کەئەویش دواجار رەمز وێنەی دەسەڵات خۆی بوە، بۆیە ئەگەر مێژووی رۆژئاوا مێژووی قۆناغبەندی رۆژئاوا بێت لەسەر بنەمای گۆڕینی وێنە ئەوا تەنها یەك وێنە تێکڕای مێژوی ئێمە کۆدەکاتەوە، ئەگەر رۆژئاوا بە دابڕانە ئەبستمییەکانی وێنەو مێژووی کەشفکردبێت، ئەوا لای ئێمە وێنەکانی مێژوو لە هەوڵی مۆنۆپۆلیزەکردنی دیدە ئەبستمییەکانی هەنووکەدایە.

ترسناکی ئەو وێنەیەی کە دەسەڵات لە مێژوو خەلقیکردوە بەتەنها لەترسناکی خودی وێنەکەدا نییە، بەڵکو لە گوێزانەوەی پڕۆژەی وێنەکەیە بۆ ناو شەریعەت، ئەمەش دواجار گوێزانەوەی ئەو وێنەیە دەبێت بۆ ناو سەردەمەکانی داهاتوو، بەڵام داخۆ ئەو وێنەیەی لە دەسەڵات و کەلتووری ئیسلامیدا کاریکردوە چ وێنەیەك بوە؟ میکانیزمەکانی کارکردنی چی بوون؟ بەرلەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە باشتروایە کەمێك بگەڕێینەوە بۆ دواوە، کۆمەڵگای جاهیلی عەرەب لەپێش ئیسلامدا ئەگەرچی خاوەن یەك وێنەی یەکگرتوو نەبوون بۆ دەسەڵات بەڵکو سروشتی دەسەڵات سروشتێکی پەرتبووی ناو خێڵ بوە، هەر خێڵە و سروشتی خۆی بۆ پراکتیزەکردنی دەسەڵات هەبوە، بەڵام بەگشتی ئەو وێنەیە هاوبەش بوە لە نێوانیاندا کە زۆرداری و چەوسانەوە کاریکردوە، زۆری بڵاوی سیستمی کۆیلایەتی و جیاوازی چینایەتی لە کۆمەڵگای جاهیلیدا ئەو راستییە بەرجەستە دەکات هاتنی ئیسلام شۆڕشێك بوو بۆ گۆڕینی ئەو وێنەیە یان گوێزانەوەی بەندە لە بەندایەتی بەندەوە بۆ بەندایەتی خوا، ئیسلام پێشنیاری وێنەیەکی مەدەنی کرد بۆ دەسەڵات، بەڵام دوای کۆچی دوایی پێغەمبەر سیستمی دەسەڵات لە ئیسلامدا هەوڵیدا ئەو وێنەیەی لە نێوان مرۆڤ و خوادا هەیە بگوێزێتەوە بۆ نێوان دەسەڵات و کۆمەڵگا، یان دەسەڵات و تاکەکەس ، لەسەر بناغەی ئەو پەیوەندییە پەیوەندی تاك و کۆمەڵگا بە دەسەڵاتەوە رێکبخرێت، بە سەرنجدانێکی خێرامان لە میکانیزمەکانی دەسەڵات

بۆ دەرەوەی خۆی، بەسەرنجدان لە جەوهەری وێنەی نێوان خوا و مرۆڤ ئەو راستییە بەرجەستەدەکەین کە لەسەرەوە رامانگەیاند، بە نموونە دەکرێت لەم خاڵانە وردببینەوە:

أ- خوا بوونێکی رەهایە بەسەر بوونی مرۆڤ و جیهانەوە، لێرەوە پێویستە مرۆڤ ملکەچ و کوێڕایەڵی خوا بێت، باشترین بەندە ئەو بەندەیەی کە گوێرایەڵ بێت، پێغەمبەران باشترین نموونەی گوێرایەڵین، دەبینین بە گوێزانەوەی ئەم وێنەیە دەسەڵاتیش بەردەوام داوای پابەندبوون و گوێرایەڵی و ملکەچی لە تاك و کۆمەڵ دەکات، باشترین مرۆڤ ئەو مرۆڤەیە کە زۆرترین ملکەچی بۆ دەسەڵات هەبێت و پابەند بێت بەتێزەکانییەوە، ئەمەش بەتەوزیفکردنی چەمکێکی وەك (سەمع و تاعە)، کە بەبڕوای من چەمکی سەمع و تاعە بۆ ئەمیر( سەرکردەی سیاسی)لە مێژوودا ترسناکترین و تراژیدیترین بەرئەنجامی خستۆتەوە، کە هەموو جەماوەری کردوە بە مێگەلێکی گوێڕایەڵ، دەسەڵات لە جیاتی ئەوەی باس لە ئازادییە گشتی و فەردییەکان بکات دێت سەمع و تاعە بۆ ئەمیر ئەباتە ئاستێکی عەقیدەییەوە، لە تەئویلکردنی ئایەتێکی وەك ( و اطیعوا الله و اطیعوا الرسول و اولي الامر منکم)دەسەڵات ئەیەوێت پێمان بڵێت کە گوێڕایەڵی و تاعەتی وەلی ئەمر( دەسەڵاتی سیاسی) وەك گوێڕایەڵی و تاعەتی خواو پێغەمبەری خوا وایە، لێرەوە ئەو راستییە کەشفدەکەین کە چۆن دەسەڵات کاری لەسەر گوێزانەوەی وێنەی نێوان خوا و مرۆڤ کرد بۆ نێوان دەسەڵات و کۆمەڵگا.

ب- خوا خۆی هەقی رەهایە، لێرەوە خوا مافی ئەوەی هەیە کە مسوڵمان و کافر، حەق و باتڵ لە یەکتر جیابکاتەوە، هەربۆیە لەقورئاندا پۆلێنکردنێکی بەردەوامی هەق و باتڵ هەیە لە بازنەی ململانێی هێزەکاندا، لە پرۆسەی گوێزانەوەی ئەم وێنەیەشدا لە مێژووی ئیسلامیدا خەلیفە مافی ئەوەی بە خۆی بەخشیوە کە هەق و ناهەق دیاریبکات و کوفر و ئیمان لە یەکتر جیابکاتەوە، لەم ڕوانگەیەوە کەسانی وەك (حەللاج و سەهرەوەردی و شێخی گەورەی ئیسلام

قورتوبی شەهید کراون، شەڕە ناوخۆییەکانی جیهانی ئیسلام لەو روانگەیەوە بووە، کە هەمیشە هێزی زاڵ خۆی بە هەق زانیوە، هەر لایەنە و خۆی بە هەق زانیوە و مافی ئەوەی بەخۆی بەخشیوە هەق و باتڵ لە یەکتر جیابکاتەوەو، لێرەوەش دەریایەك خوێن رژاوە، بێگومان دەبێت ئاماژەش بەوە بکەین کە هەمیشە ئەوە بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسی و خێڵەکییەکان بوە جوڵێنەری کردەو ئامانجەکانی هێزو گرووپە سیاسییەکانی مێژووی ئیسلام بوە، بەلاّم بەردەوام دەسەلاّت بۆ پاراستنی ئەم بەرژەوەندییە جیاوازانە ئەو وێنەی لە نێوان مرۆڤ و خودا کار دەکات، کە خوا مافی دیاریکردنی هەق و باتڵی هەیە گواستۆتەوە بۆ نێوان خۆی و کۆمەڵگا و ، ئەو مافەی بە خۆی بەخشیوە کە هەق و باتڵ دیاریبکات، کە بێگومان هەموو نەیارە سیاسییەکانی بەباتڵ ناوزەدکردوە، لەم روانگەیەشەوە گوتاری هەقانییەت لەعەقڵی ئیسلامیدا کارا بوەو، بەردەوام لە پانتایی کێشە سیاسی و ئابووری و کۆمەلاّیەتییەکاندا خۆی پراکتیزەکردوە، لەگوتاری حەقانییەتدا دنیا دوو جەمسەرە هەق و باتل، کوفر و ئیمان... هەمیشەش هێزی دەسەلاّتدار حەقانییەتی خۆی راگەیاندوەو بە پێچەوانەشەوە.

ج- خوا لەپرۆسەیەکی دیاریکراودا پەیوەندی خۆی بە بەندەکانییەوە گرێدەدات، کە لوتکەی ئەو پرۆسەیەش پەیامێکە یان کتێبێکە، واتە خوا لە رێگەی پەیامێکەوە پەیوەندی نێوان خۆی و بەندەکان رێکدەخات، تا لە رێگای ئەوە پەیامەوە گوێڕایەڵی و پابەندبوونی بۆ نیشانبدرێ، دواجاریش ئەو پەیامە دەبێتە مەرجەعیەتێك بۆ گەڕانەوەی مرۆڤ، بە گوێزانەوەی ئەم وێنەیە دەسەلاّتیش دەیەوێت پەیوەندی نێوان خۆی و خەڵك لە رێگای دەزگایەکی مەعریفییەوە رێکبخات، کە بە هۆی ئەو دەزگایەوە کۆمەڵگا ناچاری ملکەچی و گوێڕایەڵی بکات بەتێزەکانی خۆیەوە، دواجاریش ئەو دەزگا مەعریفییە بکاتە مەرجەعێك بۆ گەڕانەوەی مرۆڤەکان بۆی، رەنگە شتێکی وەك ئیجماع لە کەلتووری ئێمەدا نموونەی ئەو دەزگا مەعریفییە بێت کەدەسەلاّت دەیەوێت

لەڕێگـەی ئیجماعـەوە تێزەکـانی خـۆی بخزێنێتـە نـاو یاسـاوە، نـاو شـەریعەت و پیرۆزی ئاینییەوە، ناو بچوکترین بەشی ژیانەوە، ئیجماع دەیەوێت هەموو دەنگ و روانینـەکان بکـات بـە یـەك، وێـرای ئیجمـاع مەزهەبـە ئاینیـەکان بـە روونـی بەرهــەمی ململانێــی سیاســییەکان بــوون و هــەر مەزهەبــە وەك بەشــێك لــە پێداویستییەکانی بالأدەستی سیستمێکی سیاسی و بەرژەوەندی سیاسی گرووپێك سەریهەڵداوە، واتە دەسەلأت بەردەوام فەرهەنگێك دەخولقێنێت و چەمك و مانـا سیاســییەکانی و بەرژەوەندییــەکانی لەبــەردەم ئــەو فەرهەنگــەدا رادەگرێــت، هالەیەکی پیرۆز و پڕ شەرعییەتی ئـایینی بـەدەوری ئـەو فەرهەنگـەدا دەکێـشێت دەیکاتـە مەرجـەعێکی پـیرۆز، دەیکاتـە هۆشـیارییەکی موقـەدەس، ئیـدی لێـرەوە هەموو تاك و گرووپەکانی کۆمەڵگا ناچاری پابەندبون دەکات بـە مەرجەعێکـەوە کە هالەیەکی پیرۆزی بەدەوردا کێشراوەو لەناوەڕۆکدا جگە لە تێزێکی نا پیرۆز و بەرژەوەنـدخواز شـتێکی دیکـە نییـە، بۆیـە ئەگـەر خـودا لەڕێگـەی قورئانــەوە مەرجەعێکی پیرۆزی دروستکردبێت و تاکەکان بۆی بگەڕێنەوە، ئەوا دەسەلأتیش بەگوێزانەوەی ئەم وێنەیە هەوڵی دروستکردنی مەرجـەعی فیکـری و ئایینیـداوە کە بـە چواردەوریدا هالەیـەکی پـیرۆز کێشاوەو هـەموو کۆمـەڵگای ناچـار کـردوە پێوەی پابەند بن وەك چۆن بە پیرۆزییـەکی ئایینییـەوە پابەنـد دەبـن، دەبینـین ئیجمـاع کـە سـێیەم بنـەمای زانـستی ئـسوڵی فیقهـی ئیـسلامییە و فلتەرێکـە بـۆ بەرهــەمهێنانی مانــا لــە دەق رۆڵێکــی گرنگــی بینیــوە بــۆ ئــەوەی بڕیــارو بەرژەوەندییـەکانی دەسـەلأت بخرێتـە نـاو فـۆرمی بڕیـاری و تێـزی ئایینییـەوە، هەروەها مەزهەبەکان وەك بەشێك لە پێداویستی سیاسـی و شـەڕی دەسـەلأتەکان سەریانهەڵداوەو پابەنـدبوون بـە مەزهەبەکانـەوە وەك پابەنـدبوون بـە ئایینـەوە لێکدراوەتـەوە و کەسـی بـێ مەزهـەب وەك کەسـی بـێ ئـایین ناسـێنراوە، بەمـەش دەسەلأتەکان لە مێـژووی ئیـسلامیدا سـەنگەربەندییە مەعریفییەکانـەوە کـە بـە تۆڕی موقەدەس چنراون سەرجەم کۆمەڵگا و تاکی مسوڵمانیان داگیرکردوە

د- بەمشێوەیە لەوە دەگەین کەدەسەڵات لە مێژووی ئیسلامیدا بە چ میکانیزمێك کاریکردوە، بە چ مادەیەك وێنە و پەیوەندییەکانی ئارایشتکردوە، ئەم وێنە و میکانیزمانە بەدرێژایی چەندین سەدە کارا بوەو، وەك هێمایەك هەموو سەدەکانی بەیەکەوە گرێداوە، نەبوونی دابڕانی ئەبستمی لەنێوان مێژووی سەدەکانی ئێمەدا بەرهەمهێنەری تراژیدیایەکی گەورەیە، بەردەوام رابردوو نەستمانی کۆنترۆڵکردوە، رابردوو تێزەکانی خۆی قلپکردۆتەوە بەسەر زەمەنەکانی هەنووکەدا، ململانێی گرووپە سیاسیەکانی مێژووی ئیسلامیش لەسەر گۆڕینی وێنە نەبووە، یان ئامانجیان گۆڕینی وێنە نەبوە، بەڵکو گۆڕینی ئەو نوخبەیە بوە کەوێنە پراکتیك دەکات، هاتنی عەباسییەکان بەسەر ئەمەوییەکاندا جگە لەگۆڕینی نوخبەی دەسەڵاتدار شتێکی دیکەی نەگۆڕی.

## بونیادی نا ئەبستمی هزری سیاسیمان

ئەگەر پڕۆژەی دابڕان لە نێوان سیستمە زەمەنییەکاندا لە هەناوی خۆیدا هەڵگری پڕۆژەی خولقاندنی ئێستایەکی نوێ و سیستمێکی نوێ بێت، ئەوا پڕۆژەی پێکەوەلکانی زەمەنەکان پڕۆژەی پێکەوەلکانی دوێنێیە لە ئێستادا، پڕۆژەی نەقلکردنی مانایە، مێژووی ئێمە رستێکی بەردەوامە لە زەمەن، بۆ تێکڕای ئەم رستە زەمەنییە وێنەیەك بەتەواوی کارایە، رەنگە ئەو وێنەیەش بریتی بێت لەو دەزگا و پڕۆژە مەعریفییە ئایینیانەی کە دەسەڵات بەرهەمیهێناوە و بۆ چەندین سەدە کۆنەستی ئێمەی داگیرکردوە، بەم وێنەیەوە مێژوو پراکتیك دەکەین، لە ساتەوەختێکیشدا سەدەی بیست رووناکی خستە حەوشەوماڵەکانی ئێمەوە لە رووناکییەکی شەفافدا شتەکانمان بینی، ئێمە ماندووی پراکتیزەکردنی وێنەکانی دوێنێ بووین، ئێمە هێشتا لە ژێر قەڵەمڕەوی گوتارەکانی مێژوودا بووین، کە جەنگی یەکەمی جیهانی بەرپابوو و خەلافەتی عوسمانی رووخا، لەلایەك جیهانی ئیسلامی بەگشتی کەوتە ژێر تێزی کۆلۆنیالیزم لەڕووی سیاسی و سەربازییەوە، لەلایەکی دیکە کەوتنە ژێر کاریگەری تەوژم و گوتارە ئایدیۆلۆژییە جۆراوجۆرەکانی سەنتەریزمی خۆرئاواییەوە، کە تا دوا رادە دەیویست وێنەی ناشرین بۆ کەلتووری ئیسلامی نیشانبدان و وەك کەلتوور و ئایینێکی نامرۆڤانە نیشانیبدات، لەم ساتەوەختەدا بوو ئیسلامی سیاسی لە سەدەی بیستدا سەریهەڵدا، پێویست بوو ئەم بزافە جارێکی دی بونیادی کەلتووری و مێژوی ئیسلامی تەفکیك بکات و لە هەوڵی ئەوەدا بێت جارێکی دیکە مرۆڤی مسوڵمان بەهۆشیارییەکی رەخنەگرانەوە گرێبدات، تا لە رێگای ئەو هۆشیارییەوە دابڕانێکی ئەبستمی لەگەڵ زەمەنەکانی رابردوودا بخولقێنێت تا سەدەی بیستەمیش شەتەك نەدرێ بە سەدەکانی رابردووەوە، بەڵام بزافی ئیسلامی لەهەناوی مێژووی باو کەلتووری باودا خولقابوو، بۆیە نەیتوانی رەهەندە کەلتوورییەکان تێپەڕێنێت، بەرزکردنەوەی

دروشمی (گەڕانــەوەی خەلافـەت) لەلایـەن کۆمەڵـەی ( ئیخـوان موسـلمینەوە) لـە سەرەتای سەدەی بیستەوە باشـترین و بەرجەسـتەترین حاڵـەتی مانـەوەی عـەقڵی ئیـسلامییە لـەناو کـەلتوور و مێـژوودا، زیـاتر لـەوەش هەنـدێك لـەو عەقڵانـە لەبــەرەی ئــەنتی پەیوەندیکردنــدا بــوون بــە جیهــانی نوێــوە، لــە راکردنێکــی بەردەوامدا بوون لەجیهان، کۆمەڵەیەکی وەك ( التكفير و الهجره) ئەم هەقیقەتـە نیـشاندەدا، بەشـێوەیەکی گـشتی عـەقڵی مـسوڵمان لـە توانایـدا نـەبوو بکرێتـەوە بەرووی مانا و چەمکەکانی سەردەمی نوێدا دابڕانێکی لە نێوان ئێستا و مێژوودا دروسـتبکات و ئـەو جەسـتە مەسـخکرا و برینـدارەی خـۆی ببینێـت، بەتایبـەت لەبوارێکی وەك دەوڵەت و ژیانی سیاسی مـسوڵماناندا، ئـەو هـەرا گەورەیـەی دژی عەلی عەبدولرەزاق بەرپا کرا لەسەر کتێبی (اصول الحكم في الاسلام) بەڵگەیـەکی زینـدووی مانـەوەی عـەقڵی ئیـسلامییە لـە دۆخـی مێـژووی کـەلتووری خۆیـدا و کـوژرانی ئەگـەرەکانی کرانـەوە بـەڕووی ئەویدیـدا، لـە چـەندین رووەوە عـەقڵی ئیسلامی غەرقی ئیشکالییەت بوو، دەکرێت لێـرەوە چـەند سـەرنجێك لەسـەر ئـەو ئیشکالییەتانە تۆمار بکەین:

١- بوونی عەقڵی ئیسلامی لـەناو رەهەنـدە مێژووییـەکان بـە گـشتی و مێـژوی جیلی یەکەم ( جیلی سەحابە بە تایبەتی):

ئیــشکالیەتی گەڕانــەوە بــۆ نــاو مێــژوو کــەلتوور رەنگــە یــەکێك بێــت لەجەوهـەریترین ئیـشکالیەتەکانی عـەقڵی ئیـسلامی، چونکە ئـەم ئیـشکالیەتانە ماناکانی هەنووکە مەسخدەکات و عـەقڵ لـە نێـو پانتـایی زیندانـە دێرینەکانـدا گـەمارۆ دەدات، بـەردەوامی ئـەو ئیـشکالیەتەش بـە بـڕوای مـن لـەو دەسـەڵاتە سیحراویەدایە کە کەلتوور و مێژوو بەسـەر زهـنی مرۆڤـدا هەیـەتی، بـە تایبـەت کـەلتوورێك کــە لــە فــۆرمی ئایینــدا ماناکــانی خــۆی پراکتیزەدەکـات، بۆیــە تێپەڕاندنی ئـەو کـەلتووورە قـورس و زەحمەتـە، عـەقڵی ئیـسلامی لـەجیاتی بـە نوێکردنەوەی میتـۆدی مامەڵـەکردن لەگـەڵ قورئانـدا چـەمك و مانـا و دەلالـەتی

نـوێ بەرهـەمبهێنێت، تـا لـە دیـدگای ئـەو مانـا و دەلالەتانـەوە پرەنـسیپەکانی دەوڵەتـداری دابڕێـژێت و عـەقڵ بکات بـە مەرجـەع بـۆ گفتوگـۆکردن لـە بـارەی کاروبـاری سیاسـی و دەوڵەتـەوەو، پێـشنیاری دامەزرانـدنی دەوڵـەتی بێلایـەن و خۆشـگوزەران بکـات. کەچـی گەڕانـەوەی راسـتەوخۆی پیـادەکرد بـۆ نـاو مێـژوو بەگشتی و مێژووی جیلی سـەحابە بـە تایبـەتی لەسـەر ئـەو بـاوەڕەی کـە جیلـی سەحابە هاوڕێی پێغەمبەر بوون و پەروەردەکراوی دەستی ئەون و بە باشـترین و راسترین شـێوە لـە قورئـان تێگەیـشتوون و لەوێـشەوە باشـترین دەوڵـەتیان لەسـەر بناغـەی ئیـسلام دروسـتکردوە، ئـەم بۆچـوونە وێـرای ئـەوەی تەقدیـسکردنی کـردەوەو مێـژوە، لـە هەمانکاتـدا گـۆڕینی ئـەو مێژوەیـە بـە مەرجەعیـەتێك، بـە دحاڵیبونێکی گەورەشە لە پرۆسـەی تێگەیـشتنی دەقـدا، بـە بـڕوای مـن مامەڵـەی مـرۆڤ لەگـەڵ دەقـدا مامەڵەیـەکی تەئویلییـە و لەسـەر بنـەمای تـەئویل بەنـدە، هەرچەشنە هەوڵێکی عـەقڵی بەشـەری بـۆ بەرهـەمهێنانی مانـا لـە دەق لەسـەر بنەمای ئەو مامەڵە تەئویلییە بەندە، تەئویلیش رێگەیەك نییـە بـۆ گەیـشتن بـە حەقیقـەت، بـەڵکو رێگەیەکـە بـۆ نوێکردنـەوەی راوانـینی ئێمـە بەرانبـەر بـە حەقیقـەت، واتـە پێویـستە ئـەو تێـزە تەقلیدیـە بدەینـە دواوە کـە لەپرۆسـەی خوێندنەوەی دەقدا بە دوای حەقیقیترین مانا و راسترین مانادا ئەگەڕێت، یان هەمیـشە بەشـوێن مانـای زاهیری دەقەوەیـە، واتـە ئـەو مانایـەی مـرۆڤ بەهـەمی دێنێت مانایەکە بەرهەمی تەئویلە و هـەڵگری شوناسـی رەهـای حەقیقـەت نییـە، بـەڵکو حەقیقـەت بـونێکی رێـژەیی هەیـە و دەشـێت هـەر مرۆڤـە و لـە پرۆسـەی خوێندنـەوەی دەقـدا بەشـێك لـەو حەقیتـە کەشـف بکـات، حەقیقـەتی موتڵـەق وەهمێکی گەورەیە و بەدرێژایی مێژوو مرۆڤی بە دوای خۆیدا کێـشکردوە، مـرۆڤ بە پێی باکگراوەندە رۆشنبیریەییەکەی بە پێی پێدواویستییەکانی واقیع تەئویل دەکات بۆیە هەر تەئویلە و لە سەردەمێکدا دەکرێت بەشێکە لە پێداویستییەکانی ئـەو سـەردەمەو بـە شـێوەیەکی رێـژەیی و بـە پێـی پێداویـستییەکانی واقیـع و

سـەردەم مانـای بەهـەمهێناوە، هـیچ تـەئویلێك لـە هـەر سـەردەمێكدا كرابێـت (بە سـەردەمی پێغەمبەریشەوە) مافی ئـەوەی نییـە حەقیقـەتی موتڵـەق بـۆ خـۆ قۆرخ بكات، وێرای ئەمەش ئێمە ئەمڕۆ لە زانستی زمان بە گشتی و سیمۆلۆژیاوە بە تایبەت ئەوە فێر بووین كە دەقی سیمیائی بـەردەوام خوێندنـەوەی جیـاواز هەڵـدەگرێت، بـە تایبـەت دەقێكـی وەك قورئـان ( كـە بـە بـڕوای مـن ) لەسـەر سیـستمێك لـە ئامـاژە بونیـادنراوە، كـە خوێنـەر یـان راڤەكـەر لـە پڕۆسـەی خوێندنـەوەی دەقـدا مانـا بەرهەمـدەهێنێت، كەواتـە دەتـوانین بڵـێین هـیچ تێگەیشتنێك لە قورئان بە راستترین و حـەقانیترین تێگەیـشتن دانانرێـت، مـادەم هـەموو تێگەیـشتنەكان بەرهـەمی مامەڵـەی تەئویلیانـەی مرۆڤـە لەگـەڵ دەقـدا، خودی قورئانیش كایەیەكی سیمیائیە و پڕیەتی لە ئاماژە و سیستمی دەلالی.

خاڵێـك كـە گونجـاوە ئامـاژەی پێبكـەم ئەوەیـە كـە سـەحابە كـوڕی كـەلتوور و زەمـەن و شـوێنی خۆیـانن، ئێمـە لـە هایدگـەرەوە ئـەوە فێـر بـووین كـە مـرۆڤ كائینێكی موجـەرەد نییـە، مـرۆڤ هـەڵقولاوی ژینگـەی ئـابووری و كۆمەڵایـەتی و هۆشـیاری و كولتـووری خۆیـەتی، بـێ لـە بەرچـاوگرتنی رەهەنـدە كولتورییەكـە مومكین نییە مرۆڤ بخوێنرێتەوە، عەقڵی مرۆڤیش هەمیشە لە ناو ئەم رەهەنـدە كەلتووری و ژینگەییەدا كار دەكات و مانا دەخولقێنێت، (محمـد ئـارگۆن) دەڵێت: عەقڵ لە بۆشایی و تەجریدی رەهادا سەرقاڵ نابێت، بەڵكو لە ماوەی رستێك لـە زەمەن و داخوازی پابەند بـە ژینگـە و سـەردەمەوە(٥٧) لێـرەوە كـردەی عـەقڵانی مرۆڤ كردەیەكە بۆ وەڵامدانەوە بـە سـەردەمی خـۆی، هـەر بۆیـە جیلـی سـەحابە بەرهەمهێنەری مانا بوون بۆ ژینگە و سەردەمی خۆیان، نەك هەر پێویست نییـە عەقڵی ئیسلامی لە سەردەمە جیاوازەكاندا پڕۆسە و كردە مێژووییەكانی سـەحابە دووبارە بكاتـەوە، بـەڵكو پێویـستە بـە پـڕۆژەی نوێـوە خـۆی بكـات بـە سـەردەمە جیاوازەكاندا نـەك مێـژوو كـۆپی بكاتـەوە، پێویـستە بـە میتـۆدێكی نـوێ مامەڵـە لەگەڵ قورئاندا بكرێت و پابەندبوون بە زاهیر و حەرفییـەتی دەقـەوە نەكرێتـە

بنچینه و لەروانگەی پێویستییەکانی سەردەمەوە داوای دەوڵەتی بێلایەن و بێ ئایدیۆلۆژیا بکات و دەوڵەت و کاری دەوڵەتداری بە عەقڵ بسپێرێت نەك بە شەریعەت، ئەمەش هەمان ئەو شتەیە کە بیریارانی موعتەزیلە جەختیان لێدەکردەوە، پێیان وابوو کە دیاریکردنی خەلافەت لە ئەرکەکانی عەقڵە نەك ئەرکەکانی شەریعەت وە هەمان ئەو شتەشە کە بیرمەندی ناسراو محمد شحرور جەختی لەسەر دەکات، ئەو پێی وایە لانیکەمی سیفەت کە دەبێت لە هەر دەوڵەتێکی هاوچەرخدا هەبێت بریتییە لە پاراستنی ئازادییەکان و دامەزراندنی حزبی سیاسی لە وڵاتدا، پاراستنی ئازادی بیرورا و نارەزایی دەربڕین و ... هەروەها نابێت سیادەت تێکلاوی میتۆدی سیاسی حزب دەکرێت و چەند شتێکی دیکەش (٥٨)

٢-ردانەوە بەرانبەر بە کارایی تێزی سیاسی خۆرئاوا و گوتاری سەنتەریزم:

یەکێك لە فاکتەرەکانی قەیرانی عەقڵی سیاسی ئیسلامی لەمەڕ چەمکی دەوڵەتداری کاردانەوەیەتی بەرانبەر تێزی سیاسی خۆرئاوا کە لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانەوە وەك گوتارێکی هەیمەنەخواز خۆی نمایشکرد، هێزی سیاسی خۆرئاوا بە دوو دەموچاوی جیاوازەوە خۆی پراکتیك کرد، یان لە دوو ئاستی جیاوازدا جەستەی خۆی نمایشکرد:

ئاستی یەکەم: تێزی خۆرئاوا وەك تێزێکی کۆلۆنیالیستی:

پرۆسەی مۆنۆپۆلیزەکردنی جیهانی ئیسلامی دوای جەنگی جیهانی یەکەم لەلایەن خۆرئاواوە بوە فاکتەری خولقاندنی وێنەیەکی تەڵخی خۆرئاوا لە زهن و گوتاری ئیسلامیدا خۆرئاوا توانستەکانی لە پرۆسەیەکی ترسناکدا پراکتیزەکرد کە ئەویش داگیرکردنی وڵاتانی دیکە بوو، شایانی گوتنە ئەم پرۆسەی داگیرکارییەی خۆرئاوا لەپشتییەوە شوناسێکی ئایینی هەبوو کە ئایینی مەسیحی بوو، بە تایبەتی لە دوای جەنگەکانی سەلیبیتەوە جەنگی مەسیحی – ئیسلام لە کۆنەستی مسوڵماناندا چەسپا بوو، لە کۆتایی شەڕی سەلیبییەتدا

بەسەرکردایەتی سەلاحەدین مسوڵمانان لە سەرکەوتنی بەرچاودا بوون و قودسیان رزگارکرد، هەنوکەش لەبەردەم تێزی کۆلۆنیالی خۆرئاوادا دەناڵێنن و ئەمەش گەورەترین گرفتی بۆ عەقڵی سیاسی ئیسلامی خولقاند لە مەسەلەی دەوڵەتداری و رووبەرووبونەوەی ئەویدا، چونکە مرۆڤ لە ساتەوەختی تێکشکانیدا پەنا بۆ مێژوو، بۆ سەروەرییەکانی خۆی دەبات، تا لەوێوە مێژوو وەك چەکێك بۆ رووبەرووبونەوەی واقعی هەنوکە بەکاربهێنێت لەم دیدگایەوە گوتاری سیاسی ئیسلامی جەختی لەسەر وێنە و مانا مێژوویەکانی دەکرد و لەوێوە پێشنیاری پرۆژەی دەوڵەتداری دەکرد هەربۆیە گوتاری ئیسلامی نەیتوانی چوارچێوە تەقلیدییەکانی مێژوو تێپەڕێنێ، بەردەوام جەختی لەسەر ( گەڕانەوەی خەلافەت) و ( دەوڵەتی ئیسلامی) و (شمشێری شەریعەت) دەکردەوە، پێویست بوو گوتاری ئیسلامی لە جیاتی گەڕانەوە بۆ مێژوو، لە جیاتی کاردانەوەی توند بەرانبەر گوتاری سەنتەریزمی خۆرئاوایی تەفکیکی رەخنەگرانە و زانستیانەی خۆی بکات، دواجاریش بە پرۆژەیەکی نوێوە خۆی بکات بە سەردەمە جیاوازەکاندا

ئاستی دووەم: تێزی خۆرئاوا وەك تێزێکی تیۆری :

گوتاری خۆرئاوا بە تەنها گوتارێکی سیاسی کۆلۆنیالی نەبوو، بەڵکو پتر لەوەش گوتارێکی تیۆری فەلسەفی بوو، خۆرئاوا هەوڵیدا خۆی بە خاوەن گوتارێکی عەلمانی بە مانا نا ئایینی بناسێنێت بۆ ئەوەی وێنەی جەنگی خاچپەرستی و بەریەککەوتنی مسوڵمان و مەسیحی لە هۆشیاری مسوڵماناندا کاڵبکاتەوە، جگە لەمە گوتاری خۆرئاوایی لە سەرەتای سەدەی بیست و پێشتریشەوە بەتوندی رەخنەی ئاراستەی کەلتوور و مێژوو ژیاری ئیسلامی کردوەو وەك کەلتوورێکی دژە مرۆیی و بیرنەکەرەوە وێناکردوە، ئۆرینتالیزم نموونەیەکی بەرجەستەکراوی ئەم جۆرە بوو لەگوتار، لە رێیی ئۆرینتالیستەکانەوە زۆربەی کەلتوور و بەها و پیرۆزی ئیسلامی بەر هێرشی توند، ئەمەش کاردانەوەیەکی یەکجار توندی لای

گوتاری ئیسلامی دروستکرد، وێنەیەکی تەڵخ و تاریکی بۆ عەلمانییەت و کۆی گوتاری فیکری و سیاسی خۆرئاوا بەرهەمهێنا، بگرە هەموو بەهایەکی خۆرئاوایی رەتکردەوە، بە پێچەوانەی ئەمەوە جەختی تەواوی لەسەر پێچەوانەی بەهاکانی خۆرئاوایی دەکردەوە، بەرانبەر بە عەلمانییەت جەختی لەوە دەکردەوە ئەگەر عەلمانییەت ئایین و دەوڵەت لە یەکجابکاتەوە ئەوا ئیسلام لە یەککاتدا ئایین و دەوڵەتە، دنیا و ئاخیرەتە، روح و جەستەیە، موعجیزە و عەقڵانیەتە.

گوتاری ئیسلامی لە سەرەتای سەدەی بیستدا کاردانەوەیەکی بەردەوام بوو بەرانبەر تێز و گوتارەکانی دەرەوەی خۆی بەتایبەت خۆرئاوایی کە تێز و گوتارو کۆلۆنیالی و ئایدیۆلۆژی بوون، بەمپێیە و لە بەرانبەر ئەمەدا گوتاری ئیسلامی بەناو مانا ئایدیۆلۆژییەکانی خۆیدا رۆچوە، تا هەنووکەش قووڵکردنەوەی مانا ئایدیۆلۆژییەکان لە گوتاری ئیسلامیدا کارایە، ئەمەش گەورەترین گرفتی بۆ عەقڵی سیاسی ئیسلامی دروستکردوە لە مەسەلەی دەوڵەتداری و دیدی سیاسیدا، چونکە لە پشت مانا ئایدیۆلۆژییەکانەوە گوتاری سیاسی ئیسلامی راوەستاوە

ئەمڕۆ لەجیهانی ئیسلامیدا ئیسلام لەسەر دوو ئاستی جیاواز تەرحدەکرێت:

**یەکەمیان:** تەرحکردنی ئیسلام وەك ژیار: ئەم تەرحە لە هەوڵی بەرهەمهێنانی پرۆژەیەکی رەخنەگرانەی ئازادە بۆ خوێندنەوەی کەلتوور و مێژووی ئیسلامی و تەفکیکی زانستیانەی بونیاد وبنەماکانی، دواتریش کردنەوەی ئاسۆ بە رووی داهاتوودا، ئەم تەرحە دەیەوێ ئەو هۆشیارییە تەقلیدیە تێپەڕێنێت کەمرۆڤی مسوڵمان بە جیهانەوە گرێدەدات، لە هەمانکاتدا بەرهەمهێنەری هۆشیارییەکی نوێ بێت، ئەو هۆشیارییەش لە ئەنجامی نوێکردنەوەی میتۆدی مامەڵەکردن لەگەڵ قورئاندا بەرهەمدەهێنرێت، دواجاریش ئەم تەرحە ئیسلام وەك پرۆژەیەکی ژیاری پێشکەش دەکات و خۆی لە کۆتەکانی رابردوو کەلتوور رزگار دەکات .

**دووەمیان : تەرحکردنی ئیسلام وەك ئایدیۆلۆژیا:**

ئـەم تەرحـە لـە هـەوڵی پیرۆزکـردن و پارسـتنی رابردوودایـە، لـە هـەوڵی هێشتنەوەو پاراسـتنی بونیـادی هۆشـیاری باودایـە، ئـەوەی مەرجەعـە تـەنها بـە رواڵەت قورئانە ئەگینا کەلتوورێکی بەرفراوان باڵادەستی ئیسلامییە، هەموو ئـەو زانستە ئیسلامیانەیە کە بەدرێژایی چەندین سەدە وەك فلتەرێکیان لێ هاتوە بۆ بەرهـەمهێنانی مانـا لـە دەق و بـۆ خوێندنـەوەی قورئـان بـە شـێوەیەکی گـشتی، بەمەش ئـەم تەرحـە ئیـسلام وەك گوتـارێکی ئایـدیۆلۆژی و کـەلتووری پێشکەش دەکات و دەیکاتـە بەشـێك لـە پێداویـستییەکانی شـەڕی سیاسـی و ئایـدیۆلۆژی و ئابووری بەرانبـەر بـە ئەویـدی جیـاواز، دەیکاتـە سـەنگەرێك بـۆ داخـران بەسـەر خوودا و نەکردنەوەی دەرگا بۆ تێز و گوتاری هاوچەرخ

٣- سایکۆلۆژیەتی تاکی مسوڵمان:

بەردەوامی و کارابوونی هۆشیاری باو بە درێژایی چەندین سەدە بوە فاکتـەری خولقاندنی یەك جۆر بیرکردنەوە، یان خولقاندنی مرۆڤی تاکرەهەنـد لـە بـواری بیرکردنەوەدا، چەمکەکانی وەك( پیرۆزی خەلیفە) و ( ملکەچبوون بۆ دەوڵەت) پیرۆزی جیلی یەکەم

هـەموو ئەمانـە هۆشـیاری و سـایکۆلۆژیەتێکی ئـەوتۆیان بـۆ تـاکی مـسوڵمان دروستکرد کە لە توانایدا نەبوو پێشوازی لە چـەمك و بـەهاکانی سـەردەمی نـوێ بکـات، بـە سـایکۆلۆژیەتێکەوە پێیخـستە نـاو سـەدەی بیـستەوە کـە سـاز و ئامـادە نەبوو بۆ گۆڕانکاری لەمەڕ چەمکەکانی فیکـر و سیاسـەت بـە تایبـەت چـەمکێکی وەك دەوڵەتداری، بۆیە گوتاری ئیسلامی سیاسی بێ توانـاتربوون لـە تێپەڕانـدنی گوتارە تەقلیدییەکان و بەرهەمهێنانی پڕۆژەی نوێ.

# بەشی سێیەم:

# هزری ئایینی و کێشەی پەیوەندی

## یەکەم: ئیسلام و ناسیۆنالیزمی عەرەبی

## دووەم: ئیسلام و رۆژئاوا

# یەکەم: ئیسلام و ناسیۆنالیزمی عەرەبی

## سەرەتایەك بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندی ناسیۆنالیزمی عەرەبی بە ئیسلامەوە

"زۆر سەرم سوڕ دەمێنێت لەو مسوڵمانەی کە عەرەبی خۆشناوێ، زیاتر لەوەش سەرم سوڕ دەمێنێ لەو عەرەبەی کە ئیسلامی خۆشناوێ" میشێل عەفلەق

عەرەب ئینکاری فەزڵی ئێوە ناکەم ئەفزەڵن
سەلاحەدین کە دنیای گرت لە زومرەی کوردی بابان بوو" شێخ رەزای تاڵەبانی

ناسیۆنالیزم وەك بزووتنەوەیەك بۆ دامەزراندنی دەوڵەت لەسەر بنچینەی نەتەوە، وەك بزووتنەوەیەك کە مۆتۆڕی بیرکردنەوەکەی نەتەوەیە، زیاتر لەوەش ناسیۆنالیزم وەك هەوڵێك بۆ بەرهەمهێنانی توانای تەفسیرکردن لەڕوانگەی نەتەوەوە، بەیەکێك لە گرنگترین دیاردەکانی دنیای مۆدێرن دادەنرێت، رەنگە تەفسیرکردن لەسەر بناغەی نەتەوە ئینقیلاب بکات بەسەر بەسەر بینینی مرۆڤ بۆ شتەکانی دەرەوە، لەوێوە مرۆڤ ئایین و خودا و ژیان و مێژوو و جوگرافیا دەبینێت و لە وێوە رێگە بە خۆی دەدات تەفسیری هەموو ئەوانە بکات، هەر ئەمەش بە کرۆکی دیاردەی ناسیۆنالیزم لە قەڵەم دەدرێت، هەر بەم مانایەش دەتوانین ناسیۆنالیزم وەك دیاردەیەکی دنیای مۆدێرن

بخوێنینــەوە، بەرلــە مۆدێرنــە دیاردەیــەکی لــەم چەشــنە بــوونی نــەبوە، ئێمــە لەمێژوودا بزووتنەوەیەکی ئەوتۆ نابینین کە کار بۆ دامەزرانـدنی دەوڵـەت بکات لەسەر بناغەی نەتەوە، لەسەر ئاستی فیکـری و تیۆریـشدا خـەریکی تەفسیرکردن بێت لەڕوانگەی نەتەوەوە، بـەڵام لەسەرانـسەری مێـژوودا دەتـوانین دەستنیـشانی جۆرێـك لـە شـعوری نەتـەوەیی بکـەین، کـە ئـەم شـعورە وەك هێزێکـی بەرچـاو تاڕادەیەکیش کاریگەر بوونی هەبوە، مێـژووی ئایینـەکان و مێـژووی جەنگـەکان، مێژووی کەلتوور و ژیانی فەرهەنگی و شارستانی گەلان خاڵی نـەبوە لـەم شـعورە نەتەوەییــە، ئینتیمــای مــرۆڤ بــۆ نەتــەوە، بــۆ چوارچــێوەیەکی جــوگرافی و مێژوویەکی زۆر فراوانتری هەیە لە مێژووی ناسیۆنالیزم، بە مانایەکی دی ڕەنگە توشی هەڵەنەبین ئەگەر پێمان وابێت، ناسیۆنالیزم گەیـشتنی ئـەم ئینتیمایـە بـۆ ئاستی کامڵ بوون، بۆ ئاستی چەکدارکردنی بـەفیکر و تیـۆر، لەهـەر فەرهـەنگ و پـەراوێکی ئـایینی یـان کـەلتووری بـڕوانین راسـتەوخۆ و بەشـێوەیەکی دیـار ئـەم ئینتیمـا نەتەوەییـە دەبیـنین، هەربۆیـە لەلایـەك دەتـوانین بـاس لـە پەیوەنـدی ناسیۆنالیزم وەك دیاردەیەکی مۆدێرن و ئایین وەك دیاردەیـەکی کۆنینـە بکـەین، یان بـە مانایـەکی دیکە دەتـوانین بـاس لـە مامەڵەی ناسـیۆنالیزم بکـەین لەگـەڵ ئاییندا، بەو پێیەی ئایین بەشێکی گرنگی ژیان و بیرکردنەوەی هـەر نەتەوەیـەك پێکئایینێت،لەلایـەکی دی دەتـوانین بـاس لەکاریگـەری شـعور و ئینتیمـای مـرۆڤ بکەین بۆ نەتەوەو کاریگەری ئەو شعورە لەسەر بزووتنـەوەی نەتەوایـەتی، ئێمـە لـەم لێکۆڵینەوەیـەدا دەمانــەوێت بـاس لەپەیوەنـدی ناسـیۆنالیزمی عـەرەبی و ئیـسلام بکـەین و ماهییـەتی ئـەو پەیوەندییـە یـەکالا بکەینـەوە، یـان زەمینـە خۆشـکردن بـۆ تێگەیـشتنی دروسـت لـەم بارەیـەوە، بۆتـە پێویـستییەکی گرنگـی ئەمڕۆ، ئەم پێویستییەش بۆ ئێمە خۆی لە چەند خاڵێکدا دەبینێتەوە:

**یەکەم:** کەم بزووتنەوەی دونیای عەرەبی هەیە بە شێوەیەك لەشێوەکان خۆی نەلکانـدبێت بەئیـسلامەوە، بـە کـەلتوور مێـژوو فەرهـەنگی ئیـسلامەوە، ئـەمڕۆ

عەلمانیترین و لیبراڵیترین هێزی عەرەبی لەناوجەرگەی ئیسلام و لە رۆحی فتواکانەوە دێتە دەرێ و بە زمانی ئایینی دەدوێ، ئەم هێزانە لەگەمەیەکی سەیردان لەگەڵ ئیسلامدا، بەردەوام ئیسلام لەلایەن ئەم هێزانەوە کراوەتە شوناس، ئیسلام وەك شوناسی عەرەب بەرانبەر نەتەوەی ناعەرەب بەکارهاتوە، بەکارهێنانی ئیسلام وەك شوناسێکی ئایینی جیاواز بەرانبەر ئایینی جیاواز بەتایبەت بەرانبەر بە ئیسرائیل، وەك شوناسێکی ژیاری بەرانبەر بەخۆرئاوا، هەربۆیە ناسیۆنالیزمی عەرەبی گەمەیەکی سەیر و لە هەمانکاتدا مەترسیدار لەگەڵ ئیسلامدا دەکات، کەشفکردن و شیکردنەوەی ئەم گەمەیە بۆ ئێمە گرنگییەکی زۆری هەیە، چونکە قەدەری ئێمە وایە ناچارین دەستوپەنجە لەگەڵ ئەم هێزە عەرەبی و هۆشیارییە ئاینییە پڕ لەعروبەیەدا نەرم بکەین، وەك چۆن لە هەشتا ساڵی رابردووی تەمەنی عیراقدا ئێمە ناچار کراوین مامەڵە لەگەڵ ئەم هێزانە بکەین.

دووەم: یەکالاکردنەوەی مامەڵە و پەیوەندی ناسیۆنالیزمی عەرەبی بەئیسلامەوە، تا ئەو شوێنەش گرنگە کە یارمەتیمان دەدات بۆ ئەوەی تێگەیشتنێکی دروست سەبارەت بە پەیوەندی کورد و ئیسلام بهێنینەئاراوە ، ئێمە تا نەزانین جێ پێی ناسیۆنالیزمی عەرەبی تا کوێی ئیسلامەو، تا چ شوێنێك ئیسلام لە قەڵەمڕەوی عروبەدایە، ناتوانین باس لەوەش بکەین کە کورد چۆن مامەڵە لەگەڵ ئیسلامدا بکات، چۆن لە فیکر و خەیاڵاتی عروبە رزگاری بێت، لەکاتێکدا ئەو فکر و خەیاڵانە بەردەوام لە فۆرمی ئیسلامدا خۆی پەخشدەکات و خۆی دەخاتە ناو هۆشیاری ئێمەوە.

سێیەم: پێویستە بزانین کە بەتەنها ناسیۆنالیزمی عەرەبی سەردەمی نوێ و رۆشنبیرەکانی نییە کە لەڕوانگەی عروبەوە ئیسلام و ژیان و مێژوو دەبینن، بەڵکو فەقیە و ئسوڵییە دێرینەکانی عەرەبیش بەڕادەیەکی سەیر شعوری قەومی عەرەبی زاڵە بەسەریاندا، لەوێوە پێگەکانی ئەو شعورەیان لە نێو

هۆشیاری ئیسلامیدا مەحکەم کردوە، رەنگە ئەمەیان پتر جێگەی بەهەمهێنانی گرفت و کێشەی گەورە بێت، چونکە لە کۆی گشتیدا پایەکانی بیرکردنەوەی ئایین لای ئەو فوقەها و تیۆریستە ئیسلامییە دێرینانە بەرجەستە دەبێت.

ئەم لێکۆڵینەوەیە لەچواربەشی سەرەکی پێکهاتوە:

لە بەشی یەکەمدا بەناوی ( سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی عەرەبی) هەوڵمانداوە لە بوون و ژیانی ناسیۆنالیزمی عەرەبی بکۆڵینەوەو، گرنگترین قۆناغەکانی ژیانی ناسیۆنالیزمی عەرەبی دیاریبکەین، لە هەمانکاتیشدا هەوڵمانداوە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی گوتاری ناسیۆنالیزمی عەرەبی لەهەریەکێك لەو قۆناغانەدا بخەینە روو، ئەمەش لەپێناو ئەوەدا بتوانین دەستنیشانی هەندێك لەو گوتارانە بکەین کە لەسەرەتاوە تا ئەمڕۆ لە گوتاری ناسیۆنالیزمی عەرەبیدا رویانداوە، لە کۆتایشدا چەند سەرنجێك لەمەڕ تایبەتمەندییەکانی ناسیۆنالیزمی عەرەبی لە قۆناغە جیاوازەکاندا دەخەینەڕوو، ئەو راستییە روون دەکەینەوە کە وتاری ناسیۆنالیزمی عەرەبی لەسەرەتای سەرهەڵدانییەوە تا ئێستا بەردەوام لە پاشەکشەیەکی تیۆری و سیاسی گەورەدا ژیان بەسەر دەبات، شایانی باسە لەم بەشەدا قۆناغەکانی ژیانی ناسیۆنالیزمی عەرەبی بەچوار قۆناغ پۆلێنکراوە.

لەبەشی دووەمدا (ئیسلام وەك شوناسی عەرەب) لەم بەشەدا هەوڵدراوە باس لەخەونی بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی بکرێت بۆ بە شوناسکردنی ئیسلام بۆ عەرەب، بۆئەمەش نموونە بە دوو بیرمەندی دیاری عەرەب هێنراوەتەوە و تێڕوانینەکانیان بۆ ئیسلام و عروبە خراوەتە روو، یەکەمیان نوێنەری باڵی عەلمانی و سۆسیالیستی عروبە و دوەمیان نوێنەری باڵی ئیسلامی عروبەیە ئەوانیش میشێل عەفلەق و محمد عەمارەن

لە بەشی سێیەمدا: زمان نەتەوە

لەم بەشەدا باس لەو پەیوەندییە کراوە کە لە نێوان زمان و نەتەوەدا هەیە، لە پشت هەر زمانێکەوە رۆحی کەلتووری نەتەوەیەك راوەستاوە، لە پشت زمانی

قورئانیشەوە کە زمانی عەرەبییە کەلتوور و رۆشنبیری عەرەبی راوەستاوە، دواتر باس لە هەوڵی ئەو موفتی و زانایانە کراوە کە ویستویانە زمانی عـەرەبی بەتاکـە رێگەی گەیشتن بەوەحی و لەوێشەوە بە زمانێکی پیرۆز وێنا بکەن، لەم رێگایـەوە دیـدی عروبـەیان پەخـشکردوە بەسـەر جیهانـدا، هـەروەها بـاس لەوەشـکراوە کـە پێویـستە وەحـی لـە کـۆتی زمـان رزگـار بکـەین، بـۆ ئـەوەی بتـوانین مـەرام و ئامانجەکانی وەحی جێبەجێ بکەین، وەحی پابەند نییە بە زمانێکی دیاریکراوەو هەموو زمانێك مافی تەبەنیکردنی وەحی هەیە.

**بەشی یەکەم: سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی عەرەبی:**

سـەرهەڵدانی ئایـدیای ناسـیۆنالیزم بەگـشتی لـەجیهانی ئیـسلامیدا لـەژێر کاریگەری سەرهەڵدان و گەشەی ناسیۆنالیزمی خۆرئاوایدایـە لـەخۆرئاوادا، ئـەم ئایدیایە لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیـستدا خـۆیکرد بـە مـاڵ و بیرکردنەوەی نەتەوە جیاوازەکانی ژێر دەسەڵاتی خەلافەتی عوسمانیدا، نەتەوەی عـەرەبیش وەك نەتەوەیـەکی دنیـای نـاو جیهـانی ئیـسلامی و ژێـر دەسـەڵاتی خەلافەتی عوسمانی، لەم دۆخە بەدەر نییە و ، لەهەمان دۆخـی مێژوویـدا بـیر و جوڵانەوەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی سەریهەڵدا، من لەم لێکۆڵینەوەیدا هەوڵـدەدەم باس لەقۆناغەکانی بوون و گەشەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی بکەم و دەستنیـشانی هەندێك لەتایبەتمەندییەکانی هەر یەکێك لەو قۆناغانـە بکەم، بـە بـێ کارێکی لەم چەشنە نـاتوانین لـەدۆخی ئێـستای ناسـیۆنالیزمی عـەرەبی و، لـە کارەکتـەرە سیاسی و فیکرییەکانی ئەو بزووتنەوەیە تێبگەین و ، نازانین ئـەو بزووتنـەوەیـە لەئێستادا لە بەردەم چ ئەگەرێکی فیکری و سیاسیدایە و، چۆن بیردەکاتەوە و لـە چ قۆناغێکدایە، بە گشتی دەتوانین دەستنیشانی چوار قۆناغی سەرەکی لـە ژیـانی ناسیۆنالیزمی عەرەبی بکەین(٥٩)

## یەکەم: لە سەرەتاوە تا جەنگی یەکەمی جیهان:

ئەم قۆناغە بە سەرەتای دامەزراندنی جوڵانەوەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی دادەنرێت، ئامانجی سەرەکی ناسیۆنالیزمی عەرەبی رزگاربوون بوە لە چنگی خەلافەتی عوسمانی و، پاراستنی بەرژەوەندی عەرەب بوە بەرانبەر بە نەتەوەکانی تری ژێر دەسەڵاتی خەلافەت، هەوڵدان بوە بۆ فراوانکردنی مافەکانی نەتەوەی عەرەب بەرانبەر بە نەتەوە ناعەرەبەکان، ئێمە بەمشێوەیە دەتوانین چەند تایبەتمەندییەکی گرنگی ئەم قۆناغەی ژیانی بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی دەستنیشانبکەین:

١- لەم قۆناغەدا بەردەوام سروشتی عرقی زاڵ بوە بەسەر سروشتی ئایینی و عەلمانیشدا، بەردەوام جەختکردنەوە لەسەر عەرەببوون وەك عرق، وەك رەگەزی عەرەب بەشێکی فراوانی گوتاری ناسیۆنالیزمی عەرەبی ئەم قۆناغە پێکئاییینێت، دەتوانین نوسینەکانی عەبدولڕەحمان کەواکبی وەك یەکێك لەسەرچاوە فیکرییە گرنگەکانی ئەم گوتارە تەماشا بکەین، شایانی باسە ئەم گوتارە لەقۆناغەکانی دواتری ژیانی ناسیۆنالیزمی عەرەبیدا درێژەی بەژیانی خۆیداوە، ساتح الحصری یەکێکە لەو بیرمەندە عەرەبانەی کە لەدوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە کاریکردوە، جەخت لەوە دەکاتەوە کە دەبێت بیری قەومی عەرەبی لەسەر بناغەی عرقی بێت (٦٠)

٢- خەونی یەکگرتنی عەرەب و پێشنیاری شێوازی فیدراڵی بۆ یەکگرتنی عەرەب:

پیاوە ناسیۆنالیستەکانی عەرەب لەم قۆناغەدا جەختیان لەسەر چەمکی فیدرالیزم کردۆتەوە وەك میکانیزمێك بۆ یەکگرتنی عەرەب، وەك شێوازێك بۆ رێکخستنی پەیوەندی هەرێمە جیاوازە عەرەبییەکان، ئەمان پێیان وابوو هەر هەرێمەو خەسڵەتی ئابووری و کەلتووری و سیاسی خۆی هەیە، دەکرێت لەسەر شێوازی فیدراڵی هەم رەچاوی ئەو تایبەتمەندیانە بکرێت و، هەمیش لە یەك

دەوڵەتی بەهێزدا کۆبکرێنەوە، واتە هاوکات لەگەڵ بوونی گوتاری یەکگرتندا گوتارێکیش بۆ پاراستنی تایبەتمەندی هەرێمە جیاواز و جوداکانی عەرەب بوونی هەبوە.

٣- کاری گوتاری ناسیۆنالیستی عەرەبی لەم قۆناغەدا، پشتگیریکردنی نارەزایی و بزووتنەوە شۆرشگێری و سیاسییەکانی دنیای عەرەبی بوە، لەدژی دەوڵەتی عوسمانی لە هەر کوێیەك بێت.

٤- هەوڵدان بۆ فراوانکردنی ماف و سنووری نیشتیمانی عەرەبی لەسەر حسابی خاك و نیشتیمانی گەلانی دیکەی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی، لەگەرمەی کێشانی سنوورەکان و راپەرینی نەتەوەکاندا، بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی عەرەبی دەیویست زۆرترین پشك بۆ عەرەب ببچرێت، با ئەو پشکەش خواردنی مافی ئەوانیدی بێت، ئەم تێزە لەزۆربەی کتێب و نوسراوکانی رۆشنبیران و بیرمەندانی بیری ناسیۆنالیزمی عەرەبیدا هەیە، ئەبینین ساتح الحصری لە دیاریکردنی سنووری نیشتیمانی عەرەبیدا زۆر پێ لەوە دادەگرێت سنوری نیشتیمانی عەرەب لەچیاکانی زاگرۆسەوە دەستپێدەکات، کە ئاشکرایە نیشتیمانی عەرەب لە چیای حەمرینەوە دەست پێدەکات نەك چیاکانی زاگرۆس و، لە سنووری چیاکانی زاگرۆسدا عەرەب یان بوونی نەبوە یان تەنها کەمایەتییەك بوە.

## دووەم: لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانەوە تا جەنگی دووەمی جیهان:

ڕووداوی جەنگی یەکەمی جیهان و کۆتایهاتنی دەوڵەتی عوسمانی بەڕووداوێکی گرنگ و، بە سەرەتای قۆناغێکی تازە دەژمێردرێت لەمێژووی بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی عەرەبیدا، ئەوەی دەکرێت وەك گرنگترین تایبەتمەندییەکانی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی عەرەبی لەم قۆناغەدا تەماشای بکەین ئەمانەی خوارەوەیە:

١- جەختکردنەوە لەسەر ڕەهەندە مێژویی و کەلتوورییەکانی عەرەب و، بانگەوازکردن بۆ پابەندبوون و گەڕانەوە بۆ مێژوو، لەم ئاستەدا گەڕانەوەیەکی بەرفراوان بەدیدەکەین بۆ مێژووی عەرەبی و دەسکەوت و سەروەرییەکانی عەرەب، بۆ بەرهەمهێنانی وێنەی سەرکەوتن و مێژوو پاڵەوانبازییەکانی و سەروەرییەکانی عەرەب، لەم قۆناغەدا پڕۆسەی بەعەرەبکردنی مێژوو دەبینین، خوێندنەوەی مێژوو دەبینین لەڕەهەندی عروبە و پێداویستییەکانی عروبەوە، لێرەوە سەرەتای ئەو هەوڵانە سەرهەڵدەدەن کەسەراپای کەلتوور و مێژووی عەرەبی کە خۆی لەمێژووی ئیسلامیدا دەبینێتەوە لەڕوانگەی عروبەوە تەفسیر دەکەن، ڕەنگە دروستبوونی ئەم دیاردەیە لە گوتاری ناسیۆنالیستی عەرەبیدا بەرەنجامی دەرکەوتنی خۆرئاوا بێت وەك هێزێکی کۆلۆنیالیست، وەك داگیرکەری وڵاتە عەرەبی و ئیسلامییەکان، کە وڵاتە عەربییەکان بە گشتی کەوتنە ژێر هەیمەنەی داگیرکاری خۆرئاواییەوە، تایبەتمەندی بەهایی و مێژوویی عەرەبی لەبەردەم هێرشی کەلتوور و هەیمەنەی کۆلۆنیالی خۆرئاوایدا بوو، لەبەرانبەر ئەمەدا ئاوڕدانەوەیەکی بەهێز بۆ مێژوو لە گوتاری ناسیۆنالیزمی عەربی بەدیدەکەین، هەوڵدانێکی بەردەوام بۆ پابەندبوونەوە بە زاکیرەی سەروەرییەکانی مێژوو، بەکەلتووری ڕابردوو دەبینین، دەگونجێت ئەم قۆناغە بە قۆناغی هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی شوناسی عەرەبی لە کەلتوور و مێژوودا دەستنیشان بکەین

٢- جەختکردنەوە لەسەر یەکگرتنی تەواو لەنێوان هەموو هەرێمە عەرەبییەکاندا، لەقۆناغی پێشوودا گوتاری ناسیۆنالیستی عەرەبی تاڕادەیەك رەچاوی تایبەتمەندی هەرێمە جیاوازەکانی عەرەبی کردبوو، هەربۆیە پێشنیاری سیستمی فیدراڵی بۆ یەکگرتنی هەرێمە عەرەبییەکان لە ئارادا بوو، بەڵام لەدوای ئەو قۆناغەوە گوتاری ناسیۆنالیستی عەرەبی بەردەوام داوای یەکگرتنی تەواوی هەرێمە عەرەبییەکانی کردوە، وەك لەنوسینەکانی ساتح حوسەریدا دەردەکەوێت، الحصری بانگەوازی بۆ یەکگرتنی تەواوی عەرەبکرد لەسەر بنچینەی عروبە، ئەو دژی ئەوەبوو کە هەر چەشنە پەیوەندییەکی وەك ئەفریقایی یان ئاسیایی، یان دەریای ناوەڕاستی ببێتە هۆی لێکدابڕانی هەرێمە عەرەبییەکان لەیەکتر، ئەو بەتوندی عروبە بە گرنگترین بەهاو بوون دەزانێت و دەڵێت(( عروبە پێش هەموو شتێك و لەسەروو هەموو شتێکەوە)) (٦١)

٣- هەوڵدان بۆ دورخستنەوەی ئایین لە دەوڵەت و گوتاری سیاسی ناسیۆنالیستی عەرەبی و، تەماشانەکردنی ئایین وەك بەشێکی گرنگ لەپێگەی ژیانی نەتەوەی عەرەب، بەمانایەکی تر پێنەدانی روخساری ئایینی بە عروبە، بەڵکو بە پێچەوانەوە زاڵبوونی دید و تێزی عەلمانییەت لە گوتار و هزری نەتەوایەتی عەرەبیدا، دەتوانین نوسینەکانی هەریەك لە زکی لارسوزی و دواتریش ساتح الحصری وەك نموونەیەك بۆ ئەمە تەماشابکەین، زکی لارسوزی چیرۆکی سەرکەوتن و مەزنی عەرەب نابەستێت بە ئیسلامەوە، بە پێچەوانەوە بەلای زکی لارسوزییەوە هاتنی ئیسلام و دەستپێکردنی سەردەمی فتوحات سەرەتای ونبوونی رۆحی عەرەبی بوو لەناو رۆحی عەجەمیدا، رۆح و توانای عەرەبی لەجیاتی ئەوەی خەریکی پاراستن و تۆخکردنەوەی مانا و تایبەتمەندییەکانی خۆی بێت، خەریکی پاراستنی ئایدیۆلۆژیا و کەلتووری ئەعجەمییەکان بوو، بەلای زەکی لارسوزییەوە رۆحی راستەقینەی عەرەب لەسەردەمی جاهیلییەتدا رەنگی دابوەوە و بەرجەستە ببوو، پاشەکشەی

گیانی داهێنانکاری عەرەبی و وونبوونی رۆحی عەرەبی لەکۆتایهاتنی سەردەمی جاهیلییەت و، دەستپێکردنی سەردەمی ئیسلامییەتدا دەستپێدەکات(٦٢) هەربۆیە لای زکی لارسوزی بنەمای هەستانەوەو گەشەی عەرەب پابەندە بە گەڕانەوە بۆ تایبەتمەندی و ماکەکانی سەردەمی جاهیلی، ئەو راشکاوانە دەڵێت (( ئێمە پێویستە بگەڕێینەوە بۆ سەردەمی جاهیلیەتمان و ئەو سەردەمەمان لەگەڵ بنەماکانی رۆشنبیری نوێ تەبەنی بکەین))(٦٣) بەمشێوەیە یەکێك لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی گوتاری ناسیۆنالیستی عەرەبی لەنێوان دووجەنگی یەکەم و دووەمی جیهانیدا بوونی دیدی عەلمانییە لە لێکدانەوەی مەسەلەی نەتەوەییدا.

## قۆناغی سێیەم: قۆناغی دوای جەنگی دووەمی جیهان تا ساڵی ١٩٦٧:

دوای جەنگی دووەمی جیهانی بزووتنەوە ناسیۆنالیستییەکان کەوتنە بەردەم گۆڕانێکی گەورە(٦٤)لەلایەك ئاسۆی کرانەوەو رزگاری نەتەوەکان زیادیکرد، یەکێکیش لەو نەتەوانە کە شانسەکانی رزگاربوونی لەژێر دەستی کۆلۆنیالیزم زیادیکرد بریتی بوو لەنەتەوەی عەرەب، لەلایەکی دیکە کۆچکردنی بەردەوامی جولەکە بۆ خاکی فەلەستین و، بانگەشەی دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیلی لەخاکی فەلەستیندا، کاریگەری زۆری لەسەر بزووتنەوەکانی ناوچەکە بەگشتی و، بزووتنەوەکانی دنیای عەرەبی بەتایبەت هەبوو، هەربۆیە لەژێر کاریگەری ئەو دۆخە نێودەوڵەتی و ناوخۆییەدا چەند سیمایەکی نوێ لەگوتاری ناسیۆنالیزمی عەرەبیدا هاتەئاراوە، کەدواتر بوون بەشێکی بنەڕەتی و دانەبڕاو لە گوتاری ناسیۆنالیزمی عەرەبی:

١- دەرکەوتنی رەوتێکی ئایینی بەهێز لەگوتاری ناسیۆنالیزمی عەرەبیدا: ئەم رەوتە ئیسلام وەك بەشێکی هەرە گرنگ لەژیانی عروبە تەماشا دەکات، بە پێچەوانەی رەوتی زکی لارسوزی و ساتح الحصرییەوە ئیسلام روحی عەرەبی

وونـنـەكردوە و لاوازینـەكردوە، بـەڵكو ئـەم ڕەوتـە پێیوابـوو ئیـسلام هۆكـاری بەهێزبوونی عروبە و سەروەرییەكانێتی، ئەم ڕەوتە تەماشای ئیسلام دەكات وەك پایەیـەكی گـرنگ بـۆ پێكهێنـانی بـیری قـەومی عـەرەبی، دەتـوانین نوسـینەكانی میشێل عەفلەق وەك نموونەیەكی دیاری ئەم ڕەوتە تەماشا بكەین، لەم نێوەندەدا عەفلـەق دەڵێـت (( ئیـسلام بـۆ ئێمـە ڕۆشـنبیرییەكی نەتەوەییـە، سـووربوونمان لەسەر ئیسلام سووربوونمانە لەسەر بەنرخترین شت لـە عروبەمانـدا)) (٦٥) لای میـشێل عەفلـەق هـیچ بەهانەیـەك بـۆ ئـەوە نییـە كەناسـیۆنالیزمی عـەرەبی دەستبەرداری ئایین بێت، وەك چۆن ناسیۆنالیزمی ئەوروپی دژی ئایین بوون یان عـەلمانیبوون، چـونكە ناسـیۆنالیزمی عـەرەبی ئایینەكـەیان بێگانـە بـوو بـەماڵ و حاڵیان، بەزمانی خۆیان نەبوو، پێغەمبەرەكەیان لە خۆیان نەبوو، بەڵام ئایین بۆ ناسیۆنالیزمی عەرەبی وانییە، بۆیە پێویـستە ناسـیۆنالیزمی عـەرەبی بـەردەوام لەگـەڵ ئایینـدا بـژی، جگـە لەمیـشێل عەفلـەق ژمارەیـەكی دیكـە لـەبیریارانی نەتـەوەیی عـەرەبی گرنگـی زۆریـان بەمەسـەلەی ئـایین و تـەوزیفكردنی بـۆ مەسەلەی عروبە داوە، تەنانەت پیاوێكی عەلمانی وەك ساتح الحصریش جۆرێـك لەبادانـەوەی بـەلای ئـایین و گرنگـی ئـایین بـۆ ناسـیۆنالیزمی عـەرەبی تیایـدا سەرهەڵدەدات، حوسـەری بـاس لـەگرنگی پەیوەنـدی ئیـسلام و نەتـەوەی عـەرەب دەكات و، پێیوایە ئەوە پەیوەندییەكی مەعنەوییـە و بـەهێزی سـۆزداری ئایینیـە كەسۆزی ئایینی پتر لەهـەر سـۆزێكی دیكە دەسـتدەگرێ بەسـەر دەروون و ژیـانی خەڵكدا(٦٦)

٢- بڵاوبوونـــەوەی ئایـــدیای ئینقیلابخـــوازی لـــەنێو گوتـــاری ناسیۆنالیـــستی عەرەبیدا:

لـەم قۆناغـەدا خـەونی گۆڕان و بـەدیهێنانی مەرامـە عەرەبییـەكان لـە ڕێگـای ئینقـیلاب و ئینقیلاباتـەوە پانتاییـەكی دیـاری ئایـدیای ناسـیۆنالیزمی عـەرەبی داگیردەكات، ڕەنگە ئەم كاریگەرییە لەدنیای عەرەبیدا لەژێر كاریگەری وانەكانی

کۆمۆنیزم و بلۆکی رۆژهەڵاتدا خەملأبێت، چونکە کۆمۆنیزم و وانەکانی بەگشتی ئەو دەرسەیان فێری بزووتنەوەو جولأنەوە رۆژهەڵاتییەکان کرد، کە دەکرێت لەرێگەی گۆڕانی دەسەڵاتەوە هەموو شتەکانی دیکە بگۆڕدرێت، گۆڕان لەسەرەوە ( لە دەسەڵاتدا) سەرچاوەیە بۆ گۆڕان لەخوارەوەدا( کۆمەڵگادا) لێرەوە بیروباوەڕی ئینقیلابخوازی زۆر بەخێرایی لەنێو بزووتنەوە عەرەبییەکاندا بڵاوبویەوە و ، هەریەکێك لەوڵاتە عەرەبییەکان بوون بەشانۆی ئینقیلابی جۆراوجۆر، وڵاتی عێراق باشترین نموونەی بەرجەستە بوونی ئەو ئایدیای ئینقیلابخوازییەیە، کە زنجیرەیەك ئینقیلابی جیاواز ژیانی سیاسی و ئابووری و مەدەنی عیراقی ئیفلیج کرد، بەگشتی ئەم حاڵەتە دۆخێکی ترسناکی لەوڵاتە عەرەبییەکاندا هێنایە پێشەوە، دۆخی سەرکوتکردنی سیاسی و گەمارۆدانی ئازادی و کوشتنی دیموکراسی، بەگشتی ئەم ئایدیای ئینقیلابخوازییە ناسیۆنالیزمی عەرەبی لەفاشیزم نزیککردوە، شایانی باسە قوتابخانەی بەعسیزم وەك یەکێك لە قوتابخانە دیارەکانی ناسیۆنالیزمی عەرەبی سەرچاوەیەکی گرنگی گەشەپێدانی ئەم ئایدیا ئینقیلابخوازییە بوە، هەرخۆشی کارەساتی گەورەی خولقاند.

٣- درێژەدان بە ئایدیای تەماشاکردنی عروبە لەسەر بناغەی عرق:

ئەم تێزە لەسەرەتاکانی بیری ناسیۆنالیزمی عەرەبییەوە تا ئێستا درێژەی هەیە، واتە عەرەببوون و عەرەبایەتی لەسەر بناغەی رەگەزی عەرەب، کە بەگشتی دەتوانین بڵێین زۆربەی بیرمەند و رۆشنبیرەکانی بیری ناسیۆنالیزمی عەرەبی لەسەر ئەم رهەندەی گوتاری ناسیۆنالیزمی عەرەبی تەبان، ئەم تێزە لە ئاستی پراکتیکدا سەرکوتکردنی هەموو رەگەزە ناعەرەبەکانی ناو دنیای عەرەبی لێکەوتۆتەوە، زیاتر لەوەش هەوڵێکی بەردەوامی کۆی بزووتنەوە ناسیۆنالیستییە عەرەبییەکانی لێکەوتۆتەوە بۆ توانەوەی هەموو رەگەزە نا عەرەبەکانی ناو دنیای عەربی لە نێو رەگەزی عەرەبیدا، هەر ئەمەش وا دەکات چەندین نموونەی

جۆراوجۆرمـان لەبەردەسـتدا بێـت لەمـەڕ میحنـەتی ڕەگـەزە ناعەرەبـەکانی نـاو دەوڵەتە عەرەبییەکان، مێژووی کورد و ژیانی لە نێو دەوڵەتە عەرەبییەکانـدا بـە باشترین شێوە گوزارشت لەم میحنەتە دەکات.

٤- جۆرێك لە ئایدیای سۆشیالیستی لەم قۆناغەدا خۆی خزاندۆتـە نـاو گوتـاری ناسیۆنالیستی عەرەبییەوە، دیسان ئەمەش لـەژێر کاریگـەری بلـۆکی ڕۆژهەڵاتیـدا خولقاوە، خولقاندێك بەبێ هیچ زەمینـەیەکی فکری و مـاددی بـۆ وەرگـرتنی یـان تەبـەنیکردنی تیـۆری سۆسیالیـستی لەسـەر واقـع و هـزر عەرەبیـدا، بگـرە ئـەم نەبوونی زەمینە واقعی و فکرییە لە دنیای عـەرەبی و لـە گوتـاری ناسیۆنالیـستی عەرەبیدا بۆ تیۆری سۆسیالیستی دیمەن و وێنەی سەیر و گاڵتەجاڕانەی ئەوتۆی لێدەکەوێتـەوە کـە مـرۆڤ دەهێننـە پێکـەنین، جێگیرکردنـی سۆشـیالیزم لـە گوتارێکی نەتەوەیدا کەلەسەر بناغەی عرق دامەزراوە، پۆشاکی ئایین لە خۆیەوە دەئاڵێنێت و باوەڕی بـە عـەلمانیبوونی ناسـیۆنالیزم نییـە، لـەناو مێژوویـدا خـۆی دروسـتدەکات ، سـەروەرییەکانی مێـژووی ئیـسلامی و دەسـەڵاتە ئەریـستۆکرات و چەوسێنـەرەکانی ئەمەوی و عەباسی بە سەرکەوتن و شانازی خۆی وەسـفدەکات، دەبێتە گاڵتەیەك و هیچی دی، جـەمال عەبدولناسـر گوتەیـەکی ناسـراوی هەیـە کە دەڵێت (( ئێمە لە دوو شتدا لەگـەڵ مارکسیزمدا ناتـەباین ئـەوانیش ئـایین و نەتەوەیە)) دەکرێت ئەم گووتەیە وەك نموونەی ئەو کاریگەرییـە سۆشیالیـستییە و، ئـەو گوێزانـەوە سـەیرەی بـیری سۆسیالیـستی تەماشـا بکـەین بـۆ نێـو گوتـاری ناسیۆنالیـستی عـەرەبی، جگـە لـەو گوتەیـەی عەبدولناسـر دەتـوانین سـەرنجی ئیـدیعاکانی بەعـسیش لەمـەڕ سۆشیالیـستی بـدەین و وەك نموونەیـەکی دیکـە بیهێنینـەوە، لەڕاسـتیدا سۆشیالیـستی وەك خـەونێك بـۆ بـەدیهێنانی عەدالـەتی کۆمەڵایەتی و دروستکردنی چینی ناوەند هەرگیز لەگەڵ ئایـدیای ڕەگەزخوازیـدا تەبا نابێت کە هەر لە سەرەتاوە بیری ناسـیۆنالیزمی عـەرەبی لەسـەر دامـەزراوە،

تەبا نابێت لەگەڵ ئەو نەزعە ئایینخوازییە بەهێزەی کە گوتاری ناسیۆنالیستی عەرەبی لەناو خۆیدا غەرقکردوە.

## قۆناغی چوارەم: ساڵی ١٩٦٧ وە تا ئێستا

جەنگی ساڵی ١٩٦٧ نێوان عەرەب و ئیسرائیل و تێکشکاندنی عەرەب بەو رادە سەرسوڕهێنەرە، کاریگەرییەکی یەکجار گەورەی لەسەر دنیای عەرەب هەبوو، شوێنەوارێکی قووڵی لەسەر سایکۆلۆژیای عەرەبی بەجێهێشت، هەر لێرەوە بیری ناسیۆنالیزمی عەرەبی کەوتە قۆناغێکی نوێوە، قۆناغێك کە تا رادەیەکی زۆر لە ژێر کاریگەری ئەو فەزا سایکۆلۆژی و سیاسی و ئابوورییەی دوای جەنگ رەنگیگرت، دەتوانین بەم شێوەیە دەستنیشانی هەندێك سیما و ئەدگاری گوتاری ناسیۆنالیستی عەرەبی بکەین لەم قۆناغەدا:

١- بەهێزبوونێکی بەرفراوانی رەوت و بیری ئیسلامی لەناو گوتاری ناسیۆنالیزمی عەرەبیدا، بەمانایەکی دی گوتاری ناسیۆنالیزمی عەرەبی گەڕانەوەیەکی هەمەلایەنەی بۆ ناو کەلتوور و مێژوو شەرعیەتی ئیسلامی ئەنجامدا، تا لەوێوە لە ناو کەلتوور و مێژووی ئیسلامیدا بەدوای شوناسدا بگەڕێت و، ماناکانی بوونی خۆی و هێزی خۆی بدۆزێتەوە، لەم فەزایەدا ناسیۆنالیزمی عەرەبی کەوتە سەر ئەو باوەڕەی کە هێزی راستەقینەی عروبە لە ئیسلامدایەو، بە هۆی ئەوەشەوە دەتوانێت رووبەڕووی دوژمنەکانی لەوانە ئیسرائیل ببێتەوە، لێرەوە ئیسلام وەك رۆح و مەزنایەتی عروبە تەماشا کرا، ئیسلام وەك فەلسەفە و کەلتوور و شارستانییەتی عروبە لێکدرایەوە، بگرە ئیسلام وەك بەشێکی دانەبڕاو لە عەرەب و عەرەبیش وەك بەشێکی دانەبڕاو لە ئیسلام تەماشاکرا، ئەو گوتەیەی میشێل عەفلەق کە لەسەرەتای ئەم لێکۆڵینەوەیەدا نوسیومانە ئەو راستییەمان بۆ بەرجەستەدەکات کە لە گوتاری

ناسـيۆناليزمی عەرەبیـدا ئیـسلام و عروبـە دووشـتی یـەكجار تـێكلاو لێكدانەبڕدراون. هەربۆیە جێگەی سەر سوڕمانە تۆ مسوڵمان بیت و عەرەبت خۆشنەوێت، یان عەرەب بیت و ئیسلامت خۆشنەوێ، جگە لە میشێل عەفلەق دەتوانین سەرنجی بۆچوونەكانی محمد عەمارەش بدەین، محمد عـەمارە كە بە سەرەتایەكی چەپ دەستپێدەكات و، دواتر بەرەو نەتەوەییەكی عەلمانی و، لە كۆتایی حەفتاكاندا دەكەوێتە نێو ئەم شەپۆلەوەو دەبێتە نەتەوەییەكی ئیسلامی، تا ئەم لەحزەیە محمد عەمارە نموونەی ناسیۆنالیستێكی عەرەبی توندڕەوە كە لەنێو ئیسلامدا كار دەكات، بەردەوام ئیسلام و عروبە وەك دوو دیوی یەك دراو نیشان دەدات، كە عروبە و ئیسلام هەریەكەیان بێ ئەویدی مەزنی خۆی لە دەستدەدات، بێگومان هۆكارێكی گرنگی بەهێزبوونی رەوتی تێكەڵكردنی عروبە و ئیسلام یان رەوتی تەوزیفكردنی ئیسلام بۆ عروبە لە دوای شەڕی ساڵی ١٩٦٧ دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كە هێزی دوژمن كە دەوڵەتی ئیسرائیلە هەڵگری شوناسێكی ئایینییە كە ئایینی یەهودییە، لە بەرانبەر ئەمەدا ناسیۆنالیزمی عەرەبی دەگەڕێتەوە بۆ ئیسلام و دەیكاتە شوناس.

٢- لەدوای شەڕی عەرەب –ئیسرائیل و تێكشكاندنی عەرەب لەوشەڕەدا، گوتاری ناسیۆنالیزمی عەرەبی هەمیشە گوتارێك بوە بۆ دەرەوە، گوتارێك بوە بۆ رەخنەگرتن لەئەویدی و خۆ كۆكردنەوە بۆ دژایەتیكردنی دوژمنان، ئیدی هیچ چاوێكی رەخنەیی لەسەر ماڵی عەرەب و دنیای عەرەب نەبوە، بگرە زیاتر لەمە هەرچەشنە پرۆسەیەكی چاكسازی لە دونیای عەرەبیدا فەرامۆشكردوە و، بە ناوی بەرەنگاربوونەوەی ئەویدی دوژمنەوە هیچ چاكسازی و هەنگاوێكی بۆ پێشەوە نەهاویشتوە، بەتەواوی خەونی دیموكراتیزەكردن و بنیاتنانی كۆمەڵگای مەدەنی لە دونیای عەرەبدا بەناوی دژایەتیكردنی ئیسرائیلەوە كوشتوە، لەم نێوەندەدا گوتاری ناسیۆنالیزمی عەرەبی سەربازێك بوەو، بێ بیركردنەوە بە هەرچوارلادا تەقەی لە دوژمنەكانی كردوە، ئیدی بێ ئاوڕدانەوە لەو تاریكیانەی

کە ئەو بەرگری لێدەکات، شایانی باسە ئەم تێزە لە قۆناغەکانی پێشتری ژیانی ناسیۆنالیزمی عەرەبیدا بوونی هەبوە، بەڵام دوای شەڕی ئیسرائیل بەشێوەیەکی سەیر گەشەیکردو، بوە کارەساتێکی گەورە بۆ سەرجەم دنیای عەرەبی، پتر لەمەش کارەساتی گەورە لەوەدایە کە ئەم گوتارە بەردەوام لە فۆرمێکی ئاییینیدا خۆی پەخشدەکات، هەربۆیە توانیویەتی بچێتە نێو هۆشیاری تاکی عەرەبییەوە، ئەمڕۆ لە میدیاکانەوە دەبینین کە زۆرێك لە هاوڵاتییە عەرەبییەکان دەڵێن دیکتاتۆریەتی وڵاتەکانی خۆیان لەمۆدێلی دیموکراسی خۆرئاوایی پێباشترە، لە نێوان گەندەڵی ناوخۆ و چاکسازی دەرەکیدا گەندەڵی ناوخۆیی هەڵدەبژێرن.

٣- لە گوتاری ناسیۆنالیزمی عەرەبی ئەم قۆناغە گەلێك رەخنە لە دنیای عەرەبی گیراوە، ئەم رەخنانە بە مەبەستی چاکسازی دونیای عەرەبی نەبوە، رەخنە نەبوە لە نەبوونی دیموکراسی و ئازادی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی، بەڵکو رەخنەگرتن بوە لەو میکانیزمانەی کە ناسیۆنالیزم عەرەبی بەهۆیەوە رووبەڕووی دوژمن بۆتەوە، واتە خۆ گورجکردنەوە بۆ جەنگ لەگەڵ ئەویدی دوژمندا، ئەم رەخنانە لە کۆی گشتیدا هێندەی تر رووبەری ئازادی تەسککردۆتەوەو هەوڵەکانی ئازادی و دیموکراتی کۆمەڵگای عەرەبی لەباربردوە، ئەم دۆخە بە تەواوی هێڵە ئایدیۆلۆژی و توتالیتارییەکانی ناسیۆنالیزمی عەرەبی تۆخکردەوە، لەم ساتەوەختە بەدواوە ناسیۆنالیزمی عەرەبی سیاسەتی وەك بوارێك سەیرکرد بۆ جیاکردنەوەی دۆست و دوژمن لەیەکتر، یان دەبێت دۆستی ناسیۆنالیزمی عەرەب بیت یان دوژمن بیت و هەموو توانای خۆیشی دژی ئەو دوژمنە تەیارکرد، تواناکانی خۆی هەموو بۆ دژایەتی دوژمنی نەتەوەی عەرەب مۆبیلیزەکرد بێ ئەوەی کەمترین توانای خۆی بۆ دیموکراسی و رێزگرتن لە جیاوازییەکان تەرخانبکات، بگرە لەسایەی تەماشاکردنی ناوەندی سیاسەت وەك بوارێك بۆ دیاریکردنی دۆست و دوژمن، لەسایەی قوتکردنەوی دوژمنێکی هەمیشەیی بەناوی ئیسرائیل کە هەڕەشە لە بوون و ژیانی نەتەوەی عەرەب

دەکات هەموو خەونێکی بونیادنانی دیموکراسی و کۆمەڵگای مەدنی لە جیهانی عەرەبیدا لەبار برد. ئەم بەرەنگاربوونەوەی دوژمنە لە گوتاری ناسیۆنالیزمی عەرەبیدا پەرەی بە دۆخێکدا کە پێشتر بوونی هەبوە، ئەویش بەرهەمهێنانی وێنەی دوژمنە، تا ئەم وێنەیە بەردەوام وەك داینەمۆیەك خۆی نیشانبدات بۆ جۆشدانەوەی گیانی ناسیۆنالیستی عەرەبی و، بڵاوکردنەوەی ئەم گیانە لەناو خەڵکدا، هەروەها بەهۆی ئەم وێنەیەوە شەرعییەت بە بوون و مانەوەی خۆی دەبەخشێت.

٤- لەم قۆناغەدا بەشێوەیەکی سەیر شعووری دژە خۆرئاوایی لە نێو ناسیۆنالیزمی عەرەبیدا گەشەدەکات، شعورێك دژی هەموو بەهایەکی خۆرئاواییە، لەوانەش بەهاکانی دیموکراسی و لیبرالیزم، ئەم شعورە گیرۆدەیە بەدەست گرفتی دژایەتیکردنی سەهوێنیەت و ئیمپریالیزم و، لەوێشەوە هەموو دەرگاکانی کرانەوەی بەسەر خۆیدا داخستوە.

کاتێك سەرنجی قۆناغە جیاوازەکانی ژیانی بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی دەدەین دەتوانین ئەم سەرنجانە تۆمار بکەین:

یەکەم: گوتاری ناسیۆنالیزمی عەرەبی بەدیدێکی عەلمانی دەستپێدەکات، بەڵام بەردەوام و بە درێژایی مێژووی ئەم گوتارە دیدی عەلمانی لە پاشەکشەدا بوە، بە پێچەوانەوە هەمیشە گەڕانەوەیەکی بەردەوام بۆ ناو هزر و ئەندێشەی ئایینی لە ئارادابوە، رۆژ بە رۆژ مەیلی بە عەرەبەکردنی ئیسلام بەهێز بوە، گوتاری عەلمانی ناسیۆنالیزمی عەرەبی لە زکی لارسوزییەوە دەستپێدەکات، سەردەمی جاهیلی پێش ئیسلام بە سەردەمی رەسەنایەتی عەرەب دەزانێت و، پێیوایە هاتنی ئیسلام زیانێکی گەورەی بۆ عروبە و رەسەنێتی عەرەب و کەلتوور و ئەخلاقی عەرەبی هەبوەو، رەسەنێتی عەرەبی تێکلاوی ئەعجەمیەت کرد، بەڵام ئەمڕۆ گوتاری ناسیۆنالیزمی عەرەبی تا دەگات بە محمد عەممارە، ئیسلام وەك

عیزەت و مەزنی عەرەب تەماشا دەکەن، ناتوانن بە بێ ئیسلام باس لە مەزنی و سەروەری عەرەب بکەن، ناتوانن بە بێ ئیسلام و مێژووی ئیسلامی باس لە داهێنان و عەقڵ و دنیابینی عەرەبی بکەن، تا ئەم لەحزەیەش لەدنیای عەرەبیدا رەوتی بە ئایینیکردنەوەی گوتار و، دنیابینی ناسیۆنالیزمی عەرەبی لەبەرەوپێشچووندایە، ئالێرەدا هەست بەو پاشەکشە گەورەیە دەکەین کە لەناو دنیابینی ناسیۆنالیزمی عەرەبیدا بوونی هەیە.

دووەم: ناسیۆنالیزمی عەرەبی لە سەرەتاوە تارادەیەك دیدێکی واقعی بەسەرید زاڵبوە و رەچاوی دۆخی واقعی کۆمەڵگا عەرەبییەکانی کردوە، بۆیە دەبینین بۆ چارەسەری کێشەی هەرێمە جیاوازەکانی عەرەبی پێشنیاری سیستمی فیدراڵی کردوە بۆ یەکگرتنی عەرەب، ئەمەش تارادەیەك مانای رەچاوکردنی تایبەتمەندی ژیان و بیرکردنەوەی هەرێمەجیاوازەکانە، بەڵام دیسانەوە لەم گوتارەدا ئەو رادە واقیعیەش دەکەوێتە بەردەم پاشەکشە و روو لەلاوازی دەکات، بۆیە دەبینین لەسەردەمەکانی دواتردا بانگەشەی یەکگرتنی تەواو و حوکمێکی مەرکەزی بەهێز بۆ هەموو عەرەب بێڕەچاوکردنی تایبەتمەندی ئایین و مەزهەب و نەریت و ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری هەریەك لەو هەرێمانە دەبێتە گوتاری هەرە زاڵی ناسیۆنالیزمی عەرەبی، ئەم پێشنیاری یەکگرتنەش بە تەواوی لە نوسینەکانی ساتح الحصریدا رەنگیداوەتەوە، بگرە دەتوانین پێ لەسەر ئەوە دابگرین لە گوتاری ناسیۆنالیزمی عەرەبی رۆژ بە رۆژ واقیعییەتی لەدەستداوە و، وایلێهاتوە بەردەوام بەکۆمەڵێك یۆتۆپیاوە رووبەرووی واقیع بۆتەوە و، هەرچی پێی بڵێی واقیعییەت لەدەستیداوە، هەربۆیە ئەمڕۆ پاشکەوتوییەکی گەورەی فیکری و سیاسی و ئابووری لەزۆربەی وڵاتە عەرەبییەکاندا دەبینینەوە، بە تایبەت ئەو وڵاتانەی تێزی ناسیۆنالیزمی عەرەبی تیایدا حوکمیکردوە، ئەو یۆتۆپیایانە بەردەوام رێگر بوە لەوەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی دیوی واقعی و راستەقینەی کێشەکان ببینێت و چارەسەریان بکات.

سێیەم: دنیابینی ناسیۆنالیزمی عەرەبی هەر لەسەرەتاوە لەسەر بنچینەی عرق دامەزراوە، واتە رەگەزی عەرەب بناغە و پێوەرە بۆ بینینی مرۆڤەکان و، بۆ تەفسیرکردنی هەردیاردەیەك و، هەر کێشەیەك، ئەم تەفسیرە پتر لە هەر شتێکی تر ناسیۆنالیزمی عەرەبی لە فاشیزم نزیککردۆتەوە تا لەهێزێکی دیموکراتی، رەنگە هەڵە نەبێت تراژیدیای کەمایەتییەکان لە دنیای عەرەبیدا بە بەرهەمی ئەم تەفسیرە عرقییە بزانین، کورد وەك نەتەوەیەك لەناو وڵاتێکی عەرەبیدا هەمیشە بەچاوی خۆی پراکتیکی ئەم تەفسیرە عرقییەی بینیوە، نەك تەنها وەك هاوڵاتییەکی پلە دوو لە عیراقی عەرەبیدا حسابی بۆ کراوە، بەڵکو بەردەوام سەرکوتکردن و جینۆساید لە دژی پیادەکراوە، چونکە هەمیشە وەك خەتەرێك لەسەر رەگەزی عەرەب حسابی بۆ کراوە، هەروەها دەتوانین لەم روانگەیەوە بە هەمانشێوە تەماشای تراژیدیای گەلی دارفۆریش بکەین، سەیری کێشەی بەربەرەکانی جەزائیر و قیبتییەکانی میسریش بکەین.

چوارەم: ئایدیای کودەتاخوازی لە دوای جەنگی دووەمی جیهانەوە پەڕیوەتە ناو هزر وگوتاری ناسیۆنالیزمی عەرەبییەوە، سەرچاوەی زۆر کارەساتی گەورە بوە لە دنیای عەرەبیدا، چونکە لە وێوە زنجیرەیەك کودەتای جۆراوجۆر رویانداوە و، هەموویان سەریان لە دەوڵەتی شمولی و دیکتاتۆرییەوە دەرچوە، بەگشتی دەتوانین ئەو سەرنجە تۆماربکەین کە گوتاری ناسیۆنالیزمی عەرەبی لەسەرەتاوە تا ئێستا لە قەیران و پاشەکشەی گەورەدا بوە، رۆژ بەرۆژ ئەگەرەکانی کرانەوە و دیموکراتیزەکردن لە گوتاری ناسیۆنالیزمی عەرەبیدا بەرەو لاوازی رۆیشتوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە ناسیۆنالیزمی عەرەبی بەهۆی ئەو مەیلە بەهێزەی کە بۆ خۆگرێدانەوە بە هزر و کەلتووری ئیسلامییەوە هەیەتی، بەهۆی ئەو هەستە دژە خۆرئاواییەی کە هەموو بەها و کەلتوورێکی ناسیۆنالیزمی عەرەبی تەنیوە، دۆخێکی ئەوتۆی خولقاندوە کە ئەگەری

کرانەوەو دیموکراتیزەکردن لە گوتاری ناسیۆنالیزمی عەرەبیدا نەك هەر قورس و زەحمەت بێت، بەڵکو جۆرێك بێت لەمەحاڵ.

## ئیسلام وەك شوناسی عەرەب

یەکێك لەدیارترین سیماکانی ناسیۆنالیزمی عەرەبی لەم چەند دەیەی رابردوودا، بریتی بوە لە هەوڵی بەشوناسکردنی ئیسلام بۆ عەرەب بەرانبەر بە ئەوی یەهودی، بەرانبەر بە ئەوی خۆرئاوایی، لەبەرانبەر هەموو ئەوانی جیاوازدا، ئەم پرۆسەی بە شوناسکردنەش لە لایەك لە چەندین ئاستی جیاوازدا پیادەکراوە، واتە بەتەنها وەك شوناسی ئایینی بۆ عەرەب لێکنەدراوەتەوە، بەڵکو وەك شوناسی ژیاری بەرانبەر بە ژیاری خۆرئاوا ، وەك شوناسی سیاسی بەرانبەر بە دەوڵەتی ئیسرائیل، وەك شوناسی مێژووی بۆ بوونی نەتەوەیی عەرەبی، کە ئەم شوناسە مانای گەورەیی و مەزنی نەوەکانی رابردووی عەرەب دەگەیەنێت، بەردەوام ئێستای عەرەب لەسەر ئەم شوناسە مێژوییە ئەژی و، ئەم مێژووەش بەرهەم دەهێنێتەوە، لەلایەکی دی پرۆسەی بە شوناسکردن لە ژێر کاریگەری وێنەکانی دەرەوەدا دروست بوە، لەوانە وێنەی داگیرکاری خۆرئاوا، واتە ئەگەرچی لەسەرەتاوە خۆرئاوا وەك هێزێکی رۆشنگەر و عەقڵانی وعەلمانی و مرۆڤدۆست خۆی نیشاندا، لەژێر کاریگەری ئەم وێنەیەدا پیاوێکی وەك زەکی لارسوزی دروستدەبێت، بەڵام لەگەڵ هاتنی خۆرئاوا وەك هێزێکی کۆلۆنیالیست و چەوسێنەر، هەستی گەڕانەوە بۆ لای ئیسلام و بەشوناسکردنی لەبەرانبەر ئەوی خۆرئاوایی داگیرکەردا پەرەیسەندو و بوو بەڕەوتێکی دیاری ناو گوتاری ناسیۆنالیستی عەرەبی، جگە لەمە دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل

( وەك باسمانكرد) خاڵی وەرچەرخان بوو بەنیسبەت ئەم گوتارەوە، چونکە ئیدی لـەوێوە بیرۆکـەی گەڕانـەوەی ناسـیۆنالیزمی عـەرەبی بـۆ لای ئیـسلام بـۆ رووبەرووبونـەوەی ئـەوی یـەهودی و ئـەوی خۆرئـاوایی رەواجـی پەیـدا کـرد، دامەزرانـدنی دەوڵـەتی ئیـسرائیل رۆڵێکـی یـەکجار نێگـەتیڤی گێـڕا لـەوەدا کـە دۆخێکی ئەوتۆی هێنایە پێشەوە کە دنیای عـەرەب رۆژ بـەڕۆژ بەسـەر خۆیـدا دابخرێتـەوەو ، هەرچـی ئەگـەری گۆڕانـە بکرێتـە دەرەوەی ژیـانی ناسـیۆنالیزمی عەرەبی.

هەروەها دەکرێت لێرەدا ئاماژە بەوەبکەین مەترسـی گـەورەی بەشوناسـکردنی ئیسلام بەتەنها لەوەدا نییە کەهێزێك خۆی دەداتە پاڵ ئایین و هێز و کەلتوور و ژیـاری ئیـسلامی بـۆ مـەرامی ناسیۆنالیـستی تەوزیفـدەکات، بـەڵکو پـتر لەوەدایـە بەخشینی شوناسـی ئـایینی بـە هێزێـك لەناوەڕۆکـدا سـەندنەوەی ئـەو شوناسـەیە لەوانیـدی، رەوایەتیدانــە بــە خــود بــۆ قــۆرخکردنی رەهــای حەقیقــەت و سـەرکوتکردنی ئەوانیـدی، زیـاتر لەمـەش گوێزانـەوەی ئایینـە بـۆ ناوجەنگـە ناسیۆنالیستییەکان، ئیدی شـەڕە ناسیۆنالیـستییەکان دەبنـە شـەڕی ئـایین، شـەڕە ناسیۆنالیـستییەکان دەبنـە ئـایین و بـەناوی ئایینـەوە خۆیـان دەکـەن بەهـەموو سەردەم و کۆمەڵگا جیاوازەکاندا، شۆڤێنیەتی ناسیۆنالیستی دێت و لە بەرگی فتوا و بڕیاری ئایینی خۆیمان پێشکەش دەکات، لەژێر رۆشنایی ئەمەدا دەتوانین لـەوە تێبگـەین کـە بۆچـی لـە ئێـستادا فتواگـەلێکی زۆر هەیـە دژ بـەزمانی کـوردی و بەکارهێنانی ئەو زمانـە، گوایـە ئـەو زمانـە جێگـەی بـە زمـانی پـیرۆز کـە زمـانی قورئانە چۆڵدەکات، هـەروەها دەتـوانین لـەوە تێبگەشـن کـە بۆچـی شـەڕی نێـوان عەرەب و ئیسرائیل کە شەڕێکی ناسیۆنالیستی تەواوە، کەچی ئەم شەڕە بەردەوام لە فۆرمی شەڕێکی ئایینیدا دەخرێتـە روو، وەك جـەنگی نێـوان پـیرۆز و نـاپیرۆز تەماشا دەکرێت، وەك شەڕی نێوان مسوڵمان و یـەهودی لێکدەدرێتـەوە، بـەردەوام جـەنگی ئیـسرائیل دژ بـە عـەرەب، بـە جـەنگی یـەهودی دژ بـە ئیـسلام

تەفسیردەکرێت، ئەمەش نەك بە تەنها لە کۆمەڵگا عەرەبییەکاندا سەپاوە، بەڵکو لە کۆمەڵگا ئیسلامییەکانی دیکەشدا بەهەمان شێوە سەپاوە، زیاتر لەوەش ئەم مەسەلەیە تیۆریزە کراوەو خۆی خزاندۆتە ناو فیقهـ و شەریعەتەوە، بۆیە دەبینین لەناو گەلانی مسوڵمان و فەرهەنگی ئیسلامیدا وێنەی جولەکە زۆر ناشرینکراوە، بە ئەندازەیەك ناشرینکراوە کە هەمیشە وەك دوژمنێکی لە ئاشتی نەهاتووی ئیسلام خراوەتەڕوو، هەربۆیە کێشەی نێوان عەرەب و ئیسرائیل وەك کێشەی نێوان جیهانی ئیسلامی و ئیسرائیل ئەخرێتە روو، لەم حاڵەتەدا ناتوانین دۆگمای ئایین و دگمای نەتەوە لە یەکتر جیابکەینەوە، هەریەکەیان بە ئاڕاستەی خۆی کۆمەڵگا بەرە و خورافیبوون و داخران دەبات.

جێی خۆیەتی ئەوە بەیاد بهێنینەوە لەپشت پرۆسەی بەشوناسکردنی ئیسلام بۆ مەرامە ناسیۆنالیستییە عەرەبیەکان چەندین بیرمەندی جۆراوجۆر هەبوون و هەن، سەرنجدانێك لە فیکر و بیرکردنەوەی ئەوانە گرنگە تا رۆشنتر لە بەشوناسکردنی ئیسلام بۆ عروبە تێبگەین، ئێمە لێرەدا سەرنجی بیرو خوێندنەوەی دوو بیرمەندی عەرەبی و ئیسلامی دەدەین و، بە پێی توانا هەوڵدەدەین تێزەکانیان لە مەڕ پەیوەندی ئیسلام و عروبە و، بە شوناسکردنی ئیسلام بخەینە روو ، ئەوانیش : یەکەمیان : میشێل عەفلەق ، دوەمیان: محمد عەممارە

### یەکەمیان : میشێل عەفلەق

میشێل عەفلەق یەکێکە لە گرنگترین بیریارەکانی ناسیۆنالیزمی عەرەبی، دامەزرێنەری یەکێك لە گرنگترین قوتابخانەکانی بیری ناسیۆنالیزمی عەرەبییە کە قوتابخانەی بەعسە، لەڕاستیدا میشێل عەفلەق یەکێکە لە بەرجەستەترین ئەو بیرمەندانەی بە شێوەیەکی تەواو بەرجەستە ئیسلام و عروبە تێکەڵاو دەکات و ئیسلام وەك شوناس و مەزنایەتی عەرەب تەماشادەکات، بەلای میشێل

عەفلەقەوە هەڵەیەکی کوشندە و وەهمێکی گەورەیە باس لە عەلمانیبوون یان بێ لایەنی ناسیۆنالیزمی عەرەبی بکەین بەرانبەر بە ئایین، چونکە سروشتی ناسیۆنالیزمی عەرەبی ئیسلامیبوون دەخوازێت، تەنانەت میشێل عەفلەق پێیوایە جیاکردنەوەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی لە ئیسلام بەشێکە لە هێرشی شارستانییەتی خۆرئاوا بۆ داگیرکردنی عەقڵی عەرەبی، ئەو پێیوایە قەبوڵکردنی بیرۆکەی جیاکردنەوەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی لەئیسلام قەبوڵکردنێکی پڕ هەڵە ومەترسیدارە و، بنەمای پلانی داگیرکاری خۆرئاوایە بۆ جیهانی عەرەبی، چونکە ئەوان دەزانن وزەی مەزنی ناو عەرەب ئیسلامە، میشێل عەفلەق دەڵێت: بۆ بیری ناسیۆنالیستی لە خۆرئاوادا کارێکی لۆژیکییە ناسیۆنالیزم لە ئایین جیابکاتەوە، چونکە بۆ ئەوان ئایین لە دەرەوە هاتوەو، بێگانە بوە بەسروشت و مێژوویان، پوختەی عەقیدە و ئەخلاقی ئەونیدیکە بوە، ئایینەکەیان بەزمانی نەتەوەیی خۆیان دانەبەزیوەو، وەڵامدەرەوەی پێویستییەکانی ژینگە و کۆمەڵگاکەیان نەبوە، تێکڵاوی مێژوویان نەبوە، بەڵام ئیسلام بۆ عەرەب عەقیدەی ئەوانیدیکە نەبوە، بەتەنها ئەخلاق نەبوە، بەڵکو باشترین وەڵامدەرەوە بوە بە هەستی گەردوونی و بە تێڕوانینی بۆ ژیان، بەهێزترین گوزارشت بوو لەیەکێتی کەسایەتی عەرەب(٦٧) زیاتر لەمەش میشێل عەفلەق پێیوایە خۆرئاوا بە حوکمی ئەو باکگراوەندە مێژوییەی کە هەیەتی بەرانبەر بە ئیسلام و شکستی خۆرئاوا لە بەرانبەر ئیسلامدا، هەوڵدەدا ئیسلام و عروبە لە یەکتر جیابکاتەوە، عەفلەق دەڵێت: (( ئەوروپای ئەمرۆ لەڕابردوودا لەبەرانبەر ئیسلامدا لە بوونی خۆی ترساوە، بەڵام ئەمڕۆ ئەوەش دەزانێت کە هێزی ئیسلام _وەك چۆن لە رابردوودا لە هێزی عەرەبدا خۆی نواندوە- سەرلەنوێ ژیاوەتەوە بە دیمەنێکی نوێوە دەرکەوتوە کە ناسیۆنالیزمی عەرەبییە))(٦٨) بەم شێوەیە میشێل عەفلەق کار لەسەر ئەوە دەکات کە جیاکردنەوەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی لە ئیسلام وەك بەشێك لە موئامەرەی خۆرئاوا بۆ شکستپێهێنانی ئیسلام و عەرەب لە هەمانکاتدا

نیشاندەدات، ئەمەش زەمینە خۆشدەکات تاوەکو تێکلاوییەکی بێ سنوور لە نێوان ئیسلام و ناسیۆنالیزمی عەرەبیدا بەدیبهێنێت.

خالێکی دیکە کە لەهزری میشێل عەفلەقدا سەرنجمان رادەکێشێت، تەماشاکردنی ئیسلامە وەك کەلتووری نەتەوە، ئیسلام کەلتوورێکی مەزنی عەرەبە و قابیلی دەستبەرداربوون نییە، بەلای میشێل عەفلەقەوە ئیسلام رۆحی کەلتوور و رۆحی نەتەوەیی عەرەب پێکدەهێنێت، ئەو دەڵێت (( ئیسلام بۆ ئێمە رۆشنبیرییەکی نەتەوەییە پێویستە لێی تێبگەین و خۆشمان بوێت، سووربوونمان لەسەر ئیسلام سووربونمانە لەسەر بەنرخترین شت لە عروبەماندا))(٦٩) بەمەش ئیسلام دەبێتە چەمکێکی هەرە بنەڕەتی لەعروبەدا، زیاتر لەمەش لای میشێل عەفلەق ئیسلام هزر و تێڕوانینی عەرەبە بۆ جیهان، فەلسەفە و مێژووی عەرەبە، عەفلەق راشکاوانە دەڵێت ((ئیسلام مێژوومانە، پاڵەوانبازییەکانمانە، زمانمانە، فەلسەفە و تێڕوانینمانە،رۆشنبیرییەکی نەتەوەییە بۆ یەکپێگرتنی عەرەب بەهەموو ئایین و مەزهەبەکانییەوە، بەم مانایە عەرەبێکی ناموسڵمان نییە))(٧٠) ئالێرەدا رادەی تێکلاوی ئیسلام و ناسیۆنالیزمی عەرەبی دەردەکەوێت، ئیسلام لە هەموو ئاستەکاندا دەبێتە شوناسی عەرەب، لە ڕووی مێژوییەوە دەبێتە شوناسی مێژویی عەرەب، لەڕووی فەلسەفە و تێڕوانینەوە بۆ ژیان دەبێتە شوناس بۆ هەموو عەرەبێك، هەر لەم روانگەیەوە عەفلەق دەڵێت عەرەبێکی نامسوڵمان نییە، واتە لای عەفلەق ئیسلام وەك کەلتوور و شوناس بوونی هەیە نەك وەك ئایین، هەربۆیە کەلتوور و شوناسی هەموو عەرەبێکە جا ئیتر ئەو عەرەبە موسڵمان بێت یان مەسیحییان یەهودی.

تێکلاوی نێوان ئیسلام و عروبە لای میشێل عەفلەق بەرادەیەکی سەرسوڕهێنەر بوونی هەیە، بەجۆرێك ئەو دووانە هەریەکەیان بێ ئەویدی مەزنی و سەروەری خۆی لە دەستدەدات، هێزی رووبەڕووبونەوەی داگیرکەر و هێزی دروستکردنەوەی عەرەب لە ئیسلامدایە، لێرەوە بە باوەڕی من ئێمە

دەتوانین ریشەی بزووتنەوە فەندەمینتالیستی و توندڕەویی ئایینی لەفیكری میشێل عەفلەقدا بدۆزینەوە، باسەرنجی چەند بۆچوونێكی عەفلەق بدەین، كاتێك عەفلەق باس لەسەرەتای سەرهەڵدانی ئیسلام و ژیانی پێغەمبەری ئیسلام دەكات دەڵێت (( لە رابردوودا تێكڕای ژیانی نەتەوەیەك لە ژیانی پیاوێكدا كورت ببووەوە، ئەمڕۆش پێویستە تێكڕای ژیانی ئەو نەتەوەیە لە سەرلەنوێ هەستانەوەیدا درێژەپێدانی ژیانی ئەو پیاوە مەزنە بێت، محمد هەموو عەرەبێكە، پێویستە هەموو عەرەبێكی ئەمڕۆش محمدێك بێت))(٧١) ئەو گوتەیەی میشێل عەفلەق دەلالەت لە چیدەكات جگەلە رۆح و جەوهەری فەندەمینتالیزمی ئیسلامی، ئاخر گوتاری بزووتنەوەی ئایینی هەر لە محمد عەبدە و رەشید رەزاوە، تا دەگاتە ئیخوان موسلمین و، تا دەگاتە هێز و گرووپە توندرەوەكانی ئەمڕۆ ،چی بوە جگە لە بانگەوازكردن بۆ ئەوەی كە پێویستە هەستانەوەو ژیانەوەی عەرەب درێژە پێدەری ژیانی محمد بێت، جگە لەوەی رێگای رزگارییان بەوەنیشانداوە كە دەبێت هەموو عەرەبێكی ئەمڕۆ لەسەر رێبازی محمد بێت یان محمدێك بێت، ئالێرەدا ئەو هێڵە ئاشكرا دەكەین كە بیری ناسیۆنالیزمی عەرەبی بەتایبەت لای میشێل عەفلەق بە بیری بزووتنەوەی فەندەمینتالیستییەوە دەبەستێت، هەڵە ناكەین ئەگەر باوەڕمان وابێت ئەو دیدوبۆچوونانەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی سەبارەت بە ئیسلام سەرچاوەیەكی هەرە گرنگی لەدایكبوونی فەندەمینتالیزمی ئیسلامی بوو.

**دووەمیان: محمد عەممارە:**

محمد عەممارە یەكێكە لە نوسەرە دیارەكانی رۆشنبیری عەرەبی، خاوەن پێگەو نفوزی فیكری خۆیەتی، عەممارە بە سەرەتایەكی چەپ دەست پێدەكات و لە كتێبی ( نظرة جديدة للتراث) روانگەی چەپگەرانەی خۆی بۆ مامەڵەكردن لەگەڵ كەلتووردا دەخاتەڕوو، كە ئەم كتێبە لە ژێر كاریگەری تێزەكانی ماركسیزم-لینینیزم بۆ مامەڵە لەگەڵ كەلتوور و مێژودا نوسراوە، عەممارە لەو

قۆناغـەدا تێڕوانینـەکانی خـۆی سـەبارەت بـە بوژانـەوەی دونیـای عـەرەبی و، گەشەپێدانی عروبە لەسەر دیدێکی چەپ و مارکسیستانە بونیادبوو، لەو کتێبەدا لە ژێر کاریگەری ئەدەبیاتی لینینزم باوەڕی وابوو کەدەبێت وامامەڵە لەگەڵ کەلتووری ئیسلامیدا بکرێت کە لایەنە پێشکەوتووخوازەکانی کەلتوور دژ بە لایەنە دواکەوتوەکانی کەلتوور بەکاربهێنرێت، بەڵام لەکۆتایی ساڵانی حەفتا و سەرەتای ساڵانی هەشتادا گۆڕانێکی تاڕادەیەك ریشەیی بەسەر بۆچوونەکانیدا هاتوە، لە نەتەوەییەکی چەپگەراو عەلمانییەوە بۆ نەتەوەییەکی ئیسلامی، بۆ نەتەوەییەك کە بەتەواوی زیندووبونەوەی عەرەب بە زیندووبونەوەی ئیسلامەوە دەبەستێتەوە، بە هەموو مانایەك ئیسلام دەکاتە شوناس بۆ عەرەب.

هەڵبژاردنی محمد عەممارە بۆ قسە لەسەرکردن لەم نوسینەدا دەگەڕێتەوە بۆ دوو خاڵی سەرەکی: یەکەمیان: تێڕوانینەکانی عەممارە بۆ پەیوەندی نێوان ئیسلام و عروبەو، کارەکانی عەممارە بۆ تەوزیفکردنی ئیسلام بۆ عروبەو، بەهێزکردنی پێگەکانی لەنێو ئیسلامدا پتر لە کاری هەر نوسەر و رۆشنبیرێکی دیکەی عەرەب جێگەی سەرنجە، عەممارە زۆر هونەرمەندانە و لێزانانە کار لەناو ئەم پرۆسەیەدا دەکات و، بەردەوام خۆی وەك دڵسۆزێکی ئیسلام و کەسێکی ئیسلامخواز دەخاتەڕوو، ئەو لەناو دەقەکاندا یارییەکی زۆر لێزانانە دەکات و دەزانێت چۆن پێگەی عەرەب لە ناو ئیسلامدا بەهێز دەکات

دووەمیان : محمد عەممارە کاریگەرییەکی زۆری لەناو رۆشنبیری ئیسلامی کوردستاندا هەیە و عەممارە وەك بیرمەندێکی ئیسلامی دەناسرێ و بانگەشەی بۆ دەکرێت و، بەردەوام کتێبەکانی دەکرێت بەسەرچاوە، بەردەوام ئیلهامبەخشە بە گفتوگۆ و بیرکردنەوەی ئیسلامییەکان .

لێرەدا هەوڵدەدەین گرنگترین بنەماکانی ئەندێشە و هزری محمد عەممارە بخوێنینەوە:

١- بەرگریکردن لەزاهیری دەق:

یەکێك لە گرنگترین ئەو کارانەی کە محمد عەممارە دەیکات بەرگریکردنی ئەوە لە زاهیری دەق و ئەو میتۆدەی کە لەڕێگەی زاهیری زمانەوە مانا بەرهەمدەهێنێت، چونکە عەممارە لەوە گەیشتوە کە هەمیشە لە پشت میتۆدی زاهیری دەقەوە کەلتوورێکی عەرەبی و رۆحێکی عەرەبی راوەستاوە، لە پشت زاهیری دەقەکانەوە بەهاو کەلتوور و لەحزەیەکی مێژوویی عەرەبی دێتە قسەو، لە فۆرمی ئاییندا خۆی نیشاندەدات، بە پێچەوانەشەوە تەئویلی زاهیری دەق یان تەجاوزی زمانی دەق ئەگەری ئەوە زیاددەکات کە کەلتوور و رۆشنبیریی نەتەوەیەکی دیکە بێتە ناو ئیسلامەوە و، ببێت بە بەشێك لە بیرکردنەوەی ئیسلامی و رەوایەتی وەربگرێت، یان خوێندنەوەی عەقڵانی بۆ ئیسلام دیسانەوە پەنجەرەکانی ئیسلام دەخاتە سەرپشت تا عەقڵە غەیرە عەرەبییەکان بێنە ناو دەقەکانەوەو، رۆڵیان هەبێت لە دروستکردنی مانای دەقدا، هەربۆیە عەممارە زۆر بە توندی دژ ئەم جۆرە خوێندنەوانەی دەق دەوستێت، ئەو دژی بەهێزکردنی پێگەی عەقڵ و رەتکردنەوەی نەقڵ دەوستێت، لای عەممارە رەتکردنەوەی نەقڵ پێگەیەکی لەناو شارستانییەتی عەرەبی ئیسلامیدا نییە، بەڵکو کاریگەری خەڵکانی دیکەیە، کاریگەری پاشماوەی یۆنانییە نەك عەرەبی(٧٢).

محمد عەممارە شەڕێکی بێ ئامان دەکات لەگەڵ هەموو ئەو دەنگانەی کە بانگەشەی تەجاوزکردنی دەق دەکەن، شەڕی عەممارە دژی نەسر حامید ئەبوزەید، دژی حەسەن حەنەفی، دژی محمد ئارگۆن، لەسەر هەمان خاڵە، ئەو لە کتێبی ( الاسلام بين التنوير و التزوير)دا شەڕی خۆی دژی ئەو بیرمەندانە رادەگەیەنێت، ئەو بۆیە دژی ئەبوزەیدە چونکە ئەبوزەید بانگەشە بۆ تەجاوزی زمانی دەق دەکات، بۆیە دژی ئارگۆنە چونکە باوەڕی بە مێژوییبوونی دەق

هەیە، تەجاوزکردن و مێژوییبوونیی دەقیش ئەو شتەیەی کە تێیدا مانایەك بۆ عروبەی ئیسلام نامێنێتەوە، چونکە لەلایەك دەرگا دەکاتەوە تا تەفسیر و رۆشنبیریی نەتەوەکانی دیکە بێنە ناو ئیسلامەوەو، وەك بەشێك لەهزر و رۆشنبیریی ئیسلامی بونیان هەبێت و شەرعییەت وەربگرن، لە لایەکی دی زەمینەی ئەوە خۆشدەکات کە هەر نەتەوەیەك و بەزمانی دایك تەبەنی ئایین بکات و مەرامە ئاینییەکان لەناو خۆیدا مومارەسە بکات، بەم شێوەیە بەرگریکردن لە زاهیری دەق لەناوەرۆکدا بەرگریکردنێکی عەرەبیانەیە و بۆ مەرامەکانی عروبە ئەنجام دەدرێت، ئەگەرچی لە زۆر کاتدا عەممارە خۆی وەك دڵسۆزی ئیسلام و هەوڵدەر بۆ نەشێواندنی ئیسلام ئەخاتەڕوو، بەڵام تاکە هێزی بزوێنەر لای عەممارە تەنها عروبەیە نەك ئیسلام، شایانی باسە گوتاری ناسیۆنالیزمی عەرەبی بەگشتیتر لە بەرگریکردنێکی بەردەوامدایە لەهەموو ئەو بزووتنەوە ئیسلامیانەی کە بوونی خۆیان لەسەر زاهیری دەق بونیادناوە، ناسیۆنالیزمی عەرەبی و کەناڵەکانی ئەلجەزیرە و ئەلعەرەبییە بە یەك نەفەس بەرگری لە بەعس و تاڵیبان دەکەن، بەرگری لەقاعیدە و ئەنساری ئیسلام دەکەن.

٢- جەدەلییەتی عەقڵانییەت و عروبە:

یەکێك لەڕەهەندەکانی فیکری عەممارە بریتییە لەو جەدەلیەتەی کە لەنێوان عەقڵانییەت و عروبەدایە لە مێژووی شارستانییەتی ئیسلامیدا، لای محمد عەممارە لەحزە عەقڵانییەکان لە مێژووی شارستانییەتی ئیسلامیدا هەمیشە ئەو لەحزانە بوە کە فیکری نەتەوەیی عەرەبی لەگەشەسەندن و دەسەڵاتدا بوە، گەشەی فیکری نەتەوەیی عەرەبی زەمینەی بۆ بوون و گەشەی عەقڵانییەت خۆشکردوە، گەشەی عەقڵانیەتیش زەمینە بۆ بوون و گەشەی بیری نەتەوەیی عەرەبی خۆشدەکات، بەمشێوەیە عەممارە هەر بەرەوپێشچونێك لە بواری نەتەوایەتی عەرەبیدا بە بەرەوپێشچوون لەعەقڵانیەتدا تەئویل دەکات،

هەر بەرەوپێشچونێکیش لە عەقڵانییەتدا بە بەرەوپێشچوون لە نەتەوایەتیدا تەئویل دەکات (٧٣)

ئیدی عەممارە لەسەر ئەم بناغەیەوە هەوڵی خوێندنەوەی مێژووی ئیسلام دەدات، بیریارە موعتەزیلەکان بە (فرسان الفکر القومی العربی) ناودەبات، ئەو پێیوایە لەوساتانەی کە عەقڵانییەت لە گەشەدا بوە فیکری قەومی عەرەبیش لە گەشەدابوە، لە سەرکەوتن و مەزنێتیدا بوە، بە پێچەوانەشەوە، عەممارە هەموو دەنگە عەقڵانییەکان بەدەنگی عروبە دەزانێت و، بە پێچەوانەشەوە، دەنگی بیرمەندە موسڵمانە ناعەرەبەکان بەدەنگی بێگانە و کاریگەری یۆنانی و بیری خوراڤی لە قەڵەمدەدات، عەممارە بە درێژایی نوسینەکانی لەوبارەیەوە لەسەر دوو تەوەرەی سەرەکی کاردەکات، یەکەمیان : پێیوایە هەرکاتێك لەسەر ئاستی ژیانی سیاسی و دەوڵەتداریدا فیکری قەومی عەرەبی باڵادەستبوبێت ئەوا گیانی تازەگەری و داهێنان و عەقڵانییەت و بەرهەمهێنان بەتەواوی گەشەیکردوە، لەم روانگەیەوە عەممارە شارستانییەتی ئیسلامی بە هەموو عەقڵانییەت و داهێنان و تازەگەرییەکانییەوە بەبەرهەمی عروبە دەزانێت

دوەمیان: تاوانبارکردنی هەموو دەنگە ناعەرەبیەکان، یان ئەو دەنگە عەرەبیانەی لە شەپۆلی قەومی عەرەبییەوە نەگلاون بەکاریگەری بێگانە و بیرکردنەوە وکارکردن لەژێر کاریگەری فەلسەفەی یۆنانیدا، تاوانبارکردن بە کاریگەربوون بە غنوسیەت و مەجوسیەت، لەم روانگەیەوە عەممارە دژایەتی گەلێك لە فەیلەسوف و داهێنەرەکانی مێژووی ئیسلامی دەکات کە عەرەب نین، ئەم تێزە نەك بە تەنها لای عەممارە بەڵکو لای زۆرێك لە رۆشنبیران و ئەکادیمیستەکانی عەرەب بوونی هەبوە، بۆ نمونە پیاوێکی وەك دکتۆر محمد عابد ئەلجابری کاریگەری ئەم تێزی پێوە دیارە، جابری دژایەتیەکی زۆری فەلسەفەی شەرقی ئیسلامی دەکات و بەکاریگەربوون بە فەلسەفەی کۆنی ئێرانی و بگرە پێیان دەڵێت غنوسییەت و مەجوسیەت (٧٤)

لەراستیدا محمد عەممارە ناتوانێت هیچ بنەمایەکی لۆژیکی بۆ ئەو تێڕوانینەی دروستبکات، ئەو ناتوانێت ئەوەمان بۆ بسەلمێنێت کە فیکری عەقڵانی اعتزالی بەرهەمی گەشەو باڵادەستی عروبەیە، وەك چۆن ناشتوانێت بیسەلمێنێت بیری اعتزالی بۆتە زەمینەیەك بۆ گەشەی عروبە، بەڵکو بە پێچەوانەوە زاڵبوونی فیکری عروبە لەپراکتیکی سیاسیدا هەمیشە دەسەڵاتی عەرەبی لە فاشیزم نزیککردۆتەوە و کارەساتی گەورەی بەرهەمهێناوەو عەقڵانییەت و تازەگەری و داهێنانی بە شێوەیەکی سەیر کوشتوە، هەمیشە فاشیزم جیاوازییەکان دەکوژێت و لەهەموو کوشتنێکی جیاوازیشدا کوشتنی عەقڵ و داهێنان و تازەگەری هەیە، دۆخی ئێستای زۆربەی وڵاتە عەرەبییەکان کە فیکر و سیاسەتی عروبە بەسەریاندا باڵادەستە نموونەیەکی باشە بۆ ئەم قسەیەمان، دۆخی ئێستای وڵاتە عەرەبییەکان ، بە باوەڕی من و بە باوەڕی زۆرێك لە لێکۆڵەر و چاودێر و رۆشنبیران بە یەکێك لەتاریکترین سەردەمەکانی ژیانی گەلانی عەرەبی دادەنرێت، ئەو پاشکەتوییە فەرهەنگی و سیاسی و هۆشیارییە لە وڵاتە عەرەبییەکاندا هەیە لە کەم شوێنی دنیادا هەیە، رەنگە کارێکی قورس نەبێت بۆ ئەم قسەیەمان ئامار و داتای ورد بخەینەڕوو، بەڵام ئەمە لێرەدا کاری سەرەکی ئێمە پێکناهێنێت، خوێنەر دەتوانێت لانیکەم سەرنجی راپۆرتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدان و مافەکانی مرۆڤ لە وڵاتە عەرەبییەکاندا بکات، کە تێیدا وڵاتانی عەرەب بە بەڵگەو ئامارەوە بەیەکێك لە دواکەوتووترین دەوڵەت و گەلەکانی سەر رووی زەوی دەدرێنە قەڵەم، ئەگەر بە پێی تێڕوانینەکانی محمد عەمارە بوایە دەبوایە دۆخی ئێستای وڵاتە عەرەبییەکان کەهزر و دەسەڵاتی عروبە بەسەریدا زاڵە لەوپەڕی داهێنان و تازەگەری و عەقڵانیەتدا بوایە، دەبوایە کەڵکەڵەی داهێنانخوازی عەرەب دنیای بگرتایە، لەلایەکیدی ئەو تاوانبارکردنەی فیکری کەسانی ناعەرەب بە کاریگەری بێگانەو، بەغنوسیەت و مەجوسییەت هیچ نییە جگە لەبەرجەستەکردنی رۆحی

فاشیانەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی بەرانبەر بە ئەوانیدی، ئەگینا چەندین شارستانیەتی دیکە و چەندین قەوارەی شارستانی دیکە و نەتەوەی خاوەن شارستانی هاتونەتە نێو ئیسلامەوەو بەشداریان لەبونیادنانی شارستانیەتی ئیسلامیدا کردوە، هەموو ئەوانە دەنگی مەزن و عەقڵانی و شارستانیبوون و، لەهەمانکاتیشدا دوور بوون لە رەهەندی نەتەوەیی عەرەبی، بگرە بە پێچەوانەوە من باوەڕم وایە لە مێژووی ئیسلامیدا هەر کاتێك بەداوەتی عەرەبی کۆدێتای کردبێت بەسەر فکر و سیاسەتی ئیسلامیدا ئەوا پاشکەوتوییەکی گەورە لەڕووی ئابووری و فکرییەوە و سەرکوتکارییەکی ترسناك لەڕووی سیاسەوە هاتۆتەئاراوە، چونکە بەداوەتی عەرەب لە سروشتی خۆیدا لەسەر بناغەی توندوتیژی و یەکڕەنگی و یەکدەنگی و نەفیکردنی ئەوانیدی دامەزراوە، لە مێژووی ئیسلامدا و لە دوای مردنی پێغەمبەرەوە زۆر راستەوخۆ و بەئاشکرا بەداوەتی عەرەبی زیندووبۆتەوە، لەگەڵێك سەردەمی گرنگدا حوکمی کردوە، شەڕەکانی سەدەی یەکەمی کۆچی وەك شەڕەکانی جەمەل و نەهرەوان و سەفین و خەوارج و شەڕەکانی سەرکوتکردنی جولەکەکان نموونەیەکی بەرجەستەی زیندووبونەوەی دەسەڵاتداربوونی بەداوەتی عەرەبە

## ئیسلام شکۆمەندیی عەرەبە

بەلای محمد عەممارەوە ئیسلام مەزنی عەرەبە، ئیسلام شکۆمەندی و پایەداربوونی عەرەبە بەسەر جیهاندا، ئیسلام تاکە هۆکاری یەکپێگرتن و دروستکردنی پەیوەندی روحی و ئەخلاقی و ویژدانی عەرەبە، بۆیە هیچ ئەگەرێك بۆ دەستبەرداربوونی عەرەب لەئیسلام نییە، هەر لێرەوە محمد عەممارە یەکێکە لە بەکەفوکوڵترین ئەو بیرمەندانەی عەرەب کە دژی خۆرئاواو خۆرئاوایی بوون دەجەنگێت، دژی هەرچەشنە کرانەوەو مۆدێرنیزەکردنێکی دنیای عەرەبییە، لێرەوە عەممارە هەڕەشەیەکی بێ وێنە ئەنجام دەدات دژی

هـەموو ئەوانـەی دەیانـەوێت میـسر یـان هـەر وڵاتێکـی عـەرەبی لـە کـەلتوور و مێژووی ئیسلامی دابڕێت و بەرەو خۆرئاوا و کەلتووری مۆدێرنە هەنگاو بنێت، ئـەو شـەڕەی عـەممارە دژی پیـاوێکی وەك سـەلامە موسـا دەیکـات لەبـەر هـەمان خاڵـە، چـونکە سـەلامە موسـا بانگەشـەی پەیوەسـتبوون دەکـات بـە کـەلتووری خۆرئاواییـەوە، عـەممارە زۆر دژی ئـەو گوتەیـەی سـەلامە موسـایە کـە ئـەڵێت (( دەبێت حکومەتەکانی ئێمە حکومەتی دیموکراتی پەرلەمانی بن وەك ئەوانەی ئـەوروپا ، نـەك دامەزرانـدنی حکومـەتێکی هاوشـێوەی حکومەتـەکانی هارونـە رەشید و مەئموون، دەمەوێ ئەدەبەکەمان ئەدەبێکی ئەوروپی بێت، پاڵەوانەکانی کوڕوکچەکانی میسر بێت نـەك پیـاوانی دەوڵـەتی عەباسی و پیـاوانی فتوحـاتی عەرەبی))(٧٥) ئەم تێزەی سـەلامە موسا کەخـەونی هـەر مرۆڤێکـی ئـازادیخواز و مەدەنییـــە ئـــەویش دامەزرانـــدنی دەوڵـــەتێکی دیمـــوکراتی پەرلەمانییـــە و بانگەشـەکردنە بـۆ ئـەدەبێك کـە پاڵەوانـەکانی کـوڕو کچەکانی میـسر بـن نـەك پیاوانی فتوحات لەلایەن رۆحی پڕ لەعروبەی محمد عـەممارەوە رەتدەکرێتـەوەو بە توندی دژایەتی دەکرێت، ئەو هەمیشە ئیسلام و سـەردەمی دەوڵـەتی عەباسی و پیـاوانی فتوحـات وەك مـەزنی و شـکۆمەندی عـەرەبی تەماشـادەکات، هەربۆیـە هـەر هـەوڵێك بـۆ تێپەڕانـدنی ئـەو کـەلتوورە و کرانـەوە بـەڕووی کـەلتووری دیموکراتی و مەدەنی خۆرئاوایدا دۆڕاندنی عروبەیە.

عەممارە زۆر ستایشی پیاوێکی وەك میشێل عەفلەق دەکات لەگـەڵ ئـەوەی کـە خۆی پیـاوێکی مەسـیحییە، بـەگرنگی و بایەخـەوە سـەیری پەیوەنـدی ئیـسلام و عروبە دەکات، عەممارە ئەمە بە هەڵوێستێکی نیشتیمانی دادەنێت(٧٦).

بەمشێوەیە عەممارە تادوا ئەندازە بەرگری لەو پەیوەندیـەی نێـوان ئیـسلام و عروبـە دەکـات و، بەمـەش راسـتەوخۆ لـە بـەرەی ئـەنتی هـەر چەشـنە گـۆڕان و کرانــەوەو ریفۆرمێــك کاردەکــات، بــەباوەڕی مــن ئــەو تێزانــەی عــەممارە و هاوشێوەکانی سەرچاوەیەکی گرنگی داخراوی دنیای عەرەبییە بەسەرخۆیدا، هەر

ئەو تێزانە دۆخێکی ئەوتۆیان خولقاندوە کەهەرچەشنە ریفۆرم و کرانەوەیەك لەدنیای عەرەبیدا وەك جۆرێك مەحاڵی لێبێت.

**بەشی سێیەم : زمان و نەتەوە:**

پەیوەندی زمان و نەتەوە پەیوەندییەکی ئۆرگانییە، زیاتر لەوەش پەیوەندی یەکترتەواوکردن و بەرجەستە بوونە لەناویەکدا، هەمیشە لە پشت زمانەوە رۆحی نەتەوەیەك، کەلتووری نەتەوەیەك، بەهاکانی نەتەوەیەك راوەستاوە، هەرگیز بە موجەڕەدی ناتوانین سەیری زمان بکەین، هەمیشە زمان لەناو کایەیەکی بەهایی و کەلتووری و ئابووری دیاریکراودا دەخەملێت، لێرەوە زمان هەڵگری بەشێکی هەرەگرنگی ژیانی نەتەوەیە، هەڵگری کەلتوور بەهاو مەدلولەکانی نەتەوەیە، نەتەوە لەڕێگەی زمانەوە تەعبیر لەڕۆحی راستەقینەی خۆیدەکات، زۆربەی هێزە داگیرکەر و کۆلۆنیالیستەکانی دنیا هاوکات لەگەڵ بلاوکردنەوەی دەسەڵاتی سیاسی و سەربازییاندا زمانی نەتەوەکەی خۆیشیان بلاوکردۆتەوە، چونکە هەیمەنەی زمانێك لەناوەڕۆکدا هەیمەنەی بەشێکی گرنگی شوناسی نەتەوەو دەسەڵاتی نەتەوەیە، چەندێك زمانەکەت مەزن بێت هێندەش زەمینەی مەزنی نەتەوەکەتت ئامادەکردوە، هەر نەتەوەیەکیش زمانەکەی لەناوچوو ئەوە رەگەزی هەرەسەرەکی بوون و شوناسی نەتەوەیی لەناوچوەو زەمینەی ئاوابوونی نەتەوە هاتۆتە ئاراوە.

زمان و گەلی عەرەب یەکێکن لەکۆنترین زمان و گەلەکانی ناوچەکە، زمانی عەرەبی لەکۆنەوە بەهاو گرنگی خۆی هەبوە، عەرەب لە پێش ئیسلامدا بایەخی زۆریان بە زمان و جوانکاری زمانی و رەوانبێژی داوە، بوونی شیعر و ئەدەبیاتێکی زۆری عەرەبی لە پێش ئیسلامدا بەڵگەی راستی ئەم قسەیەمانە، بەڵام بە هاتنی ئیسلام و تەنزیلبوونی وەحی بەزمانی عەرەبی دۆخێکی نوێ هاتە پێشەوە، دۆخێك کە زەمینەیەکی لەباری رەخساند بۆ پیاوە دەمارگیرەکانی عەرەب تا تەنزیلبوونی قورئان بە زمانی عەرەبی وەك رێگایەك بۆ

تەقدیسکردنی زمانی عەرەبی بەکاربێنن، بۆ بڵاوکردنەوە یان راستتر وایە بڵێین بۆ سەپاندنی کەلتووری عەرەبی و بەهای عەرەبی بەسەر گەلە ناعەرەبەکاندا، دوای تەنزیلبوونی قورئان و هاتنی چەندین نەتەوەی ناعەرەب بۆناو ئیسلام جەدەلێکی گەورەی فیکری و فیقهی دروست بوو، بەوەی ئایا وەحی تەنها لەنێو زمانی عەرەبیدا بوونی هەیە؟ ئایا ناکرێت قورئان تەرجومە بکرێت بۆ سەر زمانێکی ناعەرەبی و هەمان حوکمی هەبێت کە لەزمانە عەرەبییەکەدا هەیە؟ ئایا ئەگەر مەبەست لە هاتنی قورئان گەیاندنی پەیامی خوایی و ئاراستەکردنی مرۆڤ بێت بۆ خێر و چاکە ئەوا داخۆ زمانێکی غەیرە عەرەبی ناتوانێت هەڵگری ئەو مانایانە بێت کە مرۆڤ بۆ خێر و چاکە ئاراستە دەکەن؟ ئایا ئەگەر قورئان هەر بەعەرەبی حسابی وەحی بۆ بکرێت ئەوا چارەسەری ئەو نەتەوانە چییە کە حەرفێك عەرەبی نازانن؟ ئایا هەموو نەتەوانە ماف ئەوەیان نییە بە زمانی دایکی خۆیان تەبەنی ئایینی خۆیان بکەن؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارانەدا چەندین جەدەلی جیاواز هاتۆتە ئاراوە، لە نێو ئەم جەدەلانەدا باڵی زاڵ و باڵادەستئەو باڵە بوو کە پڕبوو لەعروبە، لە تێڕوانینەکانی ئەم باڵەدا ئەوەی کە خۆی نمایشدەکات پیرۆزی زمانی عەرەبییە، تاپۆکردنی وەحییە لەسەر زمانی عەرەبی، تەقدیسکردنی زمانی عەرەبییە و سەپاندنیەتی بەسەر نەتەوە ناعەرەبەکاندا، کە وەك وتیشمان لەپشت زمانەوە رۆحی نەتەوەو کەلتووری نەتەوە راوەستاوە، لێرەو لەوێش دەنگی پێچەوانەی ئەمە هەبوون.

لێرەدا سەرنج لە دوو خاڵی گرنگ دەدەین: یەکەم: هەوڵی فەقیە و موفەکیرەکانی عەرەب بۆ پیرۆزکردنی زمانی عەرەبی و لەوێشەوە بەرهەمهێنانی عروبە لەژیان و بیرکردنەوەی هەر مسوڵمانێکدا، دووەم:گفتوگۆیەك لەبارەی وەحی و زمانی نەتەوەکانی دیکە، واتە زمانەکانی غەیرە عەرەبی

یەکەم: ئەگەرچی دەگوترێت ناسیۆنالیزم بەرهەمی سەردەمی مۆدێرنەیە بەڵام دەتوانین شعور و هۆشیاری ناسیۆنالیستی لەسەردەمە زۆر دێرینەکانیشدا

هەست پێبکەین، مێژووی ئیسلامی ڕەنگە نموونەیەکی بەرجەستەی ئەم حاڵەتە بێت، زۆربەی کتێبە فیقهی و ئسوڵییەکان دید و فتوای سەر مەزهەب و خاوەن فتواکان پڕ پڕن لەعروبە، بەڕاستی لە خوێندنەوەی هەندێك پەڕەگراف و تێزی ئەو فەقیهە دێرینانە سەرت سوڕ دەمێنێت لەوەی داخۆ ئەوەی کە دەدوێت بیرمەندێکی ناسیۆنالیستی سەردەمی مۆدێرنەیە یان ئیمام و فەقیهێکی ئاینی هەزار ساڵ لەمەوپێش.

زۆربەی ئیمام و موفتییە عەرەبییەکان بەقوڵی کاریان لەسەر ئەوەکردوە کەتەنها زمانی عەرەبی مافی هەڵگرتنی وەحی هەبێت، واتە تەنها لەڕێگەی زمانی عەرەبییەوە بۆت هەیە مامەڵە لەگەڵ وەحیدا بکەیت و ئەحکامی لێ بەرهەمبهێنیت، ئیمامی شافیعی یەکێکە لەو سەرمەزهەب و فەقیهانەی کە لەم پرۆسەیەدا کار دەکات، شافعی لە کتێبی( الرسالە) کە کتێبێکی تیۆری گرنگە و لەوێدا بناغەی زانستی ئسوڵی فیقهی ئیسلامی دامەزراندوە، باوەڕیوایە کە هەرگیز قورئان تەرجومە ناکرێت بۆسەر زمانە ئەعجەمییەکان ( غەیرە عەرەبی) قورئان کەلامی خوایە و بە زمانی عەرەبیە، هەر لەڕێگەی ئەم زمانەشەوە دەتوانین لەم کەلامە تێبگەین، شافعی لەسەرەتای ئەم کتێبەدا پێیوایە ئەو کەسەی باس لەوەحی بکات و زمانی عەرەبی نەزانێت وەك ئەو کەسە وایە باس لە نرخی کاڵاوشمەك بکات و ڕێگەی بازاڕ نەزانێت(٧٧)، لێرەوە لای شافعی زمانی عەرەبی فلتەری گەیشتنە بە وەحی، هەرچی وەحی تەرجومەکراویشە بۆسەر زمانەکانی دیکە بە وەحی حسێب ناکرێت، شافعی دەڵێت: واجبی خوێندنەوەی قورئان بە غەیری عەرەبی جێبەجێ نابێت، فارسی گوتەی مرۆڤە و نوێژ فاسید دەکات، زیاتر لەمەش شافعی پێی وایە کەسێکی غەیرە عەرەب بۆ ئەوەی بتوانێت مسوڵمان بێت پێویستە ئەوەندە عەرەبی فێر ببێت کە شایەتیمان بەعەرەبی بهێنێت، ئەگینا شایەتیمان بە غەیری عەرەبی دروست نییە، ئیمامی رازی پێیوایە وەسفی خودا بۆ قورئان لە بازنەی ستایش و

مەزنکردندا ئەوەی لێی بەرهەمدەهێنرێت  ئەوەیە کە زمانی عەرەبی باشترین زمانە(٧٨) ئیبن تەیمیەی لایوایە پەیوەندییەکی قووڵ لە نێوان بنەماکانی ئیسلام و زمانی عەرەبیدا هەیە، پابەندبوون بەو بنەمایانەوە لە رێگەی زمانی عەرەبییەوە دەبێت، وەرگێڕانی قورئان بۆ غەیرە عەرەبی بنەماکانی ئیسلام دەترازێنێت  و دەلالەت و ماناکانی دەشێوێنێت، هەر لەسەر ئەو مەسەلەیە فەرموودەیەکی پێغەمبەر دەهێنێتەوە کە فەرموویەتی( من یحسن ان یتکلم بالعربیة، فلا یتکلم باالعجمیة فانه یورث نفاق) ئیبن تەیمیەی لە شەرحی ئەو فەرمودەیەدا دەڵێت (( من ئەوە دەزانم کەزمان بە شێوەیەکی بەهێز کاریگەری لەسەر عەقڵ و ئەخلاق و ئایین هەیە، هەر ئەو کاریگەرییە بوو سەحابە و تابعینی لەناو ئەم ئوممەتەدا دروستکرد، بەهەمان شێوە بۆ زیادکردنی عەقڵ لە ئایین و مەعریفەدا زمانی عەرەبی فەرز و واجبە، تێگەیشتنی کیتاب و سوننە فەرزە و ناشتوانین لە کیتاب و سوننە تێبگەین ئەگەر لە زمانی عەرەبی تێنەگەین، والایتم بە الواجب فهو الواجب))(٧٩) بەمشێوەیە  ئیبن تەیمیە فێربوون و کارپێکردنی زمانی عەرەبی دەکات بە فەرز بەسەر شانی مسوڵمانانەوە، واتە بە نەکردنی گوناه بار دەبین، زیاتر لەمەش ئیبن تەیمییە فەزڵی دروستبوونی سەحابە و تابعین دەگەرێنێتەوە بۆ زمانی عەرەب، ئەمانە و چەندین ئیمام و موفتی و فەقیهی تری جیهانی ئیسلامی کاریان لەسەر پیرۆزکردن و ستایشکردنی زمانی عەرەبیکردوە، کارەساتی گەورەش بە تەنها لەوەدا نییە کە عروبە تێکلاوی دید و تەفسیری ئایینی دەبێت و لە فۆرمی شەرعییەتی ئاینیدا خۆی نیشاندەدا، بەڵکو پتر لەوەدایە کە ئەو تەفسیر و فتوایانە بەرادەیەکی سەیر کاریگەری لەسەر کۆمەڵگای ئیسلامی هەبوەو لادان لێی وەك جۆرێك لە بێ ئایینی تەماشاکراوە، هەر بۆ نموونە ئیمامی شافعی و فقهی شافعی بۆتە بەدیلی شەریعەت و پابەندبوون بە مەزهەبی شافیعییەوە وەك پابەند بوون بە ئایینەوە لێکدەدرێتەوە ، مرۆڤی بێ مەزهەب وەك مرۆڤی

بێ ئایین تەماشا دەکرێت، لێرەوە بەهۆی ئەم نفوزە ئاینییە بەرفراوانەوە ئەو تێزە ئاینییە کە ناوەڕۆکەی عروبەیە بەسەر خەڵکدا سەپاوە، کاریگەری زۆری بۆ سەر نەتەوە ناعەرەبەکان هەبوە، دۆخێکی ئەوتۆی هێناوەتە ئاراوە کە وەك شتێکی پیرۆز و مەزن سەیری زمانی عەرەبی بکەین، بە پێچەوانەشەوە هەستێکی خۆ بە کەم زانین و خۆ بە بچووك زانینی لای نەتەوە ناعەرەبەکان دروستکردوە، ئالێرەدا دەتوانین لەو شیعرەی شێخ رەزای تاڵەبانی تێبگەین کە دەڵێت:

عەرەب ئینکاری فەزڵی ئێوە ناکەم ئەفزەڵن ئەمما

سەلاحەددین کە دنیای گرت لەزومرەی کوردی بابان بوو

لێرەدا لەوە تێدەگەین کە بۆ شیخ رەزا ئینکاری فەزڵی عەرەب ناکات و ئەفزەڵیەتی عەربی قەبولە، لەڕاستیدا ئەو شیعرەی شیخ رەزا نیشانەی دو شتی گرنگە :

یەك: نیشانەی کاریگەری ئەو رەهەندە عەرەبییەی ناو کەلتووری ئیسلامییە لەسەر کورد، ئەو رەهەندە عروبییە کە هەمیشە لە فۆرمی ئایینداخۆی بەسەر تاکی کوردا قلپکردۆتەوە، بەرهەمی ئەو کار لەسەرکردنەیە کە موفتی و فەقیهە عەرەبەکان لە پشت عەرەبێتی قورئان و عەرەبێتی سونئەتەوە پیرۆزییان بە زمانی عەرەبی بەخشیوە، رەنگە هەر ئەمەش هۆکاری ئەوە بێت کە زۆربەی نوسەرە کوردەکان کتێبە کۆنەکانیاندا بەزمانی عەرەبی نوسیوە، چونکە لە ئیمامی رازییەوە فێربوون کە زمانی عەرەبی خوا بە باشترین زمانی داناوەو لە ئیبن تەیمیەشەوە فێربوون کە فێربوونی زمانی عەرەبی واجبە و زمانەکانی دیکە لانکەی نیفاقن.

دوو:نیشانەی هەست بەکەمیکردنە بەرانبەر بەعەرەب، باشە ئەگەر هەست بەکەمیکردن نەبێت ، چی وا لە شێخ رەزا دەکات بڵێ ئەی عەرەب ئینکاری فەزڵی ئێوە ناکەم ئەفزەڵن،بۆ عەرەب ئەفزەڵترە لە کورد، بە بۆچوونی من ئەم

شـعوری هەسـت بـە کەمیکردنـە بەرانبـەر بـە عـەرەب لـەدوای شـێخ رەزا و بەدرێژایی مێـژووی ناسیۆنالیـستی کـوردیش تـا ئـەمڕۆ درێـژەی هەیـە، هەمیـشە وەلائێـك بـۆ عـەرەب لـەناو ئێمـەدا هەسـت پێـدەکرێت، بـاوەڕی شۆڕشـە یـەك لـە دوایەکەکانی کورد بەچارەسەری کێشەی کورد لە بەغـدا و، مانـەوەو پێکـەوەژیان لەگەڵ عەرەبدا نیشانەیەکی بەرجەستەی ئـەو وەلائەیـە بـۆ عـەرەب، بەدرێـژایی سەدەی بیست یەکێك لە دروشمە هەرە دیارەکانی شۆڕشی کورد برایـەتی کـورد و عەرەب بوە، هەمیشە بـاوەڕێکی پتـەو بـەوە هـەبوە  کـەدەکرێت لەگـەڵ عەرەبـدا گفتوگـۆ بکـەین و بگـەین بـە مافـەکانمان، بـاوەڕ بـەوە هـەبوە عـەرەب قـەومێکی نـەجیب و مرۆڤدۆسـتن، دەسـتی بێگانـە نایـەڵێت کـورد و عـەرەب رێکبکـەون، بێکەسیش لەم چوارچێوەیەدا وتویەتی:

**برایەتی کورد و عەرەب زۆر کۆنە تەئریخ شاهیدە**

**با ناحەزی روو رەش لە داخا یەخەی خۆی دادڕێ**

هەروەها گۆڕانیش وتویەتی:

**برای عەرەبی چاوڕەشم**

**تاڵ بوو بەشت، تاڵ بوو بەشم**

ئەم ئینتیمایە بـۆ عـەرەب و، خـۆ بـە بـرا زانـین و بـە هاوبەشـی خـەم زانـین، لەناوەڕۆکـدا گوزارشـتە لەکێـشەیەك کـە قوڵاییـەکی  ئـایینی و مێـژوویی هەیـە، کۆمـەڵێك دیـد و فتـوای پـڕ لـە عروبـی خـۆی قڵـپ کردۆتـەوە بەسـەر هۆشـیاری مرۆڤی کوردیدا و، بـە درێـژایی مێژوویـەکی زەمـەنی کاریگـەری گـەورەی لەسـەر هەست و نەستی مرۆڤی کورد بەجێهێـشتوە، دۆخێکـی ئـەوتۆی دروسـتکردوە کـە کـورد هەمیـشە خـۆی بـەبرا و هاوخـەم بزانێـت، بگـرە هەمیـشە خـۆ گرێـدانێکی سەیر بە عەرەبەوە بەدیدەکەین، تێپەڕاندنی ئەو دۆخـە بـۆ کـورد مەسـەلەیەکی

یەکجار گرنگە، بەڵام لە هەمانکاتدا مەسەلەیەکی یەکجار زەحمەتە، ئەمڕۆ بەشێکی فراوان لەو هۆشیارییەی لە ناو ئێمەدا و لە فۆرمی هۆشیاری ئیسلامیدایە و، بە ناوی ئیسلامەوە خۆی پیادەدەکات هێزێکی عەرەبی دروستیکردووەو، پڕە لە مەرامی عەرەبیانە، یان لانیکەم هەڵقوڵاوی واقعی نیمچە دوورگەی عەرەب و دۆخی بەداوەتی عەرەبە.

دووەم: دیاردەی وەحی لە مێژوودا بەیەکێك لەگرنگترین دیاردەکان دادەنرێت، ئەم دیاردەیە لە زۆربەی کۆمەڵگاکاندا بوونی هەبوە و، تا رادەیەکیش رۆڵی هەبوە لە ئاڕاستەکردنی کۆمەڵگا و گۆڕینی رەوتی مێژوودا، هەمیشە وەحی لە تێکڕای کۆمەڵگا جیاوازەکاندا لە رێگەی زمانەوە گەیشتوە بە خەڵك، زمانی هەر نەتەوەیەك کە وەحییەکەی پێدابەزیوە بۆتە هەڵگری مانا و رێنماییەکانی وەحی بۆ ئەو نەتەوەیە، بەپێی رێنمایی و پرەنسیپە ئاینییەکان وەحی بەر لە تەنزیلبوونی بۆ نێو زمان بوونی هەبوە، پێغەمبەر محمد بەرلەوەی وەحی بۆ بێت، بەرلەوەی وەحیەکە تەنزیل ببێتە نێو زمانی عەرەبییەوە بوونی هەبوە، موساو عیسا و پێغەمبەرەکانی دیکەش بەهەمان شێوە ، بەڵام سەرجەم وەحییەکان لە دۆخی پێش تەنزیلبوون بۆ نێو زماندا هاوبەشن، ئامانجی هەموویان ئاڕاستەکردنی مرۆڤە بۆ خێر و چاکەی مرۆڤایەتی، ئامانجیان وەڵامدانەوەیە بە پێداویستییەکانی مرۆڤ لەو کۆمەڵگایانەداو لەو قۆناغە زەمەنییە دیاریکراوەدا، بەڵام کاتێك وەحی تەنزیل دەبێتە نێو زمانەوە ئیدی وەحی کۆت و پێوەندی زمان دەکرێتە گەردنی، کۆت و پێوەندی ئەو دۆخە مێژویی و کۆمەڵایەتییەی دەکرێتە مل کە وەحییەکەی تیادابەزیوە، زمان هەڵگری خەسڵەتە ئابووری و کۆمەڵایەتی و فیکرییەکانی نەتەوەکەیەتی، زمان لە سیاقی ژیان و گەشەی نەتەوەدا دەخەملێت و رەنگدەگرێت، هەربۆیە بەندکردنی وەحی لەناو زماندا لەناوەڕۆکدا کوشتنی وەحییە، گۆڕینی وەحییە لەپەیامێکی گەردوونی و مرۆڤانەوە بۆ پەیامێکی ناوچەیی و نەتەوەیی، وەحی

لـەم کاتـەدا هـەمان ئـەو خەسـڵەتانە هەڵـدەگرێت کـە زمانەکـە هـەڵیگرتوە لـە خەسـڵەتەکانی ژیـانی ئـابووری و کۆمەڵایـەتی و بـەهایی و ئـەخلاقی کۆمـەڵگا، هەربۆیـە هـەنگاوی هـەرە گـرنگ بـە قـازانجی ئـایین و مرۆڤایـەتی رزگـارکردنی وەحییە لە کۆتی زمـان، بـۆ ئـەوەی وەحـی مانـا مرۆیـی و گەردونییـەکانی خـۆی وەربگرێتـەوە، ئەمـەش بـەوە دەبێت بـە دوای مەقاسیدە گشتییەکانی ئاییـنـەوە بین، بەدوای مەرامی هـاتنی وەحـی و ئایینەکانـەوە بـین کـە خـۆی لـە چـەندیین بنـەمای مرۆیـی مەزنـدا دەبینێتـەوە، وەك پاراسـتنی دادپـەروەری، رێزگـرتنی کەرامـەتی مـرۆڤ، چاکەکردن و هاوکاریکردنی خـەڵکی تـر، کـەس مـافی ئـەوە بـە خـۆی نـەدا خوایـەتی بەسـەر کەسـی تـرەوە بکـات، بـەڵام زمـانی وەحـی توانـای بەدیهێنانی ئەم مەرامە گەردونیانـەی نییـە هەتاسـەر، واتـە تـەنها لـە قۆنـاغێکی مێـژوویی و واقعێکـی دیاریکراو نەتەوەیـەکی دیـاریکراودا دەتوانێت بەشـێك لـەو ئامانجانە بەدیبهێنێت، دەنا لەگەڵ گەشە و گۆڕانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئـابووری و سیاسی کۆمەڵگادا لەگەڵ گۆڕانی دۆخەکە لـە کۆمەڵگایەکـەوە بـۆ کۆمەڵگایـەکی تـر زمـان نـەك هـەر ناتوانێت بەدیهێنـەری ئـەو مەرامانـەی وەحـی بێت، بـەڵکو دەبێتە رێگرێکی راسـتەوخۆ لەبـەردەم بـەدیهێنانی ئـەو مەرامانـەی وەحیـدا، بـۆ نموونە لە کاتی هـاتنی ئیسلامدا ئـافرەت کـەمترین مـافی نـەبوو، پیـاوان زۆربـەی هەرە زۆری ژیانی ئابووریان لە دەستدا بوو، بۆیـە ئیـسلام بڕیـاردەدات لـە مـیرات ئافرەت نیوەی پیاوی بەربکەوێت، ئەمە بۆ ئەو کاتە هـەم دادپـەروەری تێـدابووەو هەم بەرەوپێشچونێکی گرنگ بوە لە دادپەروەری و دابەشکردنی ساماندا، زۆر لـە پیـاوان نـاڕازی بـوون لـەم بڕیـارە، بـەڵام لـەدۆخی ئێـستادا ئـەم بڕیـارە ناتوانێت بەدیهێنـەری دادپـەروەری بێـت، چـونکە ئـافرەت خـاوەنی داهـات و سـەرمایەی تایبـەت بـە خۆیـەتی، بگـرە زۆر جـار داهـاتی ئـافرەت لـە هـی پیـاو زیـاترە، یـان دەتـوانین سـەرنجی ئـەو نموونەیـەی گـارۆدی بـدەین کـە بـۆ ئـەم مەبەسـتە دەیهێنێتەوە، گارۆدی سەرنجمان بۆ ئەوە رادەکێشێت کە چارەسەری زمانی وەحی

( قورئان) بۆ کێشەیەکی وەك کێشەی دزیکردن بڕینی دەستی دزەکەیە، بەڵام ئەم چارەسەرە دەتوانێت تەنها دەستی دزە بچووکەکان ببڕێت، بەڵام دەستی دزە گەورەکان کە سیستمی سەرمایەداری و کۆمپانیا زەبەلاحەکانە نابڕێت، زمانی وەحی دەستی ئەو دزە دەبڕێت کە لەپێناو پارووە نانێکدا دزی لە دراوسێکەی کردوە، بەڵام دەستی دزی گەورەکە سەرمایەداری و نادادپەروەرییەکانی سیستمی سەرمایەدارییە نابڕێت، ئەو کەسەی کە ناچارە بۆ پارووە نانێك دزی بکات لە بنەڕەتدا خۆی کەسێکە دزی لێکراوە، ئیدی لێرەدا زمانی وەحی ناتوانێت بەدیهێنەری دادپەروەری بێت، زیاتر لەوەش دژی مەرامەکانی هاتنی وەحییە کە بەدیهێنانی دادپەروەری و خۆشگوزەرانییە، ئالێرەدایە بۆ ئەوەی بتوانین مەرامەکانی وەحی تەبەنی بکەین پێویستە تەجاوزی زمانی وەحی بکەین بێ ئەوەی هەست بکەین پێچەوانەی فەرمانەکانی ئایین جوڵاوینەتەوە

ئیسلام وەك ئایینێك لەنێو زمانی عەرەبیدا بەرجەستەبوە، تەجاوزکردنی ئەو زمانە پێویستە بۆ ئەوەی مەرامی راستەقینەی ئیسلام تەبەنی بکرێت، لە هەمانکاتدا بۆ ئەوەی لەو رەهەندە کەلتووری و مێژوویی و عەرەبییەی کە ئەو زمانە هەڵیگرتوە رزگارمان بێت، بەڵام بەدرێژایی مێژوو پیاوە ناسیۆنالیستەکانی عەرەب بەردەوام هەوڵی ئەوەیانداوە کە زمانی عەرەبی وەك تاکە رێگەی گەیشتن بە مەرامەکانی وەحی نیشان بدەن ( وەك پێشتر باسمانکرد) بەمەش رۆحی راستەقینەی وەحی و مەرامەکانیان فەرامۆشکردوە، بەرانبەر بەمە مەرامەکانی عروبەیان جێبەجێکردوە، بگرە عروبەیان لە فۆرمی ئاییندا پێشکەش بە خەڵك کردوە، ناساندنی زمانی عەرەبی وەك تاکە زمانی هەڵگری وەحی هیچ نییە جگە لە سەپاندنی عروبە بە ناوی ئایینەوە.

مەرامەکانی وەحی پابەند ناکرێت بەزمانێکی دیاریکراوەوە ، هەموو نەتەوەیەك ماڤی ئەوەی هەیە بەزمانی دایکی خۆی تەبەنی ئایینی خۆی بکات و مەرامەکانی هاتنی ئایین لەناو خۆیدا جێبکاتەوە، تەبەنیکردنی ئایین بەزمانی

هـەر نەتەوەیـەك مانـای تەرجومـەكردنی دەقـەكان ناگەیـەنێت، بـەڵكو مانـای تەبەنیكردنی مەقاسیدەكانی وەحی دەگەیەنێت لـە ڕێگەی عەقڵەوەو بـە زمـانی دایكی هەر نـەتەوەیەك.

## دووەم: ئیسلام و ڕۆژئاوا

### (لەشەڕی ئایدیۆلۆژیاكانەوە بۆ دیالۆگی ماناكان)

پێداچوونەوە بە سیستمی پەیوەندی ئیسلام بە ڕۆژئـاواوە، یـان پێداچـوونەوە بەو بونیادە هۆشیارییەی كە هێڵی پەیوەندی نێوان جیهـانی ئیـسلامی و ڕۆژئـاوا دیاریدەكات، بەهایەكی ژیاری گەورەی هەیە و پێویـستییەكی هەنوكـەیی گوتـاری ڕۆشـــنبیرییمانە، لەڕاســـتیدا تـــەفكیكی ئـــەو هۆشـــیارییەی كـــە ئێمـــە بـــە بەرانبەرەكانمانەوە گرێدەدات بریتییە لە دۆزینەوەی هـەموو ئـەو مانایانـەی كـە ئێمە لـە نـاو جیهانـدا نیـشتەجێدەكات، بریتییـە لـە كەشـفكردنی كۆی ڕووبـەڕە جیاوازەكانی ئەو هۆشیارییەی كە پەیوەندی ئێمە بـە جیهانـەوە دادەمـەزرێنێت، نەبوونی دواندنێكی ڕەخنەیی و زانستی لەمەڕ گوتاری ڕۆشنبیریمان و لەمەڕ ئەو هۆشـیارییەی كـە ئـەو گوتـارە ڕۆشـنبیرییە بەرهەمیـدێنێت بـۆ ڕێكخـستنی پەیوەندییـەكانمان بـە بەرانبەرەكانمانـەوە، بـەرۆژئاواوە بۆتـە ئیـشكالیەتێكی گـەورە، ئیـشكالیەتێك كـە لـە ناویـدا نـەدەتوانین لەبەرانبـەر تێبگـەین و، نـە

لەخۆمان تێبگەین، لەڕاستیشدا جەوهەری گرفتەکەش بریتی نییە لە کردەی تێنەگەیشتن لەرۆژئاوا، یان کردەی تێنەگەیشتن لە خۆمان، بەڵکو پتر جەوهەری ئیشکالییەت و گرفتەکە لەوەدایە کە ئەو هۆشیارییەی لەناو ئێمەدا کارایە بەغرورێکی زۆرەوە لەتێزەکانی خۆی دەڕوانێت و، بە یەقینێکی زۆرترەوە مامەڵە لەگەڵ جیهاندا دەکات، کەواتە گرفتی سەرەکی ئێمە بەتەنها لەبوونی گرفت و ئیشکالیەتدا نییە بەڵکو پتر لەوەدایە کە درك بەو گرفت و ئیشکالیەتانە ناکەین، کردەی دەرککردن کردەیەکی زۆر داهێنەرانەیە، غیابی توانستێك بۆ دەرککردن بەو گرفت و ئیشکالیەتانە کە دەمێکە هێز گوتارە ئایدیۆلۆژییەکان پاڵیان لێداوەتەوە و بەدڵنیاییەوە وەك مەسەلەیەکی چارەسەرکراو لێیدەڕوانن، بۆتە فاکتەری زیاتر زاڵێتی ئەو گوتار و هۆشیارییە ئایدیۆلۆژیانە لەواقعی ئێمەدا، دواتریش بۆتە بەشکی کاریگەر لە هۆشیاری و نەستی تاك، چ کارەساتێکی گەورەیە تێکڕای هێز و گوتارە ئایدیۆلۆژییەکان بەرهەمهێنەری ئەو هۆشیارییە بن کە پێیدەڕوانینە بەرانبەر، چ کارەساتکی گەورەترە لەبەرانبەر ئەو هۆشیارییەدا دیدو پرۆژەی رەخنەگرانە لە ئارادا نەبێت، بۆیە دەڵێم کارەساتی گەورەتر چونکە لەو ساتەوەختەدا گوتاری ئایدیۆلۆژی دەبێتە هۆشیارییەکی کۆمەڵایەتی و لە سەردەمە جیاوازەکاندا کاریگەری خۆی دەبێت و، وێنەی خۆی بەرهەمدەهێنێتەوە.

ئەمرۆ ئێمە پێویستمان بە دانەدواوەی ئەو هۆشیارییە تەقلیدیە هەیە کە هەمیشە وێناکردنێکی سیاسیانە و ئایدیۆلۆژیانە بەرانبەر بەرۆژئاوا خەلقدەکات، وەك ئارگۆن دەڵێت (( نابێت ئیکتیفا بکەین بە گوتارە ئایدیۆلۆژییەکان کە بەشێوەیەکی نیمچەرەها بەسەر ئەمرۆماندا باڵادەستن)) (٨٠) چونکە ئەو گوتارە ئایدیۆلۆژییە لەسەر بنەمای وێناکردن و روانینی نا ئەبستمی بەندە، ئەم پرۆسەی وێناکردنە وادەکات کاتێك ئێمە لەگەڵ رۆژئاوا مامەڵە دەکەین، لەڕاستیدا مامەڵە لەگەڵ رۆژئاوا ناکەین، بەڵکو مامەڵە لەگەڵ وێنەیەکدا دەکەین

کەبەرهەمی گوتاری ئایدیۆلۆژی و سیاسی خۆمانە، کاتێك رەخنە لەرۆژئاوا دەگرین لەڕاستیدا رەخنە لە رۆژئاوا ناگرین، بەڵكو دادگایی ئەو وێنەیە دەكەین كە ئێمە ناومان ناوە رۆژئاوا، بۆیە ئەمڕۆ پێویستمان بەتێگەیشتنی ورد و زانستیانە هەیە بەرانبەڕ بە رۆژئاوا، پێویستە تەفكیكی ئەو وێنەیە بكەین كە رۆشنبیری ئێمە بەرانبەر بە رۆژئاوا بەرهەمی دێنێت، لە هەمانكاتیشدا ئەو وێنەیەی كە رۆژئاوا بەرانبەر بە ئێمە بەرهەمیدێنێت، واتە پێویستە كار لەسەر ناسین و پێداچوونەوەی ئەو وێنانە بكەین كە هەریەك لە ئێمە و رۆژئاوا بەرانبەر بە یەكدی بەرهەممان هێنا و، دواتریش بتوانین وێنەی نوێ خەلقبكەین، ئەوەی دەبێت ئاماژەی پێبكەین ئەوەیە كە بەداخەوە دەزگای زاڵ لە هەردوو نێوەندی جیهانی ئیسلامی و رۆژئاوایدا بۆ بەرهەمهێنانی وێنە بریتین لە دەزگا ئایدیۆلۆژییەكان، ئەم حاڵەتەش وایكردوە كە نەتوانرێت تێگەیشتنی زانستیانە بەرهەمبهێنرێت و بواری كرانەوە بەڕووی وێنەكانی یەكدیدا كەم بێت، ئەمەش وایكردوە پەیوەندی نێوان جیهانی ئیسلامی و رۆژئاوا ناوەندێك بێت بۆ جەنگی ئایدیۆلۆژیاكان نەك بۆ دیالۆگی ماناكان، رووبەڕێك بۆ كارایی وێنەكانی نەك بۆ تێگەیشتنی زانستیانە، لەم روانگەیەشەوە لە نێوان دنیای ئیسلامی و رۆژئاوایدا غیابی دەنگ هەیە، غیابی دواندن و پێكەوەژیان و یەكترقەبوڵكردنێكی راستەقینە هەیە، ئەم كردەیەش مانایەك بۆ پێكەوەژیانی دنیای ئیسلامی و رۆژئاوا بەباری پۆزەتیف و ئینسانیدا ناهێڵێتەوە.

بۆ ئەوەی لەو گرفتە تێبگەین كەدەوری پەیوەندی نێوان دونیای ئیسلامی و رۆژئاوایداوە، پێویستە قسە لەسەر ئەو وێنەیە بكەین كە هەریەكە لەدنیای ئیسلامی و رۆژئاوا بەرانبەر بە یەكدی دروستیدەكەن، چونكە بەشكی هەرە گرنگ لەئیشكالییەتی پەیوەندی نێوان دنیای ئیسلامی و رۆژئاوا پەیوەندیدارە بەدروستكردنی وێنەوە، وێنەی هەر لایەك لە فەرهەنگی ئەویدیكەدا ماهییەتی ئەو پەیوەندییە دیاری دەكات، وێنەی رۆژئاوا لە فەرهەنگی دنیای ئیسلامدا

بریتییە لەوێنەی باوکێك کەبکەری هەموو تاوانەکانە، ئێمە کۆی شکستەکانمان بەدەسەڵاتی زاڵمانەی ئەو باوکە دەسپێرین، ئەو باوکە وەك هێزکی سیحراوی کۆی مێژووی ئێمەی شەتەکداوە، ئەو باوکەی ئێمەی لە زیندانەکانی دواکەوتوویی و ژێردەستەیدا بەندکردوەو بەها جوانەکانمانی دزیوە، وێنەی رۆژئاوا لەفەرهەنگی دنیای ئیسلامدا وێنەی ئەو هێزەیە بەرپرسی هەموو گوناه و تاوانەکانە، ناونانی رۆژئاوا بە شەیتانی گەورە لە دواساڵەکانی سەدەی بیستدا چ مانایەك بە دەستەوە دەدات جگە لە کوشتنی پەیوەندی، جگە لە بەرپرسیار زانینی ئەمریکا و رۆژئاوا لە هەموو تاوان و گوناهێك، لە بەرانبەر ئەمەشدا وێنەی جیهانی ئیسلامی لە فەرهەنگی رۆژئاوادا وێنەی کۆمەڵە مرۆڤێکی سەرەتاییە، کۆمەڵە مرۆڤێك لە باشترین حاڵەتدا بێ دەست پێوەگرتنی رۆژئاوا ناتوانن بژین، دونیای ئیسلامی لای رۆژئاوا دونیای شەڕی پیرۆز و خورافیاتی میتافیزیکایە، تیۆری( کۆتایی مێژوو) ی فۆکۆیاما لە ناوەڕۆکدا شتێك نییە جگە لە تاپۆکردنی مێژوو لەسەر ژیاری رۆژئاوا، جگە لە دووبارە ئاگادارکردنەوەی رۆژئاوا کەسەنتەری جیهانە و، هەموو ئەوانەی دەکەونە دەرەوەی رۆژئاوا جگە لەکەنار شتێکی دیکە نین، بەدرێژایی سەردەمی رۆشنگەری و دواتریش سەردەمی مۆدێرن هەوڵی بەردەوام هەبوە بۆ بەسەنتەرکردنی رۆژئاوا و، ناساندنی رۆژئاوا وەك چەقی هەموو پێشکەوتن و گەشەکردنێك، بە پێچەوانەشەوە بەکەم سەیرکردنی هەموو کەلتوور و بەهایەکی نارۆژئاوایی، بە جۆرێك لە سەردەمی ئەمڕۆماندا نەزعەی سەنتەریزمی رۆژئاوا خۆی لە کەلتوورێکی فراواندا دەبینێتەوە، سەدان بیرمەند و دەزگای جیاواز کار لەسەر زیاتر تیۆریزەکردنی تێزی سەنتەریزم دەکەن، ئایا لە ساتەوەختێکی لەم چەشنەدا دەتوانین باس لەبوونی پەیوەندییەکی تەندروست بکەین لەنێوان جیهانی ئیسلامی و رۆژئاوادا؟ ئایا بێ بوونی ئیعترافکردن بەبەرانبەر وەك بەرانبەرێکی هاوشان و هاوتا دیالۆگی راستەقینە

مومکینه؟ بێ چارەسەرکردنی کێشە تیۆرییەکانی نێوان ئیسلام و رۆژئاوا؟ نێوان ئیسلام و مەسیحیەت لەیەکتر تێگەیشتن و دیالۆگ بەدیدێت؟ تەنها لەو ساتەوەختەدا دەکرێت مانایەك هەبێت بۆ دیالۆگ کە وێنەی هەریەك لەرۆژئاوا و جیهانی ئیسلامی لە فەرهەنگی ئەویدیدا وێنەیەکی مرۆڤانەی ئازاد بێت، وێنەیەکی هاوشان بێت، کێشە تیۆرییەکان چارەسەربکرێت و نەزعەی سەنتەریزمی رۆژئاوایی و هەقانییەتی ئیسلامی بدرێتە دواوە، ئەو تێزە بدرێتە دواوە کە رۆژئاوا خۆی بە ناوەندی گەردوون و خاوەنی بالاترین بەها بزانێت و، هەموو بەهاکانی دیکەی نارۆژئاوایی بە سیفەتی کۆمەڵگای سەرەتایی بزانێت و، بە پێچەوانەشەوە جیهانی ئیسلامی واز لەو گوتارە هەقانییەت و موتڵەقگەراییە بێنێت کە هەقیقەتی ئایینی لەسەر خۆی تاپۆ دەکات و هەموو ئەوانیدی تەکفیردەکات و، گومان لە هەموو جۆرە ئەخلاق و بەهایەك دەکات کە ناتەبابێت لەگەڵ ئەخلاق و بەهای ئیسلامیدا، من پێموایە ژیاری ئیسلامی بەدرێژایی تەمەنی( چەند لەحزەیەکی کەمی لێدەرچێت) ژیارێکی داخراو بوەو نەیتوانیوە پەیوەندی بە ئەویدیەوە بکات، نەیتوانیوە دیالۆگ لەگەڵ ئەویدی جیاوازدا بکات، چونکە هەمیشە گوتاری هەقانییەت و تاپۆکردنی هەقیقەت لەسەر خود گوتاری زاڵ و ستاندارد بوە، هەمیشە دەموچاوی بەرانبەر بەشێوەیەکی ناشرین رەسمکراوە و وێنەیەکی تەڵخی هەبوە، بەڵام داخۆ فاکتەرەکانی تەڵخبوونی ئەو وێنەیە چییە؟ داخۆ میکانیزمەکانی دروستکردنی وێنە لەدنیای ئێمەدا کامانەن؟

پرۆسەی دروستکردنی وێنە پرۆسەیەکی عشوائی یان هەرەمەکی نییە، بەڵکو پرۆسەیەکە پشت ئەستوورە بە سیستم و پاڵنەری ناوەکی خۆی، پرۆسەیەکی ئامانجدار و نەخشە بۆ کیشراوە، رەنگە دەسەڵات لەهەردوو ژیاری ئیسلامی و رۆژئاوایدا بوونێکی کاریگەر بوبێت لەدروستکردنی وێنەدا، لەپرۆسەی

وێناکردنی بەرانبەردا، لێرەدا پێویستمان بەوەیە قسە لەسەر دەسەڵات و وێنە بکەین.

## دەسەڵاتو وێناکردن

بەرلەوەی باس لە دەسەڵات و وێنە بکەم پێویستە ئەوە روون بکەمەوە مەبەستم لە هەریەك لە دەسەڵات و وێناکردن چییە؟ دەسەڵات لەم لێکۆڵینەوەیەدا وەك ئەو چەمکە گشتگیر و فرە رەهەندە بەکار نەهاتوە کەبەشی هەرە فراوانی رووبەڕەکانی ژیان و ئیرادە دەگرێتەوە، واتە دەسەڵات لێرەدا بەو مانایە نایەت کە لە ناو هەموو جۆرێك لە ئیرادە ( بە ئیرادەی بوونی مرۆیشەوە)، لەناو هەموو سیستم و مانایەك، جۆرێك لەدەسەڵات هەیە، بەڵکو لەم لێکۆڵینەوەیەدا مەبەست لە دەسەڵات ئەو رۆحە هەژمونگەرییە کە لەپراکتکی سیاسیدا هەیە، مەبەست لە وێناکردنیش دروستکردنی وێنەیە، مەبەست لەو وێنەیەی کە لەو رۆحە هەژمونگەرییە سیاسییەوە دێتە دەرێ و، سیفەتی سەرەکی ئەم وێنەیە ئەوەیە ئەوەندەی تێزە لوژیکی و عەقڵانییەکان دەخاتە خزمەت تێزەکانی خۆیەوە ئەوەندە لۆژیك و عەقڵ و زانستەکان ناتوانن گومان لەتێز و بنەما و میکانیزمەکانی ئەو وێنەیە بکەن، ناتوانن جیهانبینی ئەو وێنەیە بخەنە ژێر پرسیارەوە، بەمپێیە وێناکردن پرۆسەیەکە جۆرێك لەتەسەور بەرانبەر چەمکیك یان شتێك بەهەمدێنێت و، کۆی بابەتە زانستی و عەقڵانی و لۆژیکیەکان و چەمکە کاریگەرەکانی دیکە دەخاتە خزمەت بیناکردنی ئەم تەسەورەوە، لێرەدا لۆژیك و زانست توانای ئەوەی نییە ئەو تەسەورە بخاتە ژێر پرسیارەوە، گومان لە پایەو بنەماکانی بکات و، کار بۆ خەلقکردنی تەسەورێکی نوێ بکات، بەدرێژایی مێژوو پەیوەندییەکی سەیر و ئاڵۆز لە نێوان دەسەڵات و وێناکردندا هەبوە، پەیوەندییەکانی دەسەڵات و سیستمی وێناکردن هەمیشە پەیوەندییەکی ئۆرگانی بوە، ئەگەر بەپرەنسیپە مەدەنییەکان

سیستماتیزە نەکرێت، ئەوا گەورەترین کۆمپانیایە بۆ بەرهەمهێنانی وێناکردن، خەونی هەرە قووڵی دەسەڵات وێناکردنێکی دوو جەمسەرە، وێناکردنێك بەرانبەر بەخۆی، بەرانبەر پارچەکانی جەستەی خۆی، بەرانبەر بە هێما و رەمز و سمبولەکانی، دوەمیان: وێناکردنێك بۆ بەرانبەر، وێناکردنی بوونی بەرانبەر بە کۆی رەهەندەکانییەوە، بە کۆی مانا و دەلالەتەکانیەوە، بگرە وێناکردنی جیهان حەتمیترین ستراتیژە بۆ دەسەڵات، ئەو پێویستی بەخولقاندنی وێنەی خۆی هەیە، تا وێنەی خۆی بە پانتاییە جۆراوجۆرەکاندا هەڵواسێت، چەندێك وێنەی خۆی بەرهەمبێنێت هێندەش وێنەی بەرانبەر خەلقدەکات، خولقاندنی وێنەی بەرانبەر بنەمایەکی جەوهەری بوونی دەسەڵاتە، جگە لەوەش دەیمومەی بەردەوامێتی ماناکانێتی، وێناکردنی بەرانبەر ئەو لە حزەیە کە منی دەسەڵات هەموو جوانییەکانی دنیا بە بوونی خۆمەوە دەبەستمەوە، ماناکانی ژیان لە ئامادەیی مندایە، ئیدی لێرەوە غیابی من غیابی وجودە بە هەموو مانا پۆزەتیفەکانییەوە، لەغیابی مندا هەیمەنەی ئەویدی هەیە، هەگبەی رەشی ئەویدی بەسەر هەمووماندا قڵپدەبێتەوە، من لە ناشرینکردنی دەموچاوی ئەویدیدا ماناکانی بەردەوامی و رەوایەتی خۆم دەدۆزمەوە، درێژە بە تێزەکانی خۆم دەدەم، ئیدی لێرەوە ئەگەر دەسەڵاتەکان لە سەرجەمی مێژوودا دیوێکیان بەرهەمهێنانی وێنەی خۆیان بێت، روانین بێت لە پارچەکانی جەستەی خۆیان، ئەوا دیوەکەی دیکەیان بەرهەمهێنانی وێنەی بەرانبەر بوە، هەمیشە زۆربەی دەسەڵاتە تاکرەوەکانی کۆن و نوێ ناتوانن بەبێ پرۆسەی فۆرمەلەکردنی وێناکردنی بەرانبەر لەحزە زێرین و درەوشاوەکانی خۆیان ببینن، بێ وێناکردنی ئەویدی لە زهن و گوتار و تێڕوانینیاندا ممکن نییە بتوانن ماناکانی رەوایەتی خۆیان فۆرمەلە بکەن، لێرەوە بەشێوەیەك دەکرێت بڵێم مێژووی دەسەڵات بریتییە لە مێژووی وێناکردن، یان پرۆسەی وێناکردن بەشکی گرنگ و جەوهەری مێژووی دەسەڵاتەکان پێکدەهێنێت، ئەگەر لێرەوە بە مێژووی

دەسەڵاتدا بچینەوە لە هەردوو نێوەندی ئیسلامی و رۆژئاوایدا ئەوا دەبینین بەردەوام دەسەڵاتێك بوون كاریان لەسەر وێناكردنی بەرانبەر كردوە، یان راستتر وایە بڵێین كاریان لەسەر شێواندنی وێنەی بەرانبەر كردوە، دەسەڵات لە كەلتوور و مێژووی ئیسلامیدا دەسەڵاتێك بوە بەردەوام كاری لەسەر پرۆسەی وێناكردن كردوە، دەسەڵاتی ناو كەلتوور و ژیاری ئیسلامی چەندێك كاری لەسەر خولقاندنی وێنەی خۆی و بەخشینی رەوایەتی كردوە بەو وێنەیە، هێندەش كاری لەسەر دروستكردنی وێنەی بەرانبەر و لێسەندنەوەی رەوایەتی كردوە لەو وێنەیە، هەر لە كێشەو ململانێ ناوخۆییەكانەوە كەهەمیشە دەسەڵاتی زاڵ وێنەی خۆی تا دوا‌ڕادە رازاندۆتەوە و، رەوایەتی سیاسی و ئایینی و ئەخلاقی پێبەخشیوە، بەپێچەوانەشەوە وێنەی بەرانبەر سیاسییەكانی كردۆتە وێنەیەكی داماڵراو لە هەرچەشنە بەهایەكی سیاسی و ئایینی و ئەخلاقی، لێرەوە گرووپە نەیارەكان بە كافر و زەندیق تاوانبار كراون، ئەگەر ئەمە سروشتی دروستكردنی وێنە بێت بۆ نەیارێك لە نێوەندی خودی كۆمەڵگایەكی دیاریكراودا، كۆمەڵگایەك كە زنجیرە بەهایەكی ئایینی و كۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و تەنانەت خێڵەكیش بەیەكیانەوە دەبەستێت، ئەوا داخۆ سروشتی دروستكردنی وێنەی بەرانبەرێك كە لەدەرەوەی پەیوەستە ئایینی و ئەخلاقی و سیاسییەكان بێت دەبێت چۆن بێت؟ بێگومان ئاستێكی تراژیدیتر و دژوارتر بەخۆوە دەگرێت، نەك بە تەنها لەسەر ئاستی گوتاری سیاسی و سیستمی دەسەڵاتداریدا، بەڵكو پتر لەئاستی ئایینی و گوتاری ئایینیدا، لێرەوە دەبینین گوتاری ئایینی باو یان هۆشیاری باو لە نێوەندی ئیسلامیدا وەك هاملتون جیب و هارۆڵد بوین دەڵێن : دابەشكردنی جیهانە بەسەر دوو سەربازگەدا ( دارلاسلام و دار الحرب) دار الاسلام كۆمەڵگای موسڵمانانی ژێر سایەی خەلافەتە، دار الحربیش ئەهلی كیتاب و كافر دەگرێتەوە(٨١)، دابەشكردنی جیهانە بەسەر دوو كۆمەڵگای ئیسلامی و جاهیلیدا دابەشكردنی جیهانە بەسەر دوو وێنەدا، وێنەیەك كە بەتەواوی رەوایەتی و

حەقانییەتی بۆ خۆی بچڕیوە، وێنەیەکی دی بۆتە رەمزێك بۆ هەموو شتە دزێوەکان، بۆ هەموو شتە یاساغکراوەکان، ئەو هێزە نهێنییەی لەپشت خولقاندنی ئەو دوو وێنەیەوەیە بریتییە لەدەسەڵات، هەردوو وێنەکە زەرورەتی یەکەمی دەسەڵاتە، دەسەڵات لە بوونی کەلتووری و ژیاریماندا لە وێنەی یەکەمدا بە تەواوی مانای هەیمەنە و رەوایەتی بەرجەستە دەکات و، لە وێنەی دووەمدا رەوایەتی دەبەخشێتە نەفی بەرانبەر، لەم روانگەیەوە رۆژئاوا وەك بەرانبەرێك بۆ دنیای ئیسلامی بەردەوام خراوەتە بەردەم نەفیکردنێکی سیاسی و ئایینی و کۆمەڵایەتی بەردەوام ، وێنەیەکی تەڵخ و تەماوی بەرانبەر بەرۆژئاوا بەرهەمهاتوە، بەردەوامی ئەم وێنەیەو کارایی پرۆسەی تەڵخکردن و ناشرینکردنی وێنەی رۆژئاوا وایکردوە کەخودی ئەو پرۆسەی نەفیکردنە ببێتە کەلتوورێك، کەلتوورێکی باڵادەست و سەپاو، ببێتە هۆشیارییەکی چەسپاو باڵادەست لە کۆنەستی تاکەکاندا، زیاتر لەوەش خۆی بخزێنێتە ناو موفرەدە ئایینییەکانەوە، شوناسێکی ئایینی بەخۆی ببەخشێت، ئەم وێنە و پرۆسەیە بە درێژایی چەندین سەدە کارا بوەو وەك ئاماژەمان پێدا توانیویەتی بچێتە ناو نەستی تاکەکانەوە، هەربۆیە ئێستا ئەگەر لە تاکەکانی ناوجیهانی بپرسی دیدی چییە بەرانبەر بە رۆژئاوا ، بێگومان لای زۆربەی تاکەکانی جیهانی ئیسلامی بێ دوو دڵی وێنەی رۆژئاوا وێنەی ئەو پیاوەیە کە دەستی بەخوێنی رۆژهەڵات و جیهانی ئیسلامی سوورە، وێنەی ئەو پیاوەیە کە گیرفانەکانی پڕن لە لیرەی دزراوی رۆژهەڵات، دەستەکانیش پڕن لە دەفتەری خیانەت، ، ئیدی لەم ساتەوەختەدا لەبەردەم ئەم وێنەیەدا چ مانایەك بۆ پەیوەندی و دیالۆگی نێوان جیهانی ئیسلامی و رۆژئاوا نامێنێت، چ بێ مانایییەکی گەورەیە بێ گۆڕینی ئەو وێنەیە باس لەدیالۆگی ئیسلام و رۆژئاوا بکرێت، ئەگەر لەجیهانی ئیسلامیدا دەسەڵات هەمیشە وێنەیەکی تەڵخی رۆژئاوای خەلقکردبێت، ئەوا لە نێوەندی رۆژئاوایشدا دەسەڵات وێنەیەکی تەڵختر و سەیرتری بۆ جیهانی ئیسلامی

دروستکردوە، کەدەسەڵات دەسەڵاتێکی کڵێسەیی بوە لە فۆرمێکی ئیلاهیدا تێزەکانی خۆی تەرحکردوە، کاتێك سنووری جەنگەکانی فراوانخوازی ئیسلامی فراوان دەبێت و میسر و فەلەستین دەگرێت و دەگاتە ئەندەلوس، دەگاتە سەقلیە و تەنانەت دەگاتە ناوەڕاستی فەرەنسا و نزیك کەناری روباری دانووب، ئیدی دوژمنێکی بەپەلە و کاریگەر، دوژمنێك کە خۆی وەك بوونێکی دیکە و ئایینێکی دیکە و مانایەکی دیکە دەناسێنێت سەرهەڵدەدات، دەبێتە هەڕەشەیەکی جددی بۆ سەر دەسەڵاتی کەنیسە، ئیدی پێویست دەکات دەسەڵاتی نێوەندی رۆژئاوایی وێنەیەك بۆ ئەم دوژمنە لەناکاوە بدۆزێتەوە، بێگومان ئەم وێنەیە کە دەسەڵات بەرهەمی دێنێت بۆ بەرانبەرەکەی وێنەیەکە لە سروشتی خودی ئایدیۆلۆژیای دەسەڵات و، ئەو هۆشیارییە باوەوە سەرچاوە دەگرێت کە لە نەستی تاکەکاندا چەسپاوە، ئایدیۆلۆژیای کەنیسەش ئایدیۆلۆژیایەکی لاهوتی مەسیحی بوە، نەك هەر ئایینێکی قۆرخکراو بۆ بونیادی سیاسی ئایدیۆلۆژی، بەڵکو پتر ئایینێکی شێوێنراوە، ئایینێك وەك سپینوزا دەڵێت: پۆڵس رابەرەکەیەتی.

هەربۆیە زوو دەسەڵاتداری کەنیسە کە گوزارشت بوو لە دنیای رۆژئاوا وێنەیەکی زۆر تەڵخی بۆ دنیای ئیسلام هێنایە ئاراوە، لەو وێنەیەدا وێنەی دنیای ئیسلام دنیایەکی بێبەشە لەمەلەکوت، فتوای بێبەش بوون لە مەلەکووت بەس بوو بۆ ئەوەی قورسترین جەنگ لەدژی دنیای ئیسلام رابگەیەنرێت، وێنەی دنیای ئیسلام لە فەرهەنگی ئەو کاتەی دنیای رۆژئاوایدا وێنەی ئەو جەنگاوەرە هێرشبەرەیە کە دەیەوێت هەموو رۆژێك مەسیح بکوژێت، بۆیە جەنگ لە دژی وێنەی بەرانبەر دەبێتە شتێك حەتمی، ئیدی لێرەوە جەنگەکانی سەلیبییەت دێتە ئاراوە، جەنگەکانی سەلیبییەت گەورەترین و گرنگترین روداوی سەردەمی خۆی بوە، ئەگەرچی تا ئێستاش نە لەڕۆشنبیری کوردیدا و نە لەڕۆشنبیری ئیسلامی جیهانیدا ئاوڕێکی شیکاری رەخنەیی لەم جەنگە مێژوییە نەدراوەتەوە بە فەرامۆشکراوی هێڵراوەتەوە.

بـه بـڕوای مـن جـارێکی دیکـه لێکدانـەوەی دەلالـەت و ماناکـانی جـەنگی سەلیبیەت و، تێگەیشتنمان بەرانبەر بەو جەنگە بەهایەکی ژیاری گەورەی هەیە، چـەندین دەروازەی گرنگمـان بـۆ دەکاتـەوە بـۆ کەشـفکردنی میکانیزمـەکانی کارکردنی عەقڵ لەهەردوو جیهانی ئیسلامی و رۆژئاوایدا، لەڕاستیدا لێکدانەوەی فاکتـەرەکانی ئـەو جەنگـە و بەرەنجامـەکانی لەسـەر کـۆی کایـەکانی رونـاکبیری و سـیمای کۆمەڵایـەتی و ئـاینی لەهـەردوو جیهـانی ئیـسلامی و رۆژئاوایـدا، دەمانکاتـەوە بـەڕووی زنجیرە مانایەکـدا کـە لـەوێوە بتـوانین چـەندین چـەمکی کەلتووری و ژیاری گرنگ کەشفبکەین، لەڕاستیدا من ناتوانم لەشۆڕشی چاکسازی لۆسەر و کالڤن تێبگەم بێ تێگەیشتنێکی قووڵم لەجەنگـەکانی سـەلیبییەت، مـن نـاتوانم بەشـێوەیەك لـە شـێوەکان رۆشـنگەری و عەقڵانییـەت بـە یـەکێك لـە بەرەنجامـەکانی شـەڕی سـەلیبییەت نـەبینم، مـن نـاتوانم لـە نهـێنی هەرەسـی بنەماڵە و دەوڵەتی ئەمەوی تێبگـەم بـێ تێگەیـشتنم لـە ماناکـان و دەلالەتـەکانی جەنگـەکانی سـەلیبییەت بۆسـەر جیهـانی ئیـسلامی، دیـاریکردنی کاریگـەری ئـەو جەنگـە لەسـەر رۆحـی نەتـەوەیی لـە هـەردوو جیهـانی ئیـسلامی و رۆژئاوایـدا، بەهەرحاڵ جەنگەکانی سەلیبیەت ئەو رووداوەیە کە ناکرێت فەرامۆشبکرێت، ئەو کتێبەیە کە ناکرێت نەخوێنرێتـەوە، بێخوێندنـەوەی ئـەو کتێبـە گـەلێك نهـێنی ژیارمان لێوونە، رەنگە ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا بواری ئەوەمان نەبێت بـەقووڵی کاری لەسەر بکەین، بەڵکو ئەم گوتارە بۆ باسێکی دیکە تەرخانکراوە.

جەنگەکانی سەلیبییەت بە دیاریکردنی مێژوونوسان ( لـە سـاڵی ١٠٩٦ دەسـتی پێکرد وو بۆ ماوەی دوو سەدە بەردەوام بـوو)(٨٢) ئـەم جەنگـە وەك جەنگـەکانی دیکە ناکرێت بە تەنها لە چوارچێوە ماددی و زیانـە روحییەکانـدا بخوێنرێتـەوە، بـەڵکو چـەندین دەلالـەتی کـەلتووری و ژیـاری گـەورەی هەیـە، هەڵەیـە ئەگـەر پێمانوابێـت ئـەم جەنگـە بەتـەنها کوشـتارێکی دڕندانەیـە و شـەڕێکی هەڕەمـەکی بـوە، بـەڵکو راسـتر ئەوەیـە ئـەم جەنگـە پـشت ئەسـتوور بـوە بـە سیـستمێك لـە

دنیابینی، بە میتۆدێك لە كاركردن، ئەم جەنگە پشت ئەستوور بوە بە جۆرێك لە هۆشـیاری کـە پەیوەنـدی مرۆڤـەکان بـە یەکدییـەوە، پەیوەنـدی مرۆڤـەکان بـە بەرانبەرەوە بە شێوازی تایبەتی خۆی رێكخستوە، لە سەرەتایترین خاڵیدا لەپشت جەنگەکانی سەلیبییتەوە چەندین وێنە، چەندین رەمز، بۆتە بەشکی کاریگەر لە هۆشـیاری دنیـای ئـەوکات، کەبـەردەوام ئـەم وێنـە و رەمزانـە لەپـشت هێـزە شەڕکەرەکانەوە، لە پـشت مەچـەکی جەنگاوەرەکانـەوە خـۆی میکانیزمـە کـردوە، یەکێك لەو وێنە کاریگەرانە بریتی بـوە لـە وێنـەی دونیـای ئیـسلامی لـەگوتار و فەرهەنگی رۆژئاوایی بن دەسەڵاتی کەنیسەدا، وێنەیەك کەمترین مانای دیالۆگ و پەیوەندی پێکەوەژیانی تیانەمابوو، بۆیە پێویـست بـوو جەنگـەکانی سـەلیبییەت بەرپا ببێت، ئیدی لێـرەوە دەسـەڵات لـە هـەردوو جیهـانی ئیـسلامی و رۆژئاوایـدا لەسەر بنەمای روانین و وێناکردنە ئایدیۆلۆژییەکان دیالۆگ دەکوژێت، گرفـت و تراژیدیای گەورە بەتەنها لەوەدا نییە کە لەوکاتی دونیای ئیـسلامی و رۆژئاوایـدا دیـالۆگ نەهاتۆتـە ئـاراوەو سیـستمی پەیوەندییـەکان لەسـەر بنـەمای وێنـاکردنی سیاسـی و ئایـدیۆلۆژی بونیـادنراوە، بـەڵکو ئیـشکالییەتەکە لەوەدایـە کـە ئـەو وێناکردنــە بــۆ ســەردەمە جیاوازەکــان، بــۆ ســەردەمی هەنووکــەمان خــۆی دەگوێزێتەوە، بە ئارایشت و فۆرمی دیکەوە خـۆی دووبارەدەکاتـەوە، ئـەمڕۆ ئـەو وێناکردنە بۆتە کەلتوورێك، بۆتە نـەریتێك، کـە نـاتوانین لێـی دەربـاز بـین، یـان لانیکـەم نـاتوانین نـەریتکی دیکـە دابهێـنین، لێـرەوە ئـارگۆن گومـان لەبـەهای هەنوکەی تێڕوانین و راڤەکان دەکات و ئەو راشکاوانە دەڵێت(( بەشـکی زۆری ئەو کێشەو وێناکردنانە پەیوەندیدارە بە کێشە ئایینی و سیاسیە کۆنەکانـەوە کـە ئەگەڕێتـەوە بـۆ سـەدەکانی ناوەنـد))(٨٣) لـە سـەردەمی نوێـشماندا هـەمان سـتراتیژی وێنـاکردن بـەردەوام بـوو، وێنـاکردنی جیهـانی ئیـسلامی بەرانبـەر بـەرۆژئاوا، وێنـاکردنی رۆژئـاوا بەرانبـەر بـەجیهانی ئیـسلامی، دوای جـەنگی یەکـەمی جیهـان و روخانـدنی خەلافـەتی عوسمـانی و دەسـتپێکردنی هێرشـی

کۆلۆنیـالیزمی رۆژئـاوایی بۆسـەر جیهـانی ئیـسلامی، لەگـەڵ تێبـینی ئـەوەدا کـە لەســەدەی نــوزدەدا بزاڤێکــی رۆشــنگەری لــە جیهــانی ئیــسلامیدا ســەریهەڵدا، لەسەردەستی رابەرانی وەك جەمالەدینی ئەفغانی و شێخ محمد عەبدە، بەگشتی ئـەم بزاڤـە دەیویـست پێداچوونەوە بـە چـەمکە باوەکانـدا بکـات و لانیکـەم وەك چـەند دەنگێـك هاتنـە ئـاراوەو کاریگـەرییان هـەبوو، دوای روخانـدنی خەلافـەتی میراتگری دەسەڵات و روانینی سیاسی لە دونیای ئیسلامیدا بریتیبوون لە بزاڤـە ئیسلامییەکان و بەتایبەت ئیخوان موسلمین بـەحوکمی ئـەوەی بـوو بـە بزاڤکـی جیهانی، ئەم بزاڤە راستەوخۆ دوای روخاندنی خەلافەت و کۆتایی هاتنی جەنگی یەکــەمی جیهــان هاتــەئاراوەو، خــۆی وەك وێنەیــەکی بــچووکراوەی خەلافــەت راگەیاند و، ئەم بزاڤە مێژوویـەکی دەیـان ساڵەی هەیـە و لـە زۆرێـك لـە وڵاتـانی ئیسلامیدا بـە پێـی قورسایی خۆی کاریگـەری لەسـەر رووداوەکـان هەیـە، ئەگـەر دیوێکی ئەم بزاڤە مومارەسەی سیاسی و بەشداریکردنی کێشە سیاسییەکان بێـت، ئەوا دیوەکەی دیکەی هەوڵدانێکی جددی بوە بۆ بەئایینیکردنـەوەی ئـەو کێـشەو ململانێ سیاسییانە، زیاتر لەوەش ئەگەر ئەم بزاڤە دیوی دەرەوەی مەکتەبەیەکی سیاسی بێت ئەوا دیوی ناوەوەی مەکتەبەیەکی فیکریشە، واتە مەکتەبەیـەك بـوە بـۆ بەرهـەمهێنانی فیکـری ئـایینی، فکرێـك کـە بتوانێـك لـە هـەناوی خۆیـدا ململانێکانی ئەوکاتە رەسم بکات و بخوێنێتەوە، لە هەوڵدانێکی بەردەوامـدا بێـت بۆ بەخشینی رەوایەتی بەخۆی، لە هەمانکاتدا گومان لە بوون رەوایەتی بەرانبەر وەك بابـەتێکی ئـایینی و شـەرعی بهێنێتـە ئـاراوە، ئیـدی مەکتەبـەی فکیری ئـەو لـەجیهاتی نوێکردنــەوەی گوتــاری ئیــسلامی و ریفــۆرمکردنی و ئاوڕدانــەوە لــە چەمکە عەقڵانی و دیموکراتی و هاوچەرخەکان، ئاوڕی لە کەلتووری ئەرسەدۆکی و تەقدیسگەرای سەدەکانی ناوەراست دایەوە، لەسەر زیندووکردنـەوەی بـەهاکانی ئەو سەردەمە کاریکرد، زیاتر لەوەش گوتاری ئیسلامی بۆ بەرژەوەندی گروپێکـی سیاسی دیارکراو کەئیخوان موسـلیمین بـوو قـۆرخکردوو کـۆی فیکـرو دنیابینیـە

ئیسلامییەکەی خستە خزمەت ئامانجێکی سیاسییەوە، بەمەش ئەگەر لە مێژووی ئیسلامیدا فەیلەسوف و روناکبیر و فەقیهی کراوەی وەك ئیبن روشد و قورتوبی و ئەبو حەنیفە هەبوبن، ئەوا لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا ئەوا گوتاری رۆشنبیری ئیسلامی لەلایەن مەکتەبەیەکی فیکری بزاڤێکی سیاسییەوە قۆرخ ئەکرێت و، دەیخاتە ناو تاکتیك و ستراتیژە سیاسییەکانییەوە، باشترین حاڵەتێك کە لەبەردەمیدا رادەوەستین ئەوبزاڤە رۆشنگەرییەی کە لەناوەڕاست و کۆتایی سەدەی نۆزدە لای ئیمام جەمالەدینی ئەفغانی و محمد عەبدە و عەلی عەبدولرازق سەریهەڵدا، ئەم بزاڤە ئەگەرچی بەسەرەتایەکی سادەوە هاتە ئارا، بەڵام بەمەرجی بەردەوامی و پەرەپێدانی دەکرا زۆر دەسکەوتی فیکری و ژیاری گەورەی لێبەرهەمبێت، بەڵام لە ساتەوەختێك کە گوتاری فیکری لە خەمە گەردونیی و مرۆییە گەورەکانەوە دەخرێتە ناو خەونە ئایدیۆلۆژییەکانەوە بەهای نامێنێت، بەڵام بەگشتی ئێستا دەتوانین بڵێین ئێستا ئەو بزاڤە رۆشنگەریی و تەجدیدییەی سەدەی نۆزدە بۆ ئێمە بۆتە کلتورێکی وون، بۆتە کەلتوورێکی نادیار .

بە گشتی ململانێی بزاڤی ئیخوان لەسەرەتادا لەگەڵ رۆژئاوا یان لایەنگرانی رۆژئاوادا بوە، بۆیە بەردەوام هەم لە گوتارە سیاسی و ئایینییەکەیاندا و، هەم لە ئاستی فیکری و روانینی فیکرییەوە وێنەیەکی زۆر تەڵخی رۆژئاوای کیشاوە، بەمەش لەدنیای ئیسلامدا پاش هاتنی سەدەی بیست و، پاش هەموو شکستە گەورەکانی مێژوو، نەتوانرا خۆ لەبەرهەمهێنانی گوتاری ئایدیۆلۆژی و سیاسێنراو رزگاربکرێت، نەتوانرا ئەو وێنەیە بگوردرێت کەدەسەڵاتی ئیسلامی لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە بەرهەمیهێناوەو کاری لەسەر دەکات.

شایانی باسە خەونی کۆلۆنیالیزمی رۆژئاوا، یان هێرشی کۆلۆنیالیزمی رۆژئاوا بۆسەر جیهانی ئیسلامی لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم، رۆڵێکی باڵای گێڕا لەدروستکردنی کەشوهەواو بارودۆخێکی وەهادا کە ئەو بزاڤانەی لەناو جیهانی

رۆژهەڵات کە دروشمی رزگاری و سەربەخۆییان هەڵگرتبوو، بتوانن بەشێوەیەکی ناشرین دەموچاوی رۆژئاوایە رەسمبکەن، سەرلەنوێ وێنەیەکی تەماوی رۆژئاوا لە ئەدەبیاتی خۆیاندا بەرهەمبهێنن، لەلایەکی دی هێرشی کۆلۆنیالیزمی ئەوەی نیشاندا کە هێشتا دەسەڵات لە نێوەندی رۆژئاوایدا روانینی بۆ دنیای رۆژهەڵات و ئیسلام روانینێك نییە کە وەك بەرانبەرێك مامەڵەی لەگەڵدا بکات و دیالۆگی لەگەڵ بکات، بەڵکو روانینە بۆ نێچیرێکی سرکی دەستەمۆ نەبوو، کەهەرچی زوترە دەبێت دەستەمۆی بکات، روانینە بۆ زەوییەکی نەدۆزراوە کە ئەو لەگەڵ دۆزینەوەیدا قۆرخیدەکات، بەمشێوەیە دەسەڵات لە هەردوو نێوەندەکەدا بەپشت بەستن بە سیستمی وێناکردن وایکردوە مومکین نەبێت دیالۆگێکی زانستی و مرۆیی لەنێوان چەمکە کەلتووریی و ژیارییەکاندا بێتە ئاراوە، ئەگەر سەرەتایترین خاڵ بۆ دیالۆگ دیاری بکەین، ئەوا ئەوەیە کە وێنەی هەر یەکێکمان لە فەرهەنگی سیاسی و ئایدیۆلۆژی ئەویدیدا وێنەیەکی مرۆڤانەی ئازاد بێت، وێنەیەکی جوان بێت، ئێمە پێویستمان بەوەیە کەڕوانینمان بۆ دەرەوەی خۆمان لەسەر سیستمی زانستی دابمەزرێنین و نەك لەسەر سیستمی وێناکردن و وێناکردنی ئایدیۆلۆژی، وێناکردنی ئایدیۆلۆژی بەتەنها دەسەڵات خەلقینەکردوە، بگرە چەندین گوتاری مەعریفی و هەندێکجار تیۆری لە پشتییەوە راوەستاوە، لێرەوە دەکرێینەوە بەڕووی گوتارێکی وەك رۆژهەڵاتناسیدا کە پێویستە لێی بدوێین.

## لەنێوان رۆژهەڵاتناسی و رۆژئاوایەناسیدا

لە دوای جەنگی خاچپەرستی و، سەرنەکەوتنی رۆژئاوا لەو جەنگەدا و، سەرهەڵدانی گۆڕانکاری لەمەڕ تێگەیشتن لەئایین و، شۆڕشی چاکسازی لۆسەر و، دواتریش سەرهەڵدانی سەردەمی رۆشنگەری و رێنیسانس رۆژئاوا رووی لەجەنگێکی دیکەکرد، جەنگێکی جیاواز لە شمشێر و بازوو، جەنگی خوێندنەوەی بەرانبەر و کەشفکردنی بونیادی کەسێتی و بیرکردنەوەو مەعریفە و ئاییی بەرانبەر کە رۆژهەڵاتە، لێرەوە رۆژهەڵاتناسی سەریهەڵدا، رۆژهەڵاتناسی لە سەرەتای سەرهەڵدانیدا بزاڤێکی فیکری بوو لەناویدا خەونە قووڵەکانی رۆژئاوا خۆی حەشاردابوو، کەناشرینکردنی وێنەی دنیای دەرەوەی رۆژئاوایە و بە سەنتەرکرنی ژیاری رۆژئاوایە بۆ هەموو جیهان، بەشێوەیەکی دیکە دەکرێت بڵێین بەشێکی بەرچاوی رۆژهەڵاتناسی میکانیزمی دروستکردنی وێنەی ئیسلام و رۆژهەڵاتە، زیاتر لەوەش مەعریفاندنی ئەو وێنەیەیە، لە پشت ئەو پرۆسەی مەعریفاندنەوە دەسەڵاتێك راوەستاوە، دەسەڵاتێك خەونەکانی خۆی میکانیزمە دەکات، لەم روانگەیەوە یەکێك لەو رەخنە ریشەییانەی کە لەرۆژهەڵاتناسی دەگیرێت ئەوەیە کە رۆژهەڵاتناسەکان(( لە مەعریفەی دونیای ئیسلامی دەکۆڵنەوە لە پێناو پەیداکردنی دەسەڵات بەسەریدا))(٨٤) هەمان رەخنە ئیدوارد سەعید بەشێوەیەکی دی تەعبیری لێ دەکات، ((رۆژهەڵاتناسی شێوازکی رۆژئاوایەییە بۆ دەستبەسەراگرتنی رۆژهەڵات ))(٨٥) لێرەوە ئیدوارد سەعید گومان لە بەهای رۆژهەڵاتناسی دەکات وەك گوتارێکی مەعریفی، بگرە ئەو لە کتێبەناودارەکەیدا ( رۆژهەڵاتناسی) پێمان دەڵێت لەپشت رۆژهەڵاتناسییەوە سەیرترین جۆری پەیوەندی و تێکلاوی مەعریفە و دەسەڵات هەیە، بەمەش ئەو سیستمە مەعریفییەی کە لە پشت رۆژهەڵاتناسییەوە

کاردەکات کەشفدەکات کە ڕۆژهەڵاتناسی دیوکی دیکەی گوتاری مۆنۆپۆلیانەی دەسەڵاتە، کۆی پرۆژەکانی دەسەڵات هەڵگری بڕیاری یەکلاکەرەوەن بەبەرژەوەندییەکانی دەسەڵات لێرەوە ڕەخنەیەکی دی کە ئاراستەی ڕۆژهەڵاتناسی دەکرێت ئەوەیە کە (( هەڵگری کۆمەڵێك بڕیاری نێگەتیڤی پێشوەختن بەرانبەر بەوگەلانەی کە دیراسەیان دەکەن))(٨٦) لێرەوە لەوە دەگەین کە گوتاری ڕۆژهەڵاتناسی ڕۆڵێکی باڵای بینیوە لە دروستکردنی وێنەی تەڵخی ڕۆژهەڵات ودنیای ئیسلامیدا، یا سیستمی وێناکردن و ناشرینیکردنی ڕۆژهەڵاتی بردۆتە ئاستێکی مەعریفییەوە، زیاتر لەمەش ڕۆژهەڵاتناسی ڕۆڵێکی ئاشکرای بینیوە لە کەم بەهاکردنی کەلتووری ڕۆژهەڵاتیدا. چونکە دەمێك بوو ڕۆژهەڵاتناسی بوو بوو بە سەرچاوەیەکی گرنگی گوتاری ڕۆشنبیری و، سەرچاوەیەك بۆ هزر و سیستمی ڕۆشنبیری ئێمە.

لە ساتەوەختێکدا کە ڕەخنە لە ڕۆژهەڵاتناسی دەگرین دەبێت ئاگامان لەوەبێت کە ڕۆژهەڵاتناسی یەك جۆر گوتار یەك جۆر دنیابینی نییە، بەڵکو فرەیی گوتار و دنیابینی تیدایە، لەناو ڕۆژهەڵاتناسیدا چەندین هەوڵ هەن ویستویانە  بە شێوەیەکی زانستی لەرۆژهەڵات و فەرهەنگی ئیسلامی تێبگەن، چەندین دەنگ هەن کەخوازیاری دیالۆگی شارستانییەکان بوون، زیاتر لەوەش بەشێکی گرنگی هزری ڕۆژئاوایی دەڕژێتە بۆتەی ڕۆژهەڵاتناسییەوە، واتە پەیوەندی و تێکلاوییەکی یەکجار ئاڵۆز و سەیر لەنێوان هزرو بیرکردنەوەی ڕۆژئاوایی و ڕۆژهەڵاتناسیدا هەیە، بیرکردنەوەی زۆرێك لە هزرڤانە گەورەکانی ڕۆژئاوا دەرژێتە خانەی ڕۆژهەڵاتناسییەوە، تەنانەت هزری کەسێکی وەك کارل مارکس  دەبینین لەتیۆری مارکسیزمدا چەمکێکی وەك شێوازی بەرهەمهێنانی ئاسیایی دێنێتە ئاراوە ، کە ئەم چەمکە هەوڵدانێکە بۆ ڕاڤەکردنی تایبەتمەندێتی سیستمە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی ڕۆژهەڵات، یان جۆرێکە لەهەوڵدان بۆ ناساندنی سیستمی ئابووری ڕۆژهەڵات وەك سیستمکی پاشکەوتوو،

ڕەنگــە لەباریــدا نــەبێت تــەجاوزی دەرەبەگایــەتی بکــات و پێبنێتــە دنیــای تەکنــەلۆژی و ســەرمایەی بۆرژوازییــەوە، ئیــدی لــەوە دەگــەین کــەم هزرڤــانی ڕۆژئاوایی هەیە بەجۆرێك لـە جۆرەكـان ڕاڤـە و تێڕوانینـەكانی نەچێتە خانـەی ڕۆژهەڵاتناسـییەوە، لەگـەڵ ئەوەشـدا کـەم نـین ئـەو هزرڤـان و بیریارانـەی بـە مەبەستی تێگەیشتنی زانستی و فیکری ڕۆژهەڵاتیان خوێندۆتەوە، بەڵام هەمیشە ئـەم هەوڵانـە شـاردراونەتەوە، هەمیـشە دەسـەڵاتی ڕۆژئـاوایی ئـەو گوتـار و تێـزە ئایدیۆلۆژیانەی دەرخستوە کـە خزمـەتیان بـە بەرژەونـدی سیاسی و کۆلۆنیـالی کردوەو بوونەتە دیوی دووەمی دەسەڵات.

لەبەرانبـەر ئـەو کاریگەرییـە نێگەتیڤـەی کـە ڕۆژهەڵاتناسی لەسـەر جیهـانی ڕۆژهەڵات بەجێی هێشت، جۆرە کاردانەوەیەکی سەیر بەرانبەر بەرۆژهەڵاتناسی هاتە ئاراوە، هەر لەڕەخنە لێگرتنیەوە تا کەشفکردنی ئەو هێزە کۆلۆنیالییەی کە لـە پـشتییەوە کاردەکـات و دەیجولێنێـت، تادەگاتـە هەوڵـدان بـۆ دامەزرانـدنی زانستێکی وەك ڕۆژئاواناسی، تا ڕۆژئاواناسی لەبەرانبـەر ڕۆژهەڵاتناسـیدا وێنـەی ڕۆژئـاوا بەرهـەمبهێنێت، دکتـۆر حەسـەن حەنـەفی یەکیکـە لـە هەوڵـە دیارەکـانی بـواری دامەزرانـدنی ڕۆژئاواناسـی، لەمـەڕ ڕۆژئاواناسی دەڵێـت: (( ڕۆژئاواناسـی ڕویەکی دیکە و بەرانبەری ڕۆژهەڵاتناسییە... ڕۆژهەتناسی مانای تێڕوانینی منی ئەوروپییە بۆ ئەویدی نـا ئـەوروپی، پەیوەنـدی خـودێکی توێـژەرە بـە بابـەتێکی توێـژراوە، بـەڵام لەرۆژئاواناسـیدا ئـەو مـن ئەوروپیـەی لـە دوێنێـدا توێـژەر بـوە لەمڕۆدا دەبێتە بابەتی توێژینـەوە، ئـەو بەرانبـەرە نـا ئەوروپییـەی لـە دوێنێـدا بابــەتی توێژینــەوە بــوە ئــەمڕۆ دەبێتــە خــودێکی توێــژەر)) (٨٧) کاتێـك لـەم گوتەیەی حەسەن حەنەفی ڕادەمێنین هەستدەکەین ڕۆژئاواناسـی لـە ناوەڕۆكدا شـتێك نییـە جگـە لەتۆڵەکردنـەوە لـەڕۆژئاوا، تۆڵەکردنەوەیـەك کـە بـەرەنجامی ڕقێکی کەڵەکەبووی دەیـان ساڵەیە، کاتێـك بـەم تەرحـە لەبـەردەم ڕۆژئاواناسـیدا ڕادەوەسـتین لەڕاسـتیدا تـەنها وەسـتانە لەبــەردەم بـوغزێکی ڕۆژهەڵاتناسـیدا،

بوغزێـك كـه دەیـەوێت وێنەیـەكی تـەڵخی ڕۆژئـاوا نیـشان بـدات، ئەگـەر ڕۆژهەڵاتناسـی چاوسـاغێكی فیكـری كۆلۆنیـالیزمی ڕۆژئـاوایی بێـت، ئـەوا ڕۆژئاواناسـی دەبێتـە چاوسـاغی فیكـری بـۆ كۆلۆنیـالیزمی ڕۆژهـەڵات، ئەگـەر ڕۆژهەڵاتناسی خەونێكی بەرهەمهێنراوی گوتاری سەنتەریزمی ڕۆژئـاوایی بێـت، ئـەوا ڕۆژئاواناسـی هـەڵقوڵاوی خـەونی بـە سـەنتەركردنی ڕۆژهـەڵات و نەزعـەی سـەنتەریزمی ڕۆژهەڵاتییـە، هەربۆیـە ڕۆژئاوانـاس ئـەزموونی ڕۆژهـەڵاتناس و پرۆسە مێژوییەكانی ڕۆژهەڵاتناسی دووبارەدەكاتەوە، وێنەی تەڵخ و شێوێنراوی ڕۆژئـاوا بەرهەمـدەهێنێت، بەمـەش لـەجیاتی تێگەیـشتنی زانـستی تێگەیـشتنی ئایدیۆلۆژی دەبوژێنێتەوە.

من پێموایە ئـەمڕۆ ئێمـە پێویـستمان بەرۆژئاواناسـیيەك نییـە لەدیدگایـەكی ئایدیۆلۆژییـەوە ڕۆژئـاوا بپـشكنێت و، گومـان لـە بـەهاكانی بكـات، ئەوەنـدی پێویـستمان بەوەیـە تێگەیـشتنێكی زانـستی و لـۆژیكی بەرانبـەر ڕۆژئـاوا بەرهەمبهێنین، تێگەیشتنی زانـستی لـە كـەلتووری ڕۆژئـاوا، لـە ئـایین و عـەقڵ و مێژووی ڕۆژئاوا، لە گوتارەكانی نێوەندی ڕۆژئاوا، دەكرێت لەم ڕێگەیـەوە ڕۆژئـاوا بناسین و دیالۆگی لەگەڵدا بكەین، لەلایـەكی دی بێهـودەی و گەنـدەڵی ئـەو بـەناو تێزە فیكری و ئەبستمیانە ئاشكرا دەبێت كە خزمەت بـە تێـزی كۆلۆنیـالیزمی و خزمـەت بـەبێ بـەهاكردنی بـوونی بەرانبـەر و دیـالۆگ دەكـەن، بـەڵام لـە كـۆی مێـژووی ژیاریـشەوە تەنانـەت ڕۆژئاوایـشدا جیاكردنـەوەی ئـەو گوتارانـەی كـە خەونی زانستی و لۆژكیان لە پشتەوە بوە لەو گوتارانەی كـە خـەونی ئایـدیۆلۆژی و كۆلۆنیالیان لە پشتەوە بوە كارێكی یەكجار قورس و زەحمەت بوە، بگرە گەلێك جار ئەم جیاكردنەوەیە بۆتە فاكتـەری تێكشكاندنی گـەلێك بـەهای كـەلتووری و ڕۆشنبیریی، بۆتە هۆی كۆدێتـای ڕەوتـە ئایـدیۆلۆژی و ئەرسەدۆكسیەكان بەسـەر ڕەوتی عەقڵانی و ئەبستمیدا، زەمینەیەكی هەرە گـرنگ كـە ئـەم كۆدێتایـەی تیـا ئەنجامدراوە بریتییە لـە غیـابی پڕۆژەیـەكی ڕەخنەگرانـەی ئـازاد، پڕۆژیـەك كـە

بتوانێت لە دیدگایەکی زانستی و رەخنەگرانەوە کۆی بونیاد و چەمك و مانا ئایدیۆلۆژییەکان تەفکیك بکات، پڕۆژیەك بتوانێت مانای نوێ و تەعریفی نوێ بۆ کۆی چەمك و رەهەندە جۆراوجۆرەکان بەرهەمبهێنێت، گوتارە ئایدیۆلۆژی و دۆگماکان لەگوتارە ئەبستمی و عەقڵانییەکان جیابکاتەوە، غیابی ئەم پڕۆژیە گەورەترین قەیرانی بۆ جیهانی ئیسلامی خولقاندوە، قەیرانێك بەشێکی هەرەگەورەی رۆشنبیریی و بیرکردنەوەی ئیسلامیی لەناو دوکەڵی شەڕە ئایدیۆلۆژییەکاندا نقوم کردوە، بەمەش رۆشنبیری جیهانی ئیسلامی یان ئایینی بۆتە هەڵسوراوێکی چالاکی هەموو شەڕە ئایدیۆلۆژییەکان، ئیدی کاتێك دەمانەوێت لە دیدگایەکی عەقڵانی کراوەوە دنیاببینین کە ئاوڕ دەدەینەوە لەناو رەمزە جۆراوجۆرەکانی شەڕە ئایدیۆلۆژییەکانداین، کاتێك دەمانەوێت بیربکەینەوە کە سەیر دەکەین ئەفسانەکانی دەسەڵات خۆی خزاندۆتە ناو نەستمانەوە، رۆشنبیرییە ئایدیۆلۆژییە موتڵەقگەراکان بوون بە سەرچاوەی بیرکردنەوەو هێزی تەفسیرکردن، ئەمەیە ئەو قەیرانە قووڵەی جیهانی ئیسلامی کە شایانی ئەوەیە لێی بدوێین، لە لەحزەی بەردەوامی ئەم پڕۆژەیەدا، لە غیابی پڕۆژەی رەخنەگرانەی زانستیدا بوارێك بۆ ئەوە نامێنێتەوە بەشێوەیەکی دی و لەڕوانگەیەکی دیکەوە لە وێنەی بەرانبەر تێبگەین، بتوانین بەشێوەیەکی دیکە راڤەی بوونی پێکهاتە جیاوازەکانی بەرانبەر بکەین، ئەم حاڵەتە نەك بە تەنها لە نێوەندی ئیسلامیدا بەڵکو لە نێوەندی رۆژئاوایشدا هەمان ئیشکالییەت بوونی هەبوە، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ رۆژهەڵاتدا تەنها ئاستی ئیشکالیەتەکان جیاواز بوە نەك جەوهەری ئیشکالیەتەکان، ( لەرۆژئاوادا گوتاری سەنتەریزم کە پەیامی سەنتەریزمی رۆژئاوایی و شێواندنی وێنەی جیهانی نا رۆژئاوایی هەڵگرتبوو ) لە رۆژئاوادا کەم روناکبیر هەیە توانیبێتی لەڕوانگەیەکی دیکەوە لە خودی رۆژئاوا و رۆژهەڵاتیش تێبگات، بەڵام دەبێت لێرەدا ئاماژە بەوە بکەین کە لەهەردوو جیهانی ئیسلامی و رۆژئاوایدا لێرەو لەوێ لە هەندێك قۆناغی مێژوودا چەندین

دەنـگ هـەبوون کـە ویـستویانە لەڕوانگەیـەکی دیکـەوە لـە بەرانبـەر تێبگـەن و دیالۆگی لەگەڵدا بکەن، لەجیهانی ئیسلامیدا دەکرێت کەسێکی وەك ئـیبن روشـد بـە نموونـەی ئـەو دەنگانـە دیـاری بکرێـت، لـە رۆژئاواشـدا کەسـکی وەك گۆتـەی ئەڵمانی، بەڵام گرفتەکە لەوەدایـە ئـەو دەنگانـە نـەیانتوانیوە لـە سـنووری دەنـگ دەرچـن و ببنـە پڕۆژەیـەکی ئـەوتۆ کـە بتـوانن وێنەیـەکی دیکـەی بەرانبـەر رەسمبکەن و زەمینەی دیالۆگ بهێننە ئاراوە.

هەنووکەش لە واقیعی روناکبیری و سیاسی و کۆمەڵایەتی  دنیای ئیـسلامی و رۆژئاوایدا، بوونی پڕۆژەیەکی مەعریفی رەخنەگرانە پێویـستییەکی مێـژوویی و ژیاری گەورەیە، تا ئەو پڕۆژەیـە بتوانێـت بـە پـشتبەستن بـە میتـۆدی زانـستی و دنیابینی عەقڵانی جارێکی دی چەمك و موفرەدەکان بخوێنێتەوە، مانایەکی دیکە بۆ وێنـەی بەرانبـەر بخولقێنێـت، تـەجاوزی ئـەو ئیـشکالیەتە گەورەیـە بکـات کـە هەمیشە پەیوەندی دنیای ئیسلامی و رۆژئاوا ناوەندی شـەڕی ئایـدیۆلۆژی بـوە و هەمیشە رۆحێکی ئەرسەدۆکسی بـەڕێوەی بـردوە، پێویـستە زەمینـە بـۆ دیـالۆگی چەمکەکان و کـەلتوورەکان خۆشـبکرێت، بەمـەش ئێمـە دەتـوانین دنیـای خۆمـان لەداخراوی رزگاربکەین و ئاسۆکانی بوونی ژیاریمان فراوان بکەین

## گەردوونیبوونی ئایین، رووبەڕێك بۆ دیالۆگ

کـەم پرۆسـە هەیـە لەمێـژوودا هێنـدەی مامەڵـەی عـەقڵی بەشـەری لەگـەڵ دەقەکانی ئاییندا کاریگەر بوبێت لەسەر پرۆسەی بەرهـەمهێنانی مانـا و، روانـین بۆ جیهان و، بۆ تێگەیشتن لەچەمکەکان و مامەڵەکردن لەگەڵ بەرانبـەردا، ئیـدی لێـرەوە ئـایین پانتاییـەکی فـراوان لـە سیـستمی بیرکردنـەوەو جیهـانبینی مـرۆڤ داگیردەکـات، زۆرێـك لـەو بیرکردنەوانـەی کـە ئیـدیعای ئـەوە دەکـەن تـەجاوزی ئایینیان کردوە بەڵام لە جەوهـەردا غـەرقی ئـایینن، هەڵەیـە ئەگـەر پێمانوابێت تێزەکـانی ئـایین بەتـەنها لـە نێـو هـزری ئاینیـدا کارایـە و رووبـەڕەکانی ئـەو داگیردەکات، ئەمڕۆ لەناوجەرگەی دوانـدن و دایەلۆگە فەلسەفییەکانیـشدا ئـایین هێزێکـی گـرنگ و کاریگـەرە، ئیـدی لێـرەوە جـەنگی نێـوان ئایینـەکان بەتـەنها جەنگی نێوان ئایینەکان نییە، بە تەنها جەنگێك نییە لە پێنـاو رەوایـەتی بـەڵکو دەبێتـە جـەنگی نێـوان کـەلتوورەکان جـەنگی نێـوان دەسـەڵاتەکان، بەدرێـژایی عەیامێکی مێژویی فراوان، بە درێـژایی چـەندین سـەدەی رابـردوو، شـەڕێکی بـێ ئامان لەنێوان لایەنگرانی هەر سێ ئایینی ئاسمانی جیهانی ( ئیسلام- مەسیحی – یـەهودی ) دروسـت بـوە، ئـەنجامێکی گـرنگ کـە لـە خـودی ئـەم شـەڕەدا بەدەسـتهاتبێت شـتێك نـەبوە جگـە لـە جـەنگی نێـوان رۆژهـەڵات و رۆژئـاوا، بەردەوامی ئەم شەڕە وایکردوە جۆرێك لـە سروشـتیبوون وەربگرێـت، ئیـدی لـەم روانگەیـەوە هەنـدێك سـاویلکە قـسە لەسـەر ئـەوە دەکـەن کـە ئیـسلام شوناسـی رۆژهەڵاتــەو مەسـیحیەتیش شوناسـی رۆژئاوایــە، ئــەم بۆچــوونە نــەك هــەر بۆچونێکی هەڵەیە، بگـرە بۆچونێکە لێوالێـوە لەتراژیـدیا، بۆچوونێکە پـڕە لـە تراژیـدیا، لـەناو ئـەم بۆچـوونەدا داخـران هەیـە، ئیفلـیج بـوونی پەیوەنـدی و شێواندنی وێنە هەیە.

من پێموایە لـەناو رۆح وجەوهـەری ئایینەکانـدا لێبـوردن هەیـە نـەك بـوغز، تـەوازع هەیـە نـەك غـرور، بـەڵام سـەیرە لـە هـەر چـوار قوڵـەی دنیـادا لـەناو

ئاییندارانددا غرورێکی سەیر هەیە، موعجیب بوونێکی سەیر هەیە بەخود، هەر ئەم غرورو ئیعجابەش وایکردوە بەردەوام جۆرێك لە سەنتەریزم، جۆرێك لە بەناوەندکردنی خود و پەراوێزخستنی بەرانبەر لە هزر و دونیابینی و پراکتکی ئاییندارانددا بەدیبکرێت، رەنگە ئەمەش بەرەنجامی ئەو مامەڵە تەئویلییە بێت کە منی باوەڕدار لە قۆناغێك لە قۆناغەکانی مێژوودا لەگەڵ دەقەکانی ئایینەکەمدا کردوومە، ئەگەر من لە قۆناغێك لە قۆناغەکانی مێژوودا مامەڵەیەکی تایبەتیم کردبێت ئەوا گواستنەوەی ئەو مامەڵە تایبەتەی من بۆ زەمەنەکانی هەنووکە و کۆمەڵگاکانی دی مەرج و پێویست نییە و بگرە سەرچاوەی گرفتی مێژوویی گەورەن.

ئێمە بە وردبوونەوەیەکی قوڵمان لە دەقەکانی ئایین ( بۆ نموونە لە قورئان) دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئایین گوتارێکی ئایدیۆلۆژی سیاسی نییە، بەڵکو رەهەندێکی گەردوونی لە جەوهەری ئایینەکاندا هەیە، کۆی ئایینەکان بە گشتی وئاسمانییەکان بە تایبەت لەو رەهەندە گەردونییەدا یەکدەگرنەوە کەگرنگترین بنەمای ئەو رەهەندە گەردونییە بریتییە لە چەمکەکانی وەك دادپەروەری و ئازادی مرۆڤ، ئەمانە جگە لە ئیسلام هەریەك لە مەسیحییەت و یەهودی باوەڕیان پێیەتی، کۆبوونەوە لەسەر ئەم خاڵە کۆبوونەوەیە لەسەر گەردونایەتی ئایین و خاڵی هاوبەشی نێوان ئایینەکان، ئەم تەرحەش لە قورئاندا هاتوە ((قل یا اهل الکتاب تعالوا الی کلمة سواء بیننا و بینکم الا نعبدو الا الله و لا نشرك به شیئا))(٨٨) ، بڵێ ئەی ئەهلی کیتاب وەرن با لەسەر وشەیەك کە لە نێوانماندا هاوبەشە کۆ ببینەوەو جگە لە خوا کەس نەپەرستین کەهاوەڵی بۆ بڕیارنەدەین، ئەم دەقە لە قورئاندا مانیفیستی کاری هاوبەشی نێوان ئایینەکانە، بانگەوازە بۆ کۆبوونەوەی ئایینەکان لەسەر ئەو چەمك و موفرەدە هاوبەشانە، لە دەقێکی دیکەی قورئاندا هاتوە ((ولاتجادلوا اهل الکتاب الا بالتي هي احسن الا الذین ظلمو منهم و قولوا امننا الذي انزل الینا و انزل الیکم و الهنا و الهکم واحد

و نحن له مسلمون))(٨٩) ، گفتوگۆو مشتومڕ لەگەڵ ئەهلی کیتابدا مەکەن مەگەر بە جوانترین شێوە، جگە لەوانەی کە ستەمکارن، بڵێن باوەڕمان هێناوە بەوە بۆ ئێمە هاتۆتە خوارەوە، بەوەی بۆ ئێوە هاتۆتە خوارەوە، خوای ئێمەو خوای ئێوە یەکێکە.

کاتێک لەبەردەم ئەم گوتارەدا رادەوەستین لەو چوارچێوە گەردونییە تێدەگەین کەکۆی ئایینەکانی ئەهلی کیتاب کۆدەکاتەوە، هەموویان دەخاتە یەکریزەوەو بە هەموویان یەک ئایینی گەردوونی پێکدەهێنێت ( باوەڕمان هێناوە بەوەی بۆ ئێمە هاتوەو باوەڕمان هێناوە بەوەی بۆ ئێوە هاتوە، خوای ئێمە و خوای ئێوە یەکێکە).

لەکاتێکدا ئەمە رادەگەیەنین دەشزانین کە بەدرێژایی مێژووی ئیسلامی خەتی زاڵ و تێگەیشتنی باڵادەستلە جیهانی ئیسلامیدا ئەو تێگەیشتنە بوە ئەم دەقە و چەندان دەقی هاوشێوەی خستۆتەلاوەو ئەو دەق تێکستانەی خوێندۆتەوە کەحەقیقەتی موتڵەق لەسەر ئاینی محمدی تاپۆ دەکەن و زەمینەی جەنگی نێوان ئایینەکان و بیروباوەڕی نەیارەکان خۆشدەکەن، بگرە بە پێی پێداویستییە سیاسی و ئایدیۆلۆژییەکان بەردەوام مانایان لە دەقەکان بەرهەمهێناوە، پرۆسەی بەئایدیۆلۆژیکردنی ئایینیان بە ئەنجام گەیاندوە، ئەم پرۆسەیەش لە خزمەتی دەسەڵاتە ستەمکار و توتالیتارەکاندا تەواو بوە، ئەگەر بە ئایدیۆلۆژیکردنی ئایین خزمەتی بەدەسەڵاتە توتالیتارەکان کردبێت و شەڕی رۆژهەڵات و رۆژئاوای تۆخکردبێتەوە ئەوا خاڵە گەردونییەکانی ئایین سەرجەم ئایینەکان لەسەر خاڵێک کۆ دەکاتەوەو لەسەر مێزێک گفتوگۆیان پێدەکات، ئالەم ساتەوەختەدا زەمینەیەک دێتە پیشەوە بۆ گفتۆیەکی راستەقینە لەنێوان ئایینەکاندا.

بە گەردونیکردنی ئایین ئەو چرکانەیە کەوێنەی ئایینی بەرانبەر لەفەرهەنگی من و وێنەی ئایینی من لە فەرهەنگی ئەویدیدا دەبێتە وێنەیەکی جوان، پلۆرالیزمی ئایینی دێتە ئاراوەو ئایینەکان دان بەڕەوایەتی یەکیدیدا

دەنێن و حەقیقەت لەسەر خۆیان تاپۆ ناکەن، بەمـەش ئـەو جەنگە کوشـندەیەی سەدان ساڵە لە نێوان ئایینەکان هەیە و درێژەی پێدەدرێ کۆتـایی دێـت، کۆتـایی هـاتنی جـەنگی ئایینـەکان چەسـپاندنی پلـۆرالیزمی ئـاییني رەهەنـدێکی زۆر کاریگەر لـەململانێی نێـوان ئایینـەکان کۆتـایی پێـدێنی و لەوێـشەوە رەهەنـدێکی کاریگەری ناکۆکی رۆژهەڵات و رۆژئاوا کۆتایی پێدێنێت، شایانی ئاماژە پێکردنـە ئەمڕۆ چ لە نێوەندی رۆژهـەڵات و چ لەنێوەنـدی رۆژئـاوا چـەندین دەنـگ هەیـە کەبـەرۆحێکی رەگەزپەرسـتییەوە گومـان لـە پەیوەنـدی و دیـالۆگی ئایینـەکان، دیــالۆگی رۆژهــەڵات و رۆژ ئــاوا دەکــەن و بەگومانــەوە دەڕواننــە پرۆســەی پلۆرالیزمی ئاییني و رەهەندە گەردونییە هاوبەشەکانی ئایینەکان، کەم نـین ئـەو تیۆرانەی هەوڵدەدەن لـە فۆرمی تیـۆر و شـیکاری بابـەتی و زانـستیدا ئـەم تێـزە بەرجەســتەبکەن، دەتــوانین تیۆرەکــەی ســامۆئیل هــانتگتۆن ( پێکــدادانی شارستانییەکان) بە نموونەیەکی گرنگ دیاریبکەین، کەئەم تیـۆرە جـەنگی نێـوان ئایینەکان بە دیاریکراوی جەنگی نێوان ئیسلام و مەسیحییەت دەکاتە داینـەمۆی جەنگی نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوا، لای ئەو جەنگی ژیارەکان یان باشتروایە بڵێین جـەنگی ئەوانیـدی لەگـەڵ رۆژئـاوا جـەنگێکی زۆر مومکینـە و داینـەمۆی ئـەو جەنگەش ئیسلامە، ئەمەش کاردانەوەی نێگەتیف لای تاك و هۆشیاری رۆژئاوایی دروستدەکات و، وێنەی نەیارێك بۆ ئایینە نا رۆژئاواییەکان دەکێشێت، بە هـەمان شێوە لەناوەندی رۆژهەڵاتیشدا ئەو هەموو دەنگە رۆژانە بە دەمـامکی رەنگاڵـەیی جۆراوجـۆرەوە رۆژانــە وێنــەی رۆژئــاوا ناشــرین دەکــەن و هەســت و نەســتیان لێواولێوە لە بوغزێکی گەورە بەرانبەر بە رۆژئاوا، بەرانبەر بە ئـایین و کـەلتوور و ژیــاری رۆژئــاوا، بەمــەش دەروازەی دیــالۆگ و پێکــەوەژیانی راســتەقینە زۆر لاوازدەکات .

## دوا پەیڤ

دەبێت ئاگامان لەوەبێت کە ئەمڕۆ رۆژئاوا بەتەنها ئیرادەیەکی گەورە نییە، بە تەنها پیاوێك نییە خاوەنی چەك و جبەخانەیەکی بێ شومار بێت، بەڵکو زیاتر لەوەو گرنگتر لەوە رۆژئاوا سیحرێکی گەورەیە، رۆژئاوا سیحرێکی ژیاری گەورە و فرە رەهەندە، رۆژئاوا مێژوویەکە لەفکر، مێژوویەکە لە تەکنەلۆژیا، داخراوی جیهانی ئیسلامی بەڕووی رۆژئاوا بە پلەی یەکەم زەبرێکی کوشندەیە لە جیهانی ئیسلامی و تا زەمەنێکی زۆر دریژتر جیهانی ئیسلامی لە دواکەوتویی و پاشکەوتویی دەهێڵێتەوە زەبرێکە لە لایەك رێگرە لە بەردەم تێگەیشتنی زانستی لە خۆرئاوا، مانای زاڵێتی تەفسیرە ئایدیۆلۆژییەکان دەگەیەنێت، لە لایەکی دی بێبەشبوونی ئێمەیە لە میتۆدە زانستییەکان و لە بەرهەمە ژیارییەکانی خۆرئاوا، دەبێت ئاماژەش بەوە بکەین کە کرانەوەی ئێمە بەڕووی خۆرئاوادا هەرگیز بەمانای لەدەستدانی بەها ژیارییەکانمان نییە، بەڵکو بەمانای نوێکردنەوەی ناسنامەیە، چونکە داخراوی و چەسپاوی ناسنامە کارەساتی گەورەیە و هێمای یەکەمی پاشکەوتوی کەلتووری و سیاسییە، دەبێت ئاگامان لەوە بێت کە چی ناسنامەی ئێمە پێکدەهێنێت ناسنامەی ئێمە دوورە لە گوتارە ئەرسەدۆکسی و سیستمە شمولی و ئایدیۆلۆژییەکان، بێگومان ئەمەش بەوە دەبێت کە پرۆژەیەکی رەخنەگرانەی زانستی دەربارەی دونیای خۆمان بێتە ئاراوە، بەڵام بەداخەوە رۆشنبیری ئێمە هەمیشە لە خەمی ئەوەدابوە رەخنە ئاڕاستەی هێزەکانی دەرەوەو گوتارەکانی دەرەوە بکات، بە بێ ئەوەی کەمترین سەرنج و دیدی رەخنەیی ئاڕاستەی خودی قەیران و ئیشکالیەتەکانی دنیای ئیسلامی بکات و، رەخنە ئاڕاستەی عەقڵ و کەلتوور و گوتارە داخراوەکان بکات، چونکە رۆشنبیری ئیسلامی هەمیشە بە دڵنیاییەوە مامەڵەی لەگەڵ دنیای خۆیدا کردوەو، وایزانیوە کە گرفت و ئیشکالیەتی نییە، بۆیە ئەکرێت بڵێن گوتاری رۆشنبیری ئیسلامی وەك سەربازێك بەردەوام بە دەوری خۆیدا سوڕاوەتەوەو بێ

**بیرکردنەوە تەقەی لە دوژمنەکانی کردوە، ئامانجی ئەم رۆشنبیرییە ئەوەندەی پاراستنی باو و کەلتووری زاڵ بوە، نیو ئەوەندە ئامانجی پێداچوونەوەو بەرهەمهێنانی نوێ نەبوە.**

## سەرچاوەو پەراوێز:


١- مرسيا الياد ، المقدس و العادي، ترجمة و تحقيق عادل عوا ، من سلسلة دراسات في الفلسفة و المجتمع، صحاري للصحافة و النشر ص١١)

٢- كاريل، الكسيس ، الانسان ذلك المجهول، ترجمة و تحقيق: شفيق اسعد فريد، مؤسسة المعارف للطباعة و النشر

٣- سيد القمني، الاسطورة و التراث، المركز المصري للبحوث الحضارية، الطبعة الثالثة، السنة ١٩٩٩، ص٢٣

٤- خزعل الماجدي/بخور الالهة، دراسة في طب و سحر و الاسطورة و الدين/الاهلية للنشر و التوزيع/ الطبعة الاولى١٩٩٨/ ص ٥٨

٥- تركي علي الربيعو/ العنف و المقدس و الجنس في الميثولوجيا الاسلامية/ المركز الثقافي العربي/دار البيروت ١٩٨٧ ص١٠ ، يان بروانه مرسيا الياد/ رمزية الطقس و الاسطورة/ترجمة، نهاد خياط /دمشق/ص٩٠

٦- سورة الانبياء اية ٥٢ ، ٥٣

٧- خزعل الماجدي/بخور الالهة،دراسة في طب و سحر و الاسطورة و الدين/الاهلية للنشر و التوزيع/ الطبعة الاولى١٩٩٨/ص٨٤

٨- موريس عودولية/ماالمقدس؟/ترجمة،ارخوان ضاضا/ مجلة النهج/ عدد ١٦/ ص٢٢١

٩- (( روبرتسن سميث /محاضرات في الديانة الساميين/ت د عبدالوهاب علي/ مجلس الاعلي للثقافة/١٩٩٧ ص١٤٨))

١٠- ((مرسيا اليدا، المقدس و العادي، ترجمة و تحقيق عادل عوا ، من سلسلة دراسات في الفلسفة و المجتمع، صحاري للصحافة و النشر ص ٤٨))

١١- ((مرسيا اليدا ، المقدس و العادي، ترجمة و تحقيق عادل عوا ، من سلسلة دراسات في الفلسفة و المجتمع، صحاري للصحافة و النشر ص ٢٧))

١٢- ((تركي علي الربيعو/ العنف و المقدس و الجنس في الميثولوجيا الاسلامية/ المركز الثقافي العربي/دار البيروت ١٩٨٧ ص٣٩))

١٣- سميث، روبرتسن، محاضرات في ديانة الساميين، ت : د. عبدالوهاب علوي، المجلس الاعلى للثقافة، السنة ١٩٩٧ص ١٦٨

١٤- وداد الحوراني/ رحلة الى الفردوس و الجحيم في اساطير العراق القديم / دائرة الشؤون الثقافية العامة / السنة ١٩٩٨/ ص٢٣

١٥- هەمان سەرچاوە ص ٢٠

١٦- قورئان ، سورەتی هود، ئایەتی ٢٧

١٧- قورئان ، سورەتی هود، ئایەتی ٢٨

١٨- مرسيا اليدا، المقدس و العادي، ترجمة و تحقيق عادل عوا، من سلسلة دراسات في الفلسفة و المجتمع، صحاري للصحافة و النشر ص ٣٥

١٩- د عبدالرضا طعان، الفكر السياسي في العراق القديم، دارالرشيد للنشر ، ١٩٨١، ص ٧٥-٨٣

٢٠- قورئان، سورەتی البقره، ئایەتی ٣٠

٢١- نصر حامد ابوزيد، الأتجاه العقلي في التفسير( دراسة في قضية المجاز في القران عند المعتزلة)، المركز الثقافي العربي ، الطبعة الثالثة، ص ٩٨

٢٢- قورئان ، سورەتی احزاب، ئایەتی ٤٢

٢٣- قورئان ، سورەتی انعام، ئایەتی ١

٢٤- نصر حامد ابوزيد، الأتجاه العقلي في التفسير( دراسة في قضية المجاز في القرأن عند المعتزلة)، المركز الثقافي العربي ، الطبعة الثالثة، ص ١٤٧

٢٥- د.محمد مفتاح، التلقي و التأويل، المركز الثقافي العربي،الطبعة الاولى، ١٩٩٤، ص٢٠

٢٦- علي حرب، التأويل و الحقيقة( قراءات تأريخية في الثقافة العربية)، دار التنوير للطباعة و النشر،الطبعة الاولى،١٩٨٥،ص ١٤٦

٢٧- محمد الشوقي، فينومينولوجيا و فن التأويل، مجلة الفكر و النقد،عدد١٦، فبراير ١٩٩٩، ص٧٦

٢٨- د. نصر حامد ابوزيد، اشكاليات القراءة و اليات التأويل، المركز الثقافي العربي، الطبعة الرابعة، ١٩٩٦ ، ص ٢٠-٢٥

٢٩- اميل بنفست، مقولات الفكر و مقولات اللغة، مجلة الفكر و النقد، عدد ١٦، فبراير ١٩٩٩، ص ٣٥

٣٠- علي حرب، الممنوع و الممتنع( نقد لذات الفكر)، المركز الثقافي العربي، الطبعة الاولى، ١٩٩٥، ص ٣٥

٣١- د. عبدالعزيز حمودة، من البنوية الى التفكيكية،

٣٢- علي حرب، التأويل و الحقيقة( قراءات تأريخية في الثقافة العربية)، دار التنوير للطباعة و النشر،الطبعة الاولى،١٩٨٥،ص ٢٢٩

٣٣- نصر حامد ابوزيد، فلسفة التاويل( دراسة في تأويل القرأن عند محي الدين بن عربي) ص ٢٦

٣٤- اشبنجلر لە تیۆری داخراوی شارستانییەکاندا باوەڕی بە ئاڵوگۆڕی کەلتووری نییە،لە نێو شارستانییەکاندا،بەڵکو لای وایە هەموو شارستانییەکان بوونێکی داخراویان هەیە،( بروانە : عبد الرحمن بدوي، اشبنجلر، مطبعة النهضة المصرية، ١٩٤٥، ص ٩٠-٩٥

٣٥- علي حرب، الممنوع و الممتنع نقد لذات المفكرة، المركز الثقافي العربي، السنة ١٩٩٥،ص ٨١

٣٦- شيخ عبدالله جواد املي، التفسير و التأويل، مجلة القضايا الاسلامية المعاصرة، ملف خاص( منهج التعامل مع القرآن) عدد السادس،ص٢١

٣٧- د محمد عابد الجابري، الخطاب العربي المعاصر(دراسة تحليلية نقدية)، دار الطليعة للطباعة و النشر، الطبعة الثانية، ١٩٨٥ ، ص ٨

٣٨- د محمد عابد الجابري، الخطاب العربي المعاصر(دراسة تحليلية نقدية) ، دار الطليعة للطباعة و النشر، الطبعة الثانية، ١٩٨٥ ، ص ١٠

٣٩- علي حرب، النص و الحقيقة،( نقد الحقيقة) ص٩ ، المركز الثقافي العربي، الطبعة الثانية، ١٩٩٥

٤٠- د. سيد محمد القمني، الاسطورة و التراث، سينا للنشر الطبعة الثانية ١٩٩٣، ص ٢١

٤١- هەمان سەرچاوە ٢٧

٤٢- بروانه عدنان عويد، قرأة نقدية في بعض منطلقات الخطاب التنويري – النهضوي العربي/ مجلة النهج/ عدد ٥٧/ ص ١٣١

٤٣- داريوش شايغان، ما الثورة الدينية، الحضارات التقليدية في مواجهة الحداثة، المؤسسة العربية للتحديث الفكري، الطبعة الاولى، سنة ٢٠٠٤، ص ٢٢٠

٤٤- http://ar.qantara.de/webcom/show_article.php/_c-321/_nr-24/_p-1/i.html

٤٥- علي حرب / النص و الحقيقة(نقدالحقيقة)/ المركز الثقافي العربي/ الطبعة الثانية ١٩٩٥/ص ٩

٤٦- قورئان ، سورەتی النساء ، ئايەتی ٣

٤٧- احمد الشرقاوي، التأملات الأولية في المشروع النقدي الجابري، جريدة الزمان، السنة ثانية، عدد ٣٥٤

٤٨- غاستون بوتول، فن السياسية، الاهالي للطبع و النشر، الطبعة الاولى ١٩٩٨، ص ٥٠

٤٩- د. محمد اركون، الفكر الاسلامي ( قراءة علمية)، ت : هاشم صالح، مركز الانماء القومي، الطبعة الثانية ، السنة ١٩٩٦

٥٠- محمد سعيد الطالب، الدين و الدولة( بحث في التأريخ و المفاهيم) الأهالي للطباعة و النشرو التوزيع، الطبعة الاولى، السنة ١٩٩٧، ص ٢٢٥

٥١- هەمان سەرچاوە

٥٢- د. محمود اسماعيل، الاسلام السياسي بين الاصوليين و العلمانيين، مؤسسة الشراع العربي، الطبعة الاولى، السنة ١٩٩٣، ص ٦٤

٥٣- الجابري ، د محمد عابد ، الخطاب العربي المعاصر(دراسة تحليلية نقدية) ، دار الطليعة للطباعة و النشر، الطبعة الثانية، ١٩٨٥، ص ٦٤

٥٤- د. محمد شحرور، الدولة و المجتمع، الاهالي للطباعة و النشر، الطبعة الرابعة، ١٩٩٧

٥٥- د عبداللة العروي، مفهوم الدولة، المركز الثقافي العربي، الطبعة الخامسة، ١٩٩٣، ص١٦

٥٦- د. عبدالرزاق عيد، ازمة التنوير، الاهالي للطباعة و النشر، الطبعة الاولى، ١٩٩٧، ص ٢٨٦

٥٧- د محمد اركون، خطاب الانسنة في الفكر العربي، ت/ هاشم صالح، ص ٤٤٧

٥٨- د. محمد شحرور، الدولة و المجتمع، الاهالي للطباعة و النشر، الطبعة الرابعة، ١٩٩٧ ص ١٩٠-١٩٦

٥٩- بۆ دیاریکردنی ئەو قۆناغە سوودم وەرگرتوە لە کتێبی ( القومية العربية في الفكر و الممارسة البحوث و المناقشات،الطبعة الثانية، تشرين الاول ١٩٨٠، الفصل الثاني من هذا الكتاب، السيد ليس ، تحليل مظمون كتاب الفكر القومي العربي

٦٠- ساطع الحصري، الاعمال القومية، الساطع الحصري(٩)، العروبة اولا، الطبعة الثانية، السنة ١٩٨٥

٦١- هەمان سەرچاوە

٦٢- جورج الطرابيشي، مذبحة التراث في الثقافة العربية المعاصرة، دار الساقي،الطبعة الاولى السنة ١٩٩٢،ص ٢١ ، من الكتاب زكي الارسوزي ، المؤلفات الكاملة، مطابع الادارة السياسية للجيش و القوات المسلحة، دمشق ١٩٧٢، ص ٢٧٨-٢٧٩

٦٣- هەمان سەرچاوە / ص ٢٣

٦٤- القومية العربية في الفكر و الممارسة، البحوث و المناقشات،الطبعة الثانية، تشرين الاول ١٩٨٠، الفصل الثاني من هذا الكتاب، السيد ليس ، تحليل مظمون كتاب الفكر القومي العربي ، ص ٨٩

٦٥- في سبيل البعث، الكتابات السياسية الكاملة للقائد المؤسس الرفيق ميشيل عفلق، الجزء الاول، دار الحرية للطباعة –بغداد السنة ١٩٨٦،ص ١٤٨

٦٦- ساطع الحصري ، العروبة اولا ، ، سلسلة التراث القومي، الاعمال القومية لساطع الحصري، مركز دراسات الوحدة العربية، الطبعة الثانية ، السنة ١٩٨٥، ص٧٤

٦٧- في سبيل البعث، الكتابات السياسية الكاملة للقائد المؤسس الرفيق ميشيل عفلق، الجزء الاول،دار الحرية للطباعة –بغداد السنة ١٩٨٦،ص ١٤٨

٦٨- هەمان سەرچاوە و لاپەڕە

٦٩- هەمان سەرچاوە، لا ٤٨

٧٠- د محمد عمارة ، الاسلام بين التنوير و التزوير، دار الشروق،الطبعة الاولى، السنة ١٩٩٥، ص ١٠١

٧١- في سبيل البعث، الكتابات السياسية الكاملة للقائد المؤسس الرفيق ميشيل عفلق، الجزء الاول ص ١٤٤

٧٢- جورج الطرابيشي، مذبحة التراث في الثاقافة العربية المعاصرة، دار الساقي،الطبعة الاولى السنة ١٩٩٢، ص٢٠.

٧٣- د. محمد عابد الجابري، تكوين العقل العربي من سلسلة نقد العقل العربي (١)، مركز دراسات الوحدة العربية، الطبعة الرابعة، بيروت، ١٩٨٩

٧٤- د محمد عمارة، الاسلام بين التنوير و التزوير.

٧٥- هەمان سەرچاوە.

٧٦- ابي عبداللة محمد بن ادريس الشافعي، الرسالة، الطبعة الاولى، المطبعة العلمية/ السنة ١٢١٢.

٧٧- د. عبداللة سلوم السامرائي، الاسلام و القومية، الاسلام و الاممية، الطبعة الاولى، بغداد السنة ١٩٨٥، ص٦٩.

٧٨- هەمان سەرچاوە، لا ٧٨

٧٩- هەمان سەرچاوە، لا٧٥

٨٠- بڕوانە: د.محمد اركون، الاسلام / اوروبا/ الغرب (رهانات المعنى و ارادات الهيمنة)، ت:اسهام محمد صلح، دار الساقي، الطبعة الاولى، ص٥.

٨١- هاملتون جيب، هارولد بوين، المجتمع الاسلامي و الغرب (قسم الاول)، ترجمة: عبدالمجيد العيشي، الناشر، دارالمدى للثقافة و النشر ، الطبعة الاولى ، السنة ١٩٩٧، ص ٥٠.

٨٢- بروانه حسن خيري / المواجهة الحضارية بين الشرق و الغرب خلال القرون الوسطى... الحروب الصليبية نموذجا/ مجلة التوحيد/عدد٨١/ السنة الرابعة نيسان ١٩٩٦/ص٥٧ .

٨٣- محمد اركون/ الفكر الاسلامي، نقد و اجتهاد/ ترجمة، هاشم صالح/ دار الساقي / الطبعة الثالثة ص ٣٩

٨٤- د. محمد اركون، مكسيم رودنسون، لان اوسيون، ، بيرنارد لويس، فرانسيسكو غابيريلي، كلود كاهين/ الاستشراق بين دعاته و معارضه / ترجمة و اعداد هاشم صالح/ دار الساقي للطباعة و النشر/الطبعة الاولي ١٩٩٤/ص ١٧٨

٨٥- بروانه: ادوارد سعيد/ الاستشراق، المعرفة، السلطة، / ترجمة كمال ابوديب /مؤسسة الابحاث العربية، ص ٣١

٨٦- د. محمد اركون، مكسيم رودنسون، لان اوسيون، ، بيرنارد لويس، فرانسيسكو غابيريلي، كلود كاهين/ الاستشراق بين دعاته و معارضه / ترجمة و اعداد هاشم صالح/ دار الساقي للطباعة و النشر/الطبعة الاولى ١٩٩٤ص ١٧٩

٨٧- د.حسن حنفي/مقدمة في علم الاستغراب/ المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر ط ٢/ص٢٣/ يان بروانه/ ابراهيم عبادي / جداليات الفكر الاسلامي المعاصر، مؤسسة الاعراف للنشر، /ص ١٦٨)

٨٨- قورئان ، ال عمران.

٨٩- قورئان ، سورەتى عنكبوت ئايەتى ١٤٦.

# سەرچاوەكان:

## يەكەم: كتێبەكان

١- سميث، روبرتسن، محاضرات في ديانة الساميين، ت : د. عبدالوهاب علوي، المجلس الاعلي للثقافة، السنة ١٩٩٧

٢- الماجدي، خزعل، بخور الالهة (دراسة في الطب و السحر و الاسطورة و الدين)، الاهلية للنشر و التوزيع، الطبعة الاولى ، السنة ١٩٩٨

٣- ، وداد الحوراني (رحلة الى الفردوس و الجحيم في اساطير العراق القديم)،دار الشؤن الثقافية العامة،، السنة ١٩٩٨ .

٤-تركي علي الربيعو، العنف و المقدس و الجنس في الميثولوجيا الاسلامية، المركز الثقافي العربي، بيروت،١٩٨٧

٥- مرسيا اليدا، المقدس و العادي، ترجمة و تحقيق عادل عوا، من سلسلة دراسات في الفلسفة و المجتمع، صحارى للصحافة و النشر.

٦- د. عبدالرضا طعان، الفكر السياسي في العراق القديم، دار الرشيد للنشر، السنة ١٩٨١

٧- غودولية ، موريس ، ما المقدس،، ترجمة، د. رضوان حنا حنا، مجلة النهج، عدد ١٦

٨- كاريل، الكسيس ، الانسان ذلك المجهول، ترجمة و تحقيق: شفيق اسعد فريد، مؤسسة المعارف للطباعة و النشر،

٩- القرآن الكريم

١٠- ابوزيد ، نصر حامد ، الأتجاه العقلي في التفسير( دراسة في قضية المجاز في القرآن عند المعتزلة)، المركز الثقافي العربي ، الطبعة الثالثة، السنة ١٩٩٦

١١- د.محمد مفتاح ، التلقي و التأويل ( مقاربة نسقية)، المركز الثقافي العربي، الطبعة الاولى، السنة ٢٠٠١

١٢- علي حرب، التأويل و الحقيقة ( قراءات تأريخية في الثقافة العربية)، دار التنوير للطباعة و النشر،الطبعة الاولى،١٩٨٥

١٣- محمد الشوقي الدين، فينومينولوجيا و فن التأويل، مجلة الفكر و النقد، عدد١٦، فبراير ١٩٩٩ .

١٤- ابوزيد، د. نصر حامد ، اشكاليات القراءة و اليات التأويل، المركز الثقافي العربي، الطبعة الرابعة، ١٩٩٦.

١٥- علي حرب، الممنوع و الممتنع ( نقد الذات المفكرة)، المركز الثقافي العربي، الطبعة الاولى، ١٩٩٥

١٦- د. عبدالعزيز حمودة، من البنوية الى التفكيكية.

١٧- د.نصر حامد ابوزيد، فلسفة التاويل( دراسة في تأويل القرآن عند محي الدين بن عربي)، المركز الثقافي العربي، الطبعة الرابعة، السنة ١٩٩٨ .

١٨- بدوي ، د.عبدارحمن ، اشبنجلر، مطبعة النهضة المصرية، ١٩٤٥ .

١٩- علي حرب، الممنوع و الممتنع نقد الذات المفكرة، المركز الثقافي العربي، السنة ١٩٩٥.

٢٠- الجابري ، د محمد عابد ، الخطاب العربي المعاصر(دراسة تحليلية نقدية)، دار الطليعة للطباعة و النشر، الطبعة الثانية، ١٩٨٥ .

٢١- الجابري، د محمد عابد ، الخطاب العربي المعاصر(دراسة تحليلية نقدية) ، دار الطليعة للطباعة و النشر، الطبعة الثانية، ١٩٨٥.

٢٢- علي حرب، النص و الحقيقة،( نقد الحقيقة) ص٩ ، المركز الثقافي العربي، الطبعة الثانية، ١٩٩٥ .

٢٣- د. سيد محمد القمني، الاسطورة و التراث، سينا للنشر الطبعة الثانية ١٩٩٣ .

٢٤- دارويش شايغان، ما الثورة الدينية، الحضارات التقليدية في مواجهة الحداثة، المؤسسة العربية للتحديث الفكري، الطبعة الاولى، سنة ٢٠٠٤ .

٢٥- غاستون بوتول، فن السياسية، الاهالي للطبع و النشر، الطبعة الاولى ١٩٩٨ .

٢٦- د. محمد اركون، الفكر الاسلامي ( قرأة علمية)، ترجمة هاشم صالح، مركز الانماء القومي، الطبعة الثانية ، السنة ١٩٩٦ .

٢٧- محمد سعيد الطالب، الدين و الدولة( بحث في التاريخ و المفاهيم) الاهالي للطباعة و النشرو التوزيع، الطبعة الاولى، السنة ١٩٩٧ .

٢٨- د. محمود اسماعيل، الاسلام السياسي بين الاصوليين و العلمانيين، مؤسسة الشراع العربي، الطبعة الاولى، السنة ١٩٩٣ .

٢٩- د. محمد شحرور، الدولة و المجتمع، الاهالي للطباعة و النشر، الطبعة الرابعة، ١٩٩٧

٣٠- د عبداللة العروي، مفهوم الدولة، المركز الثقافي العربي، الطبعة الخامسة، ١٩٩٣ .

٣١- د. عبدالرزاق عيد، ازمة التنوير، الاهالي للطباعة و النشر، الطبعة الاولى، ١٩٩٧

٣٢- د محمد اركون، الخطاب الانسنة في الفكر العربي، ت/ هاشم صالح.

٣٣- القومية العربية في الفكر و الممارسة البحوث و المناقشات، الطبعة الثانية، تشرين الاول ١٩٨٠، الفصل الثاني من هذا الكتاب، السيد ليس ، تحليل مضمون كتاب الفكر القومي العربي .

٣٤ - ساطع الحصري،الاعمال القومية الساطع الحصري(٩)، العروبة اولا، الطبعة الثانية، السنة ١٩٨٥

٣٥- جورج الطرابيشي، مذبحة التراث في الثقافة العربية المعاصرة، دار الساقي، الطبعة الاولى السنة ١٩٩٢، من الكتاب زكي الارسوزي ، المؤلفات الكاملة، مطابع الادارة السياسية للجيش و القوات المسلحة، الملعب الاول، دمشق ١٩٧٢ .

٣٦- عفلق، ميشيل ، في سبيل البعث (الكتابات السياسية الكاملة للقائد المؤسس الرفيق ميشيل عفلق) الجزء الاول، دار الحرية للطباعة —بغداد السنة ١٩٨٦

٣٧- ساطع الحصري ، العروبة اولا ، سلسلة التراث القومي، الاعمال القومية لساطع الحصري، مركز الدراسات الوحدة العربية، الطبعة الثانية ، السنة ١٩٨٥.

٣٨- د محمد عمارة ، الاسلام بين التنوير و التزوير، دار الشروق، الطبعة الاولى، السنة ١٩٩٥ .

٣٩- جورج طرابيشي، مذبحة التراث في الثقافة العربية المعاصرة، دار الساقي، الطبعة الاولى، بيروت-لبنان، ١٩٩٣

٤٠- د. محمد عابد الجابري، تكوين العقل العربي من سلسلة نقد العقل العربي(١)، مركز دراسات الوحدة العربية، الطبعة الرابعة، بيروت، ١٩٨٩ .

٤١- الشافعي، ابي عبداللة محمد بن ادريس ، الرسالة، الطبعة الاولى، المطبعة العلمية/ السنة ١٣١٢ .

٤٢- د. عبدالله سلوم السامرائي، الاسلام و القومية، الاسلام و الاممية، الطبعة الاولى، بغداد السنة ١٩٨٥ .

٤٣- د.محمد اركون، الاسلام.اوروبا. الغرب (رهانات المعنى و ارادات الهيمنة)، ت:اسهام محمد صلح، دار الساقي، الطبعة الاولى .

٤٤- هاملتون جيب، هارولد بوين/ المجتمع الاسلامي و الغرب (قسم الاول) ترجمة: عبدالمجيد العيشي/ الناشر دارالمدى للثقافة و النشر / الطبعة الاولى/السنة ١٩٩٧ .

٤٥- محمد اركون/ الفكر الاسلامي، نقد و اجتهاد/ ترجمة، هاشم صالح/ دارالساقي للطباعة و النشر / الطبعة الثالثة .

٤٦- د. محمد اركون، مكسيم رودنسون، لان اوسيون، ، بيرنارد لويس، فرانسيسكو غابيريلي، كلود كاهين/ الاستشراق بين دعاته و معارضه / ترجمة و اعداد هاشم صالح/ دار الساقي للطباعة و النشر/الطبعة الاولى ١٩٩٤ .

٤٧- ادوارد سعيد/ الاستشراق: المعرفة، السلطة، الانشاء، ترجمة: كمال ابوديب ، مؤسسة الابحاث العربية

٤٨- د.حسن حنفي/مقدمة في علم الاستغراب/ المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر، الطبعة الثانية.

٤٩- سيد القمني، الاسطورة و التراث، المركز المصري لبحوث الحضارة، الطبعة الثالثة، السنة ١٩٩٩ .

## دووەم: گۆڤار و رۆژنامەکان

٥٠- موريس عودولية، ماالمقدس؟، ترجمة: ارخوان ضاضا، مجلة النهج، عدد ١٦ .

٥١- محمد الشوقي الدين، فينومينولوجيا و فن التأويل، مجلة الفكر و النقد، عدد١٦، فبراير ١٩٩٩ .

٥٢- اميل بنفست، مقولات الفكر و مقولات اللغة، مجلة الفكر و النقد، عدد ١٦، فبراير ١٩٩٩ .

٥٣- شيخ عبدالله جواد املي، التفسير و التأويل، مجلة القضايا الاسلامية المعاصرة، ملف خاص( منهج التعامل مع القرآن) عدد السادس

٥٤- عدنان عويد قراة نقدية في بعض منطلقات الخطاب التنويري –النهضوي العربي/ مجلة النهج/ عدد ٥٧

٥٥- احمد الشرقاوي، تأملات اولية في المشروع النقدي الجابري، جريدة الزمان، السنة الثانية، عدد ٣٥٤ .

٥٦- حسن خيري / المواجهة الحضارية بين الشرق و الغرب خلال القرون الوسطى... الحروب الصليبية نموذجا/ مجلة التوحيد/عدد٨١/ السنة الرابعة نيسان ١٩٩٦

## پێگەی ئەلیکترۆنی:

٥٧-

http://ar.qantara.de/webcom/show_article.php/_c-321/_nr-24/_p-1/i.htm

.

# بلاوكراوەكانی ئەكادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی كادیران

## ساڵی (٢٠١١ – ٢٠١٢)

| ز | بڵاوكراوەكان | نووسەرو وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|
| ٣٦٥ | پێگەی میدیا لەهەڵبژاردنی سەرۆكایەتی ئەمریكادا ،ژ. ز، (١٢) | رێبین حەسەن | ٢٠١١ |
| ٣٦٦ | **مميزات النظام الفدرالي في العراق (ژ. ز. ١٣)** | د. شورش حسن عمر | ٢٠١١ |
| ٣٦٧ | جیهانگیری، فاكتەرو گرفتەكانی دیموكراسی، ژ، ز، (١٤) | مەلا بەختیار | ٢٠١١ |
| ٣٦٨ | پەیدابونی عەلمانیەت لەتوركیای عوسمانیدا، ژ. ز. (١٥) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |
| ٣٦٩ | ئیسلامو مۆدێرنە، ئیسلام لەبەردەم ئەگەری عەلمانیەتدا (ژ. ز. هۆشیاری (١٦) | ن. محمد رەزا شالگونی و. عوسمان حەسەن شاكر | ٢٠١١ |
| ٣٧٠ | سیاسەتی روسیای قەیسەری بەرامبەر بەكورد (١٨٥٠-١٩١٤) | هەستیار كەمال كوردی | ٢٠١١ |
| ٣٧١ | المحطات، اثرت في حياة الكورد وحركاتهم القومية | بقلم: عبدالرزاق محمود القيسى | ٢٠١١ |
| ٣٧٢ | كورتە باسێكی فەلسەفەی سیاسی | ن. دەیڤد میلەر و. لەئینگلیزیەوە: كارزان كاوسێن | ٢٠١١ |
| ٣٧٣ | هەواڵنامەی كوردستانی عیراق | ئامادەكردنی : نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ٣٧٤ | ئاغاو شێخو دەوڵەت بەرگی دووەم | ن. مارتین ڤان برونەسن و. لەئەڵمانیەوە: | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | د. كوردۆ عەلی | |
| ٣٧٥ | **تاريخ الفكر الكردي** | مامۆستا جعفر<br>ترجمە: د. بندر علی | ٢٠١١ |
| ٣٧٦ | رۆژنامەنووسی کوردی لە کوردستانی عیراقدا (١٩٩١-٢٠٠٥) | هەڵەت خەسرەو هەمەوەندی | ٢٠١١ |
| ٣٧٧ | مافی چارەی خۆنووسین لەئەدەبیاتی (ی. ن. ك)دا (١٩٧٥-١٩٩٢) | نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ٣٧٨ | سیاسەتی گۆڕینی رووخساری نەتەوەیی ناوچەی کەرکوك - ژ. ز. هۆشاری (١٧) | د. نوری تاڵەبانی | ٢٠١١ |
| ٣٧٩ | ئەنفال لەکوردستانی عیراق<br>ژ. ز. هۆشیاری(١٨) | ن. مایکڵ لیزنبێرگ<br>و. کارزان محەمەد | ٢٠١١ |
| ٣٨٠ | ئۆپۆزسیۆن لەچەمکەوە بۆ ئەرك،<br>ژ. ز. (١٩) | بەختیار جەبار شاوەیس | ٢٠١١ |
| ٣٨١ | بەشداریکردنی سیاسی<br>ژ. ز. (٢٠) | عابد خالد رەسول | ٢٠١١ |
| ٣٨٢ | سیستمی فیدراڵ لەدەوڵەتی ئیماراتدا<br>ژ. ز. (٢١) | ن. عەبدوڵڵا عەنزی<br>و. سەردار عبدالکریم | ٢٠١١ |
| ٣٨٣ | کوردو پرسی دانپێدانانی دەستووری | خەلیل عەبدوڵڵا | ٢٠١١ |
| ٣٨٤ | تیرۆریزم هەڕەشەو مەترسیەکان | عادل عەلی | ٢٠١١ |
| ٣٨٥ | چرای ماڵە هەژارەکان | ئامادەکردنی: عەلی جۆلا | ٢٠١١ |
| ٣٨٦ | کەلتور — ژمارە (٣) | | ٢٠١١ |
| ٣٨٧ | سیکۆلاریزم بەزمانی سادە - عەلمانیەت | نوسینی : ئاستین کلاین<br>و. لەفارسیەوە:<br>کاوسێن بابەکر | |
| ٣٨٨ | کوردستان | نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ٣٨٩ | دراسە تاريخيە وسياسيە حول "الشعب الكردى" | تاليف: حسن ارفع<br>ترجمە:عبدالرزاق محمود القيسى | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٩٠ | کورتەیەك لەتاوانەکانی رژێمی عێراق دژی گەلی کورد | ن: نوری تاڵەبانی<br>و. شاناز رەمزی | ٢٠١١ |
| ٣٩١ | گەشەکردنی سەرمایەداری لەکوردستاندا | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |
| ٣٩٢ | سیاسەت لەنێوان بیرو جێبەجێکردندا | و. مظفر عبدالوهاب | ٢٠١١ |
| ٣٩٣ | کورد گەلێکی بێ دەوڵەت<br>زنجیرە نامیلکەی کورد لەمیدیای جیهانیدا، ژمارە(١) | ن. ئینگۆنۆیمایەر<br>و. رێبوار تۆفیق | ٢٠١١ |
| ٣٩٤ | لەدیکتاتۆریەوە بۆ دیموکراسی | ن. د. جین شارپ<br>و. کارزان محمد | ٢٠١١ |
| ٣٩٥ | مۆدێلی حزبایەتی لەکوردستان.<br>ز. هۆشیاری (٢٥) | ئەنوەر حسێن بازگر | ٢٠١١ |
| ٣٩٦ | فلسفة الديمقراطية الاجتماعية<br>ژ. ز. هۆشیاری (٢٦) | د. حميد عزيز<br>ت: محسن بنى ويس | ٢٠١١ |
| ٣٩٧ | دەوڵەتشاری دێرین<br>ژ. ز. هۆشیاری (٢٧) | ن. مۆریس بارییە<br>و. عوسمان حەسەن شاکر | ٢٠١١ |
| ٣٩٨ | ئاینو سیاسەت<br>ژ. ز. هۆشیاری (٢٨) | ن. نینیان سمارت<br>و. یاسین عومەر | ٢٠١١ |
| ٣٩٩ | بەجینۆسایدناسینی ئەنفال<br>ژ. ز. هۆشیاری ، ژ(٢٩) | خەلیل عەبدوڵڵا | ٢٠١١ |
| ٤٠٠ | جیۆپۆلەتیکی کوردستان<br>ژ. ز. هۆشیاری (٣٠) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |
| ٤٠١ | دیموکراسیو بنەماکانی گەشەپێدانی سیاسی | د. حەمید حسین کازم<br>و. عادل عەلی | ٢٠١١ |
| ٤٠٢ | ثورة كوردستان ومتغيرات العصر | حكمت محمد كريم | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | (الطبعة الثالثة) | (ملا بختيار)<br>ترجمه ومراجعه:<br>د. بندر علي اكبر | ٢٠١١ |
| ٤٠٣ | ئەرکەکانی خەبات لەهەلومەرجێکی دژواردا | مام جەلال | ٢٠١١ |
| ٤٠٤ | کێشەی شیعەو سوننە<br>کورتەباسێکی مێژوویی | ن. د. عەلی ئەلوەردی<br>و. عارف کەریم | ٢٠١١ |
| ٤٠٥ | فەلسەفەی سیاسی ئەریستۆتێلیس | ئەمیر حسێن رەحیم | ٢٠١١ |
| ٤٠٦ | جیهانگیریو کاریگەری لەسەر سەروەری دەوڵەت | ن. عوسمان حەسەن شاکر | ٢٠١١ |
| ٤٠٧ | بەشداری سیاسی، چەمكو گرفتەکان | عادل عەلی | ٢٠١١ |
| ٤٠٨ | (S.I) رێکخراوی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنال | محەمەد مێرگە سۆری | ٢٠١١ |
| ٤٠٩ | پۆلێنکردنی هەڵوێستەکان پێش پرۆسەی هەڵبژاردنو دەنگدان، ز. هۆشیاری، ژ(٣٢) | نیاز سەعید عەلی | ٢٠١١ |
| ٤١٠ | بەهاری عەرەبیو نەورۆزی سەربەخۆیی | ستران عەبدوڵلا | ٢٠١١ |
| ٤١١ | قوتابخانەی فرانکفۆرت | و. لەسویدیەوە<br>عوسمان حەمە رەشید گورون | ٢٠١١ |
| ٤١٢ | حدود کوردستان الجنوبیه فی سنجار حتی بدره | عبدالرقیب یوسف | ٢٠١١ |
| ٤١٣ | النضال الدستوري للاستاذ ابراهيم احمد في العراق الجمهوري،<br>ز. هۆشیاری، ژ(٣٣) | د. شورش حسن عمر | ٢٠١١ |
| ٤١٤ | کوردو تورکمان، تێروانینێك بۆ میکانیزمەکانی پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی نێوانیان، ز. هۆشیاری، | یوسف گۆران | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | ژ(٣٤) | | |
| ٤١٥ | عملانیەت چیە؟ ماناو پێناسەکانی، ز. ژ(٣٥) | زاهیر شکوور | ٢٠١١ |
| ٤١٦ | خوێندنەوەیەك بۆ فیکری حەسەن بەننا، ژ. ز. (٣٦) | عادل عەلی | ٢٠١١ |
| ٤١٧ | شێوەکانی بەدەستهێنانی مافی چارەنووس، ژ. ز. (٣٧) | خەلیل عەبدوڵلا | ٢٠١١ |
| ٤١٨ | تعريف الانفال بالإباده الجماعيه، ژ. ز. (٣٨) | تاليف: خليل عبدالله<br>ترجمه: محسن بنى ويس | ٢٠١١ |
| ٤١٩ | پێنج لێکۆڵینەوە لەبواری سیاسەتی نێودەوڵەتاندا | مستەفا ئیبراهیم دەرویش | ٢٠١١ |
| ٤٢٠ | پرۆگرام و پەیڕەوێ ناڤخۆ پەسەندکریێ سێیەمین کۆنگرێ (ی. ن. ك) | مەڵبەندی (٤)ی ڕێکخستنی دهۆك بەشی روناکبیری | ٢٠١١ |
| ٤٢١ | ئاڵا | نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ٤٢٢ | تاريخ التبشير المسيحى فى كردستان | الدكتور فرست مرعى | ٢٠١١ |
| ٤٢٣ | قراءة في مفهوم التحديث والتنمية السياسية، ز. هۆشیاری، ژمارە (٣٩) | احسان عبدالهادى | ٢٠١١ |
| ٤٢٤ | کاریگەری قەرزە گشتیەکانی ئەمریکا لەسەر ئابووری ئەمریکا و جیهان، ژ. ز. (٤٠) | فەیسەڵ عەلی | ٢٠١١ |
| ٤٢٥ | فەرهەنگی ئاڤێستا (روسی — کوردی) | ئامادەکردنی:<br>د. نەهرۆ عەلی<br>ئاڤێستا نەهرۆ | ٢٠١١ |
| ٤٢٦ | کوردو دەوڵەت | بەرزان ئەحمەد کوردە | ٢٠١١ |
| ٤٢٧ | التنوع الثقافي والمثاقفة الأنا والآخر | يوسف يوسف | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٢٨ | کورد لەسوریاو ئازەربایجان‌و ئەرمەنستان/ ز. نامیلکەی کورد لەمیدیای جیهانیدا. ژ.(٢) | ن. م. شترۆهمایەر ل. یالچین هێگمان و. ڕێبوار تۆفیق بەنگینە | ٢٠١١ |
| ٤٢٩ | ئەرکەکانی قۆناغی نوێ لەچاوپێکەوتنێکی هەڤاڵ عیماد ئەحمەد دا | ئامادەکردنی: حەمە عەلی غەریب | ٢٠١٢ |
| ٤٣٠ | المشاريع التي قدمها الاتحاد الوطني الكردستاني عام ١٩٨٤ | تقديم فريد اسسرد | ٢٠١٢ |
| ٤٣١ | المحكمة الجنائية العراقية العليا دراسة في مباديء العدالة | محمد ريبين حسن | ٢٠١٢ |
| ٤٣٢ | دور محكمة العدل الدولية في تطوير القانون الدولي العام | سۆز حميد مجيد | ٢٠١٢ |
| ٤٣٣ | گۆڤاری کەلتور ژمارە (٥) | | ٢٠١٢ |
| ٤٣٤ | کوردانی سوریا لەژێر دەسەڵاتی فەرەنسیدا | نێلیدا فۆکارۆ و. لەئەڵمانیەوە: هەڵۆ بەرزنجی | ٢٠١٢ |
| ٤٣٥ | ئاڵوگۆڕە سیاسییەکان‌و هاوکێشە نوێیەکان | چاوپێکەوتنێك لەگەڵ هەڤاڵ مەلا بەختیار دا | ٢٠١٢ |
| ٤٣٦ | هەڵبژاردەکان | شاسوار جەلال (ئارام) | ٢٠١٢ |
| ٤٣٧ | كردستان ككيان ضمن الخطة الدولية بدأ من جنوبها | المحامي / الشيخ سالار الحفيد | ٢٠١٢ |
| ٤٣٨ | مەسەلەی قڕکردنی ئەرمەن لەبەردەم دادگادا | و. لەئەڵمانییەوە: غسان نعسان و. لەعەرەبییەوە: حەسەن جاف | ٢٠١٢ |
| ٤٣٩ | ئێزیدییەکان لەمێژووی نەتەوەکەیاندا | سەربەست حسێن | ٢٠١٢ |
| ٤٤٠ | کۆچ هەڵبژاردم | ئیسماعیل عوسمان‌و ماتیاس شیلین | ٢٠١٢ |